ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752970

# ئەزمونی شیعریی موکریان و شوێنی لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا

**Book** · January 2013

CITATIONS
0

READS
91

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University

**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# ئەزموونی شیعری موکریان
# و
# شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

پڕۆژەی ئەکادیمیای کوردی

# ئەزموونی شیعری موکریان
# و
# شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

## نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە – نیوەی یەکەمی سەدەی بیست

د. عوسمان دەشتی

هەولێر - ٢٠١٣

* ناوی کتێب: ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.
* نووسەر: د. عوسمان دەشتی.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٣٤).
* چاپخانەی حاجی هاشم — هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( **٩٦٣** )ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

# پێشەکی

لە سەرەتای پایزی ساڵی ٢٠١٠ و لـە دەسـتپێکی وەرزی تـازەی کـار و چـالاکی ئـەکادیمیای کـوردی سـیمینارێکمان لـە هـۆڵی (مـەلا مـەحموودی بایەزیدی) لە بارەگای ئەکادیمیا پێشکەش کرد. سیمینارەکە بە ناونیشـانی (ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان و شوێنی لە مێژووی ئـەدەبی کوردیـدا) بوو، کۆمەڵێك لە خەڵکی ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و مامۆستایانی زانکـۆی تیادا ئامادەبوون. لەوێدا تیشـك خرایـە سـەر چـەند لایـەنێکی ئـەو سـامان و ئەزموون و بزووتنەوە ئەدەبییەی هەر لە کۆنەوە لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە و پـەرەی سـەندووە و بڵاوبۆتـەوە، وەکـو لقێکـی بەبڕشـت و تایبەتمەنـد لـە قوتابخانەی ئەدەبی کوردی ناوەڕاست (کرمانجی خواروو – بابان)، لە نیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە تـاوەکو سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـت، بابەتەکە چەند پرسیار و وەڵام و گفتوگۆی بەدوای خۆیدا هێنـا و لـە ئاکامـدا پوختەکەی لەم چەند خاڵانەدا کورت کرایەوە:

١. واقیعی لێك هەڵبڕان و پارچە پارچە بـوونی خـاك و خـەڵکی کـورد لـە ڕووی مێـژوویی و جـوگرافی و سیاسـییەوە، لێکـدابڕانێکی کۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگی و ئـەدەبی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، کـە لـە ئاکامـدا بۆتـە مایـەی سـەرهەڵدان و پایـەداربوونی کۆمـەڵێك ئـەزموون و تاقیکردنـەوەی ئـەدەبی و فەرهەنگیی هەرێمایەتی تاڕادەیەك جیاواز و سەربەخۆ، کـە هـەر یـەکێکیان و لەوانەش ئەم ئەزموونە ئەدەبییەی ناوچەی موکریان، بۆتە خاوەنی کۆمـەڵێك ئەدگار و خاسیەت و تایبەتمەندیی هەرێمایەتی جیاواز.

٢. ئـەم فرەییـە لـە ئـەزموون و سـامان و تاقیکردنـەوە فەرهـەنگی و ئەدەبییانە بەقازانجی شـکۆ و دەوڵەمەنـدیی ئـەدەبی کـوردی شـکاوەتەوە و پانتاییەکی فراوان و ڕەنگاوڕەنگی پێ بەخشیوە.

٣. ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوە ئەدەبییانە لەگـەڵ ئـەوەی لـە بنـاوان و سەرچاوە و بنچینەدا یەك ئەدەبـە، کـە ئـەدەبیاتی نەتـەوەی کـوردە، بـەڵام

ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی هەر ئەزموون و تاقیکردنەوەیێك، لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندی لەبارەوە ئەنجام بدرێت. جا چ لەسەر بنەمای ناوچەیی و هەرێمایەتی بێت، یا لەسەر بنەمای دیالێکت و زمانە ئەدەبییەکەی بێت، یاخود بەگوێرەی بنیات و تایبەتمەندییە هونەری و فەرهەنگییەکانی ئەو سامان و بەرهەمە ئەدەبییەوە بێت.

هەر لەدوای کۆتایی هاتنی سیمینارەکە و گفتوگۆکانی ئامادەبووان، بەڕێز (د. ئازاد ئەحمەد مەحموود) کە ئەودەم سکرتێری ئەکادیمیا بوو، پێشنیازێکی بۆ کردم کەوا بابەتی سیمینارەکە لە شێوەی پلان و پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوە پێشکەش بەدەستەی سەرۆکایەتی ئەکادیمیای کوردی بکەم، تاوەکو ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوە ئەدەبییەی لەم ناوچەیەدا بەدرێژایی ڕۆژگار و بەچەند قۆناغ پایەدار بووە لەشێوەی کتێبێك یا چەند کتێبێك کە هەریەکەیان تایبەت بێت بە قۆناغێك ئامادە بکەین و بینووسینەوە، وەکو هەوڵێك لە پێناوی نووسینەوە و تۆمارکردنی چمکێکی مێژووی ئەدەبی کوردیمان.

پێشنیازەکەم بەدڵ بوو، بە ماقوول و پەسندم زانی و هەر چەند ڕۆژ دواتر پرۆژەیەکم بەهەمان ناونیشان و لە چەند بەش و بڕگە و بابەتێکەوە ئامادە کرد و پێشکەش بە ئەکادیمیام کرد. تا سەرەنجام ئەم کارەی بەردەستی لێ هاتە بەرهەم، لەدوای ئەوەی ماوەی ساڵ و نیوێك لێی دابڕام، بەهۆی سەرقاڵیم بە ئامادەکردنی (دیوانی وەفایی)، کە ئەویش هەر لەسەر داوا و پێشنیازی ئەکادیمیا بوو، ئەنجا گەڕامەوە سەری و تاوەکو بەئەنجام گەیشت. ئەنجا وەکو دەروازە و زەمینە خۆشکردنێکیش بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ڕێباز و میتۆدێکی گونجاو و تایبەت بە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، باسێکی تایبەتمان ئامادە و تەرخان کرد سەبارەت بە چۆنیەتی مێژوونووسیی ئەدەبیاتی کوردی، تیادا ئەو میتۆد و ڕێچکە و ڕێبازەمان ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی و بەپێویستیشی دەزانین تاوەکو لە نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیدا

پێڕەوی لێ بکرێت. بۆیە بەشی یەکەمی ئەم بەرهەمەمان بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان کردووە، تاوەکو پێشنیازێکیش بینێمە بەر دەستی توێژەر و ڕووناکبیران بەتایبەتیش ئەوانەی بایەخ بە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی دەدەن.

لە بەشی دووەمدا لە چۆنییەتی سەرهەڵدان و نەشونماکردن و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەزموونە ئەدەبییەی ناوچەی موکریانمان کۆڵیوەتەوە.

لە بەشی سێیەم و کۆتاییدا ڕاگوزەرێکمان بەناو ژیاننامە و بەرهەمی ئەدەبی بەرەی یەکەمی شاعیرانی موکریاندا کردووە کە قۆناغی یەکەمی ئەم ئەزموونە ئەدەبییەیان پێکهێناوە.

دیارە ئێمە میتۆد و پێوەرمان بۆ لێکۆڵینەوە لە مەڕ ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرانە بەگوێرەی قۆناغ و سەردەمی ژیان و نووسینی بەرهەمەکان بووە، واتا بەپێی میتۆد و تیورە ڕەخنەییەکانی ئەدەبی کلاسیك بووە، بۆیە نەهاتووین بەپێوەر و میتۆدەکانی ڕەخنەی نوێ لەمەڕ بەرهەمی ئەدەبی سەردەمێکی کۆن بدوێین، ئەگەرچی لا بە لا و لەهەر جێگایێك پێویستی کردبێت پەنجەمان لەسەر ئەو مەسەلانەش داناوە هەر بۆیەشە شێوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی و شیکاری لە زۆر ڕووەوە باس و بابەتەکانی ڕەنگڕێژ کردووە.

**عوسمان دەشتی**

**هەولێر - ٢٠١٣/٦/٢١**

## بەشی یەکەم
# لەبارەی مێژوونووسیی ئەدەبیاتی کوردی

هەوڵەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو بە دەیان کتێب و بەرهەمی پێشکەش بە دنیای ڕووناکبیری کوردی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی پێڕەوی لە ڕێباز و میتۆدێکی گونجاو و زانستی کردبێت، کە بەرەنجامی هەڵسەنگاندنێکی وردی بابەتی و هەڵهێنجراوی ئەو تایبەتمەندی و ڕێسا و بنەما ناوخۆییانەی ئەو سامانە ئەدەبییە فرە چەشن و دەوڵەمەندە بێت کەوا گەلی کورد لە قۆناغ و سەردەم و شوێنە جیاوازەکاندا بەرهەمی هێناوە.

لێرەوە ئەم کورتە باسە هەوڵێکە سەبارەت بە چۆنییەتی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتیش لە خەمی وەڵامدانەوەی ئەو پرسە گرنگە دایە؛ کە ئاخۆ مێژووی ئەدەبی کوردیمان چۆن بنووسینەوە؟، یاخود بە دیوێکی دیکەدا دەپرسین؛ چۆن دەتوانین مێژووی ئەدەبی کوردیمان بەشێوەیەکی لەبار و گونجاو و زانستی قۆناغبەندی و فۆرمەڵە بکەین و سنووری نێوان قۆناغەکان و قوتابخانەکانی دەستنیشان بکەین.

### تەوەری یەکەم

**١/١/ شوێنی مێژووی ئەدەب لە نێوان لقەکانی زانستی ئەدەب (ئەدەبیاتناسی)دا:**

ئەدەبیاتناسی خۆی لە سێ لقی بنچینەیی پێك دێت:

أ- تیوری ئەدەبی.

ب- ڕەخنەی ئەدەبی.

ت- مێژووی ئەدەبی.

لەپاڵ ئەم دابەشبوونە گشتییە[١] لە ڕەخنەی تازەدا بابەتەکانی پەیوەست بە (ئەدەبی بەراوردکاری) و (ڕێبازە ئەدەبییەکان) و هەندێ جار (کرۆکیجوانی – ئێستێتیکا)شی بۆ زیاد دەکرێت تا ئەوەی دەکرێت بە پێنج یا شەش لقە زانست، لەگەڵ ئەوەی کە بەراوردکاریی ئەدەبی زانستێکی نوێیە و ڕێبازەکانی ئەدەبیش زیاتر پەیوەستە بە ڕەخنەی ئەدەبی و دەچنە نێو بۆتەی ڕەخنەوە و جوانیناسیش ڕگەزێکی ناوەندییە لە سروشتی ئەدەب خۆیدا[٢].

ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو بەشی (تیوری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی)یەوە هەیە کە ئەمانە وەکو دوو لقی زانست هەر یەکەی ستانداردێکی جیهانی و گشتییان هەیە و لە هەموو شوێن و لای هەموو میللەتانی دنیا وەکو یەکن. بە نموونە (تیوری ئەدەب) لە گریمانە و تیورەکانی دەرکەوتن و پەیدابوونی ئەدەب و بنەماکانی و سروشت و ئەرکی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، هەر لە تیوری لاساییکردنەوە لەلای ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە بیگریت تا ڕەنگدانەوە و پەیوەندی لە نێوان ئەدەب لەلایەك و زانستەکانی وەکو فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونزانی و مێژوو لەلایەکی دیکەوە دەگرێتەوە[٣]. بەکورتی تیوری ئەدەب لەلای هەموو میللەتان وەکو بەشێك لە زانستی ئەدەب دەناسرێت کە لە مەسەلەکانی تایبەت بە جەوهەری داهێنانی ئەدەبی و ژانەرە ئەدەبییەکان و شێوەی دەربڕین و درك پێکردنیان دەکۆڵێتەوە[٤].

سەبارەت بە (ڕەخنەی ئەدەبی)ش بەهەمان شێوە زانستێکی ئەدەبناسییە لەسەر ڕەگەز پێکهێنەرەکانی ئەدەب دەوەستێ و لە نرخ و بەهای شوێنەوارە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە و لەژێر ڕۆشنایی میتۆد و قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە وێنەی قوتابخانەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، دەروونشیکاری، مێژوویی، تا بە میتۆدە نوێکانی وەکو سیمۆلۆجی و شێوازگەری و هەڵوەشانەوەیی ڕادەگات لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و پلەو نرخ و بەهای دەستنیشان دەکات[٥]. ئەم بابەتەش لە مەیدانی

ئەدەبیاتناسیدا لە هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهاندا هەر یەکێکە و جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان تیور و توێژەرانیدا بەدی ناکرێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە لە سێ بەشە بنچینەییەکەی زانستی ئەدەب بریتییە لە (مێژووی ئەدەب)، کەوا لەگەڵ ئەوەی لە چەمك و پێناسە و چوارچێوەی گشتیدا بریتییە لە کۆکردنەوە و نووسین و تۆمارکردنی (بە دیکۆمێنتکردن)ی بەرهەم و سامانی ئەدەبی لە سەردەمانی پێشین و ڕابردوودا، بەڵام لە جەوهەر و ناوەڕۆکدا تایبەتمەندییەکی تاك و سەربەخۆی هەیە کە بریتییە لەوەی هەر گەل و میللەتێك مێژوویەکی ئەدەبیی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، کە بە (مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی) دەناسرێت و لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبی جیهانی شوێنێکی تایبەتی دەبێت. بۆیە لەلای هەر گەل و نەتەوەیەك ڕووبەڕووی جۆرێکی تایبەت لە مێژوونووسیی ئەدەبیات دەبینەوە کە هەڵقوڵاوی سروشت و ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ژیان و ئەدەبیاتی میللەتەکە خۆیەتی. ئەم فرەییییە لە ڕێبازەکانی مێژوونووسی ئەدەبی (بە جیاوازی لەگەڵ دوو بەشەکانی دیکەی زانستی ئەدەب کە لە بەرایی باسمان کردن)، شتێکی سروشتی و کارپێکراوە، ئەگەر هات و مێژووی ئەدەبی بەشێك لە گەلانی ئەورووپای لێ دەربهاوێژین کە میرات و سەرچاوەی کەونارای زمان و ئەدەبیاتیان هەمان شتە و ئەویش زمانی لاتینی و ئەدەبی دێرینی گریکی و ڕۆمانییە.

لێرەوە هەر گەل و نەتەوەیەك لە سەر گۆی زەوی بە جۆرێك مێژووی ئەدەبیاتی خۆی تۆمار دەکات کە لەگەڵ سروشتی مێژوویی و سەرهەڵدان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبیاتەکەی بگونجێت و ڕێك بێتەوە.

ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییە فرەییەی مێژوونووسیی ئەدەبیات لەلای میللەتان، دەبێت بە خەم و پاڵنەرێك بۆ ئەوەی کوردیش بیر لە چۆنییەتی تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بکاتەوە و شێوە و ڕێباز و میتۆدی گونجاو و پڕ بە پێستی بۆ هەڵبژێری و بە گوێرەی تایبەتمەندی و ئەدگار و سروشتی ئەدەبیاتەکە خۆی قۆناغبەندی بۆ بکات.

**٢/١/ ئەزموونی گەلان لە ڕەوتی مێژوونووسیی ئەدەبیاتدا:**

گوتمان تایبەتمەندی ئەم لقەی ئەدەبیاتناسی لەوەدایە کە هەر گەل و نەتەوەیەك مێژوویەکی ئەدەبی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەوە ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوونووسیی ئەدەبی گەلانی دوور و نزیك بدەینەوە، بەرچاوڕوونییەکمان دەست دەکەوێت و ئەم ڕاستییەمان بۆ زیاتر یەکالآ دەبێتەوە:

**١/٢/١/ ئەزموونی گەلانی دەرو دراوسێ لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی:**

**١/٢/١/أ/ مێوونووسیی ئەدەبی عەرەبی:**

زۆرینەی مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی مێژووی ئەدەبیاتی عەرەبی بەسەر چەند قۆناغ و سەردەمدا دابەش دەکەن بەم شێوەیە:

١- سەردەمی جاهیلی.
٢- سەردەمی ئیسلام.
٣- سەردەمی ئەمەوی.
٤- سەردەمی عەبباسی.
٥- سەردەمی دەوڵەتۆکە و میرایەتییەکان (زەبوونی - إنحطاط).
٦- سەردەمی نوێ[٦].

ئەم جۆرە لە قۆناغبەندی لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا هاوتا لەگەڵ قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی (عەرەبی - ئیسلامی)دا یەك دەگرێتەوە، دیارە ڕەخنە و تێبینییەکی بەجێ کە لەم شێوە قۆناغبەندییە مێژوویی و سیاسی و ئەدەبییەدا بگیرێت، لەوەدایە کەوا پێویست دەکات قۆناغە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی بابەتی و زانستی لەسەر بنەمای پێودانگی ئەدەبی و هونەریی خالیس دامەزرابن، بەڵام هات و هەنگاوەکان لەتەك مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکریشدا یەکی گرتەوە ئەوا خەوشێك لە ئارادا نابێت، بە مەرجێ خاڵی دەستپێك و کۆتایی لە سەر هێڵی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك ئەدەبەکە خۆی بێت وەکو ئەدەب[٧].

**١/١/٢/١/ب/ مێژوونووسیی ئەدەبی فارسی:**

لە مێژوونووسیی ئەدەبیاتی فارسیدا دوو ڕێباز گیراوەتە بەر:

یەکەمیان نووسینەوەی مێژووی ئەدەبە پێ بە پێی زنجیرەی ساڵنامە و سەدەکان، بە واتا دابەشکردنی تەواوی مێژووی ئەدەبی فارسییە بۆ سەر چەند سەردەم و چاخێك، کە هەر یەکەیان سەدەیەك یا چەند سەدەیەك دەگرێتە بەر و تیایدا ڕەوڕەوەی گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ژیان و بەرهەمی ئەدەبی و فیکری نووسەران و شاعیرانی سەردەمەکەش یەکلایی کراوەتەوە. بۆ وێنە مێژوونووسانی ئەدەبی فارسی لە وێنەی: (ئەدوارد براون) لە (تاریخ ادبیات در ایران)[٨]، (د. ذبیح الله صفا) لە (تاریخ ادبیات ایران)[٩]، (جلال الدین همایی) لە (تاریخ ادبیات ایران)[١٠] ئەم ڕێبازەیان پێڕەو کردووە و مێژووی ئەدەبیانی فارسییان لە ڕۆژەکانی هەرە کۆنەوە تا سەردەمی نوێ بە پێی سەدەکانی (میلادی و کۆچی) بەسەر چەند چاخ و سەردەمدا دابەش کردووە جاری واش هەیە ئەم سەردەم و قۆناغە ئەدەبییانە لەگەڵ قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئێرانی یەکانگیر بوونەتەوە.

بەشی دووەم لە مێژوونووسانی ئەدەبی فارسی لە دەروازەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ مێژوونووسیی هەردوو هونەرە سەرەکییەکەی ئەدەبی فارسی (بە شیعر و پەخشان)ەوە چوون و مێژووی پەخشانیان بۆ سەر چەند چاخ و سەردەمێك دابەش کردووە بە ناوی (ادوار نثر فارسی)، بۆ شیعریش بە ناوی (ادوار شعر فارسی)، ئەنجا لە ڕوانگەی زمانەوانی و شێوازەوە بە ناونیشانی (سەبکی ئەدەبی) لە مێژووی پەرەسەندنی ئەدەبەکەیان بە هەردوو لقی پەخشان و شیعرەوە کۆڵیوەتەوە و بۆ هەر سەردەمێك جۆرێك لە سەبك و شێوازیان دەستنیشان کردووە، ئەنجا لەبەر ڕۆشنایی ئەو میتۆدە لە سامان و بەرهەمی ئەدیب و نووسەر و شاعیرانی ئێرانیان کۆڵیوەتەوە. ئەمانە مێژووی هونەرەکانی ئەدەبی فارسییان بەسەر پێنج دەورەی سەبکیدا دابەش کردووە بەم شێوەیە:

١- سبك خراساني.

٢- سبك هندي.

٣- سبك عراقي.

٤- سبك دوره بازگشت.

٥- سبك ادب نو.

لێکۆڵەر و مێژوونووسانی ئەدەبی فارسی لە وێنەی (ملك الشعری بهار)[١١]، (د. سیروس شمیسا)[١٢]، (د. شفیعی کدکنی)[١٣] پێڕەویان لەم ڕێبازە کردووە. ئەم توێژەرانە هەر یەکەیان لەنگەری بایەخیان خستۆتە سەر یەکێك لە دوو هونەرە سەرەکییەکەی ئەدەب، بە نموونە بەهار لە کتێبێکی سێ بەرگیدا لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی زمانەوانی مێژوویی لە دەورەکانی (سبك نثر فارسی) کۆڵیوەتەوە، شەمیسا و کدکنی بایەخیان بە (سبك شعر) داوە، بەم جۆرە قۆناغەکانی مێژووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبیاتیان لە ڕێگەی سەرهەڵدان و گۆڕان و پەرەسەندنی زمان و شێوازی هەردوو هونەرە سەرەکییەکانی ئەدەبی فارسی نووسیوەتەوە.

### ١/٢/١/جـ/ مێژوونووسیی ئەدەبی تورکی:

مێژوونووسی ئەدەبی تورکی (کوپرلی زادە محمد فؤاد) لە کتێبی (Turk Edebiyati Tarihi)دا نووسیویەتی کەوا ئەدەبی تورکی لە دەستپێکەوە تا ئەمڕۆ بەقەڵەمی درشت بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:

١- قۆناغی بەر لە ئیسلامەتی.

٢- قۆناغی کارتێکردنی شارستانییەتی ئیسلامی.

٣- قۆناغی کارتێکردنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا.

ئەنجا هەر یەکێك لەم قۆناغانە بەسەر ڕۆژگار و بزاوتی ئەدەبی و مێژوویی جیاجیادا دابەش کراون[١٤].

وەکو دەبیندرێت ئەم قۆناغبەندییەی مێژوونووسیی ئەدەبیاتی تورکیش لە ژێر ڕۆشنایی کارتێکردن و بڵاوبوونەوەی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و

کولتووری و ئایینی ئیسلام داڕێـژراوە تـا دەگاتـە هـووروژمی شارسـتانییەتی ڕۆژئاوا لە سەدەکانی مێژووی نوێی ناوچەکەدا.

لێـرەوە دوای ئـەوەی کورتەیـەکی میتـۆد و قۆناغـەکانی مێژوونووسـیی ئەدەبی هەرسێ نەتەوەی سەرەکی ڕۆژهەڵات خرایە ڕوو مرۆڤ بـە ڕوونـی درك بـەو ڕاسـتییە دەکـات کـە مێـژوو و کولتـووری ئیسـلامەتی ڕۆڵـی فاکتـەری سەرەکی دەبینێت لە دەستنیشـانکردنی قۆناغـە مێژووییـەکانی ئـەدەبیاتی ئەو گەل و نەتەوانە.

٢/٢/١/ **مێژوونووسیی گەلانی ئەوروپا:**

بەو هۆیـەوە چـاوگە مێـژوویی و دێرینـەکانی زمـان و ئـەدەبیاتی گـەلانی ئەوروپا بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە یـەك سەرچـاوەوە هـەڵقوڵاون و پـەرەیان گرتووە، کە ئەویش زمانی لاتینی و کولتوور و ئەدەبیاتی گریکی و ڕۆمانییە، بۆیە لە مێژوونووسیی ئەدەبی میللەتانی ئەوروپادا جۆرێـك لـە هاوچەشـنی و چون یەکی بەدی دەکرێت. ئەوان بە پێی ڕێڕەوی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەدەبیاتەکـەیان لەگـەڵ ڕەوتـی زەمانـە لـە چوارچـێوەی چـەند ڕێبـاز و قۆتابخانەیەکی ئەدەبیدا، چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەدەبییان لـە سـەرەتاوە بـۆ ئـەمڕۆ دەستنیشـان کـردووە، هـەر قۆناغێکیشـیان بـە قوتابخانەیـەکی ئەدەبی ناوزەد کردووە بەم ڕەنگەی لای خوارەوە[١٥]:

١- قۆناغی بەر لە کلاسیزم (سەدەی ٨ تاوەکو ٦ی پ. ز).
٢- قۆناغی کلاسیزمی دێرین (سەدەی ٦ پ. ز تا سەدەی ١٣ زایینی).
٣- قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست (١٣٠٠ - ١٤٥٠).
٤- سەردەمی ڕێنیسانس (١٤٥٠ - ١٦٥٠).
٥- قۆناغی کلاسیزم (١٦٥٠ - ١٧٠٠).
٦- سەردەمی ڕۆشنگەری (١٧٠٠ - ١٨٠٠).
٧- قۆناغی ڕۆمانسیزم (١٨٠٠- ١٩٠٠).
٨- ڕیالیزم ..... سیمبۆلیزم ........ سوریالیزم .......[١٦].

هات و خوێندنەوەیەکی ورد بۆ قۆناغ و قوتابخانـەکانی مێـژووی ئـەدەبی ئـــەورووپا ئـــەنجام بـــدەین، دەبیـــنین بـــە ڕوونـــی شـــەقڵی پەرەســـەندنی شارستانییەتی ئەورووپاییەکانی تیادا ڕەنگی داوەتەوە.

### تەوەری دووەم

**١/٢/ تیور و میتۆدەکانی مێژوونووسیی ئەدەبیات:**

ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو قۆناغی مێـژوویی سـەرەکیدا دابەش دەکرێت:

**قۆناغی یەکەم:** ئەدەبیاتی سەرزارەکی (فۆلکلۆر).

**قۆناغی دووەم:** ئەدەبیاتی نووسراو.

لێرەدا مەبەست لە مێژوونووسیی ئەدەب، بەشی دووهەمە واتا (ئـەدەبی نووسراو). ئەگەر هات و ئەدەب بە هونەر و داهێنـانی قسـەی جـوان پێناسـە بکەین، ئەوا مێژووەکەی دەبێت ئەو کتێب و تۆمارە بێـت کـە هـەموو قسـە و داهێنانێکی هونەری و جوانی میللەتی تیادا تۆمار کرابێت لە کۆنـەوە تـاوەکو ئێستا. لەمەوەش کۆی ژیننامـە و بەرهـەمی ئـەدەبی شـاعیران و نووسـەرانی دەگرێتەوە بـە هـەموو چەشـن و جـۆرە ئەدەبییـەکان و هـەموو قۆناغـەکانی گەشە و نەشە و پەرەسەندن و پێشکەوتنی هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ، لێرەوە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە مەبەست تەنها کۆبەرهەمی هونـەری ئەدەبییە بە شـیعر و پەخشـانەوە دوور لـە بەرهەمـە زانسـتی و فکرییـەکانی دیکـەی کۆمەڵـگە لـە وێنـەی؛ مێـژوو، جوگرافیـا، کۆمەڵناسـی، فەلسـەفە، دەروونزانـی و ... تـاد. ئـەنجا دەستنیشـانکردنی وەهـا چوارچـێوەیەك بـۆ (مێـژووی ئـەدەب) وەکـو زانسـتێکی سـەربەخۆ، ئـەوە ناگەیـەنێت کـە ڕێگـە لەبەردەم مێژوونووسیی ئەدەب بگیرێت بۆ دەسـتبردن و سـوود وەرگـرتن لـە زانسـتەکانی دیکـە، لەوێنـەی مێـژووی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری، بەمەبەستی پەیبردن بە بنەماکانی سـەرهەڵدان و داهێنـانی ئـەدەبی لـە هـەر سەردەم و قۆناغێکی جیـاوازدا. بـەڵکو لـە زۆر ڕۆژگـار و سـەردەمدا وا هەیـە

قۆناغــەکانی مێــژووی ئــەدەب لەگــەڵ قۆناغــەکانی مێــژووی سیاســی و کۆمەڵایەتیدا یەك دەگرێتـەوە، بـەڵام بـە دوو ڕەوت و تێڕوانینـی جیـاواز کـە ناشێت سنووری نێوان ئەم زانستە و ئـەوانی دیکـە تێکـەڵاو بکـرێن، مێـژووی سیاسی — کۆمەڵایەتی کۆمەڵـگە شتێکە و مێژووی ئـەدەب شـتێکی دیکەیـە. لە تەوەری یەکەمیندا باس لە ئەزموونگەلێك کرا کەوا میللـەتانی دەوروبـەر و دنیا لە مێژوونووسیی ئـەدەبیی تایبـەت بـە خۆیانـدا پێڕەوییـان لێ کـردووە، ئێستا با بـزانین ئـەو **شـێوە و تیـور و میتۆدانـە** چـین کـە لـە مێژوونووسـیی ئەدەبیـدا پێـڕەوی لێ دەکرێـت بـۆ هـەر گـەل و نەتەوەیـەکیش هەیـە کـە لـە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی خۆیدا سوودیان لێ ببینێت:

**٢/١/١/ مێژوونووسیی ئەدەبی بەگوێرەی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی:**

جۆرێکـە لـە میتـۆدی گێڕانـەوەیی — وەسـفی بـۆ مێـژووی ئـەدەب و قۆناغەکانی لەبەر ڕۆشنایی سەدە و سەردەم و قۆناغەکانی مێـژووی سیاسـی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵـگادا دەنووسرێتەوە. لەمەوە بەشی زۆری مێژوونووسانی ئـەدەبی عـەرەبی ئـەم ڕێڕەوەیـان گرتـووە لـە تۆمـارکردن و نووسـینەوەی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا[١٨]. وەکو لێکۆڵەرێکی عـەرەب دەڵـێ: ئەمەیان بریتییە لە ڕێبازێکی گێڕانەوەی ئینشائی، لە کەڵەکە و کۆکردنەوە و تۆمارکردنی زانیاری بۆ هەر یەکێك لە قۆناغە مێژووییەکانی ئەدەبی عەرەبی وەکو چۆن لـە (١/٢/١/أ)دا هـاتووە[١٩]. هـەروەها بەشـێك لـە مێژوونووسـانی ئــەدەبی فارســی و تــورکیش هــەمان ڕێچــکەیان گرتــووە وەك ئــەوەی لــە (١/٢/١/ب) و (١/٢/١/جـ)دا باسی لێ کراوە.

**٢/١/٢/ مێژوونووسیی ئەدەبی بەپێی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان:**

ئــەم پێـڕەوە لـە مێژوونووسـیی ئـەدەبیات دوابـەدوای چـەکەرەکردنی ئەدەبی نەتەوەیی لەلای میللەتانی ئەورووپا پەرەی گرتووە لەو کاتەوەی ئـەو

کۆمەڵگایانە لە مێژووی نوێیاندا هەنگاوە سەرەتاییەکانیان بەرەو بنیاتنانی دەوڵـەت و زمـان و ئـەدەبی نەتـەوەیی هـەڵهێناوە[٢٠]. بـەو مەعنایـەی بـە دابڕاندنی ئەو میرات و پاشخانە هاوبەشە دێرینەی ئەدەبیاتی (گریك و ڕۆمـان و لاتین) لە ڕابـردووی ئـەو نەتەوانـە، مێـژووی نـوێی ئـەدەبی نەتـەوەیی لای گـەلانی ئـەوروپا لـە ڕۆژگـاری ڕێنیسانسـەوە سـەرهەڵدەدات و قۆناغبەنـدی دەکرێت بۆ سـەر چـەند ڕێبـاز و قوتابخانەیـەکی پـەرەگرتووی یـەك بـە دوای یەکدا بەم شێوەیە:

١- قوتابخانەی کلاسیزم.
٢- قوتابخانەی ڕۆمانسیزم.
٣- قوتابخانەی ریالیزم.
٤- قوتابخانەی سەمبۆلیزم.
٥- قوتابخانەی پارناسیزم.
٦- قوتابخانەی سوریالیزم..... تاد.

ئەم جۆرە لـە دابەشـکردن و قۆناغبەندییـەی مێـژووی ئـەدەبی بـۆ سـەر چـەند ڕێبـاز و قوتابخانەیـەکی دیـاریکراو لەسـەر بنـەمای تایبەتمەندییـە گشـتییەکانی ئـەدەبیاتی گـەلانی ئەوروپایـە کـە لـە بنچینەدا ڕەنگدانـەوە و هەڵقولاوی ڕەوتی گەشەکردن و پێگەیشتنی ئـەو کۆمەڵـگایانەیە لەگـەڵ هـی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش جیاوازە بۆیە مەرج نییە بـەڵکو ناشـگونجێ قۆناغـەکانی مێـژووی ئـەدەبیاتی گـەلانی ڕۆژهـەڵات کـۆپیکراوی ئـەوان بێـت. لێـرەوە مێژوونووسـیی ئـەدەبی بـە گـوێرەی میتـۆدی قوتابخانـە ئەدەبییـەکان وەك ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، لـە تـەك بنـەماکانی ڕەخنـەی ئـەدەبی و تیوری ئەدەب یەکانگیر دەبێتەوە و لە دوا شیکردنەوەدا ئەدەب (وەك هونەر یـا زانسـت) وەکـو گشـتێك سـەیر دەکـات و لێـی دەکۆڵێتـەوە، لـە ئاکـامی ئەمەشدا مێـژووی ئـەدەب دەبێـت بـە کـۆی مێـژووی ئـەو ڕێبـاز و قوتابخانـە ئەدەبییانـە کـە لـە وڵاتـانی ئـەوروپا لـە کۆنـەوە تـاوەکو ئیمـڕۆ پـەرەیان سەندووە.

٣/١/٢/ مێژوونووسیی ئەدەب بە گوێرەی هونەرەکانی ئەدەب:

سامانی ئەدەبی وەکو دیاردەیەکی زمانی هەر لە سەرەتاوە لە (دوو بەش) یا (دوو هونەر)ی سەرەکی پێك هاتووە:

١- هونەری شیعر.

٢- هونەری پەخشان.

ئەنجا هەر یەکێك لەم هونەرانە لق و پۆپ و چەشن و جۆری جیاجیای لێ دەکەوێتەوە[٢١].

ئەم ڕێبازە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەب هەر لە سەرەتاوە ئەم دوو هونەرە لە یەکتری دادەبڕێ و هەر لقێکیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ وەردەگیرێت، ئەنجا ڕێڕەوی مێژوویی بۆ سەرهەڵدان و دابەشبوون و پەرەسەندن و پێشکەوتنی جۆرەکانی دەگرێتەبەر. ئەمەشیان میتۆدێکی وەسفییە کە یەکێك لە هونەرەکانی ئەدەب و بنەما و لق و جۆر و بەشەکانی وەردەگرێت هەر لەسەرەتای دەرکەوتن و نەشونمایەوە تاوەکو دوایی لەگەڵی دەڕوات بەدەر لە قۆناغبەندیی کات و شوێن، واتا بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ لەتەك ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا[٢٢].

لەناو مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی (مصطفى صادق الرافعي) لە (تاريخ آداب العرب) پێڕەوی لەم ڕێبازە کردووە، لە چەند بەشی جیاجیادا مێژووی ئەدەبی عەرەبی بە گوێرەی هونەرەکانی ئەدەب لێکداوەتەوە. هەروەها (د. شوقي ضيف) لە دوو کتێبی (الفن ومذهبه في الشعر العربي) و (الفن ومذهبه في النثر العربي) ئەم ڕێبازەی هەڵبژاردووە و لە یەکەمدا لە هونەر و جۆرەکانی شیعری عەرەبی کۆڵیوەتەوە و لە دووەمیشدا هونەر و جۆرەکانی پەخشان. لەناو فارسەکان (محمد تقى بهار) سێ بەرگی کتێبی (سبك شناسى) بۆ مێژووی پەرەسەندنی زمان و شێوازی پەخشانی فارسی تەرخان کردووە و (سيروس شميسا) (سبك شناسى شعر)ی بۆ مێژووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی زمان و شێوازی شیعری فارسی تەرخان کردووە.

**٤/١/٢/ مێژوونووسیی ئەدەب بەپێی ژانەرەکانی ئەدەب:**

ئەمەیان لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە بنیاتی بەرهەم و جۆرە ئەدەبییەکان بە گوێرەی دەرکەوتن و گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕانیان بۆ ئەوەی سنوور لە نێوان جۆرە ئەدەبییەکانی شیعر لەگەڵ پەخشاندا بکێشرێت. لێرەدا مێژووی ئەدەب دەبێت بەکۆی مێژووی سەرجەم جۆرە ئەدەبییەکان کە لە هەرە کۆنینە و سەرەتاییەکانیەوە دەست پێ دەکرێت لە نموونەی لیریك، داستان، شانۆنامە، گوتار ...... ئەنجا بەپێی تیوری (گەشە و پەرەسەندن — التطور والارتقاء) ئەم ژانەرانە بە درێژایی مێژوو هەم ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت هەم ژانەری تازەیان لێ لە دایك دەبێت، وەك ئەوەی چۆن، ڕۆمان وەکو ژانەرێکی نوێی ئەدەبی، لە هەقایەتی فۆلکلۆری و شیعری داستانییەوە داکەوتووە. لێرەدا مێژوونووسیی ئەدەبی شوێن پێی هەر یەکێك لە ژانەرە ئەدەبییەکان هەڵدەگرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا بەتێبینی کردنی کۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەش کە بەسەر هەر ژانەرێك دادێت تا ئەوەی لە ئاکامدا کوێر دەبێتەوە یا ئەوەتا ژانەری تازە و نوێی لێ وەبەرهەم دێت.

دەستەیەك لە پسپۆڕانی یەکێتی سۆڤیەت لە کتێبی (نظرية الادب) مێژووی ئەدەبیاتیان بە گوێرەی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی ژانەرە ئەدەبییەکان لێك داوەتەوە[٢٣].

هەروەها ئەو زنجیرە کتێبەش کە (د. جميل نصيف التكريتي) لەژێر سەردێری (موسوعة نظرية الادب) کە هی زانایانی سۆڤیەتە و وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەمان میتۆدی پێڕەو کردووە[٢٤]، تۆژەری ئێرانی (سیروس شمیسا)ش چەند کتێبی لەم بارەوە نووسیوە[٢٥]. وەکو چۆن توێژەرە ئەوروپاییەکانیش لە لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبیاتی ئەوروپا هەمیشە ئەم لایەنە ڕەچاو دەکەن.

**٥/١/٢/ مێژوونووسی ئەدەبی وەك بەشێك لە سیستەمی كۆمەڵایەتی:**

بەرلەوەی ئەم تەوەرە جێ بهێڵین پێویستە ئاماژە بە تیور و میتۆدێكی تازە بكەین كە بە مەبەستی مێژوونووسییەكی ئەدەبی نوێ بانگەشەی بۆ دەكرێت و لەچەند لایەنێكەوە تیۆریزە كراوە، ئەویش لەو گۆشە نیگایەوەیە كە ئەدەب و مێژووی ئەدەب وەكو بەشێك لە (سیستەمێكی هونەری) و لەپاڵ سیستەمەكانی ئایینی و پەروەردەیی دادەنرێت كە بە هەموویان هاوكار دەبن لە پێكهێنانی (سیستەمی ڕۆشنبیری) هەر كۆمەڵگایەك، ئەنجا ئەم سیستەمەی دوایی بە یاریكاریی سیستەم گەلێكی دیكەی وەك، زانستی، ئابووری، سیاسی، دەبن بە كۆی سیستەمی كۆمەڵایەتی هەر كۆمەڵگایەك لە هەر سەردەمێكی زەمانیدا، وەكو چۆن لەم هێڵكارییەدا بەدیار دەكەوێت:



ئەنجا بۆ ناسین و لێکۆڵینەوەی هەر پلە و ئاستێکی ئـەدەبی و (ئاسـتی هەر ژانەرێك)، لە هەر ڕۆژگار و سەردەمێکدا وا پێویستە لە چوارچێوەی کۆی سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی ئـەو سـەردەمەدا تـاوتوێ بکرێـت. لێـرەدا مێـژووی ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەك لە ڕێڕەوی ڕابردووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و شارستانی ئەو گەلەوە هەڵدەهێنجرێت.

## تەوەری سێیەم

**١/٣/ هەوڵەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی:**

ئەم هەوڵانە بە هۆکاری مێژوویی و سیاسی وەکو هـەر لایـەنێکی دیکـەی ژیانی ڕووناکبیریی کۆمەڵگای کوردەواری درەنگ دەستی پێ کردووە. لایەنی بـەپیت و درەوشـاوەی ژیـانی ڕوونـاکبیریی نەتـەوەی کـورد ئـەو گەنجینـە و سامانە ئەدەبییە بە بڕشت و دەوڵەمەندەیە کە بەمیرات بۆمان ماوەتەوە (لـە فۆلکلۆر و لە ئەدەبی نووسراو). سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـت دەشـێ وەکـو ڕۆژگار و سەردەمی ڕێنیسانس و بووژانەوە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی گەلی کورد سەیر بکرێت. مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی ئەگـەر لایـەنێکی بریتـی بێـت لـە نووسـینەوە و تۆمـارکردنی ژیننامـە و بەسـەرهاتی شاعیران و نووسەران، ئـەوا دەشـێ پەنجـە بـۆ نامەیـەکی (مـەلا مـەحموودی بایەزیدی/ ١٧٩٩– ١٨٦٠) درێژ بکرێت کە لە کاتی خۆیدا بۆ (ئۆگۆست ژابـا/ ١٠٨٣ – ١٨٩٤) نووسـیوە و تیایـدا کورتەیـەکی ژیاننامـە و باسـی شـیعر و بەرهەم و دیوانی هەشت شاعیری کوردی تیادا تۆمار کردووە وەکـو یەکـەمین هەوڵی سەرەتایی بـۆ تۆمـارکردنی مێـژووی ئـەدەبی کـوردی(٢٧). دوای ئـەوە (ئەنجومەنی ئەدیبان) دێت کە زانای بەهرەمەندی کورد (ئەمین فەیزی بـەگ/ ١٨٦٠ – ١٩٢٨)، لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەستەمبوڵ بە چاپی گەیاندووە. ئەمە بە هەوڵێکی پێشکەوتوو دەدرێتە قەڵەم، بـە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانـە و وردبـین ژیان و بەرهەمی پۆلێك لە شاعیرانی کوردی تۆمار کردووە(٢٨).

دوای ئەوە ئەو هەوڵانە لە کات و شوێنی جیاجیادا بەردەوام بووە، کۆمەڵێك کتێب و بەرهەمی دیکە هاتۆتە ناوەوە، کە هەر یەکێکیان وەکو هەوڵێك، چمکێکی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردییان گرتۆتەوە کە لێرەدا بە جۆرێك لە پۆلینبەندی نیشانیان دەدەین:

**لە وڵاتی سوریا/**

١- صفحات من الادب الكردي، روشن بدرخان، بيروت، ١٩٥٤.

٢- تاريخ الادب الكردي الحديث والمعاصر، ريوي، بيروت، ١٩٩٧.

**لە وڵاتی تورکیا/**

٣- دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (لاتینی).

٤- دیرۆکا وێژەیا کوردی، فەقێ حوسەین ساگنیچ، ئەستەنبوڵ، ٢٠٠٢. (لاتینی)

٥- ئەنتۆلۆژییا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، دیاربەکر، ٢٠٠٣. (لاتینی).

**لە وڵاتی سۆڤیەت/**

٦- تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، پ. قەناتی کوردۆ، ئەستەمبۆڵ، ١٩٩٢، (لاتینی). (چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم ١٩٨٣)

**لە وڵاتی ئێران/**

٧- مێژووی وێژەی کوردی، صدیق بۆرەکەیی، چاپی دووەم، ٣ بەرگ، هەولێر، ٢٠٠٨.

٨- تاريخ ادب وفرهنك موكريان، ابراهيم افخمى، ٢ جلد، تبريز، ١٣٧٣.

٩- شاعران کرد پارسی گوی، سيد عبدالحميد حيرت سجادى، تهران، ١٣٧٥.

١٠- گلزار شاعران كردستان، سيد عبدالحميد حيرت سجادى، تهران، ١٣٨٢.

١١- گوڵچینی شێعری شاعیرانی کورد، انتشارات صلاح الدين ايوبى، ٣ بەش، اروميه، ١٣٨١.

**له وڵاتی عیراق/**


١٢– كۆمەڵـە شـیعری شـاعیرانی كـورد، عەبدولكـەریم هـەكزی، سـلێمانی، ١٩٣٨.

١٣– گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، عەلی كەمال باپیر ئاغا، سـلێمانی، ١٩٣٩.

١٤– شیعر و ئەدەبیاتی كوردی، رەفیق حیلمی، دوو بـەرگ، بەغـدا، ١٩٤١ – ١٩٥٦.

١٥– مێژووی ئەدەبی كوردی، علاء الدین سجادی، بەغدا، ١٩٥٢.

١٦– كۆیە و شاعیرانی، كەریم شارەزا، بەغدا، ١٩٦١.

١٧– ئەدەبی كوردی و لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، علاء الدین سجادی، بەغدا، ١٩٦٧.

١٨– الواقعیة في الادب الكردي، د. عزالدین مصطفی رسول، بیروت، ١٩٦٧.

١٩– ئەدەبی فۆلكلـۆری كـوردی، د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ، بەغـدا، ١٩٧٠.

٢٠– دیوانه كرمانجی، عبدالرقیب یوسف، ١٩٧٠.

٢١– كاروانی شیعری نوێی كوردی، كاكەی فەللاح، ١٩٧٨.

٢٢– شیعری كوردی – ژیان و بەرهـەمی شـاعیرانی، د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٨٠.

٢٣– ئـەدەبیاتی نـوێی كـوردی، د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ، هـەولێر، ١٩٩٠.

٢٤– مێژووی ئەدەبی كوردی، پ. د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ، بەشـی یەكەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢٥– هۆزانڤانێت كورد، صادق بهاءالدین ئامێدی، بەغدا، ١٩٨٠.

٢٦– مـوجز تـاریخ الادب الكـردي المعاصـر، د. معـروف خزنـەدار، ترجمـة: د.عبدالحمید شیخو، سوریا، حلب، ١٩٩٣.

٢٧– له بابەت مێژووی ئـەدەبی کوردییـەوە، د. مـارف خەزنـەدار، بەغـدا، ١٩٨٤.
٢٨– مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ٧ بەرگ، هـەولێر، ٢٠٠١ – ٢٠٠٦.
٢٩– ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی، مستەفا نەریمان، دەزگـای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ٢٠٠٧.
٣٠– معجم الشعراء الکرد، تحسین ابراهیم الدوسکی، دهۆك، ٢٠٠٨.
٣١– ئەدەبی کۆنی کوردی، د. ابراهیم احمد شوان، هەولێر، ٢٠١٢.

لێرەدا ناکرێ یەك بەیەکی ئەم بەرهەمانە لە گۆشە نیگایـەکی زانسـتی و ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، بەڵام لـە چـەند خـاڵێکی نـاوکۆیی و گشتگیر دەتوانین بڵێین:

١. هـــەموویان بـــەپێی ڕێبـــاز و ڕێچـــکەیەکی کـــۆن و تەقلیـــدی نووسـراونەتەوە، بەچاولێکەری لـە هەنـدێ کتێـب و شـوێنەواری تایبـەت بـە مێژووی ئەدەبی گەلانی دەوروبەر لـە عـەرەب و عەجـەم. لـە وێنـەی (تـذکرة الشعراء، طبقات الشعراء، حدیقة الشعراء، گلزار شاعران ...) بێ ئەوەی پشت بەسـتووبن بـە میتـۆد و ڕێبـازێکی زانسـتیی بـاوەڕپێکراو لـە مێژوونووسـیی ئەدەبیدا. لە کۆی ئەمانەدا چەند بەرهەمێکیان مایەی سەرنج و تێڕامانن[٢٩].

٢. زۆرترینـــی ئەمانـــە لەبابـــەت تـــاوتوێکردن و مێژوونووســـیی شـــیعری کوردین و بە تەواوی بەشێکی گرینگی ئـەدەبی کوردییـان فـەرامۆش کـردووە کە بریتییە لە مێژووی هونەر و جۆرەکانی پەخشانی کوردی.

٣. بەشـێوەیەکی دەسـتبژێر و ئینتیقـائی شـاعیرانیان هەڵبـژاردووە بـێ ڕەچـاوکردنی پۆلینکارییـەکی ڕێکخـراو و لـە باشـترین حاڵەتـدا بـە گـوێرەی ساڵنامە (کرۆنۆلۆجیا) لە کۆنەوە بۆ تازە شـاعیرەکانیان ڕیزبەنـدی کـردووە، واش هەیە بەپێی زنجیرەی ئەلفوبێی شاعیرەکانیان ڕیزکردووە.

٤. نــاواخنی بەرهەمــەکان زیــاتر کۆکردنــەوە و تۆمــارکردنی زانیــارین سەبارەت بە ژیننامەی شاعیرەکان و ئەنجا بەپێی مەبەست و ناوەرۆك بەڵگە و نموونەی شیعرەکانیان خستوونەتە ڕوو.

٥. هیچ کام بۆ ئەوە نەچوون کە شاعیرەکان دەستەبەندی و پۆلینکـاری بکەن بەپێی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییە ناسراوەکان، لە وێنـەی: (شـاعیرانی سەر بە ڕێبازی کلاسیك)، (شاعیرانی سەر بە ڕێبـازی ڕۆمانتیـك)، (شـاعیرانی سـەر بـە ڕێبـازی ریـالیزم) و ... تـاد، یـا بـەپێی قوتابخانـە مێژووییـیـەکانی ئـەدەبی کـوردی لـە وێنـەی: (شـاعیرانی سـەر بـە قوتابخانـەی گـۆران)، (شاعیرانی سەر بە قوتابخانەی کرمانجی)، (شـاعیرانی سـەر بـە قوتابخانـەی بابان) وەکو لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دێینە سەری.

٦. هـیچ کـام لـەو بەرهەمانـە لـە گۆشـە نیگایـەکی زانسـتی ڕەخنـەی ئەدەبییەوە ژیـان و بەرهـەمی شـیعری شـاعیرانیان تـاوتوێ نـەکردووە، وەك ئەوەی باری کێش و ئاواز و زمان و فەرهـەنگی شـیعری و قالـب و شـێوازەوە تایبەتمەنـدی هـەر شـاعیرێك و هـەر قوتابخانـە و هـەر سـەردەمێکی ئـەدەبی دیاری بکەن.

٧. بۆ سـاغکردنەوەی ژینامـە و بەرهـەمی شـاعیران زیـاتر کـەلکیان لـە دیوانە چاپکراوەکان وەرگرتووە. واتە زانیارییـەکانیان لـەوێوە ڕاگواسـتووە. بەشـێوەیەکی ڕاگـوزاری و گێڕانـەوەیی دوور لـە هەڵسـەنگاندنی زانسـتی و لێکۆڵینەوە و شیکاری و بە دەستەوەدانی ئەنجام و زانیاریی نوێ.

٨. وەکو گوترا لە باشترین حاڵەتدا بریتین لە کاری ئینسکلۆپیدیایی، کە سامانێك لە هەواڵ و زانیارییان بەسەریەکدا کەڵەکە کـردووە و نووسـیوەتەوە لەمەڕ بەرهەم و ژینامەی شاعیرەکان کە هەنـدێ لـەو زانیارییانـە، بەتایبـەت ئەوانـەی پەیوەسـتن بـە ژیـان و بەسـەرهاتی شـاعیرەکانەوە تـاوەکو ئـەمڕۆ یەکلایی نەکراونەتەوە.

**٢/٣/ لە پێناوی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی، لە کوێوە دەست پێ دەکەین؟:**

لێرەدا مەبەست بەشی دووەمی ئەدەبە کە بە ئەدەبی نووسراو یاخود (ئەدەبی دیوانی) دەناسرێت[٣٠].

ئەم بەشە دوابەدوای پەیدابوونی نووسین و خوێندەواری پەیدا بووە، لە کۆنەوە بەشێوەی نووسراو و شتی تۆمارکراو بۆ نەوەکان ماوەتەوە، لەم ڕووەوە یەکەمین شت و گرنگترین شت لە ئەدەبدا بریتییە لە (بەرهەم) یاخود (دەق و تێکست)ی ئەدەبی کە هەموو بەشەکانی دیکەی ئەدەبیاتناسی لەسەر بنیات دەنرێ، تاوەکو (بەرهەمی ئەدەبی) لە ئارادا نەبێت ئەوا زانستێکی وەکو ڕەخنە یا تیوری یا مێژووی ئەدەبی لە ناوا نابێت. وەکو دیارە بەرهەمی ئەدەبی لەسەرەتادا دانە دانە و بە فرەیی و هەمەچەشنی لە دایك دەبێت و وردە وردە کەڵەکە دەبێت، تا دەبێت بە سامان و بە خەرمان، ئەوسا تاوتوێکردنی لە بەرگی (ڕەخنە) و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی لە شێوەی (تیوری) و کۆکردنەوە و تۆمارکردن و نووسینەوەی لە شێوەی (مێژووی ئەدەب) دێتە کایەوە.

کەواتە لە پێناوی مێژوونووسیی ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەك پێویستە بۆ تێکست و بەرهەم و دەقە کۆنەکان بگەڕێینەوە کە لە کات و شوێنی تایبەتدا نووسراون. سەبارەت بە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیش هەر وایە واتە دەبێ مێژوونووسیی ئەدەبی بەر لە هەموو شتێك تێکستی لەبەر دەستدا بێت، کۆنترین تێکستی نووسراو و باوەڕپێکراو، ئەنجا لەوێوە دەست بکات بە تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبەکەی بۆ ئەو مەسەلەیە دوو خاڵی گرینگ لە گۆڕێدا هەیە پێویستە لەسەری ڕێك بکەوین کە ئەمانەن:

یەکەم: هۆکارگەلێکی مێژوویی – سیاسی وای کردووە کە نووسین بە زمانی کوردی تا ڕۆژگارێکی درەنگ بەدوا بکەوێت. بۆیە ئەمڕۆ بەرهەم گەلێکی بە کوردی نووسراو و تۆمارکراوی (کەونارا و دێرینەمان) لەبەر دەستدا نییە.

دووەم: بەشی زۆر و تاکە بەرهەمی سەرەتایی ئەدەبی کوردیی نووسراو بریتییە لە شیعر. واتە هونەری پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا تا سەردەمێکی دواتر بەرچاو ناکەوێت.

کەواتە بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی دەبێ بە دوای کۆنترین بەرهەم و شوێنەواری شیعری کوردیدا بگەڕێین و لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا یەکەمین بەرهەم و تێکستی شیعری کوردی، باوەڕپێکراو و متمانە بەخش، کە بۆمان مابێتەوە و بە دەستی ئێمە گەیشتبێت کامەیە؟، وە لە چ ڕۆژگار و سەردەمێکدا بەرهەم هاتووە و خاوەنەکەی کێیە؟

نزیك بە نیو سەدە لەمەو پێش چەند پارچە و تێکستێك کەوتۆتە ناوەوە بە ناوی کۆنترین تێکستی شیعری کوردی، کەوا مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتۆتەوە و کۆمەڵێك وتار و نووسین و گفتوگۆی بە دوای خۆیدا هێناوە کە تاوەکو ئەمڕۆش ناوە ناوە لێرە و لەوێ سەر هەڵدەدەنەوە، ئێمە نامانەوێ بچینە نێو ئەو کێشمە کێشەوە ئەوەندە نەبێ کەوا ئەم بەرهەم و تێکستانە کە بە سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی دراونەتە قەڵەم لە کات و شوێنی خۆیدا لە لایەن زانایانی زمانەوانی ناوداری کورد و بیانییەوە بە بەڵگە و دەلیلی زانستی بەرپەرچ دراونەتەوە و مایە پووچ دەرهاتوون[٣١].

ئەوەی تاوەکو ئەمڕۆ لەلای کۆی لێکۆڵەر و توێژەر و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی وەکو سەرەتا و دەستپێکی مێژووی ئەدەبی کوردی ناسراوە (دوو بەیتییەکانی بابە تاهیری هەمەدانی — عوریان)ە کە بە کۆنترین دەق و تێکستی شیعری کوردی دەزاندرێت. بابە تاهیر خۆی لە سەرەتای سەدەی ١١ی زایینییدا کۆچی دوایی کردووە، مێژووەکەی بەم جۆرە تۆمارکراوە (٩٣٧ — ١٠١٠) و دوو بەیتییەکانیشی بێ کێشە نین، بەهۆی ئەوەی لە ئەنجامی چەندین جار چاپکردنەوەی دیوانەکەی و دەستکاری و گۆڕانکاری جار لە دوای جاری وشە و گوزارە و دەربڕینەکانی لەسەر دەستی نووسەرانی فارسەوە وای لێ هاتووە لە فارسییەوە نزیکتربن تا لە کوردی، تاوەکو دواتر ژمارەیەك دوو بەیتی ڕەسەنی هەم لە مۆزەخانەی (قونیە)دا و هەمیش

لەلایەن مینۆرسکییەوە لە پەراوێزی کتێبی (سەرەنجام)دا دۆزراونەتـەوە کـە دەستی گۆڕانکاری و ئاڵۆێریان پێ ڕانەگەیشتووە و ئەوەش ڕوون بۆتەوە کـە جیاوازی لەنێوان دەقە ڕەسەنە دۆزراوەکان و دەقە چاپکراوەکان ئاسمـان و ڕێسمانە.

لەلاییێکی دیکەش کاتێك دان بەو ڕاستییەدا دەنـێین کـە بابـەتاهیر، هـەم خۆی لەژێر نازناوی (تاهیر قەلەندەر) و هەم شیعر و دوو بەیتییەکانی تێکـەڵ بە کولتوور و ئەدەبی ئایینی یارسانەکان دەبێت، ئەوسا شـك و گومانێـك لـە ئارادا نامێنێت کە وەکو سەرامەدی ئەدەبی کوردی بژمێردرێت[٣٢].

**٣/٣/ مێژووی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی سێ قوتابخانەی ئەدەبیدا:**
**(گۆرانی – کرمانجی – بابانی)**

ئەگەر لە زاراوەکەوە دەست پێ بکەین، **قوتابخانەی ئەدەبی** بریتییە لـە کۆمــەڵێ تایبەتمەنــدی و بنــەما و ڕێســای ئــەدەبی و ڕۆشــنبیری کــە لــە هەلومەرجێکی مێژوویی – کۆمەڵایەتی تایبەتدا لەلایەن ئـەدیب و نووسـەرانی ناوچە و وڵاتێکەوە پێڕەوی لێ دەکرێت و دەبێت بە نەریتێکی ئـەدەبی بـاو و بڵاو.

وا هەیە ئەم تیور و بنەمایانە پێش وەخـت لـە بەیاننامـە و مانفێسـتێکی تایبەتــەوە ڕادەگەیەنــدرێت و لەلایــەن ئــەدیب و نووســەرانەوە پێــڕەوی لێ دەکرێــت، واش دەبــێ لــە ئاکــامی پــەرەگرتن و بڵاوبوونــەوەی پێڕەوێکــی هاوبەش لەکاری ئەدەبیدا لەڕیزی نووسەران، جا چ بە چاولێکەری بووبێت یـا بە ڕێککەوتن یا لـە خـۆڕا، دەبێتـە مایـەی زاڵبـوونی شـەپۆڵ و ئاراستـەیەکی ئەدەبی تایبەت لە پانتاییەکی فراوان و بۆماوەیەکی درێژ. لێرەوە ئەو بنەما و تایبەتمەندی و ڕێسا و سەرەتاکانی ئەو شـەپۆڵ و ئاڕاستـەیە لـە دووتـوێی بەرهەم و داهێنان و کەرەستە ئەدەبییەکانی پێڕەوەکەوە هەڵـدەهێنجرێن، و لە دوایە شەقڵ و سیمای نەریت و قوتابخانەیەکی ئەدەبی لـەخۆوە دەگرێت. ئـەم پێنــاس و تێگەیشـتنە لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی ئـەوروپاوە سەرچـاوەی

گرتووه. هەر بەو پێودانگەش ئەوان چەندین قۆناغ و قوتابخانە و نەریتی ئەدەبییان بۆ مێژووی ئەدەبیاتی ئەوروپا دەستنیشان کردووە، وەکو لە (٢/٢/١) خستوومانەتە ڕوو.

لە ڕۆژهەڵاتیش مێژوونووسانێکی ئەدەب هەوڵیان داوە و تێکۆشاون کەوا مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان بەو چەشنە قۆناغبەندی بکەن، بەڵام لەم ڕێگایەدا دووچاری ئاستەنگ و ئیشکالیەت هاتوون، بەو هۆیەی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی و شارستانی و ڕۆشنبیریی گەلانی ڕۆژهەڵات، لەوانەش گەلی کورد، لەگەڵ هی ئەوان جیاوازە و تێك ناکاتەوە. ئینجا ئەگەر هەوڵ و بیر و بۆچوونێکی لەو بابەتەش لەلای ئێمە بۆ مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی لە ئارادا هەبێت ئەوا بێ شك ئاکامەکەی لەسەر حسابی لە قالبدانی ڕەوتی سروشتی و گەشەسەندنی ئەدەبەکەمانەوەیە لە چوارچێوەی چەند ڕێباز و قوتابخانەی نامۆ و ناگونجاودا[٣٣].

ئێمە کاتێك باس لە ڕێباز و میتۆدێکی لە بار و گونجاو دەکەین سەبارەت بە قۆناغ و قوتابخانەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی، پێویستە بەر لەوەی باس لە (دابەشکردنی قۆناغەکانی ئەدەبیاتی گەلان و قوتابخانەکانی جیهانی نوێ ..... تاد) بکەین، بۆ خودی ئەدەبەکە خۆی بگەڕێینەوە و بە ڕەچاوکردنی سەرەتا مێژووییەکانی داهاتن و بە دیارکەوتنی و تایبەتمەندی و بنەما و بەش و خەسڵەتە ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەنجا بڕیار لەسەر میتۆد و ڕێباز و قوتابخانەی گونجاو بدەین بۆ مێژوونووسییەکەی لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرجە مێژوویی و سیاسی و شارستانییەی کە تیایدا بەرهەم هاتووە و پەرەی سەندووە و پێشکەوتووە، ئەوسا بەرچاو ڕوونییەکی باشترمان بۆ دەستەبەر دەبێت.

ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەدەبی کوردی بە درێژایی مێژووی هەزار ساڵەیدا لە چوارچێوەی سێ قۆناغی مێژوویی و سێ زمانی ئەدەبی و سێ قوتابخانەی هونەریدا خۆی دەنوێنێت، کە هەر یەکەیان لە زۆر ڕووەوە خاوەنی ناسنامە و تایبەتمەندیی خۆیەتی، کە هەم وەك ڕێباز و قوتابخانە و

نەریتێکی ئـەدەبی لـە زەمـان و زەمینێکـی دیـاریکراودا ئامـادەیی هـەبووە و خۆی سەلماندووە، هەمیش بەو ناسنامە و تایبەتمەندییانـەوە سـنوورێکی بـۆ خۆی دەستنیشـان کـردووە کـە لـە قۆنـاغ و قوتابخانـەکانی دیکـەی دواتـری جیـای دەکاتـەوە. لێـرەوە دەپرژێینـەوە سـەر تـاوتوێکردنی زیـاتری ئـەو مەسەلانە.

**قۆناغی یەکەم: قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی(*)**

**تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە:**

١- کـۆنترین بەشـی ئـەدەبی کـوردی پێـك دەهێنێـت و سـەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلامەتی(٣٤).

٢- لەسەر کێش و ریتمی بڕگەییە کە (گۆران) نازناوی کێشی نەتەوەیی پێ بەخشیوە، وەکو چۆن لەڕووی سـەرواوە پێڕەوی لـە سیسـتەمی جـووت سەروا و، سەروای ڕەنگاوڕەنگەوە دەکات(٣٥).

٣- لە باری زمان و شێواز و دەربڕینەوە خـاوەنی کۆمـەڵێك خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیی زمانەوانییـە کـە زادەی زار و دیـالێکتی قسـەپێکەرانی ئـەو سەرزەمین و نیشتیمانەیە.

٤- لە ڕووی وشـە و زمـان و فەرهەنگـەوە شـێوەیەکی شـیرین و پـاراوی هەیـە و لـە کاریگـەریی فەرهـەنگ و زمـان و زاراوەی ئـەدەبی ڕۆژهـەڵاتی (عەرەبی - فارسی - تورکی) بە دوورە.

٥- ئـەدەبی گـۆرانی، ئـەدەبێکی لیریکیـی ناسـك و ڕەوانـە، کـە سـۆز و گودازێکی مرۆڤانە، بیر و خەیاڵێکی بە پیت، هەوێنێکی جوانیناسی، بـەرودوا و تانوپۆی چنیوە.

٦- سروشـێکی ئایینـداری و بیروباوەڕگـەلێکی کـۆنی کـوردی (ئـایینی یارسان)، بۆتە ماکی داهێنانی سامانێکی دەوڵەمەندی ئـەدەبی، (ئـەدەبیاتی یارسان) و هـەر ئـەم ئایینـەش بۆتـە بنـەمای پـەرەگرتنی زمـانێکی ئـەدەبی (زمـانی ئـەدەبی گـۆرانی) لـەنێو شـێوەزارەکانی سـەر بـەدیالێکتی کـوردیی خوارووی (هەورامانی، زەنگەنەیی، کاکەیی، دیملی، ....).

٧– ماوەی هەشت سەدە (لە بابەتاهیرەوە بۆ مەولەوی)، لە پانتاییەکی جوگرافیی فراوان (مەڵبەندی سێکوچکەی کەرکووك – هەمەدان – کرماشان)، بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامی هەبووە و لە ماوەی ٤٠٠ ساڵی دواییدا (١٤٠٠ – ١٨٠٠) زمانی ئایینی و زمانی ئەدەبیی ڕەسمی و دانپیانراو بووە[*].

٨– کۆمەڵێ ژانەری ئەدەبی جوانی بۆ یەکەمین جار هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی لە وێنەی سروودی ئایینی، جەنگنامە، داستان و مەقام و گۆرانی[٣٦].

٩– بەدەیان شاعیر و بوێژی هەڵکەوتەی لێ پەیدابووە، کە سامانی شیعر و داهێنانیان ڕژاوەتە ئەو ڕووبارەی کە نەریتێکی ئەدەبیی سەرتاپاگیری پێکهێناوە و سامان و گەنجینەیەکی ئەدەبیی شکۆداری لێ کەوتۆتەوە.

١٠– پشتیوانەیەکی سیاسی و شارستانی هەبووە کە بریتییە لە میرایەتی (ئەردەڵان) و ناوەندی دەسەڵاتی ئەو میرنشینە لەنێوان (شارەزوور و هەورامان و سنە)دا بووە کە بۆ ماوەی ٤٥٠ ساڵ (لە سەرەتای سەدەی چواردەهەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم) حوکمڕان و باڵادەست بووە و ئەمە بە یەکێك لە فاکتەرەکانی بەردەوامی و دەوڵەمەندی ئەو نەریتە ئەدەبییە دەژمێردرێت[٣٧].

١١– بەم پێیە دەشێ ئەم قۆناغە ئەدەبییە – مێژووییە، لە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیدا بە (قوتابخانەی ئەدەبی گۆران)، وەکو یەکەم و کۆنترین نەریت و قوتابخانەی ئەدەبی کوردی ناوزەد بکەین[٣٨].

**قۆناغی دووەم: قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی**

لە هەلومەرجێکی جیاواز نەریت و ڕێبازێکی ئەدەبیی نوێ لە کوردستان سەر هەڵدەدات و بە کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەدەبییەوە نەشونما دەکات و سەروسامان پەیدا دەکات. کە هەر بەردەوامی و تەواوکەری قۆناغی پێشووە چونکێ بەشێکە لە سامان و گەنجینەی ئەدەبی کوردی، بەڵام لە

شێوەی تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی و ئەدەبیی نوێ و لە قۆناغێکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت.

شەقڵی دیار و بەرچاوی ئەم قۆناغە ئەدەبییە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە لەوەدایە کە کاریگەریی شارستانییەت و ئەدەبیات و زانستەکانی ئایینی ئیسلامی بە خەستی تیادا ڕەنگی داوەتەوە، لێرەوە دیاردە و تایبەتمەندییە ئەدەبی و مێژووییەکانی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێت:

١- لە ژێر دەواری نیزامی عەرووزی عەرەبی و هونەرەکانی بەلاغەت و پایەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات دامەزراوە، کە پێشتر لە ئەدەبی کوردیدا لە وێنەی نابیندرێت(*).

٢- بەرهەمی ئەم نەریت و قوتابخانە ئەدەبییە بە گشتی ئەدەبێکی پلە بەرزە و لەسەر بنەمای ئەقڵ و زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری دامەزراوە و لە ئاستی ئەدەبی کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتە.

٣- غەزەل و قەسیدە وەکو دوو فۆرمی زاڵ و ناسراوی شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتی چەکەرە دەکات بۆ ناو ئەدەبی کوردی لە پاڵ فۆرمە ئەدەبییەکانی وەکو (روباعی، قەتعە، مولەمەع، پێنچین و پێنج خشتەکی، موستەزاد، موسەممەت، تەزمین، تەرکیب بەند و تەرجیع بەند و ......... تاد.

٤-زمانی شیعر دەبێتە زمانێکی ڕۆژهەڵاتیی تەژی لە وشە و زاراوەی بێگانە (عەرەبی و فارسی و تورکی)و، لە پاڵ ئەوەدا زیادەڕۆیی لە وشە ئارایی و سنعەتسازی بێژەیی (الصنائع اللفظية) تانوپۆی دادەپۆشێ.

٥-لە بابەتی واتا و ناوەرۆکەوە کۆمەڵێك مەبەستی تازە هاوشێوەی شیعری کلاسیکیی عەرەب و عەجەم لە شیعری کوردیدا پەیدا دەبن و پەرە دەسێنن، لە وێنەی مەبەستەکانی ئایینی ئیسلامەتی لە چەشنی (پاڕانەوە — موناجات) و (ستایشی پێغەمبەر و یارانی — نەعت) و (سۆفیگەری ئیسلامی)، وەسف، دڵداری، ستایش، شانازی، داشۆرین، شینگێڕی...تاد.

٦- بۆ یەکەم جار بیر و فەلسەفەی عەشقی سۆفییانە و رەمز و وشە و زاراوەکانی فەرهەنگی سۆفیایەتی، لە پاڵ هێما و ئاماژەکانی تایبەت بە زانستە ئیسلامییەکان لە وێنەی مەنتیق و عیلمی کەلام و شەرع و فیقهـ و فەلەکیات ... تاد لە بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە[٣٩].

٧- ئەم قوتابخانەیە بەرهەمهێنەری بیری نەتەوەییە لە ئەدەبی کوردیدا.

٨- زمانی ئەدەبیی ئەم قوتابخانەیە لە نێو شێوەزارەکانی سەر بە دیالێکتی کوردی باکوور، (جزیری، بۆتانی، هەکاری، بادینانی، ئاشتەیی، بایەزیدی)، لە شێوەزاری (بۆتانی)یەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کەوا کۆمەڵێك خاسیەتی ڕێزمانی و گراماتیکی هەیە کە لە زمانی ئەدەبیی هەردوو زارەکەی دیکە (گۆرانی و کوردی ناوەڕاست)ی دادەبڕێت.

٩- وەکو زەمینەسازی و ڕێخۆشکردنێك بۆ پایەدار بوونی ئەم قوتابخانەیە، سامانێك لە ئەدەبی میللی هەیە کە لەلایەن دەستەیەك لە شاعیرانەوە بە بەرهەم هاتووە و بۆتە پێش قۆناغ بۆی.

١٠- پشتیوانەیەکی سیاسی و شارستانی و مێژوویی هەبووە کە بریتییە لە (میرایەتی بۆتان)، ئەنجا بۆ ماوەیەکی درێژ لە پانتاییەکی جوگرافیی فراوان، سامانێکی ئەدەبیی دەوڵەمەند و فرەی لێ کەوتۆتەوە.

١١- ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کەوا نەریت و ڕێبازێکی ئەدەبی بە ناوی (کلاسیزمی کورد)ی لە ئارادا بێت، ئەوا ئەم قۆناغ و قوتابخانەیە بەدیهێنەری ئەدەبی کلاسیزمی کوردییە کە پایەکانی لەلایەن شێخی جزیرییەوە (١٥٦٧ - ١٦٤٠)، وەکو مامۆستای یەکەمی شیعری کلاسیکی کوردی داڕێژراوە[٤٠].

## قۆناغی سێیەم: قوتابخانەی ئەدەبی بابانی[*]

دیاردەیەکی ئەدەبیی نوێ بوو لە مێژووی ئەدەبی کوردی، لە ئاکامی کۆمەڵێك فاکتەری - مێژوویی و سیاسی و ڕۆشنبیری لە زەمان و زەمینێکی

تایبـەت و جیـاواز سـەری هەڵـدا. بنیاتنـانی شـاری سـلێمانی و خورتبـوونی میرایـــەتی بابانـــەکان و بـــرەو ســـەندنی ئـــاوەدانی و شارســـتانییەت و لـــە ئـــامێزگرتنی بوێـــژ و زانایـــان و بووژانـــەوەی زانســـت و زانیـــاری و هـــەردوو تەریقـەتی قـادری و نەقشـبەندی لـە هۆکـارە سـەرەکییەکانی پێگەیشـتن و پەرەسەندنی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە بوون.

**لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە:**

١- غەزەل و قەسیدە و فۆرمەکانی شیعری کلاسیکی لەم قوتابخانەیە بە هەندێ گۆڕانکارییەوە، لە ژێر چەتری نیزامی عەرووز و ڕەوانبێژیی عەرەبی و سەبکی عیراقی و هیندی و خشتەکییەکانی فارسیدا بەردەوامی هەیە.

٢-زمانی ئەدەبیی ئەم قوتابخانەیە لە نێـو شـێوەزارەکانی (موکریـانی، ئـەردەڵانی، بابـانی، گـەرمیانی، سـۆرانی)، بابانییـە، کـە خـاوەنی کۆمـەڵێك تایبەتمەندیی ئەدەبی و زمانی و شێوازی تایبەت بـە خۆیـەتی کـە لـە ئاسـتە جیاوازەکانی زمان و بیر و بەکارهێنانی خەستی هونـەرەکانی جوانکاریـدا بـە دیار دەکەوێت[٤١].

٣- ئـــەم زمـــان و نەریتـــە ئەدەبییـــە لـــە پێگـــەی میرنشـــینی بابـــان (سلێمانی)یەوە هەڵقوڵاوە و بەسەر هەر پێنج ئیقلیمی بەشە دیالێکتی کوردی ناوەڕاسـت، (موکریـانی، ئـەردەڵانی، سـلێمانی، گـەرمیانی، سـۆرانی)دا بـڵاو بۆتەوە و تا دەرکەوتنی ئەدەبیاتی نوێ بەردەوامی هەبووە.

٤-هەموو هونەرەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهـەڵاتی لـە ڕووی فۆرمـەوە لەم قوتابخانەیە ڕەنگی داوەتـەوە لـە نموونـەی: (غـەزەل، قەسـیدە، فـەرد، مەسنەوی، روباعی، دوو بەیتی، مولەمەع، قەتعە، موستەزادە، موسـەممەت، تەرجیع بەند، تەرکیب بەنـد، تـەخمیس، موخەممـەس، تـەزمین، تـەشـطیر و .... تاد).

٥- غەزەل سەرایی بە ناوەرۆکێکی وەسفیی جوانی و عیشقی مـەجازی، سیمای دیار و بەرچاوی بەرهەمی شیعری ئەم قوتابخانەیەیە.

٦- تەواوی مەبەستەکانی شیعری کلاسیکی لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە لـەم قوتابخانەیەدا بەدی دەکرێن لە وێنـەی: شـیعری ئـاینی، وەسـف، سـتایش، شانازی، لاواندنەوە، داشۆرین و شیعری بۆنە و موناسەبات .... تاد.

## پوختەی باس:

ئەم ڕێباز و نەریتە ئەدەبییانە، کە لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاواز و سێ مەڵبەندی دوور لە یەکتر وەکو سێ قوتابخانەی ئەدەبی خوڵقاون و پـەرەیان سەندووە، هیچ کامێکیان لەسەر بناغەی ئەوەکەی دیکـەیان بنیـات نـەنراوە، وەکو چۆن پەیوەندی نێوانیشیان زۆر کاڵ و کەم ڕەنگە، بۆیە لەگەڵ ئـەوەی سەر بە سامانی زمان و ئەدەبی میللەتێکن، بەڵام ئاوێتـەکردنیان بـە کـارێکی شـیاو داناندرێت، چـونکێ هـیچ یـەکێکیان لـە ڕووی بابـەتی و تایبەتمەنـدیی ئەدەبی و هونەرییەوە بە پێشینەی ئەوی دیکەیان دانانرێت[٤٢].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم واقیعە ڕێگر نابێت لەبەردەم ئەوەی کـەوا ئـەم سـێ قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییە جیاوازانە بەشەکانی ئـەدەبی یـەك نەتـەوە پێـك بهێنێت.

لێـرەوە تێکـەڵاوکردن و لـە قالبـدانیان چ لەسـەر شـێوەی قۆناغبەنـدی مێژوونووسیی ئەدەبی عەرەب و عەجەم یان میللەتانی ئەورووپا، وە چ لەسەر شێوەی مێژوونووسیی ساڵنامەیی و کرۆنۆلـۆجی وەك ئـەوەی لـە کتێبـەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی تاوەکو ئەمڕۆ پەیڕەوی لێ کراوە، کـارێکی نازانسـتی و نا دروستە، بەو هۆیەی کە ئـەوەی ڕۆڵـی پێـوەر و پارسـەنگ دەگێڕێـت لـە سـنوور کێشـانی قۆنـاغ و قوتابخانــە ئەدەبییــەکان ئــەوا تایبەتمەنــدی و خەسڵەتە ئـەدەبی و هونەرییـەکانن کـە لـە خـودی ئـەو سـامانە ئەدەبییـەوە هەڵدەهێنجرێن. لەمەوە و بە پشت گرێدان بـەم ڕاسـتییانە ئێمـە لامـان وایـە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی پێویسـتە لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەم سـێ قۆناغـە مێژووییـە و، ئـەم سـێ قوتابخانـە ئەدەبییـەی (گـۆران، کرمـانجی، بابـان) بەڕێوە بچێت.

٣/٤/ ئەزموونە ئەدەبییەکانی هەر قوتابخانەیەك:

بە ڕەچاوکردنی پێڕەوی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی سێ قوتابخانەی ئەدەبیدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، بەو هۆیەوەش کە هەر قوتابخانەیەك سامانێکی فرەی لە ئەزموون و بەرهەم و تاقیکردنەوەی ڕەنگاوڕەنگ لە خۆ گرتووە. ئەنجا بە مەبەستی پۆلینکردنێکی بابەتییانە و لەبارو زانستی، کە بەرچاو ڕوونییەکی زیاتر ببەخشی و ببێتە جێگای متمانە و هاریکاریی مێژوونووسی ئەدەبی کوردیش بکات، لێرەدا بە پشتبەستن بە دیاردە هونەرییە زمانەوانی و شێوازییەکان و بە یەکانگیری لە تەك دیاردە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جۆرێك لە پۆلینبەندی و نەخشە و دابەشکاری پێشکەش دەکەین وەکو دانپێدانان و ڕاستەقینەیەکی فرەئەزموونی ئەدەبی لە چوارچێوەی هەر قوتابخانەیەك، تاوەکو مۆدێلێك لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەر بنەمایەکی واقیعی زانستی بگیرێتە بەر.

لاری لەوە ناکرێت کە هونەری شیعر، سیما و شەقڵی زاڵی سامانی ئەدەبی کوردییە لە هەر سێ قۆناغ و قوتابخانەکەدا، بەم پێیە مێژووی ئەدەبی لە هەر یەکێك لە قۆناغ و قوتابخانەکان دەبێت بە (مێژووی ئەزموونەکانی شیعری کوردی) لە چوارچێوەی ئەو قوتابخانەیەدا، هەر ئەزموونێکیش، کە خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندی و خاسیەتی ناوچەیی خۆیەتی، کەوا لە بەرهەمی ئەدەبی شاعیرانی ئەو ناوچە و مەڵبەندەدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە دەشێ هەر ئەزموونێك بە شێوەیەکی لاوەکی لە چەند ئەڵقەیەکی بەیەکەوە گرێدراو لە ژێننامە و بەرهەمی شیعری شاعیرانی لە چوارچێوەی قوتابخانەکەدا لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێت. لە ئاکامدا هەر ئەزموونێك لە وێنەی جۆگەلەیەکی بزواو و گەشە سەندوو دەڕژێتە ئەو قوتابخانەیەوە[٤٣].

لێرەدا ئەو مۆدێل و پۆلینکارییە بۆ ئەزموونەکانی شیعری کوردی لە چوارچێوەی هەر یەك لە قوتابخانەکان دەخەینە ڕوو:

**قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی :**

١– شاعیرانی لەك و لوڕ: بابا تاهیر، ئەرکەوازی .....(*).

٢– ئەزموونی ئەدەبی ئایینی یارسان: شاعیرانی ئەدەبی یارسان ؛ بابا سەرهەنگ، شاخوشین، بابا ناوس، سولّتان سەهاك، مەلا پەرێشان، ئیل بەگی جاف.

٣– ئەزموونی ئەدەبی شاعیرانی هەورامان: بێسارانی، ئەلّماس خان، میرزا شەفیع، خانای قوبادی، مەولەوی، سەیدی هەورامی، وەلی دێوانە، کۆماسی، مەستوورە، سەی یاقو، مەلای جەباری، فەقێ قادر.

٤– شاعیرانی ناوچەی پاوە و کرماشان: ئۆلقادر، ......

٥– ئەزموونی ئەدەبی شاعیرانی زەنگەنە و کاکەیی: ڕەنجووری، خەلیل منەوەر.

٦– ئەزموونی ئەدەبی (زازا)ییيەکان و عەلەوییەکان.

**قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی:**

١– ئەزموونی ئەدەبی میللی و شیعری داستانی: فەقێی تەیران، عەلی حەریری، مەلا ئەحمەدی باتەیی، بەکر بەگی ئەرزی، حوسنی بامەڕنی ......

٢– ئەزموونی شیعری کلاسیکی: جزیری، خانی، پرتەوبەگی هەکاری، شێخ خالد، سیاپۆش، بریفکانی، شەهابی مائی، نەقشبەندی، نالّبەند، مەمدووح ....

٣– ئەزموونی ئەدەبی کوردی لە ولاّتی یەکێتی سۆڤیەت.

**قوتابخانەی ئەدەبی بابانی :**

١– ئەزموونی شیعری میللی و ئایینی: عەلی بەردەشانی، موناجاتی شێخ صادق، مەلا محەمەدی سێوەچی.......

٢– ئەزموونی شاعیرانی بابان: نالی، سالم، نەفعی، کوردی، مەلا وەسمان.

٣- ئـەزموونی شـاعیرانی ناوچـەی سـلێمانی: مـەحوی، فایـەق، ئـاهی، فکری، خەستە، خاکی، مەلا حەمدوون، بێخود، زیوەر، حەمدی، تاهیر بـەگ، ئەحمەد موختار، ............

٤- ئەزموونی شاعیرانی گەرمیان: شێخ رەزا، سابیری، ئەسـیری، تـاهیر فوئاد.

٥- ئەزموونی شیعری لە کۆیە و سۆران: حـاجی قـادر، مـەلا عەبـدوڵڵای جەلی، ڕەمزی، ئەختەر، کەیفی، مەلای گەورە، سافی، .....

٦- شاعیرانی سنە و ئەردەڵان: سالمی سنە، مەجدی (مەلیکولکەلام).

٧- ئـەزموونی شـیعری ناوچـەی موکریـان: ئەحمـەدی کـۆر، وەفـایی، حەریق، ئەدەب، سالار سەعید، ئەدیب، ..............[٤٤].

٣/٥/ کێشە و گرفتی ئەم جۆرە دابەشکردنە:

گرفتی سەرەکی لـە بـەردەم ئـەم جـۆرە قۆناغبەنـدی و دابەشـکردنە لـە مێژوونووسیی ئەدەبیاتی کـوردی، لـە مەسـەلەی باباتـاهیر و زمـانی شـیعر و دووبەیتییەکانیدایە[٤٥]، ئەویش مەسەلەیەکی چەند لایەنەیە:

١- بابەتاهیر بە نەژاد بابایەکی لـوڕی هەمـەدانی و، دووبەیتییەکانیشـی هەر بەو شێوەزارە خۆوڵاتییەی خۆی، واتە بە (لوڕی) هۆنیوەتەوە، ئەمە لـە کاتێکدا برێـك لـە ڕۆژهەڵاتناسـان و هەنـدێ لـە تـوژەرانی خـۆییش نـە لـوڕ و بابەتاهیر بە کورد و نە زمانی شیعرەکانیشی بە کوردی دەزانن [٤٦]!

٢- قالبی شیعرەکانی بابا تاهیر (روباعی)یە، کە لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە هونـەر و قـالبی شـیعری فارسـی و، کێشـی شـیعرەکانیش (عـەرووز)ین، لـە کاتێکدا قالبی باوی شیعری کۆنی کوردی (ئـەدەبی گـۆران) (مەسـنەوی)یە و لەسەر کێشی خۆماڵیی بڕگەییش هۆنراونەتەوە.

٣- شەرەفخان لە سـاڵی (١٥٩٦)ی زایینـی لـە نووسـینی (شـەرەفنامە) بۆتەوە، کەچی باسێك لە ئەدەب و شیعر و شاعیرانی ناوداری کورد ناهێنێتـە گۆڕێ و وەك ئەوەی کە هەر نەبووبن!.

٤- جۆرێك لە دابڕان و دوورایی لە نێوان باباتاهیر و (ئەدەبی گۆران)دا هەیە و، کەلێن و بۆشاییەکی گەورەش لە نێوان هەر یەك لە قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردی (گۆران، کرمانجی، بابانی)دا بەدی دەکرێت، کە ئەمە زنجیرەی مێژوویی و بەیەکەوە گرێدانی ئەدەبەکە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوە!.

ئەگەر بە کورتی تاوتوێی ئەم خاڵانە بکەین، دەتوانین چەند سەرنج و تێبینییەك لەو بارەوە دەربڕین:

١- مێژوونووسانێکی زۆرتر بەلای کوردبوونی (لوڕەکان) و زار و زمانەکەیشیاندا دەشکێننەوە، تەنانەت شەرەفخان خۆیشی لوڕی بە یەکێك لە تایفە سەرەکییەکانی کورد ناساندووە.

ئەنجا لە بارەی نەبوونی شیعر و شاعیرانی کوردەوە ناشێ (شەرەفنامە) وەکو سەنەدێکی قەتعی وەربگیرێت!، ئەوەتا لەو سەرچاوە مێژووییە گرنگەدا بەشێکی گەورەی میللەتی کورد، (کوردانی سەر بە دیالێکتی کرمانجی خواروو)، فەرامۆش کراون، ئەنجا لە مەسەلەی لە یەکتر جیاکردنەوەی (لوڕ و کەلهوڕ) لە باری ڕەچەڵەك و زمان و کولتوورەوە سەرکەوتوو نەبووە!

٢- زمانی شیعرەکانی بابەتاهیر کوردییە، ئەمڕۆ هەموو خوێندەوارێکی کورد، بەتایبەتی لە ناوچەکانی گۆراننشین، بە ئاسانی تێیان دەگات، بەو ئەندازەیەی لە کوردییەوە نزیکە چەند ئەوەندە لە فارسییەوە دوورە، پێویستە ئەمە لە ڕووی گراماتیکی و زمانناسییەوە بە پەیوەست لەگەڵ شێوەزارەکانی (لەك و لوڕ و کەلهوڕی)یەوە لێی بکۆڵدرێتەوە و هەر گومانێك لە ئارادا هەبێت بڕەوێندرێتەوە.

٣- لە بارەی قالب و کێشی شیعرەکانیشەوە ئەمە لە ژێر تاوی ئەدەبی فارسییەوە بووە، هەروەها لە ڕووی فرەیی لکسیکون و موفرەداتی فارسیش لە شیعرەکاندا هەروایە، بەڵام ئەمانە هەرگیز لە کوردیبوونی دایناشۆرێت، ئەم دوو بەیتییانەی باباتاهیر ئەوەندەی لە ڕووی زمانی شیعری و گیانی

داهێنان و جەوهەری هونەرییەوە لە ئەدەبی گۆرانەوە نزیکن، چەند ئەوەندە لە ئەدەبی فارسی و شیعری کلاسیکی کوردییەوە دوورن. وەکو لە پێشەوەش گوترا شیعر هەر بە تەنیا بە کێش و عەرووز نابێت بە کلاسیك.

٤- ئەگەر حیساب بۆ بیروڕای هەندێك لە مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی بکرێت، ئەوا باباتاهیر هەرگیز بە دابڕاو و تەریك هەڵکەوتوو بەدی ناکرێت، چ لەگەڵ دەوروبەرە کولتوورییەکەی خۆی (ئەدەبیاتی لەك و لوڕ)، وە چ لەگەڵ (ئەدەبی گۆران)[٤٧].

بۆ مەسەلەی لێکدابڕان و بۆشایی نێوان قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردیش، ئەوە حوکمی تاریخ و جوگرافیایە، واقیعێکە و کەس ناتوانێت نکووڵی لێ بکات، کورد خۆی میللەتێکی پارچە پارچە و لێك دابڕاو و لاتەریك کەوتوو بوون بە درێژایی مێژوو کە تاوەکو ئێستاش ئەم واقیعە بەردەوامیی هەیە.

**قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردی**

**١- ق. ئە. گۆرانی**

<u>ئەزموونەکانی قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی:</u>

* شاعیرانی لەك و لوڕ.
* ئەزموونی ئەدەبی ئایینی یارسان.
* ئەزموونی ئەدەبی شاعیرانی ناوچەی هەورامان.
* شاعیرانی پاوە و کرماشان.
* ئەزموونی ئەدەبی شاعیرانی زازایی و عەلەوییەکان.

**٢- ق. ئە. کرمانجی**

<u>ئەزموونەکانی قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی:</u>

* ئەزموونی ئەدەبی میللی و شیعری داستانی.
* ئەزموونی شیعری کلاسیکی.
* ئەدەبی کوردی لە وڵاتی سۆڤیەت.

**٣- ق. ئە. بابانی**

<u>ئەزموونەکانی قوتابخانەی ئەدەبی بابانی:</u>

* شیعری میللی و ئایینی.
* ئەزموونی شاعیرانی بابان.
* ئەزموونی شاعیرانی ناوچەی سلێمانی.
* ئەزموونی شاعیرانی گەرمیان.
* ئەزموونی شیعری لە ناوچەی کۆیە و سۆران.
* شاعیرانی سنە و ئەردەڵان.
* ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان.

**٦/٣/ قۆناغبەندیی ئەدەبی کوردی بە پێی بنەمای هێڵی مێژوویی:**

ئەگەر بێت لەسەر هێڵێکی مێژوویی – زەمانی ئاوڕێك لە ڕابردووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە لە دێر زەمانەوە تاوەکو ئێستا، ئەوا دەبینین کەوا بە گوێرەی زنجیرەی زەمان و مێژوو چەندین قۆناغ و سەردەمی بڕیوە، بۆیە دەشێ جۆرێك لە قۆناغبەندی بۆ بکرێت لەسەر بنەمای زەمان و مێژوو، کە دەشێ بە (قۆناغبەندی مەدرەسی) ناو ببرێت و لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن و زانکۆکانیشدا پێڕەوی لێ بکرێت، ئەم جۆرە دابەشبوونە سنووری مێژوویی قۆناغەکان و تایبەتمەندی و خاسیەتی هونەریی هەر یەکێك لە قوتابخانە ئەدەبییەکان لە یەك چوارچێوەدا کۆ دەکاتەوە و لەبەر چاو دەگرێت، ئەمە چارەسەرێك بۆ کێشەی نێوان ئەدەبیاتی لوڕ و گۆران دەستنیشان دەکات، هەروەها سنوورێك لە نێوان ئەدەبی (کۆن) و (کلاسیك)ی کوردی دادەنێت، لەو لاشەوە یەکێتییەك لە نێوان هەردوو باڵەکەی قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ساز دەکات کە لە کرۆك و بنچینە و بناغە ئەدەبی و هونەرییەکەدا هەر یەك شتن. لەو لاشەوە هەنگاو بەرەو چەرخی مێژووی نوێ داوێ و قۆناغە ئەدەبییەکانی دەستنیشان دەکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**قۆناغی یەکەم: ئەدەبی کۆنی کوردی:**

أ- ئەدەبیاتی لەك و لوڕ.

ب- قوتابخانەی ئەدەبی گۆران.

**قۆناغی دووەم: ئەدەبی کلاسیکی کوردی:**

أ- قوتابخانەی کوردی (کرمانجی) باکوور.

ب- قوتابخانەی کوردی (کرمانجی) ناوەڕاست – بابان.

**قۆناغی سێیەم: ئەدەبی نوێی کوردی.**

**قۆناغی چوارەم: ئەدەبی هاوچەرخی کوردی.**

ئەنجا بۆ هەر یەکێك لە لق و دابەشبوونە فەرعییەکان کە قوتابخانە ئەدەبییەکان پێك دەهێنن، دەشێ بۆ ئەزموون و تاقیکردنەوە شیعری و

ئەدەبی ناوخۆیی و ناوچەییەکان پۆلین بکرێتەوە، وەك ئەوەی پێشتر لە (٣/٤/ لە ئەزموونە ئەدەبییەکانی هەر قوتابخانەیەك) وەکو ڕاهێنان خستوومانەتە ڕوو[٤٨].

## ئەنجام

١- لەناو لقەکانی ئەدەبیاتناسیدا مێژوونووسیی ئەدەبی خاسییەتێکی جوگرافیی ناوچەیی و نەتەوەیی تایبەتی هەیە، کە زادەی هەلومەرجی مێژوویی و شارستانیی نەتەوەکە خۆیەتی و هی میللەتانی دیکە جیاوازە.

٢- مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی بە درێژایی نیو سەدە کۆمەڵێ هەوڵی تاکە کەسی هاوچەشنی بەخۆیەوە دیوە کەوا سامانێکیان لە زانیاری لەو بوارەدا بە دەستەوە داوە، بەڵام دوور لە ڕەچاوکردنی پێڕەوێکی زانستیی گونجاو کە ڕەنگدانەوەی قۆناغ و نەریت و سەرچاوە مێژووییەکانی ئەدەبی کوردی بێت.

٣- مێژوونووسیی ئەدەبی لەسەر ئاستی تیوری خاوەنی چەندین ڕێباز و میتۆدی زانستی تایبەتییە، کە مێژوونووسانی ئەدەب بەمەبەستی تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی پەنای بۆ دەبەن و کەڵکی لێ وەردەگرن.

٤- ڕێبازی ڕاست و گونجاو لە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیدا پێویستە لە چوارچێوەی ئەو قۆناغ و قوتابخانە و زمانە ئەدەبییانەدا بێت کە بەدرێژایی مێژووی هەزار ساڵەیدا بەخۆیەوە بینیویەتی و کەوا بریتین لەهەر یەك لە قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکانی گۆران و کرمانجی و بابانی.

٥- هەر کام لەم قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییانە لە بواری داهێنانی ئەدەبیدا جۆرێك لە فرە ئەزموونی تیادا بەدی دەکرێت، کە دەشێ بۆ پۆلینکاری ناوەکی لە شێوەی مۆدێل و پێڕەوێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی ئەو قۆناغ و قوتابخانەیەدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجام بدرێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

### أ/ پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە:
- نظرية الادب: ٤٥.
- المدخل الى علم الادب: ٣٦ – ٣٩.

(٢) کۆ وانەکانی دکتۆرا، بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی، د. مارف خەزنەدار، ٢٠٠٤.

(٣) في نظرية الادب: ١٧ – ٧٩.

(٤) تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی: ١٣.

(٥) شێوەهای نقد ادبی: ٥١٦ – ٥٤٣.

(٦) بە ڕەچاوکردنی کەم تا کورتێك جیاوازی کە لەو بارەوە لەنێوان سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا بەدی دەکرێت، وەك ئەوەی هەندێك بەسەر (٥) قۆناغ و هەندێك بەسەر (٦) قۆناغدا دابەشی دەکەن. بڕوانە:
- تاريخ الادب العربي (العصر الجاهلي): ١٤.
- تاريخ الادب العربي (للمدارس الثانوية والعليا): ٨

(٧) نظرية الادب: ٣٤٩ – ٣٥٠.

(٨) ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (ئەدوارد براون) لە نێوان ساڵانی (١٩٠٢ تا ١٩٢٤)، مێژووی ئەدەبی فارسی لە دەستپێکەوە تا ئەو کاتە لە چوار بەرگدا بە ناونیشانی: (Alterary history of Persia)
بەم شێوەیە نووسیوەتەوە:

**بەرگی یەکەم:** مێژووی ئەدەبی فارسی (لە سەردەمی کۆنەوە تا فیردەوسی): (لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی سەدەی دەیەمی میلادی).

**بەرگی دووەم:** مێژووی ئەدەبی فارسی (لە فیردەوسییەوە تا سەعدی): (سەرەتای سەدەی ١١ تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی ١٣ی میلادی).

**بەرگی سێیەم:** مێژووی ئەدەبی فارسی (لە سەعدییەوە تا جامی): (١٢٦٥ – ١٥٠٢).

**بەرگی چوارەم:** مێژووی ئەدەبی فارسی (١٥٠٠ – ١٩٢٤).

بگەڕێوە بۆ:
- تاريخ الادب في ايران، ج١: ص: ٥.

(٩) د. ذبیح الله صفا (١٩١١ – ١٩٩٨)، ئەدیب و مێژوونووس و مامۆستای زانکۆ بووە، (تاريخ ادبيات در ايران)ی لە هەشت بەرگدا چاپ و بڵاو کردۆتەوە، کە دوور و درێژترین کتێبێکە سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی فارسی نووسرابێتەوە، تیادا

پێڕەوی لە زنجیرەی ساڵنامە و سەدەکانی مێژووی ئیسلامی — کۆچی کردووە بۆ تۆمارکردنی چاخەکانی ئەدەبی فارسی، بەم شێوەیە:

- تاریخ ادبیات در ایران (جلد اول)، (از آغاز عهد اسلامی تا اوایل قرن هفتم هجری).
- تاریخ ادبیات در ایران (جلد دوم)، (قرن هفتم و هشتم).
- تاریخ ادبیات در ایران (جلد سوم)، (قرن نهم وآغاز قرن دهم).
- تاریخ ادبیات در ایران (جلد چهارم)، (از آغاز قرن دهم تا سده دوازدهم هجری).

................ بگەڕێوە بۆ:

- تاریخ ادبیات در ایران: جلد ۱ تا ۸.

(۱۰) قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی فارسی لەم کتێبەدا بەم چەشنە دابەش کراون:

- تاریخ ادبیات ایران در قدیمیترین ازمنە.
- تاریخ ادبیات ایران بعد از اسلام.
- تاریخ ادبیات ایران از قرن پنجم تا هفتم هجری.
- تاریخ ادبیات ایران از اوایل قرن هفتم تا اواخر قرن دوازدهم.

بڕوانە:

- تاریخ ادبیات ایران: ص : (سه — پنج).

(۱۱) محمد تقي بهار (ملك الشعراء / ۱۸۸٦ — ۱۹٥٦) و کتێبە ناودارەکەی:

- سبك شناسی یا تاریخ تطور نثر فارسی، ۳ جلد، چاپ هشتم، ۱۳۸٤.
- هەروەها یەکێك لە شاگردەکانی بەهاریش کتێبێکی لەو بارەوە نووسیوە، بڕوانە:
- فن نثر در ادب فارسی، دکتر حسین خطیبی، انتشارات زوار، ۱۳٦٦.

(۱۲) سرویس شمیسا، لە دوو کتێبە ناودارەکەی:

- کلیات سبك شناسی.
- سبك شناسی شعر.

(۱۳) ادوار شعر فارسي: د. شفیع کدکنی.

(۱٤) اشارات اولية في الشعر التركي: ۳.

- تاريخ الادب التركی: ۲۱.

(۱٥) تاريخ الاداب الاوروبية، ج۱: ۲۷ — ۳۱.

- ئەم دانراوە یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی سەبارەت بە مێژووی ئەدەبیاتی ئەوروپاییەکان نووسراوەتەوە. خۆی لە سێ بەرگدایە و لەلایەن زیاتر لە (۱٥۰) نووسەر و پسپۆڕی زانکۆیی و ئەکادیمی و لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەوروپاوە ئامادە کراوە.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو: هەرسیٚ بەش.

(١٧) نظرية الادب: ٣٣٤.

(١٨) مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی کە پێڕەویان لەم ڕێبازە کردووە ئەمانەن:

- کارل بروکلمان، (تاريخ الآداب العربية).
- حسن توفيق العدل (تاريخ الادب العربي).
- حنا الفاخوري (تاريخ الادب العربي)
- جرجى زيدان (تاريخ آداب اللغة العربية)
- شوقي ضيف (تاريخ الادب العربي).
- حسن الزيات (تاريخ الادب العربي).

(١٩) ما التاريخ الادبي: ١٠.

(٢٠) المذاهب الادبية: ٧.

(٢١) گەلێك جار جۆرێك لە ئالۆزی و تێكەڵاوی لە مەیدانی (زاراوە)سازی لە لێكۆڵینەوەی ئەدەبیدا پێكدێت، بەتایبەت لە چەمك و پێناسەی (هونەر، جۆر، ڕەگەز)ەكانی ئەدەب لە زمانە جیاوازەكاندا، بۆیە بە مەبەستی ڕوونكردنەوە دەڵێین: (هونەرەكانی ئەدەب – واتە – الفنون الادبية) كە بریتین لە دوو بەشە سەرەكییەكەی ئەدەب: (هونەری شیعر) و (هونەری پەخشان) كە هەموو سامان و بەرهەمەكانی ئەدەب لێیانەوە پێك دێن.

- (أنواع، أجناس، أشكال)ی ئەدەبی، مەبەست لێیان (ژانەر)ی ئەدەبییە بە واتا (جۆر، شێوە، چەشن)ە ئەدەبییەكان بۆ نموونە دەگوترێ:
- (جۆر، شێوە، چەشن)ەكانی هونەری شیعر بەپێی دابەشبەندییەكەی ئەرستۆ بریتین لە شیعری: (لیریك، ئیبیك، دراماتیك، دیراكتیك).
- (جۆر، شێوە، چەشن)ەكانی هونەری پەخشان بریتین لە (پەخشانی هونەری، وتار، گوتار، ژیننامە، یاداشت، چیرۆك، ڕۆمان... تاد).
- (عناصر الادب) بە واتا (ڕەگەزەكانی ئەدەب) كە بریتین لە: ١– سۆز، ٢– ئەندێشە، ٣– بیر (واتا)، ٤– شێواز. بڕوانە:
- فنون الادب: ١٣ – ٣٣.
- النقد الادبي الحديث: ١٧٤ – ٢٠٣.
- النقد الادبي: ٤٤.

(٢٢) مدخل الى الادب العربي: ٩٨.

(٢٣) نظرية الادب، عدد من الباحثين السوفيات، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٨٠.

(٢٤) به دروستی لام ڕوون نییه كه ژمارەی تەواوی ئەم زنجیرەیە چەند كتێبە، ئەوەی لە كتێبخانەكەی بەندەدا هەیە هەشت بەرگە.

(٢٥) كتێبەكانی د. شمیسا ئەمانەن:

- سیر غزل در شعر فارسي.
- سیر رباعي.
- انواع ادبي.

(٢٦) ما التاريخ الادبي: ١٤ — ٣٢.

(٢٧) جامعی ریسالەیان و حیكایەتان: ١٠٩.

(٢٨) ئەنجومەنی ئەدیبان: ٥ — ٣٦.

(٢٩) :

- بەرهەمەكەی ڕەفیق حیلمی سەرەتایەكی بایەخدارە لە لێكۆڵینەوەی ئەدەبی كوردی، (شیعری كوردی بەتایبەت).
- مێژووی ئەدەبی كوردی، عەلائەدین سجادی و بەرهەمەكانی دواتری، كەرەستە و سامانێكی دەوڵەمەندیان پێكهێناوە لە بواری مێژووی ئەدەب و ڕەخنە و لێكۆڵینەوە و لایەنەكانی دیكەی ژیانی ئەدەبی و ڕووناكبیریی كوردی.
- بەرهەمەكانی د. عیزەدین مستەفا، كە لەم مەیدانەدا بایەخێكی تایبەتییان هەیە وەكو چەند ئەڵقەیەكی لێك دابڕاو دێنە بەرچاو، هات و زنجیرە و قۆناغەكانی بەتەواوی و بەپێی ئەو ڕێباز و میتۆدەی كە خۆی باوەڕی پێیەتی كەوتبا دەست دەبووە كارێكی پوختە و زانستی و تەواو. دوا بەرهەمیشی كە بەرگی یەكەمیەتی لە زنجیرەیەكی (٨) بەرگی وەكو خۆی دەڵێت، بە ناونیشانی (مێژووی ئەدەبی كوردی)، بریتییە لە كۆكردنەوە و لێكدانی (كۆلێكشن)ی بەشێك لەو كتێب و باس و بابەت و وتارانەی پێشتر چاپ و بڵاوی كردوونەتەوە. تەنانەت بیروڕاكانی پێشووی سەبارەت بە چۆنییەتی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی كوردی لێرەدا وەك خۆی دووپات كردۆتەوە.
- مێژووی ئەدەبی كوردی د. مارف خەزنەدار، كارێكی ئینسایكلۆپیدیایی بایەخدار و دەوڵەمەندە بۆ بەرهەمی شیعر و شاعیرانی كورد و لە هەموویان تەواوترە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێباز و میتۆدەدا نین كە لە مێژوو نووسییەكەیدا پێڕەوی لێ كردووە.

- چەند بەرهەمێکی دیکە هەن کە بەمەبەستی ناساندنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەناو گەلانی دەرو دراوسێ و هەر بە زمانی ئەوانیشەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، کە لە شێوەی گوڵبژێر و هەڵبژاردەی بەرهەمی شیعر و شاعیرانی کوردە و لە مێژوو نووسی ئەدەبی کوردیشەوە نزیکە، لە نموونەی:
- KÛrt Şiiri Antolojisi ,Selim Temo, 2cilt, Istanbul, 2007.
- انطولوجيا الشعر الكردي الحديث، اعداد وترجمة: عبدالله طاهر برزنجي، دار المسار، بيروت، ٢٠٠٨.

(٣٠) ئەدەبی نووسراو خاوەنی کۆمەڵێك ئەدگار و تایبەتمەندیی ئەدەبییە کە لە ئەدەبی زارەکی (فۆلکلۆر) جیای دەکاتەوە بەم شێوەیە:

١- لە ڕووی مێژووییەوە لەدوای ئەدەبی فۆلکلۆری داکەوتووە و سەری هەڵداوە.
٢- ئەدەبێکی بەرز و پاراوە و زادەی ئەقڵ و زانیاری و ڕۆشنبیری و شارستانییە، لە ڕووی واتا و دەلالەت و داڕشتن و دەربڕینەوە ئاستێکی بەرزتری هەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری.
٣- خاوەنی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و ڕێوشوێنی ئەدەبی و هونەرییە، لەوێنەی کێش و سەروا و وێنە و ناوەڕۆك و قاڵب و ڕەوانبێژییەوە.
٤- زادەی بیر و بەرهەمی کەسێکی دیاریکراوە لە سەردەم و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا.
٥- لە ڕۆژگاری داهێنان و تۆمارکردنییەوە وەکو خۆی ماوەتەوە و بووە بە میرات و سامانێکی نەتەوەیی.

لە بەرامبەردا ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بریتین لە:

١- ئەدەبێکی سەرزارەکیی خەڵکی ڕەشۆکییە، دەماودەم و پشتاوپشت گوێزراوەتەوە.
٢- لەڕووی زمان و دەربڕین و ناوەڕۆکەوە سادەیە.
٣- شەقڵ و سیمای گەل و نەتەوە و ئەو دەور و زەمانەی پێوەیە کە تیایدا بەرهەم هاتووە.
٤- سامانێکی فرە و ڕەنگاوڕەنگە و لەناو جەماوەری بەرینی کۆمەڵانی خەڵکدا باو و بڵاوە.
٥- بەدرێژایی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەر هاتووە و شتی تازەی خراوەتە پاڵ و لێی زیاد کراوە.

٦- بەشی یەکەم و دێرین و بناغەی ئەدەبی نووسراوی هەر گەل و میللەتێك پێك دەهێنێ.

(٣١) مەبەست لەم بەرهەمانە ئەوانەن کە بەناوی (پۆراپۆڕ و هورمزگان و بابەراخی هەمزانی) یەوە ناسراون و لەکاتی خۆیدا د. کەمال فوئاد لە وتارێکدا بە ناونیشانی (چۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی) گفتوگۆی لەبارەوە کردوون و بەڕاشکاوی بەرپەرچی داونەتەوە، (بگەڕێوە بۆ وتاری ناوبراو، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (١٢)، کانوونی دووەمی ١٩٧٥). ئەو زانا زمانەوانانەش کە بەرپەرچیان داوەتەوە جگە لە د. کەمال فوئاد بریتین لە هەریەك لە:

- تۆفیق وەهبی: لەمەڕ بیر و بۆچوونی ئەم زاتە سەبارەت بەو مەسەلەیە سەیری ئەم سەرچاوە بکە:
- (استطلاع رأي، مجلة شمس كردستان، العدد/ ٣، ١٩٧٣، ص ٨ - ١٠).
- د. جەمال نەبەز، لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ١٩٧٦، ل ٨٩.
- زانای فیلۆلۆژیستی کوردناس (د. ن. مەکەنزی)، خاوەنی کتێبی (لێکۆڵینەوەی زارەکانی زمانی کوردی - لەندەن، ١٩٦١ - ١٩٦٢). لە وتارێکدا بە ناونیشانی (زمانی کوردی کۆنی ساختە) هەمان بیر و بۆچوونی تۆفیق وەهبی و جەمال نەبەزی دەربڕیوە. بگەڕێوە بۆ:
- استطلاع رأي: سەرچاوەی پێشوو: ص ١٠.

(٣٢) لە هەرسێ کتێبی ناوداری (مێژووی ئەدەبی کوردی) سجادی و د. مارف خەزنەدار و د. عیزەدین، بابەتاهیر وەکو سەرامەد و دەستپێکی ئەو مێژووە جێگای گرتووە. بڕوانە:

- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ: ل ١٧٠.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب١: ل: ١٨٤.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، پ. د. عیزەدین مستەفا: ٥٧.

(٣٣) د. عیزەدین مستەفا لەو پێشەکییەی کە بۆ کتێبی (ئەدەبیاتی نوێی کوردی) نووسیویە، گفتوگۆ و موناقەشەیەکی دامەزراندووە سەبارەت بە ڕێچکە و ڕێبازی گونجاو سەبارەت بە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی و بەو ئاکامە گەیشتووە کە دەڵێ: (تازەترین دابەشکردنی قۆناغەکانی ئەدەبیاتی گەلان ئەو دابەشکردنەیە کە مێژووی ئەدەبیات بەپێی قوتابخانەی ئەدەبی دابەش دەکات، ئەمە بۆ

ئەدەبیاتی کوردیش دەگونجێ)، ئەنجا هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: (کەواتە بەپێی قوتابخانە دابەشکردن لە زۆر ڕووەوە زانستییانەترە و خۆ جیا نەکردنەوەیە لە جیهانی نوێ و شارستانی و دەستکەوتەکانی و تەواو بۆ ئەدەبیاتی کوردیش دەگونجێ و هاوکێشی گشتی و تایبەتی بە باشی دێنێتە دی). ئەنجا لە دوا کتێبیشی کە (٢٢) ساڵ لە دوای ئەمەوە دێت هەمان بیروڕای جارانی وەك خۆی دووبارە کردۆتەوە، بڕوانە:

- ئەدەبیاتی نوێی کوردی: ل ٢٨.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم: ٤٩.

(*) ئەدەب وەکو زاراوەیەکی هونەری هەردوو پێکهاتەی (هونەری شیعر و پەخشان) دەگرێتە خۆ، بەڵام زۆر جار وەکو ناوێکی ڕەها بە باڵای شیعردا بڕاوە، لێرەوەش ئەم پێڕەوە ڕەچاو کراوە، وەکو چۆن لە زۆر شوێن لە مێژووی ئەدەبی کوردی تێبینی دەکرێت.

(٣٤) ادب کردی گورانی: ٣٧٤.

(٣٥) گۆران — نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی: ١٥٨.

(*) ئەم چەند خاڵە بنەماکانی یەکلاکەرەوەی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە پێك دەهێنن و لە بەشەکانی قوتابخانەکانی دواتری ئەدەبی کوردی دایدەبڕێنن.

(٣٦) ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە) لە شێوەی سلێمانیدا: ل ١٢.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو: ص ٤٠.

(٣٨) مامۆستامان د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە نووسینەکانیدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات: (کە دیالێکت یەکێکە لە فاکتەرە لاوازەکانی ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبیات...)، لەکاتێکدا لە ڕەخنەی تازەدا زمان و شێواز یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی، ئەنجا لێرەدا ئەمە بە تەنها دیالێکت نییە کە سنوور بۆ ڕوخسار و ناوەرۆکی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە دەکێشێت، بەڵکو دیالێکت لێرەدا بووە بە زمانێکی ئەدەبی، یەکێکە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی و هۆکاری تێکهەڵکێشراوی گرنگی ئەدەبی و مێژوویی کە باڵیان بەسەر تەواوی ئەو قۆناغەدا کێشاوە. بگەڕێوە بۆ:

- ئەدەبیاتی نوێی کوردی: ل ٢٢.
- نالی هەر لە لووتکەدایە: ل ٧٠.

(*) بەدوور خستنەوەی یەك تاکە ئیستیسنا ئەویش لایەنی کێشە لە دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر، کە ئەویش تاوەکو ئەمڕۆ گفتوگۆی لەبارەوە هەیەو وەکو دەڵێن هەر

به تەنیا ( عەرووز ) نابێتە بنەما بۆ پۆلینکردنی شیعرێك یا شاعیرێك بەکلاسیکی.
بڕوانە:

- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی: ١٠٦.

(٣٩) مەلای جزیری – شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی: ل ٨٩ – ٢٢١.

(٤٠) ئەگەر کلاسیزم وەکو چەمك و پێناسە و وەکو پێڕەوێکی ئەدەبی و هونەری بریتی بێت لە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای چەسپاو و بنەما و داب و دەستووری ئەدەبی و هونەری وابەستە بە سامانی ئەدەبێکی لە مێژینە، ئەوا بێ دوودڵی ئەم زاراوەیە دەشێ بەسەر بەشێکی شیعری کوردیدا ببڕێت لە هەردوو قوتابخانەی کرمانجی و بابانی. بەڵام بۆ ئەدەبی کوردی وەکو قۆناغێکی ئەدەبیی هاوچەشن و یەکگرتووی دیاریکراو ناگونجێت و ناشکرێ بەزۆری زۆردار بسەپێنین، تەنها لەبەر دوو هۆکاری سادە و ساکار ئەویش ئەمانەن:

١– قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی ناچێتە ژێر چەمك و پێناسە و دەواری ئەدەبی کلاسیکییەوە نە لە ڕووی ڕوخسار و نە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

٢– کلاسیزم لە ئەدەبی کوردیدا زادەی ئایین و سەقافەتی عەرەبی و ئیسلامییە کە تاوەکو ڕۆژگاری جزیری و هاوچەرخەکانی وەکو دیاردە لە ئەدەبی کوردیدا بوونی نییە و ناشکرێ مامەڵەی شیعری کلاسکی لەگەڵ دوو بەیتییەکانی بابا تاهیردا بکەین هەر لەبەر ئەوەی کێشەکەی عەرووزییە، چونکێ تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی لەتەك قوتابخانەی گۆران زۆر لەوە زیاترن کە بە شیعری کلاسیکی کوردی دەبەستێتەوە. هەروەها واقیعی تایبەتی و مێژوویی ئەدەبی کوردی پێمان دەڵێ کە قوتابخانەی گۆران بە پێشینەی قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی دادەندرێ، بڕوانە:

- قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی: ل ٣٦ – ٤٠.

(*) بابان یاخود بابانی لە یەك کاتدا دیاردی بۆ سێ لایەن دەکات:

- وەکو میرنشینێك کە سەردەمانێك لە بەشێکی کوردستاندا حوکمڕان و پایەدار بووە.
- وەکو بنەماڵە و خانەدانێك کە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداری ئەو میرنشینە بوون.
- وەکو زمانێکی ئەدەبی کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە.

(٤١) شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: ل ٥٨.

- شێواز و ئاخاوتنی سلێمانی نە لە ئەوسا و نە لە ئێستاش دا (بابانی) نییە، خەڵکی سلێمانی لەو سەردەمەدا شێوە ئاخاوتنێکی تێکەڵاوی لە (گۆرانی و ئەردەڵانی و

شاربازێڕی) هەبووە، لە ئێستاشدا شێوەیەکی شێواوی بابانییە، (بابانی) خۆی لەو سەردەمەدا شێوە ئاخاوتنی بنەماڵەی میرەکانی بابان و خەڵکی ناوچەکانی شاربازێڕ و پشدەرو ئالان و سیوەیل بووە و دەستەی یەکەمی شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە: (نالی، سالم، نەفعی، کوردی، مەلا وەسمان،) زمانە شیعرییەکەیان بەم شێوەیە پڕاوە و گۆش کراوە.

بگەڕێوە بۆ:

- ئەسڵی پیتە قالبی (ئە) لە شێوەی سلێمانیدا: ل ٥٨.

(٤٢) شێوازی شیعری جزیری: ل ٧٧.

(٤٣) بۆ مەسەلەکانی تایبەت بە پۆلینکاری و بەشبەشکردنی ئەزموونەکانی ئەدەبی کوردی وەکو مۆدێلێك بۆ مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی، د. بەختیار سەجادی لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەو بارەیەوە کە لە (کۆڕی نێونەتەوەیی کوردی) پێشکەش کراوە، کۆمەڵێك بیر و بۆچوونی خستۆتە ڕوو و پێشنیاز کردووە، کە ئێمە بیر و ڕای جیاوازمان لەو بارەوە هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بگەڕێوە بۆ:

- کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی: ل ٢٥١.

(*) هات و پێ لەسەر ئەوەدا بگیرێت کە شاعیرانی لەك و لوڕ، لەوانەش بابا تاهیر ناچێتە نێو ئەزموونی ئەدەبی (گۆران)ەوە، ئەوا دەکرێ وەکو ئەزموونێکی پێش قۆناغی یارسان لە دەرەوەی ئەو قوتابخانەیە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، وەك ئەوەی دواتر دێینە سەری.

(٤٤) ئەوانەی کە بە (ئەزموونەکانی شیعری کوردی) لە هەر قوتابخانەیەك داومانەتە قەڵەم، نموونەی پراوە و مۆدێلێکە کە ئێمە لە یەکەم باری سەرنجدا تێبینیمان کردووە، بێگومان لە کەم و کورتی بەدەر نییە، دەشێ ئەم ئەزموونانە لەلایەن مێژوونووسی ئەدەبی کوردییەوە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و تۆکمە و ورد پۆلینبەندی بکرێنەوە.

(٤٥)

- باباتاهیر لەگەڵ ئەوەی خۆی لە بنچینەدا لوڕی ناوچەی هەمەدانە، بەڵام دوو بەیتییەکانی لە ڕووی ئاوێتەبوون و پێشوازیکردنی لە بیر و نەریتەکانی ئایینی یارسانی تێکەڵ بە سۆفیزمی ئیسلامی، لە ڕووی پراکتیکییەوە بەزمان و شێوەزارێکی لوڕی – گۆرانی هۆنیوەتەوە، ئەمڕۆ وەکو بەشێك لە ئەدەبیاتی ئەو ئایینە حسابی بۆ دەکرێت. تەنانەت (کاکەیی)یەکانی مەندەلی باوەڕیان وایە کەوا بابەتاهیر لە کوردانی کاکەییە، هەربۆیەش گومەز و مەزارێکیان لە نێو باغەکانی

گەڕەکی (قەڵەم خاج) لە شارۆچکەی مەندەلی بۆ سازکردووە کە بە چاوێکی بەرز و پیرۆزەوە لێی دەڕوانن. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بگەڕێوە بۆ:

- نوشتەهای پراکندە دربارە یارسان، صدیق صفی زادە بورکەئی، تهران، ١٣٦٠. — بەرصیصی عابید : ١٠

بەڵام ئەگەر هات بە پێچەوانەوە پێ لەسەر لایەنی تیۆری دابگرین ئەوا بەچەند دەلیل لە قوتابخانەی ئەدەبی گۆران دادەبڕێت، لەبەر ئەوەی:

١- هات و شوناسی زار و زمانی دوو بەیتەکانی بە (لوڕی) پێناسە بکرێت، ئەوا دەکەوێتە دەرەوەی سنووری زمانی ئەدەبی کوردی خواروو کە (گۆران)ییە.

٢- جیاکاری دووهەمی دووبەیتییەکانی بابا تاهیر لەگەڵ ئەدەبیاتی گۆران لەوەدایە، کە لەسەر کێشی عەرووزی هۆنراونەتەوە.

٣- شەقڵی زاڵی کێشی شیعری یارسان لەوەدایە کەوا (١٠) برگەیین و هەر دێرێکی لەدوو هەنگاوی (٥ + ٥) پێك دێت کە وەستان لە ناوەڕاستدایە. لە بەرامبەردا کێشی شیعرەکانی بابا تاهیر (١١) برگەیین لەگەڵ کێشی (هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف) ڕێك دێتەوە.

(٤٦) لە ڕۆژهەڵاتناسان (ئەدوارد براون) و (ئۆسکارمان)، لە توێژەرانی کوردیش (د. کەمال فوئاد) و (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، بە گومانەوە دەڕواننە کوردبوونی لوڕەکان و باباتاهیر و کوردیبوونی دیالێکتەکەیان، بگەڕێوە بۆ سەرچاوەکانیان:

- تاريخ الادب في ايران: ٣٢٣
- چۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی: ٢٣.
- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین: ٢٢٨ — ٢٢٩.

لە بەرامبەردا بەشی هەرە زۆری مێژوونووسانی کورد و بیانی لە وێنەی (شەرەفخان، عەلی سەیدۆ گۆرانی، ئەلمەسعوودی، ئیبن قوتەیبە، تەبەری... ڕاوۆلف، ریچ...) لوڕەکان بە بەشێك لە کورد و زمانەکەشیان بە کوردی دەزانن. بۆ نموونە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

- اللر ولرستان: ١٠٨.

(٤٧) سەدیق بۆرەکەیی (١٣) شاعیر و کەسایەتی ئەدەبی کوردی بەر لە بابەتاهیر و بە دەیانی دیکەی لە دوای بابەتاهیر هێناوەتەوە کە بەپێی زنجیرەی مێژوویی ژیاون و شیعر و بەرهەمی ئەدەبیشیان لەبەر دەستدان، تا دەگاتە (مەلا پەرێشان) کە لە نێوان (١٣٥٦ — ١٤٢١ز)دا ژیاوە و ئەمرۆ بەرهەم و شیعر و دیوانی لەبەر دەستدایە، ئەنجا دوای ئەوەش زنجیرەکە بەردەوام دەبێت، بگەڕێوە بۆ:

- مێژووی وێژەی کوردی، ب١: ٤٧ — ٨٢، ١٥٢ — ٣٧٥.
- دیرۆکا وێژەیا کوردی: ٥١ — ١٠٩، ١٣٣ — ٢١٠.
- بۆ یەکەم جار ((میر جەلادەت بەدرخان (هەرکۆل ئازیزان)، (١٨٩٧–١٩٥١ ز) لە وتارێکیدا لەژێر سەردێری (کلاسیکێن مە )، کە بە لاتینی نووسیویەتی، زاراوەی (کلاسیك)ی وەکو ( زاراوە و تێرم ) بۆ قۆناغێکی مێژوویی ئەدەبی کوردی و بۆ پۆلێك لە شاعیرانی کۆنی کورد لە وێنەی : (عەلی حەریری، فەقێی تەیران، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی ... تاد)) بەکارهێناوە . بگەڕێوە بۆ: گۆڤاری هاوار : ٨١٠

(٤٨) لەم جۆرە قۆناغبەندیکردنەدا تەنانەت دەتواندرێت لە شێوەی سەدە و ساڵنامە سنووری تەقریبی نێوان قۆناغەکانیش دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیە:

١– ئەدەبی کۆنی کوردی (سەدەی ٨ تاکو سەدەی ١٨ی زایینی).
  أ– لەك و لوڕ (لە بالوولی ماهییەوە بۆ بابەتاهیر و دواتر).
  ب– ئەدەبی گۆران (لە سوڵتان سەهاکەوە بۆ مەولەوی).
٢– ئەدەبی کلاسیکی کوردی: (سەدەی ١٧ بۆ سەدەی ٢٠ی زایینی).
  أ– قوتابخانەی کوردی باکوور (لە فەقێ تەیرانەوە بۆ شێخ تەهای مائی).
  ب– قوتابخانەی کوردی ناوەڕاست — بابان (لە عەلی بەردەشانییەوە بۆ شێخ نووری).
٣– ئەدەبی نوێی کوردی: (١٩٢٠ — ١٩٧٠).
٤– ئەدەبی هاوچەرخی کوردی: (١٩٧٠ — تا ئێستا).

## ب/ سەرچاوەکان:

### ١/ کوردی:


١– ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، بەغدا، ١٩٦٨.
٢– ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فیضی بەگ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣.
٣– ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، مطبعة التعليم العالي/ أربيل، ١٩٩٠.
٤– ئەسڵی پیتە قاڵبیی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، تۆفیق وەهبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣.

٥- ئەنتۆلۆژییا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (بە لاتینی).
٦- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، کتێبی یەکەم، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت، ٢٠١٢.
٧- بەرصیصی عابید، بلاڤ کرنا: عەبدولڕەقیب یوسف، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٨- تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، پ. قەناتی کوردۆ، ئەستەمبوڵ، ١٩٩٢، (بە لاتینی).
٩- جامعی ریسالەیان و حیکایەتان، مەلا مەحموودی بایەزیدی، وەرگێراو لە (چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی) ڕەشید فندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٠- چۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی، د. کەمال فوئاد، گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژمارە (١٢)، کانوونی دووەم ١٩٧٥.
١١- دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (بەلاتینی).
١٢- دیرۆکا وێژەیا کوردی، فەقێ حوسێن سانگیچ، وەشانێن ئینستیتویا کوردی، ستانبۆڵ، ٢٠٠٢، (بەلاتینی).
١٣- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، حەمە سەعید حەمە کەریم، بەغدا، ١٩٨٦.
١٤- زمانی یەکگرتووی کوردی، د. جەمال نەبەز، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، ١٩٧٦.
١٥- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، مطبعة التعلیم العالي/ اربیل، ١٩٩٨.
١٦- شیعری کوردی – ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٨٠.
١٧- شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، حەمە نوری عومەر کاکی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٨- کلاسیکێن مە، هەرکول ئازیزان، گۆڤاری هاوار، هەژمار (٣٣)، سالا (٩)،١٩٤١.
١٩- شێوازی شیعری جزیری، شەعبان چالی، دەزگای سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٨.
٢٠- قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی، ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢١- کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی، زانستگای کوردستان، سنە، ٢٠١٠.
٢٢- کۆ وانەکانی دکتۆرا (بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی)، د. مارف خەزنەدار، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢٣- کۆیه و شاعیرانی، کەریم شارەزا، بەغدا، ١٩٦١.
٢٤- گلدەستەی شعرای هاوعصرم، علی کمال باپیر آغا، سلێمانی، ١٩٣٩.
٢٥- گوڵچینی شێعری شاعیرانی کورد، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ٣ بەش، ارومیه، ١٣٧٩ – ١٣٨١.
٢٦- گۆران – نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
٢٧- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، د. مارف خەزنەدار، المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.
٢٨- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧٩.
٢٩- مەلای جزیری – شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، هەولێر، ١٩٩٠.
٣٠- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧١.
٣١- مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ٧ بەرگ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١ – ٢٠٠٦.
٣٢- مێژووی وێژەی کوردی، سدیق بۆرەکەیی، چاپی دووەم، ٣ بەرگ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.
٣٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، پ. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

**٢/ عەرەبی:**

٣٤- انطولوجیا الشعر الكردي الحديث، اعداد وترجمة: عبدالله طاهر برزنجي، دار المسار، بيروت، ٢٠٠٨.
٣٥- تاريخ الادب التركي، محمد فؤاد كوبريلي، ت: عبدالله احمد ابراهيم الغرب، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، القاهرة، ٢٠١٠.
٣٦- تاريخ الادب العربي، حنا الفاخوري، المطبعة البولسية، بيروت، لبنان، ١٩٥٣.
٣٧- تاريخ آداب اللغة العربية، جرجي زيدان، (٤ اجزاء).
٣٨- استطلاع رأي، د. كمال فؤاد، مجلة (شمس كردستان)، العدد (٣)، السنة الثانية، آذار ١٩٧٣.

٣٩- اشارات اولية في الشعر التركي، عبداللطيف بندر اوغلو، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٣.

٤٠- تاريخ الآداب الاوروبية، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: صباح الجهيم، ٣ اجزاء، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢.

٤١- تاريخ الادب العربي (العصر الجاهلي) د. شوقي ضيف، ط ٣، دار المعارف بمصر، القاهرة، سنة؟

٤٢- تاريخ الادب العربي للمدارس الثانوية والعليا، احمد حسن الزيات، ط ٩، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٥.

٤٣- تاريخ الادب الكردي الحديث والمعاصر، ريوي، ج١، بيروت، ١٩٩٠.

٤٤- تاريخ الادب في ايران، ادوارد جرنفيل براون، ٥ اجزاء، ترجمه الى العربية: احمد كمال الدين وآخرون، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، القاهرة، ٢٠٠٥.

٤٥- صفحات من الادب الكردي، روشن بدرخان، بيروت، ١٩٥٣.

٤٦- فنون الادب، د. محمد حسن عبدالله، دار الكتب الثقافية، الكويت، ١٩٧٨.

٤٧- في نظرية الادب، د. شكري عزيز ماضي، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٨.

٤٨- اللر و لرستان، على سيدو الگورانى، مجلة المجمع العلمي الكردي، المجلد الثاني – العدد الثاني، ١٩٧٤.

٤٩- ما التاريخ الادبي؟، كليمان موازان، ترجمة: د. حسن الطالب، دار الكتاب الجديد، بنغازي، ٢٠١٠.

٥٠- مدخل الى الادب العربي، د. سليمان معوض، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس – لبنان، ٢٠٠٨.

٥١- المدخل الى علم الادب، د. حمدي علي الهمداني، ط٢، دار المسيرة للنشر، عمان، ٢٠١٠.

٥٢- المذاهب الادبية، د. جميل نصيف التكريتي، دار الشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٩٠.

٥٣- موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، د. معروف خزنەدار، ترجمة: د. عبدالحميد شيَخو، سوريا، حلب، ١٩٩٣.

٥٤- معجم الشعراء الكرد، حمدي عبدالمجيد السلفي – تحسين ابراهيم الدوسكي، دار سپيريز للطباعة، دهوك، ٢٠٠٨.

٥٥- موسوعة نظرية الادب، مجموعة من الباحثين، ترجمة: د. جميل نصيف التكريتي، دار الشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.
٥٦- النقد الادبي، احمد امين، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٧.
٥٧- النقد الادبي الحديث، د. محمد غنيمي هلال، دار العودة، بيروت، ١٩٨٧.
٥٨- نظرية الادب، اوستن وارين – رينية ويلك، ترجمة: محي الدين صبحي، المجلس الاعلى لرعاية الفنون، بيروت، ١٩٧٢.
٥٩- نظرية الادب، عدد من الباحثين السوفييت، ترجمة د. جميل نصيف التكريتي، وزارة الثقافة، بغداد، ١٩٨٠.
٦٠- الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، المكتبة العصرية، بيروت، سنة؟

### ٣/ فارسی:

٦١- ادب کردی گورانی، جمیل روژبیانی، مجله (ژین)، شماره (٣)، ت٢ ٢٠١١.
٦٢- ادوارد شعر فارسی، محمد رضا شفیعی کدکنی، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٠.
٦٣- انواع ادبی، د. سیروس شمیسا، چاپ دهم، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨٣.
٦٤- تاریخ ادبیات ایران، د. ذبیح الله صفا، چاپ بیستم، ٨ جلد، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨١ – ١٣٨٣.
٦٥- تاریخ ادبیات ایران، جلال الدین همایی، مؤسسهٔ نشر نما، تهران، ١٣٧٥.
٦٦- تاریخ ادب و فرهنگ موکریان، ابراهیم افخمی، ٢ جلد، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٧٣.
٦٧- سبک شناسی، محمد تقی بهار، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر، ٣ جلد، تهران، ١٣٨٤.
٦٨- سبک شناسی شعر، د. سیروس شمیسا، نشر میترا، تهران، ١٣٨٣.
٦٩- شاعران کرد پارسی گوی، سید عبدالحمید حیرت سجادی، نشر احسان، تهران، ١٣٧٥.
٧٠- شیوهای نقد ادبی، دیوید دیچز، ترجمة: محمد تقی صدقیانی – د. غلامحسین یوسفی، چاپ پنجم، انتشارات علمی، تهران، ١٣٧٩.
٧١- کلیات سبک شناسی، د. سیروس شمیسا، نشر میترا، تهران، ١٣٨٤.

٧٢- گلزار شاعران كردستان، سيد عبدالحميد حيرت سجادى، چاپخانه رامـين، تهـران، ١٣٦٤.
٧٣- نوشـتههاى پراكنـده دربـاره يارسـان و اهـل حـق، صـديق صـفى زاده بوركـهئى، تهران، ١٣٦٠.

**٤/ توركى:**

74- KÛrt Şiiri Antolojisi ,Selim Temo, 2cilt, Istanbul, 2007.

# بەشی دووەم

# شیعری ناوچەی موکریان

## بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی قوتابخانەی شیعریی بابان:

دەگوترێ ئەدەبی کلاسیك زادەی پێشکەوتن و هۆشمەندی و ژیانی شارستانییە، لەو ناوەدا ئەدەبی کوردیش لەم یاسایە بەدەر نییە. وەکو دەبینین هەر کام لە قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردی، (گۆرانی — کرمانجی — بابانی)، لە ژێر سایە و لە ئامێزی یەکێك لە میرنشینە کوردییەکاندا سەری هەڵداوە و پێگەیشتووە. هەر یەك لەو میرنشینە کوردییانەی لە وێنەی (ئەردەڵان و بۆتان و بابان)یش، بە سەردەمێکی زێڕین دەژمێردرێن لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و (ئەدەبی) میللەتی کورد لە ڕۆژگاری خۆیدا.

بەو پێیە سەرهەڵدان و بووژانەوەی ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری میرنشینە کوردییەکاندا ڕووداوێکی ڕەمەکی و لە خۆڕایی نەبووە، بەڵکو زادەی هەلومەرجی بابەتی و خۆیی زەمین و زەمانەکە بووە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە دواوە، خۆری میرایەتییە کوردییەکان لە بابان و ئەردەڵان و موکریان و سۆران بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت، بەڵام لە دوو لایەنی دیکەوە بە زیندوویی مایەوە و ڕوو لە داگیرسان بوو:

١/ بووژانەوەی گیانی ئازادی و نەتەوەخوازیی (ناسیونالیزمی) کوردی.

٢/ پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ڕێنیسانسێکی ئەدەبی و ڕووناکبیری لە سەرتاسەری کوردستاندا.

سلێمانی ئەو (مەخزەنی عیلم و عیرفان)[1]ە، لە دوای بەسەرچوونی میرایەتی بابان، لە ئاسمانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەبێت بەو خۆری درەخشانەی کە لە ناوچەکانی کوردستان و لە دەوروبەریدا پرشنگ

دەداتـەوە. لـەو نێـوەدا هـەر نـالی و هاوڕێکـانی بـوون لـەو مەیدانـەدا گیـانی کوردەواری و کوردایەتییان زیندوو کردەوە[٢].

قوتابخانەی شیعری بابان لە دوای ڕابوردنی ڕابەرەکانیشی لە بەردەوامی ناکەوێ و ناوەستێ. مەشخەڵی ئەو شۆڕش و داهێنانە ئەدەبی و ڕووناکبیرییە ڕەسـەن و ڕاسـتەقینەیە سـنوور و چوارچـێوەکانی مەڵبەنـدی میرنشـینەکە (سلێمانی) دەبەزێنێ و لە هەر پێنج ئیقلیمی دەوروپشـتی بـڵاو دەبێتـەوە و تیشـك دەداتــەوە. لــە ئەنجامــدا بەرەیــەکی نــوێ لــە شــاعیرانی کــورد هەڵدەکەوێت، هەر کەسەو لە ناوچەیەك لە ناوچەکانی، موکریان و ئەردەڵان و سۆران و گـەرمیان و سـلێمانی مەڵبەنـدی پێشـینی بزووتنەوەکـە، دەبـن بـە شاگرد و پێشڕەو و ئاڵا هەڵگری ئەو قوتابخانە ئەدەبییە، ئەنجا هـەر یەکـەو لە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی پەرەی پێ دەدا و بـەردەوامی پـێ دەبەخشـێ، کە دەشێ ئەمانە لە دوای ڕابەرەکانی یەکەم، بە بـەرەی دووەمـی شـاعیرانی قوتابخانەی شیعری بابان لە قەڵـەم بـدرێن، لەگـەڵ ئـەوەی هـەر کەسـەو لـە ناوچەیەکی تایبەتدا هەڵکەوتوون.



**زەمینەی بڵاوبوونەوەی قوتابخانەی شیعریی بابان لە ناوچەی موکریان:**

پەرەسەندن و پەڕینەوەی بزووتنەوەی شیعریی بابان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و لەوانەش ناوچەی موکریان ڕەگوڕیشەکەی بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١/ زیندوویی و ڕەسەنایەتی قوتابخانە ئەدەبییەکە خۆی، بە یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکان دادەنرێت. ئەم جوولانەوە ئەدەبییە لە ناخی کۆمەڵگای کوردیی ئەو کاتەوە سەری دەرهێنبوو و چووزەرەی کردبوو، کە باهۆزی بزووتنەوەی تەنویر و ڕۆشنگەری لە ئەورووپاوە هەڵی کردبوو، ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و لەوانەش ناوچەکانی ئیمپراتۆری پانوپۆڕی دەوڵەتی عوسمانی بە کوردستانیشەوە گرتبۆوە. لە شار و باژێڕەکانی کوردستان توێژێکی فراوان لە خوێندەواری مزگەوت و مەدرەسەکان پەیدا ببوون کە پەیان بە پێشکەوتن و دەستکەوتەکانی زانست و زانیاری لە دنیادا بردبوو. لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا جوولە و بزاوتێکی گۆڕان و گەشەسەندن لە ئارادا بوو، کە یەکێك لە دیاردەکانی ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە ئەم ڕێنیسانسە ئەدەبییە بوو کە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیی ئەو سەردەمەدا هاتبووە ئاراوە. بۆیە زەمینەی سەرهەڵدان و فراژیبوونی لە هەر گۆشە و کەنارێکی کوردستان گونجاو و لە بار و چاوەڕوانکراو بوو.

٢/ ئەو ناوچانەی کوردستان کە بە سەر یەکەوە بوون هیچ شوورە و بەربەستێك لە نێوانیاندا نەبووە، هەمیشە هاتوچۆ و هامشۆی بەردەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانیدا لە ئارادا هەبووە. ئەنجا چەپەری مزگەوت و گۆشەی مەدرەسەکانی سلێمانی و سنە و سابلاغ مەلا و زانا و شاعیرانی کوردی بەیەکەوە کۆ کردۆتەوە و ئاشنای کردوون، بۆ وێنە زانایەکی ناودار و دیاری سەردەمی بابانەکان لە وێنەی (شێخ مارفی نۆدێ) فەقێ و شاگردی (ابن الحاج) و (بێتووشی) بووە کە دوو زانا و کەسایەتیی ناوچەی (سەردەشت)ی موکریان بوون[٤].

سالم و کوردی پێیەکیان لە سلێمانی و یەکێکیان لە سنە بووە و لە پێشەوەشدا نالی لە سابلاغ و لە سنە خوێندوویەتی، حاجی قادر ماوەی نۆ ساڵ لە (١٨٥٤ تاوەکو ١٨٦٣) لە شنۆ و سەردەشت و سابلاغدا ماوەتەوە[٥]. لە بەرامبەریشدا هەر یەك لە (ئەحمەدی کۆر) و (وەفایی) ئاشنا و شارەزای سلێمانی بوون و (حەریق)یش سەرەتای ژیانی فەقێیەتی لە سلێمانی دەست پێکردووە و دوایی چۆتە سابلاغ و لەوێ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە.

٣/ بە گوێرەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان میرەکانی بابان و موکریان لە یەك بنەچە و تیرە و تایفە بوون[٦] و، وەکو چۆن شێوەی ئاخاوتنی بابانەکان هەمان ئەو دیالێکت و زمانی شیعریی بەرەی یەکەم و دووەمی شاعیرانی قوتابخانەکە بووە کە لە بناغەدا هەر موکریانییە[٧]. بۆیە بە هۆی لە یەکچوونی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و یەکگرتنەوەی خانەوادە و خانەدان و یەکێتی زمان و ئاخاوتنەوە، ئەم بزووتنەوە ئەدەبییەی کە لە سلێمانی سەری هەڵدا زۆر بە ئاسانی و بە زوویی لە ناوچەکانی موکریان و مەهاباددا ڕەنگی دایەوە.

٤/ شیعری بابان لەو ڕۆژگارەدا بۆتە مۆدێلی شیعری کوردی و خەڵکی موکریانیش ئەم سامانەی شیعر و ئەدەبی ناوچەی سلێمانی بە هی خۆی زانیوە و شوێن پێی هەڵگرتووە. هەر لە سەرەتادا قەسیدە و غەزەلەکانی نالی و سالم و کوردی لە پاڵ شیعری حافز و مەولانا و جامیدا لە بەیاز و کەشکۆڵ و پەراوێزی کتێبە دەرسی و ئاینییەکان لە مەدرەسەکانی موکریان خوێندراون و نووسراونەتەوە، ئەنجا خۆیان شاعیر و مامۆستای ئەم پێڕەوە ئەدەبییەیان لێ هەڵکەوتووە و برەویان پێداوە تا ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەمتر دامەنگیری شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بوون.

## سەرچاوەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری لە ناوچەی موکریان:

أ- بە گوێرەی سەرچاوەکانی مێژوو، هەر لە دێرزەمانەوە موکریان بە یەکێك لە ناوچە بە پیتەکانی زانست و زانیاری و فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و شیعر و ئەدەب دادەندرێت، چەندان بنەماڵەی زانیارانی ناوبەدەر و زانست پەروەری لێ هەڵکەوتووە، لە نموونەی مەلا جامی چۆرپی مەهابادی و ئیبنولحاج و بێتووشی و مەلای پیرەباب و قزڵچییەکان زەنبیل و بورهان.

لە سەرێکی دیکە هەردوو مەڵبەندی تەریقەتی نەقشبەندی لە (بیارە) و (نەهری)، کاریگەریی زۆریان لە بارەی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی زانیاری و ئەدەبیاتدا هەبووە لەو ناوچەیە، لە ڕێگای خانەقا و مزگەوت و مەدرەسە ئایینییەکانەوە کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە بڵاوبوونەوە و پەرەپێدانی خوێندەواری لە شار و باژێڕ و دێهاتەکاندا هەبووە لەو ناوچەیە.

ب- ئەو ناوچەیە لە بنەڕەتدا گەنجینە و خەزێنەیەکی دارماڵی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری بووە، لە بەیت و داستانی شیعری و بەند و گۆرانی و حەیران. بە تایبەتیش لە بارەی بەیت و بەندوباوی کوردییەوە، ئەوەندەی لە ناوچەی موکریاندا هەن و بڵاون لە هیچ کام لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا نییە، بۆیە بە حەق موکریان بە مەڵبەندی ڕەسەنی بەیت و باوی کوردی دەناسرێت[8]. (بەیت) و (بەند) جۆرێکە لە شیعری داستانی کوردی و بناغەیەکی بە بڕشتی بۆ شیعر و ئەدەبی نووسراو، (کە بە شیعر و ئەدەبی دیوانی دەناسرێت) لەم ناوچەیە پێکهێناوە. سەرەڕای شیعری گۆرانی و حیکایەت و نەقل و نەزیلە و پەند و قسەی نەستەقی کوردەواری.

جـ- شیعری ئایینی کە لە سەرەتادا لە شێوەی شیعری میللیدا هۆنراوەتەوە و لە بۆنە و موناسەباتە ئایینییەکاندا گوتراون، یاخود بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و فێرکردنی ڕێوشوێنەکانی ئاینی ئیسلام هۆنراونەتەوە، لە وێنەی مەولودنامەکان و چیرۆکی ئیسرا و میعراج و .... بەتایبەتیش، مەنزوومەیەکی ئایینی وەکو (مەهدی نامە)ی (ابن الحاج) کە بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە بۆ ئەوەی زۆربەی خەڵکی تێی بگەن.

دوای ئەوە شیعر و هۆنراوە میللی و سۆفیزمییەکانی (ئەحمەدی کۆر) کە هەر لە دەمێکەوە زۆر باو و بڵاو بوون و بە ڕادەیەك ببوون بە وێردی سەر زار و زمانی خوێندەواران و هەموو موریدو مەنسووبەکان و پەیڕەوانی تەریقەتەکانی سۆفیایەتی لە موکریان. هەموو ئەمانە بنەمایەکی دیکە بوون بۆ ئەوەی شیعری کوردی خاوەن بنیاتی هونەری و ئەدەبیی پتەو، ببێت بە پێڕەو و لە موکریاندا پەرە بگرێت.

د- دیارە شێوەزاری موکریانیش هەر لە بنەڕەتدا ماکی ئەو زیندوویتی و دینامیزم و هێز و پێزەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، تاوەکو ئاوقەرای شێوەزاری بابانی بێت و شانبەشانی ئەو ببێتە کەرەستە و ئامرازی داهێنانی شیعری پتەو و داڕێژراوی هونەری لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆك و ڕەوانبێژییەوە، کە دواتر بە شیعری کوردی کلاسیك ناسراوە. هەر ئەو شێوەزارەش بووە لە ڕابردوودا کە ڕایەڵ و پۆی ئەو سامانە ئەدەبییە فۆلکلۆرییە ڕەنگینەی نەخشاندووە.

## تایبەتمەندییەکانی شیعری ناوچەی موکریان:

دابەشبوونی کوردستان و گرێدانەوەی هەر بەشێکی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە، جۆرێك لە دابڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری بە دوای خۆیدا هێناوە. هەر بۆیە زمان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردان لە هەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان کەوتۆتە ژێر تاوی زمان و کولتوور و ڕۆشنبیریی گەلی سەردەستە لە هەر یەکێك لەو دەوڵەتانەوە. ئەمە ڕەوشێکی جەبری بووە، بەو هۆیەی زمان و کولتوور و ڕۆشنبیریی گەلانی سەردەست شێوەی ڕەسمی و ئیجباری هەبووە لەو بەشانەدا. (ئەمە هەمووی بووە هۆی ئەوەی هەندێ خاسیەتی هەرێمی لە ئەدەبی کوردیی ئەم جێگە جیاوازانە پەیدا بێ، واتە ئەدەبی هەر لایەك شێوە و ناوەرۆکی تایبەتی خۆی هەبێ و لە ئەوانی تر جیا بێتەوە، ئەگەر چیش لە بنجیشدا دیارە هەمووی هەریەك ئەدەبە)[٩].

بۆیە ئەو ئەزموون و پێڕەوە شیعرییەی لەسەر دەستی نەوەی یەکەمی شاعیرانی موکریان سەری هەڵدا و پەرەی سەند، خاوەنی کۆمەڵێك ئەدگار و تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەرییە کە لە خاڵە گشتییەکاندا لەگەڵ ئەدگار و خاسیەتە ئەدەبی و هونەرییەکانی کۆی شیعری کلاسیکی کوردیدا یەك دەگرێتەوە لە خاڵە تایبەتییەکانیدا لێی جیا دەبێتەوە. واتە ئەم ئەدەبە بەوە دەناسرێتەوە کەوا خاوەنی کۆمەڵێك ئەدگار و تایبەتمەندیی هەرێمایەتی تایبەت بەخۆیەتی.

## تایبەتمەندییە گشتی و هاوبەشەکان:

لە باری قالب و شێوە و روخسار هەروەها لە ڕووی مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرییەوە. ئەزموون و پێڕەوی شیعری ناوچەی موکریان هەر درێژە کێشانەوە و بەردەوامیی قوتابخانە شیعرییە عەرووزییەکەی بابانە. بە واتایەکی دی ئەم ئەزموونە لە ڕووی کێش و سەروا و ستراکتۆری زمان و زاراوە و فەرهەنگەوە، لە ڕووی فۆرم و قالب و تەکنیکی شیعری و وێنەی ڕەوانبێژییەوە لەگەڵ قوتابخانەی شیعری بابان یەك دەگرێتەوە. بە نموونە ئەگەر چاوێك بە دیوانی شیعری (وەفایی) و (حەریق) و (ئەدەب)دا بگێڕین، کە لە وێنەی سێ شۆڕەسواری پێشەنگی ئەو ئەزموونە خۆ دەنوێنن، دەبینین:

پەیڕەوکردن لە کێشی عەرووز، دوو فۆرمە باوەکەی قەسیدە و غەزەل، زمانی شیعری ڕۆژهەڵاتی ئاڵۆز و تێکەڵ، وشەکاری و ڕازاندنەوە لە ڕێگەی خۆشخوانی و هونەرەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبییەوە ... ئەمانە دیاردە و بنیاتە ئەدەبی و هونەرییە سەرەکییەکانی بەرهەمی شیعری لای هەر سێ شاعیر پێك دەهێنن.

کەوابێت بە قەڵەمی درشت دەتوانین بڵێین تایبەتمەندییە گشتی و هاوبەشەکانی تاقیکردنەوەی شیعری لە ناوچەی موکریان لەگەڵ ئەوەی لە پێشووتردا لە بابان سەقامگیر ببوو لە زۆر لایەن و ڕوانگەوە هەمان شتن.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە و لە پاڵ ئەمانەشدا ئـەم ئەزموونـە لـەو هـەوارەدا خاوەنی چەند دیاردە و تایبەتمەندیی تایبەت و هەرێمایەتییە کە دەکرێ لـە چەند لایەنێکەوە پەنجەیان بۆ درێژ بکرێت:

١- واقیعـی دابـڕان و گرێدانـەوەی ئـەم هەرێمـە بـە درێـژایی مێـژوو بـە دەوڵـەتی ئێرانـەوە، کـارێکی وای کـردووە ئـەم ئەدەبـە زیـاتر بکەوێتـە ژێـر کاریگەریی کولتوور و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی فارسی، بە شێوەیەك کە بـیر و بەرهەمی شاعیرانی بەرەی یەکەمی تارمایی و سێبەری بەرهەمـە کلاسـیکی و ئەفسانەییەکانی ئەدەبی فارسی بە ڕوونی بە سەرەوە دیار بێت. بۆ نموونـە یەکێکی وەکو (مەلیکولکەلامی مەجدی ١٨٤٩ - ١٩٢٥) کە یەکێکـە لەوانـەی (٦٠) هەزار دێرە شیعری فارسی هەبێت لە حاڵێکدا کەمێکی شـیعری کـوردی لـە دوا بـەجێ مـاوە[١٠]. لـە دیـوانی وەفاییـدا (١٠٧) تێکسـتی غـەزەل و قەسیدەی فارسی وەبەرچاو دەکەوێ لە پاڵ (٣٨٥) چوارینی فارسی وەفایی کـە بەشـێکیان لـە کتێبـی بیرەوەرییـەکانی وەفـایی (تحفـة المریـدین)دا هاتووە[١١]. مصباح الدیوان وێدەچێ بەقەدەر دیوانێك شیعری فارسی هـەبێت بەڵام تاکو ئەوڕۆ چاپ نەکراوە[١٢].

ڕەنگە بگوترێت کەوا زمان و ئەدەبی فارسی لە کۆنـەوە لـە پـاڵ زانسـتە ئاینییەکاندا لە هەموو مزگـەوت و مەدرەسـەکانی کوردسـتاندا خوێنـدراوە و سەرچاوەکانی ئـەدەبی فارسـی لـە پێشەوەشـیاندا بەرهەمـەکانی سـەعدی و حافز و جامی و مەولانا کاریگەرییان بە سەر هەموو شاعیرانی کورد و شیعری کوردی کلاسیك، لە پێشەوەشیاندا شاعیرانی باباندا هەبووە[١٣].

بەڵام بە هۆی نزیکی و تێکەڵاوی و زاڵبوونی فەرهەنگی گەلی سەردەستە، ئەم کاریگەرییە لەوێ زیاتر و بەرچاوترە، بـە نموونـە ڕەمـزە داسـتانییەکانی شانامە و ئەسکەندەرنامە و ڕۆسـتەم نامـە و ... تـاد ڕەنگدانـەوەی زۆری لـە شیعری کلاسیکی موکریاندا هەیە، لە پاڵ کاریگەری لەسەر شاعیرانی ئەدەبی فارسی[١٤].

٢- وەکو لە پێشەوە گوترا، ڕاستە کەوا غەزەل و قەسیدە لە باری قالب و فۆرم و تەکنیکەوە، هێشتا هەر دوو فۆرمی باو و زاڵی شیعری بوون، بەڵام شاعیرانی بەرەی یەکەمی موکریان بایەخێکی تایبەتییان بە چەند فۆرمێکی شیعری داوە کە لای شاعیرانی بابان یا هەر بەدی ناکرێن یا ئەوەتا کەم و دەگمەنن، لە وێنەی (پێنج خشتەکی) و (پێنجین - یاخود - مەسەممەتی پێنجین) و (تەرجیع بەند) و (تێهەڵکێش)[١٥]. وەك دەبینین بەشێکی زۆر لە بەرهەمی شیعری (ئەحمەدی کۆر) و (وەفایی) لەسەر شێوەی پێنجین و پێنجینی تەرجیع بەنددا هۆنراونەتەوە. ئەوە پێنجینە ناودارەکەی (ئەدەب)یش کە لە بارەی (نوسرەت خانم)ەوەیە تێکستێکی ناوداری ئەدەبی کوردییە[١٦].

وەکو چۆن فورمە شیعرییەکانی ئەدەبی فارسی لەوێنەی (روباعی، مولەمەع، مەسنەوی، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند، تەزمین، تەشطیر....) لە شیعری موکریاندا زیاتر تەشەنەی کردووە و جۆرێکیش لە تازەگەریی فۆرمی شیعری هێناوەتەوە نێو ئەدەبی کوردی.

٣- ناوەرۆك و مەبەستی شیعری لای شاعیرانی موکریان بابەتی (لیریك)ە. لیریك شیعرێکی تەواوخودی ویژدانییە کە لە سۆز و هەست و ناخ و دەروونی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ، لە بەرامبەر جوانی و حەزی شاعیر بۆ یار و دڵخواز و ئەویندارەکەی. یا لە بەرامبەر جوانیی سروشت و بوونەوەرەکانی گەردوون کە بە شێوەیەکی ناسك و پاراو تەعبیری لێ دەکرێتەوە. لەمەوە شاعیرانی موکریان ئەگەر غەزەلی (نالی)یان لە ڕووی روخساریشەوە نەگۆڕیبێ، ئەوا شۆڕشێکیان لە ناوەرۆکدا بەرپا کردووە، ئەحمەدی کۆر بە هۆنراوە عیشقییەکانی، وەفایی بە وێنە و وەسفی ڕاستەوخۆی دڵگیر، حەریق بە شیعری دەروێشی و ئەدەب بە غەزەلی ریالیستی[١٧].

٤- یەکێکی دیکە لە سیماکانی شیعری ئەم ناوچەیە لەم دەورەیەدا سەرهەڵدان و برەوسەندنی شیعری سۆفیگەرییە بەتایبەتیش ئەوەی بە (غەزەلی عیرفانی) ناودەبرێت. لەلای نالی و هاوڕێکانی ئەوەی بەدی دەکرێت

لەم بارەوە شیعری زوهد و خواناسی و یەزدانپەرستییە، واتە شیعری ئایینیی بێ گەردە کە لەگەڵ هێڵی شەریعەتدا جووتـە. کەچـی لای شـاعیرانی بـەرەی یەکەم لە موکریان شیعری سۆفییانە و لە نێویشیدا (غەزەلی سۆفییانە) پـەرە دەسێنێ، کە لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا ئاوێتەبوونێکە لـەنێوان هەسـت و سـۆزی جوانی و ئەڤین و دڵداری لەتەك عەشق و خولیـا و سـەودای سـۆفییانە. واتـە بیروباوەڕی سۆفییایەتی لە پۆشـاکی غەزەلـدا تـەعبیری لێ کراوەتـەوە. وەك چـۆن لـە شـیعر و بەرهـەمی مـەزن شـاعیرانی سـۆفیزمی فارسـیدا، لەوێنـەی عەتتار و مەولانا و سەعدی و حافزدا دەبیندرێت، سەرهەڵدان و پـەرەسـەندنی ئـەم جـۆرەش لـە ئـەدەبی سـۆفییانە لـە ڕۆژهـەڵات بـنج و بنـاوانێکی دوور و قووڵی هەیە کە لەماوەی باسەکەی ئێمەدا نییە.

٥- هەریــەك لــە شــاعیرانی موکریــان لەگــەڵ ئــەوەی مــۆرك و شــێواز و خسووسیاتی ئەدەبی و هونەریی تایبەت بە خۆیان هەیە، بـەڵام هەمووشـیان لە هەڵبژاردنی وشە و داڕشتنی ڕستە و تەعبیر و زمانی شیعریدا لە ژێر تـاوی شێوەی موکریانیدان، ئەمە ڕواڵەتێکی زمانی شیعریی ئەم هەرێم و ناوچەیەیە و لە دیوان و بەرهەمی شیعری شاعیرانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٦- ئەم پێڕەوە ئەدەبییە ڕچەشکاندنێك بوو، لەوە بەدوا شـاعیر و ئـەدیب و خوێندەوارانی کورد بوونە خاوەنی خۆیـان و تـا ڕادەیـەك شـیعری فارسـییان بەلاوەنا، کە تا ئەو ڕۆژگارە تاقە زمانی شیعر و داهێنانی ئەدەبی بوو. دواتـر بـوو بـە ئـەزموون و تاقیکردنەوەیـەکی ئـەدەبیی دەوڵەمەنـد لـە ژێـر نـاوی (مەکتەبی موکریان)، کە تاوەکو ئەمڕۆ لـە کـاروانێکی نەپسـاوەدا بـە دەیـان شـاعیر و ئـەدیب و نووسـەر و داهێنـەری پێشـکەش بـە مێـژوو و ئـەدەبیاتی کوردی کردووە[١٨].

## بەرەی یەکەمی شاعیرانی ناوچەی موکریان

ئەوەی تاوەکو ئـەمڕۆ زانـراوە ئەوەیـە کـەوا شـیعری کـوردی کلاسـیك بـە مەعنای هونەری و تەواوەکەی و بەزاری کوردی ناوەڕاست، بەرلـەوەی بـرەو پەیـدا بکـات و ببێتـە داب، لەشـێوەی شـیعرێکی میللـی و ئاییینیـدا لـە نـاوا هەبووە.

کۆنترین تێکستی شیعری میللیی ئایینی کە لـە بەردەسـتدا بێـت (مەهـدی نامە) کەی (ابن الحاج)ە کـەوا مێـژووی نووسـینەوە و تۆمـارکردنی بـۆ سـاڵی (١١٧٦ی کۆچی/ ١٧٦٠ی زایینی) دەگەڕێتەوە[١٩].

ئەمە مەنزوومەیەکە لە شێوەی بەندی چوارینەدا هۆنراوەتەوە، لـە (١٥٦) چوارینە بەند پێك دێت، چەند بەندێکی کۆتایی دانراوەکە بەم جۆرەیە:

نەزم کرا بە ناخۆشی
دڵ پڕ لە غەم و بێهۆشی
لە تەئریخی حەفتاوشەشی
(بعد ئەلف وە مائەتیٚ)

نەزمم کرد لە قەولی سەحیح
بە لەفزی کوردی نافەسیح
بۆ مونسفان (لا للشحیح)
بۆ ئینتیفاعی عاممەتیٚ

منم محەمەدی دڵڕێش
حاڵم وەکی حاڵی دەروێش
پەردەی غەمان دایم لە پێش
لەبەر خۆفی عاقیبەتیٚ

غەمم زۆرن لەسەر دڵیٚ
وەك مەنجەڵی پڕ دەکوڵیٚ
وەقتی دەچینە ژێر گڵیٚ
لە خودای دەخوازین ڕەحمەتیٚ[٢٠]

لەم چەند بەندەدا خاوەنی دانراوەکە پێمان دەڵێ:

- مەنزوومەکە لە ساڵی ١١٧٦ی کۆچیدا هۆنراوەتەوە.
- دانراوەکە لەسەر شێوەی (نەزم)ە، کە خاوەنی فۆرم و ناوەرۆکێکی هونەری تایبەتە و وەکو لە تیوری ئەدەبیدا باوە (نەزم) بە پلەیەکی نزمتر دێت لە ئاستی (شیعر).
- بە زمان و دەربڕینێکی ساکار و ناپەتی هۆنراوەتەوە، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی (نەزم)، تا ئەوەی زۆرینەی خەڵکی نەخوێندەوار و ڕەشۆکی تێی بگەن و سوودی لێ وەربگرن.

ئەم خاڵانە هەر خۆیان دیارترین تایبەتمەندییەکانی شیعری میللیی کوردی پێك دەهێنن کەوا:

- زمانی داڕشتن و دەربڕینی سادە و ڕوونە.
- لە تێگەیشتنی عاممەی خەڵك نزیکە.
- لە شێوەی (نەزم)دا دادەڕێژرێت، کە لە داڕشتنی شیعر و بەند و بەیتی فۆلکلۆرییەوە نزیکە[٢١].

ئەم دانراوە بە ناوەرۆك ئایینییە، مەبەستی ڕاڤەکردن و نیشاندان و فێرکردنی ڕێوشوێنەکانی ئایینی ئیسلامی لە پشتەوەیە.

بەو پێیەی ئیبنولحاج لە بنەڕەتدا خەڵکی (ئالانی سەردەشت)ی ناوچەی موکریانە، سەرەتا لەو ناوچەیە خوێندوویەتی و پێگەیشتووە، شەقڵی شێوەزارە موکرییەکەش بە ڕوونی بە بەرهەمەکەوە دیارە، بۆیە دەشێ ئەم بەرهەمە وەکو پێشینەیەکی شیعری میللی – ئایینی لە ناوچەی موکریان حیسابی بۆبکرێت بەرلەوەی شیعری کلاسیك لەو هەرێمەدا بێتە ناوەوە.

دوای ئەوە کۆمەڵێك شیعری میللی – داستانیمان لەبەردەستدان، کە هەر لەسەر شێوەی (بەند) و (بەیت)دا هۆنراونەتەوە. خاوەنەکانیان دیارن و لە بۆنە و موناسەباتی جیا جیادا گوتراون، لە وێنەی (بەیتی خالید پاشا)[٢٢]، (بەیتی ئاوڕەحمان پاشای بابان)[٢٣]، (بەیتی خان ئاودەل)[٢٤] لە نێو ئەمانەدا (بەیتی خالید پاشا) زیاتر لە (٢٥٠) ساڵ بەرلە ئێستا هۆنراوەتەوە و

تۆمارکراوە، ئەمڕۆ تێکستەکەی لەبەر دەستدایە، ڕەنگە ئەمە کۆنترین دەقی شیعری میلليی کوردی بێت کە بە زاری کوردی ناوەڕاست هۆنرابێتەوە و خاوەنەکەی دیاربێت و لەکاتی خۆشیدا تۆمار کرابێت.

شیعری میلليی کوردی قۆناغێکی نێوانگیرە لە نێوان شیعری زارەکی فۆلکلۆری و شیعری نووسراوی هونەریدا. شیعری میلليی کوردی لەڕووی ڕوخسارەوە هەندێ خاسیەت و تایبەتمەندی هەیە لە بابەتی سادەیی لە زمان و دەربڕین و نزیکی لە چێژ و تێگەیشتنی گشتی و هەڵقوڵانی لە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە بابەت بەڕوونی دەخرێتە ڕوو و مەبەست و هەستی دەروون ڕاستەوخۆ دەدرێت بە دەستەوە[٢٥].

بەرلەوەی بەرهەمی شیعریی (نالی)، بە ڕوونی و ڕەوانی بێتە ناوەوە، بە دڵنیاییەوە دەڵێین کەوا شیعری هونەری پوختە دارێژراوی ئاماڵ کلاسیك و عەرووزیمان هەبووە، بەڵام لە چنگی ڕووداوی زەمانە، بە دەگمەن نەبێت، ڕزگاری نەبووە[٢٦] لەو بوارەدا مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی بەڵگەیەکمان پێشکەش دەکات، کە ئەویش هەر بەرهەمێکی شیعری ئیبنولحاجە کە لەسەر تانوپۆی شیعری عەرزووی هۆنراوەتەوە بە ناوەرۆکێکی ئایینییەوە، کە ئەمە بەندی یەکەمی ئەو شیعرەیە:

**یا ڕەسوولەڵلا ئەمانەت بێ ئەمانەت بێ سەت ئەمان**
**ئەو دەمەی قابیز کە دێ بۆ قەبزی ڕووح و نەزعی گیان**
**حیفزی ئیمانن بکەی ئەی حافیزی هەردوو جیهان**
**نەك بە مەکر و حیلە دوژمن پێم بدا دەردی گران**
**مەوقیعێکی وا هەیە هۆش نییە و نوتق و زوبان**

بەندی کۆتاییشی بەم جۆرەیە:
**یا ڕەسوولەڵلا بە سەت ئەحبابەوە قوربانی تۆم**
**باوەڕت بێ کەمترین کەلبی هەمە یارانی تۆم**
**هەروەکو مەجنوونەکەی شەیدا وەها حەیرانی تۆم**

عـەرزی هەروایـە (محەمـەد) ئـەی بـەڵا گـەردانی تـۆم
مولتـەفیت بـە بـۆ تـەرەف بەنـدەی غـەریبی بـێ نیشـان

شیعرەکە لە شێوەی موسەممەتی پێنجینە و لە (٥) بەنـدی پێـنجین پێك هــاتووە. کێشــەکەی (ڕەمــەلی هەشــت هــەنگاوی – مــەحزووف – یــا – مەقسوور)ە کە هەنگاوەکانی (زەرب و عەروون)ەکەی لـە نێـوان (فـاعیلون) و (فاعیلان)دا دەخولێتەوە:

یا ڕە سوو لەڵ     ڵا ئە ما نەت     بێ ئە مانەت     سەت ئەمان
ئەو دە مەی قا     بیز کە دێ بۆ     قەب زی ڕوو ح و     نەز عی جان
– ب – –     – ب – –     – ب – –     – ب –
فا عی لا تون     فا عی لا تون     فا عی لا تون     فا عی لون

لێرەدا وەکو قەرەداغی خۆیشی پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە دیاردەیەکی تازە و نوێ لە شیعری کوردیدا بەدی دەکەین، ئەویش ئەو پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕەیـە کـە لــە بەرهــەمی شــیعری ئیبنولحاجـدا ڕووی داوە و لــە قالــب و کێشــی فولکلۆرییەوە بۆ قالب و کێشی عەرووزی[٢٧].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەدا مرۆڤ دەتوانێ بڵـێ کـەوا شـیعری کـوردی کلاسیك لە وڵاتی موکریان سەرەتاکانی لای ئیبنولحاجەوە بە دیارکەوتووە.

بەو هۆیەی ئەو زانا پایەدارە سەردەمێکی ژیانی لە شاری مووسڵ و ئاکرێ و بادینانـدا بەسەر بردووە و تا کۆتایی تەمەنیشی هەر لەوێ ژیاوە[٢٨]، دیـارە لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شـیعری کـوردی کلاسـیکی کرمـانجی بـاکوور و لەوانەش شیعر و هۆنراوەکانی فەقێی تەیران و مەلای جزیری پەیدا کردووە و شوێن پەنجەی ئەوانیش بەسەر شیعر و بەرهەمـە ئەدەبییەکانییـەوە دیـارن. ئەنجا هەر ئەمەش نەخشی ئەو ڕێچکە و پردی پەیوەندییەمان بۆ دەکێشـێت

که قوتابخانەی شیعری کوردی کلاسیکمان بە هەردوو بەشی (کوردی باکوور و ناوەڕاست)ەوە بۆ بەیەکەوە گرێ دەداتەوە.

## شێخ ئەحمەدی کۆری موکریانی

یەکەمین ئاماژە بۆ ناو و ناوبانگیی ئەم شاعیرە لە قەسیدە ناودارەکەی حاجی قادری کۆییدا هاتووە: (شاسواری بەلاغەتی کوردان)، کە حاجی لە وەسفی ئەحمەدی کۆردا دەڵێ:

**ئەحمەدی کۆر لە شاری سابڵاغە**

**بەیتەکی داغە، بەیتەکی باغە**

دیارە لەو ڕۆژگارەی کە حاجی جێنشینیی ئەستەمبوڵ بووە و ئەم قەسیدەیەی هۆنیوەتەوە (١٨٩٤ – ١٨٩٧)، ئەحمەدی کۆر لە وڵاتی سابڵاغ هێشتا لە ژیاندا بووە.

مادە تاریخێکیش لە دێرە شیعرێکی شاعیردا هاتووە، کە دەڵێ:

**گەر کەسێ کا پرسیارە، با بێ مەعلووم ئەو شمارە**

**چوو لە هیجرەت یەك هەزارە، دوو سەت و شەست و بواج**

وشەی (بواج) بە حسابی ئەبجەد دەکاتە (١٢)، کەوابێ ئەم هۆنراوەیە لە ساڵی ١٢٧٢ی کۆچی بەرامبەر ١٨٥٥ی زایینی هۆنراوەتەوە لەمەوە بیرۆکەیەکمان سەبارەت بە سەردەمی ژیانی شاعیر بۆ بە دیار دەکەوێت.

یەکەم سەرچاوەی ڕەسەن کە ئەحمەدی کۆری لە ڕیزی ئەو شاعیرانە حیساب کردووە (کەوا شوهرەتیان هەیە) و لە چەند دێرێکیشدا ناساندوویەتی، ئەوا (ئەنجومەنی ئەدیبان)ی (ئەمین فەیزی بەگ)ە. لەوێدا ئەم چەند دێرە پڕ مەعنایە هاتووە: (ئەحمەدی کۆر ئەهلی تەرەفی سابلاغە، عالیم نەبووە ئەمما شیعری بەغایەت موزەییەن و بەغایەت عارفانەیە، ئەو نەعتی ریسالەتە کە لەم ڕیسالەدا موندەریجە هەموو موزەییەنە بە سەنعەتی رەد عەجوز لەسەر سەدر، ئەحمەدی کۆر لایەقە مولەقەب بێ بە "شاعیری پێغەمبەر"، کەلامی هەموو پڕ سۆز و گودازن).

لیژنەی وێژە و کەلەپووری کوردی لـە کـۆڕی زانیـاری عـیراق – دەسـتەی کورد، لەکاتی دووبارە لە چاپدانەوەی کتێبەکـەدا لـە سـاڵی ١٩٨٣، هەنـدێ زانیاری و پەراوێزی لە سـەر گوتـەکانی ئـەمین فـەیزی سـەبارەت بـە ژیـان و بەسەرهاتی ئەحمەدی کۆر زیاد کردووە. ئەم زانیارییانە چـەند گۆشـەیەك لـە ژینامەی شاعیر ڕۆشن دەکەنەوە: (ناوی ئەحمەدی کـۆری شـێخ محەمـەدە، ساڵی لەدایکبوونی بە دروستی دیار نییە، هەموو سەرچاوەکان دەڵێن لە دێی (شیوە سماك)ی نزیـك شـاری شـنۆ هاتۆتـە دنیـاوە، قۆناغـەکانی سـەرەتای ژیانی لەو دێیە گوزەراندووە. دواتر چۆتە دێی (عەنبار)ی نزیك شـاری بۆکـان و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. لە سەدەی سێزدەهەمی کۆچی بەرامبەر بە نۆزدەهەمی زایینی ژیاوە)[٢٩].

ئەحمــەدی کــۆر ڕۆژگارێــك ڕوو دەکاتــە شــاری سـلێمانی و ماوەیــەك لــە خانەقای مەولانا خالیدی شارەزووری دەمێنێتەوە، دەبێتە ئـۆگری تەریقـەتی نەقشبەندی و لێرەوە ژیانی دێوانە و دەروێشیی ئەم پیاوە دەست پێدەکات. پاشـان دەچـێتە (کۆیـە) و ماوەیـەك لـە مەدرەسـەی (جـەلی زادە) و گونـدی (ئۆمەر گوممەت) بەسەر دەبا، پاشان ڕوو دەکاتە ناوچەکانی حەریر و باتاس و لەوێش بەرەو خانەقای شێخانی شەمزینی پێ هەڵدەگرێت و ماوەیەکیش لە (نەهری) دەمێنێتەوە. لە دوایین قۆناغی ژیانی دەگەڕێتەوە وڵاتی سابلاغ لـە دێیەکەی پێشووی، واتە دێی (عەمبار) دوارۆژەکانی ژیانی بەڕێ دەکات.

بـەو هۆیـەی ژینامەکـەی لـە زۆر لایەنـەوە ڕوون و ئاشـکرا نییـە، بۆیـە بەسەرهاتی شاعیر زۆر جار تێکـەڵ بـە چـیرۆك و ئەفسـانە کـراوە کـە ناشـێ بنەمایێکی زانستییان هەبێت، ئەو لە بنەڕەتدا پیاوێکی نەخوێندەوار یا نیـوە خوێندەوار و لە قۆناغێکی تەمەنیدا لە بینایی چاوەکانیشی بـێ بـەش بـووە، بەڵام وادیارە تا بڵێی بلیمەت و بە هۆش و بە ئاگا بووە. لە سۆنگەی ئەمەوە کە بەشی هەرە زۆری شیعر و هۆنراوەکانی لەبارەی مەسەلەکانی ئایینداری و لە خۆشەویستی و وەسفی پێغەمبەر و مەسەلەکانی عیرفـان و سـۆفیەتییەوە بوون، بە زمان و دەربڕینێکی سـادە و ڕەوان و ئاهەنگداریش هۆنراونەتـەوە،

بۆیە بە زۆری و بە زوویی کەوتۆتە سەر زار و زوبانی خەڵکی و لەناو پیاوانی ئایین پەروەر و سۆفی و مورید و دەروێشان و پیرەمێرد و بەساڵاچوواندا بڵاوبۆتەوە. لە بۆنە و جەژن و موناسەبەتە ئایینییەکاندا بە ئاوازی تەپڵ و دەفی دەروێشان خوێندراوەتەوە ئەمە وای کردووە لە موکریانەوە بۆ سلێمانی، لە وێرا بۆ کەرکووک و وڵاتی جزیرە و بۆتان و هەکاری ببێتە شاعیرێکی میللیی ناودار و ناوبەدەرەوە.

**ئەحمەدی کۆر و هونەری شیعر:**

ئەو سۆز و عیشقە ئایینی و خواناسییە دڵگیرەی کە بۆتە باڵاپۆشی شیعر و هۆنراوەکانی لەپاڵ ڕەوانی لە دەربڕین و جوانی لە وەسف و هێنانەوەی واتاکانی قورئان و حەدیس لە دوتوێی هۆنراوەکانیدا، بوونەتە مایەی برەو سەندن و بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی لە سینگەوە بۆ سینگ و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، سەرەڕای وڵاتی موکریان کە زێدی ڕاستەقینەی خۆیەتی، لە هەر کام لە ناوچەکانی بابان و سۆران و بادینانیش تەشەنە بکا و بڵاوبێتەوە. تا وای لێ هاتووە کۆکردنەوە و ئاگاداری سەبارەت بە هەموو شیعر و هۆنراوەکانی بێتە کارێکی ئاستەم و لە کران نەهاتوو، بەتایبەتیش بۆ میللەتێکی وەکو کورد، کە بەرداشی زەمان وا هاڕیویەتی بە جۆرێك کە مۆڵەتی نەداوە ببێتە خاوەنی کتێب و دەفتەر و دیوان!.

ئەنجا پرش و بڵاوی و تۆمارنەکردنی بەرهەمەکانیش لە ڕۆژگار و سەردەمی خۆیدا کارەکەی دەرحەق بە ماوەی باسەکەمان زیاتر سەختگیر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی ڕابردوودا سێ هەوڵی جوامێرانە لە ئارادا هەبوون بۆ کۆکردنەوە و لە چاپدانی شیعر و هۆنراوەکانی شاعیر:

هەوڵی یەکەم لەلایەن (کتابفرۆشی سەیدیان)ەوە بووە، کە لە ساڵی (١٣٤٣ی هەتاوی/ ١٩٦٤ی زایینی) لە مەهاباد دیوانێکی ئەحمەدی کۆر چاپ و بڵاو کراوەتەوە کە بە دەستوخەتی مەلا عەبدولڕەحیمی هەوشاری نووسراوەتەوە.

هـــەوڵی دووەم، بـــە کۆششـــی ســـەید نەجمـــەدینی ئەنیســـی (بـــەهاری مـــەهابادی)، دیـــوانی شـــێخ ئەحمـــەدی کـــۆر، لـــە ســـاڵی ١٣٧١/ ١٩٩٢ لـــە پەخشانخانەی محەمەدی لە سەقز چاپ و بڵاو بۆتەوە.

هەوڵی سێیەم لەلایەن عەزیز موحەمەد پـووری داشـبەندییەوە بـووە کـەوا دیوان و شەرحی حـاڵی شـێخ ئەحمـەدی کـۆری موکریـانی لـە سـاڵی ١٣٧٨/ ١٩٩٩ لە تاران لەلایەن نەشری: محەمەد پوورەوە چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

ئـەم چـاپانەی دیـوانی شـاعیر لەگـەڵ ئـەوەی لـە زۆر لایەنـەوە کـەم و کورتییان هەیە، بەڵام هەر کامە و لە کات و شوێنی خۆیدا بایەخێکی تایبەتی هەبووە. ئێمە ئەو چاپەی دواییمان کردۆتە بنەما بۆ لێکۆڵینـەوە لـە شـیعر و بەرهەمەکانی شاعیر، بەوەی کە لە چاپەکانی پێشوو پێشکەوتووترە.

فۆرمی زاڵ و باوی بەرهەمی شیعری ئەحمەدی کـۆر بریتییـە لـە غـەزەل و قەسیدەی ئایینی، کە چەند دانەی غـەزەلی وەسـف و دڵـدارییان لێ بترازێـت، ئەوانی تر سـەرپاکی دیوانەکـەی بـریتین لـە قەسـیدەی بـەناوەرۆك ئـایینی و خواناسیی سەرشار لە نەعت و موناجات و عیرفان.

دیارە غەزەل ئەو پارچـە هـۆنراوە بـە فـۆرم و قالـب عەرووزییەیـە کـە بـە شێوەیەکی گشتی لە (٢٠) دێڕ کەمتر بێت و ناوەرۆکەکەی لە دەوری وەسـف و باسی جوانی و خۆشەویستی و ئـەڤینیی ژنـدا بخولێتـەوە، جـا ئـەو ژنـە چ یاری دڵخوازی شاعیر بێت، یان هەر شۆڕەژن و جوان و نازەنینێکی دیکە.

غەزەلەکانی ئەحمەدی کۆر یەك دوو دانەیان بـە ئاشـکرا ڕواڵـەتی غـەزەلی دڵداری دەنوێنن و چێژ و بەرامە و سۆزی عیشقی مەجازییان لێ دەتکێ، دەنا ماباقی ئەوانی دیکە هەموو بەلای خۆشەویستیی پێغەمبەر و یارانی تەریقەتدا دەشکێنەوە، واتا مەبەست و نـاوەرۆکێکی ئـایینی وەردەگـرن، بۆیـە ڕەنگـە ڕاستتر بێت بگوترێـت پارچـەی ئـایینی نـەوەی نازنـاوی غـەزەلیان بەسـەردا ببڕێت، یەکێك لە غەزەلە دڵدارییەکانی شاعیر ئەم دەقەیە:

شای غەزالان شۆخوشەنگان، زولف چەلەنگان راست و چەپ
دڵ چووسەنگان خوو پەلەنگان، دای لە قەلبم راست وچەپ
دای لە قەلبی من حەزینە، چەند خەدەنگی سەر بە خوینە
ئەو لە من کرد چەند برینە، خوێن بە خوڕ دێ ڕاست و چەپ
خوێن لە من دێ بێ قەرارە، وای لە من بەد شووم ستارە
ڕۆبنیشن هەرچی یارە، بۆم بگریەن ڕاست و چەپ
بۆم بگریەن زۆر بەجۆشە، پێم نەما هیچ عەقڵ و هۆشە
ماری ڕەش یەکسەر خرۆشە، عەقرەبان گرت راست و چەپ
مار و عەقرەب کرد هجوومە، ئەی لە خۆم بەدبەخت و شوومە
هیندیان شیر لێ دەسوومە، دێنە جەنگم ڕاست و چەپ
دێنە جەنگم چەند هەزارە، هیندییو ڕۆم و تەتارە
قەوسیان تیر لێ دەبارە، جووت بە جووت دێن ڕاست و چەپ
جووت بە جووت وا دێن خەدەنگە، ڕۆژی ڕوونم لێ بوو تەنگە
دەستەیی هیند و فەرەنگە، سەف بە سەف دێن ڕاست و چەپ
وا بە شیددەت دێنە خوارێ، دەستی من دامانی یارێ
خوێن لە چاوانم دەبارێ، جۆ بە جۆ دێن ڕاست و چەپ
جۆ بە جۆ سەرکرد لە دامان، فورقەتی بێ حەدد و سامان
ئەز دەنالم سوبح و شامان، سینە داغم ڕاست و چەپ
سینە داغ و دەردناکم، من لە دوی لوتفت هیلاکم
ڕووح و گیانی خۆ فیداکم، زیری نەعلت ڕاست و چەپ
ژێری نەعلت کوحلی چاوم، کوورەیی پڕ جۆش و تاوم
شیبهی پەروانە سووتاوم، دێمە گەردش ڕاست و چەپ
دێمە گەردش میسلی بادە، دڵ لە بۆیە نامرادە
ئاخ لە دەست جووتێك جەلادە، تیغ بە دەستن ڕاست و چەپ
تیغ بە دەستن مەیفرۆشن، بۆ هیلاکی جان بە جۆشن
عاشقانت خوێن دەنۆشن، جورعە جورعە ڕاست و چەپ
سووت دەروونم وەك زوخاڵێ، کەوتمە بەحری ناڵە ناڵێ

جـاریّ ناپرســی لــه حالــیّ، عاشــقانت ڕاســت و چــەپ
ئەحمــەدی کــۆری حەزینــە، دڵ لەســەر ســیدق و یەقینــە
یـاری خـۆت حـازر ببینـە، دوور و نـەزدیك ڕاسـت و چـەپ
(دیوان: ١٦٩)

لـە پێشـەوە پێویسـتە پەنجـە بـۆ ئـەو ڕاسـتییە ڕاکێشـین کـە شـاعیر لـە هۆنینـەوەی تـاروپۆی ئـەم هۆنراوەیـە لـە ژێـر کاریگـەریی غـەزەلێکی شـێخ ئەحمەدی جزیریدا بووە، کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

ئـەو سـەحەر جـەولان ددت بایـیّ سـەبایی ڕاسـت و چـەپ
سووسن و سونبول ب مەستی تێن سەمایێ ڕاست و چەپ
دا ژ محرابـا دوو نوونـان سـەجدە بـت ئەسـوەد حەجـەر
دڵ ب میـزان ماهـیّ نـەو ئـەبروو نومایـیّ ڕاسـت و چـەپ
دڵ ژ بســـکا سلیســـلێن بـــوو فـــڕ ددا خـــالا سیاهـــ
شــەهپەڕیّ زوڵفــی شــەپال و دال دایــی ڕاســت و چــەپ

دیارە شاعیرانی ناوچەی موکریان لە وێنەی ئەحمەدی کۆر و وەفایی و بەر لەوانیش ئیبنولحاجی زانـای نـاوداری موکریـان، سـەبارەت بـەوەی بەشـێکی ژیـان و تەمـەنیان لـە ناوچـەکانی شـەمدینان و بادینـان بـە سـەربردووە، لـە نزیکـەوە ئاشـنا و شـارەزای شـیعری کـوردی کلاسـیکی کرمـانجی بـوون، لەوانەش بەرهەمی شیعری فەقێی تەیران و مەلای جزیری، بۆیە شەقڵی فـۆرم و قالبی شیعری ئەم دوو شاعیرەی کرمانجی لای ئەوان ڕەنگـی داوەتـەوە بـۆ نموونە وەکو لە پێشـوتریش نیشـانەی بـۆ کـرا، فـۆرمی بەنـدەکانی مەهـدی نامەی ئیبنولحاج لە فۆرمی بەیت و بەندەکانی فەقێی تەیران دەچێت. وەکـو چۆن ئەم پارچەیە و گەلیّ لـە تێکسـتە شـیعرەکانی دیوانی ئەحمـەدی کـۆر، ئەگەر مەسەلەی ڕەچـاوکردنی فـۆرمی بـەیتی شـیعری کلاسـیك و سـتوونی و کێشی عەرووزی نەبێت، ئەوا دەبێـت دێڕەکـان لـە کـاتی نووسـینەوەیاندا لـە شێوەی بەندی چوارین ڕێك بخرێنەوە، وەکو لەو وێنەیەدا بە دیار دەکەوێت:

شـــای غــەزالان شۆخوشەنگان
زولف چەلەنگان ڕاسـت و چەپ
دڵ چووسەنگان خوو پەلەنگان
دای لە قــەلبم ڕاســـت و چــەپ
دای لە قـــەلبی مـــن حـــەزینە
چەن خەدەنگی سەر بە خـوینە
ئەو لەمن کــرد چەنـد بـــرینە
خوێن بە خوڕ دێ ڕاست و چەپ
خوێـــن لە مـن دێ بێ قـــەرارە
وای لە من بـەد شــووم ســتارە
ڕۆبنیشـــن هــەرچـــی یــــارە
بۆم بگــریەن ڕاســـت و چـــەپ

ئـــەوەی دەتـــوانین لـــەم غەزەلـــەی ئەحمـــەدی کـــۆردا بیخوێنینـــەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەین چەند خـاڵ و دیاردەیەکـە، کـە بەشـی هـەرەزۆری بەرهەمی شاعیر لەو چوارچێوەیەدایە، ئەویش ئەم خاڵانەن:

١- پارچـــەکە لەســـەر کێشـــێکی عـــەرووزی خـــاو و نەفـــەس درێـــژدا هۆنراوەتەوە، کە بریتییە لە کێشی (ڕەمەڵی هەشت هەنگاوی مەحزووف یـان مەقسـوور). لـە کـۆی (٤٨) تێکسـتی سـەرجەمی دیوانەکـەی شـاعیر (٣٦) پارچەیان لەسەر ئەم قالبە کێشـە هۆنراونەتـەوە. ئەمـە لـە شـیعری کـوردی کلاسیکدا بەوە ناسراوە کە کێشێکی خاو و کشاوی نەفەس درێژە و یارمـەتی شاعیر دەدات کە بەکاوەخۆ مەبەستەکانی لە دوتـوێی دێرەکانـدا دەربـبڕێت، زۆرتـریش بـۆ مەسـەلەکانی عیشـق و پاڕانـەوە و موناجـات دەگونجێـت و شـاعیرانی کـوردیش زۆر بـە پـیر ئـەم کێشـەوە چـوون و لـە غـەزەل و قەسیدەکانیاندا پێشوازییان لێ کردووە.

٢- هەر لەم تێکستی غەزەلـەی شـاعیردا دیاردەیـەکی جوانکـاری سـەرنج ڕادەکێشـێت کـە ئـەویش دیـاردەی کـەرتکردن و سـەروای ناوخۆییـە. کـە

شاعیران زۆرجار بۆ خاتری زیادکردنی ئاواز و مۆسیقای شیعری و ڕەواج پێدان و کاریگەریی زیاتر بەلای گوێگر و خوێنەراندا پەنای بۆ دەبەن.

ئەم هونەری کەرتکردن و سەروای ناوەکییەش وەکو دیاردەیەك سەرلەبەری تێکستەکانی دیوانی شاعیری داگرتووە، کەم تا کورتێك لە چەند تێکستدا ئەو دیاردەیە بەدی ناکرێت، ئەگەر بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ڕادەی زاڵبوونی ئەم دیاردەی هونەری شیعری لە بەرهەمی شیعری ئەحمەدی کۆردا پەنا بۆ ژمێرە و ئامارێك بەرین ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە ٥٠٪ی بەرهەمی شاعیر هونەری کەرتکردن و سەروای ناوەوەی تیادا پەیڕەو کراوە، ئەنجا دیارە ئەم کارەش وەکو دەگوترێ هونەرە و پێویستی بە بەهرە و سەلیقە و کارامەیی هەیە و هەروا بە سانایی نایەت بەدەستەوە، ئەمەش ڕادەی هونەرمەندیی شاعیرمان بۆ بە دیار دەخات.

تەنانەت لە قەسیدەیەکی دیوانەکەیدا کە ناونیشانی (خارکیشتان گوڵ نەچید)ی بە سەرەوەیە، جۆرێکی تایبەت لە کەرتکردن پەیڕەو کراوە، کەوا ڕەدیفی ناوەکیشی بە دوادا هاتووە، تاوەکو ئاوازو ڕیتم و ئاهەنگی مۆسیقایی شیعرەکە بەوپەڕەکەی بگەیەنێت، لە ڕاستیدا ئەمە کارێکی زۆر هونەرمەندانە و ناوێزەیە و کەمتر لە شیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت:

**مۆم زبانان دڵ چو سەنگان، قوتنی ئەعزای دڵ حەدید**
**شێرشکاران خووپڵنگان، پێ لە ڕێی جانان بوڕید**
**چی لە ڕێی جانان بە دوورە، دەرهەوای نەفسی غرورە**
**ئەو لە نێو عام چاك زهوورە، قەلبی جەبباری عەنید**
**قەلبی عاسی و سەر لەبەر ئەو، واعیزی دڵ چون حەجەر ئەو**
**سوورەت ئینسان تەبعی خەر ئەو، عەبدی شەیتانی مەرید**
**ئیسم و ناوی شوور و شەڕ ئەو، دڵ بۆ فیعلی بەد مەقەڕ ئەو**
**خوێنەخۆر وەك شێری نەڕ ئەو، مەی لە جامی بەد چەشید**
**مەستی جامی بێ تەمیز ئەو، نائیمی قەت لا یەقیز ئەو**
**غافیلی ڕەببی عەزیز ئەو، پەندی ئەلخەنناس شەنید**

بەلعــەمی کامیــل علــووم ئــەو، واجیبــی ســەنگی ڕجــووم ئــەو
ئــەهلی مــوزلیم و زەلــووم ئــەو، بــادی جــەهل دەر وی دەمیــد
جاهیــل و ناشــی و نــەزان ئــەو، یــەك دڵ و پــەنجا زوبــان ئــەو
دەر ڕەهــی عیشــق بــەدگومان ئــەو، پــا لــە ڕێــی حــەق بەرکەشــید
پــا لــە ڕاهــی حــەق بە دوور ئــەو، شێت و بێ عــەقل و شعوور ئــەو
بــۆ تەمــەع دڵ چــون تــەنوور ئــەو، نیکــی ئــەز دەســتەش ڕەمیــد
بــوو لــە چاکە بێ تەلــەب ئــەو، شــووم و بێ شــەرم و ئــەدەب ئــەو
ئیســـمی خاســـی نامـــدار ئـــەو، کـــەم دڵ و دیـــن ناڕەشـــید
مێــزەری زاهیــد بەســـەر ئـــەو، خەرقـــەیی عابیــد لەبــەر ئــەو
موڕشـــیدی کامیـــل لـــە دەر ئـــەو، بـــاتینی شـــیبهی یەزیـــد
بــاتینی جــەللاد سیفەت ئــەو، ئەبلــەهی بێ نــەقش و خــەت ئــەو
دوور لـــە عـــەقڵ و مەعریفـــەت ئـــەو، دڵ ســـیاه و تـــەن ســـفید
دڵ چو قیڕ و تەن چو بەرف ئەو، سامیعی نەشنوردە حەرف ئەو
ئەبلــەهی بێ سوود و سەرف ئەو، چوست لــەڕێی ناحــەق دەوید
چوست لە ڕێی جەنگ و جیدال ئەو، دەم پڕ ئەز فەخرو نەقڵ ئەو
دڵ بـــە دونیـــا ئیشـــتیغال ئـــەو، تـــەن وەکـــو قەســـری مەشـــید
مـــــەدحی وان بـــــەد زات شـــــیعاران، نایەتـــــە ئـــــەلفاز و زاران
گـــەر بـــەیان کـــەن ســـەد هـــەزاران، شـــاعیرانی چـــون لـــە بیـــد
ئەحمـــەدی کـــۆر تـــۆش لـــەوانی، دات بـــە بـــاد عـــومری جـــەوانی
ئـــاخر لـــەم دونیـــات نـــەزانی، خارکیشـــتان گـــوڵ نەچـــید

(دیوان: ١٨٤)

ئەم مەسەلەی (ڕەدیف – پاش سەروا) هێنانەوەیە، ئەگەرچی بوار لە بەردەمی شاعیردا تەنگەبەر دەکاتەوە چونکێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی شاعیر ناچار دەبێت پابەندی هەمان پاش سەروا بێت، بەڵام لە بەرامبەردا لەلایەك کارامەیی و لێهاتوویی شاعیر دەنوێنێت و لەلایەکی دیکە شیعرەکە دەکاتە

پارچـەیەکی پـڕ لـە ئـاواز و زەمزەمـە، جگـە لـەوەش پـاش سـەرواکە وەکـو پنتکێکـی دەلالی لێ دێـت جۆرێـك لـە یـەکێتی بابـەت بـە هـەموو پارچـەکە دەبەخشێت[٣٠].

یەکێکی دیکە لە هونەرەکانی جوانکاری کە لـە شـیعری ئەحمـەدی کـۆردا زۆر ڕوون و بەرچاوە، ئەو هونەرەیە کە بە (رد الصدر على العجز) ناودەبرێت و خاوەنی (ئەنجومەنی ئەدیبان) لەو تاکە تێکستەی شاعیر کە لـە نامەکەیـدا هێناویەتەوە پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە.

عەزیز موحەمەد پـووری ئامادەکـاری دیـوانی ئەحمـەدی کـۆر نـاوی نـاوە (کلکـە وە سـەرکردنەوە) و، مـن پـێم وایـە ئەگـەر نـاوی نابـا (کلـك وەسـەر گێڕانەوە) وێچووتر دەبوو، ئەنجا بەم شێوەیە پێناسەی بۆ کردووە:

(ئەوەیـە ئـەم وشـەی کەوتۆتـە کۆتـایی کـوتی یەکـەمی هەڵبەسـتێکەوە بخرێتە هەوەڵی کوتی دووهەمی هەمان هەڵبەستەوە)[٣١].

دیارە جاری وا هەیە گێڕانەوەکە لە وشەیەك زیاتر دەگرێتەوە، واش هەیـە کتومت نابێت، بەڵکو وشە کۆتاییەکانی دێری یەکەم بە هەندێ دەستکاری و ئاڵوگۆڕەوە دووبارە دەبنـەوە. دیـارە وەکـو لـە شـیعر و بەرهـەمی شـاعیردا بۆمان بە دیاردەکەوێت و وەکو تۆژەری ناسراوی کورد عەزیز گـەردی دەڵـێ: (ئەحمەدی کۆر لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە کە ئـەم هونـەرەیان بـە هـەموو جۆرەکانییـەوە بـەکارهێناوە، زۆر لـە هۆنراوەکـانی بـەم هونـەرە جوانکارییە سەرەتا و کۆتایی دێڕەکانیـان بەیەکـەوە بەسـتراوە)[٣٢]. نـەوەك زۆر وەکو عەزیز گەردی دەڵێت، بـەڵکو لـەو شـێوە ئامـارەی کـەوا ئێمـە بـۆ سـەرجەم تێکسـتە شـیعرییەکانی دیـوانی شـاعیرمان ئـەنجام داوە بەدیاردەکەوێت کـە شـاعیر لـە نیـوەی زیـاتری شـیعرەکانی نێـو دیوانەکـەی پەیڕەوی لەم هونەرە شیعرییە کردووە[٣٣].

لێـرەدا نموونەیـەك لـە دیـوانی شـاعیر بـە ناونیشـانی (دڵبـەری مەسـت و خەرام) دەهێنینەوە:

دڵبـــەرا دایـــم دەنـــاڵم ئـــەز بـــە ســـینەی پـــڕ لـــە دەرد
جـــارێ ناپرســـی لـــە حـــاڵم بـــۆت دەکێشـــم ئـــاهی ســـەرد
بـۆت دەکێشـم چـەندە زەحمـەت، سەرزەنشـت و لـۆم و میحنـەت
یـار ئـەوە باشـەرت و میننـەت، خەسـتە دڵ بـۆت بێتـە گـەرد
خەســتە دڵ بــۆت بــێ بەخاکــە، ڕوومــەتت پــڕ نــووری پاکــە
هـــەر لـــە جێـــی دەردم دەواکـــە، ســـەد برینـــت تـــازە کـــەرد
چـەند بـرین و زەخمـی تـازە، جێـی خـەدەنگ و نـێش و گـازە
ئـــەوڕۆ نەمـــدی دیـــدەبازە، توونـــد و تیـــژ ئـــازادە مـــەرد
لای نـــەدا جارێـــك وەســـەرمە، بـــۆچ کـــە ناپرســـی بەنەرمـــە
هـــەڵگران لـــێم عـــار و شـــەرمە، زەعفـــەرانم ڕەنـــگ زەرد
زەعفـــەرانم ڕەنگـــە وەك بـــەی، ئـــاه و ناڵـــەم دێ پەیاپـــەی
حـەق کـەرەم کـا جورعـەیێ مـەی، سـەعییو ڕەنجـم دا لـە بـەرد
سەعیی و ڕەنجم بەعەبەس چوون، عومری رامبوارد بە هەوەس چوون
تـا لـە تـەنها بـۆ قەفـەس چوون، خـوێنی جـەرگی خـۆم دەخـوارد
خـــوێن و زووخـــاوم تەعامـــە، ئـــاه و ناڵـــەم ســـوبح و شـــامە
دڵبـــەری مەســـت و خەرامـــە، ســـونبول و ڕەیحـــان و وەرد
ســونبول و ڕەیحــانی تــەڕبوو، هینــد و ڕۆمــم لێ بــە شــەڕ بــوو
تـەختی ویـم لێ موسـتەقەڕ بـوو، سـاف لـە کـۆیی تـەختی مـەرد
سـاف لـە کـۆیی تـەختی کـاوس، هینـد و فـەرەنگ تاتـار و ڕووس
ئـەو کەسـێ وا بـۆ تـۆ مـەحبووس، وان بەحەسـرەت جـان سـپەرد
ئەحمـــەدی کـــۆر دڵ بزووتـــی، جوســـتوجۆ وەك عەنکـــەبووتی
ئـەو کەسـی وا بـۆی دەسـووتی، کردییە (قـەیس) و نـای لـە هـەرد
(دیوان: ١٨٣)

دیارە ئەم هونەرە زیاتر لە پارچەی غەزەل و چەند قەسیدەیەکی شاعیردا پەیڕەوی لێ کراوە جگە لەو (١١) دانـە تێکسـتەی پێجینـە بەنـد و ئـەو تـەنها دانە تەرکیب بەندەی کە لە دیوانەکەدا هاتوون.

سێبەری شیعر و بەرهەمی شاعیرانی پێشوو، لەوانەش شیعرە داستانی و بەند نامەکانی (فەقێی تەیران) و زانای هاونیشتمانی خۆی (ئیبنولحاج) بە سەر بەشێکی شیعر و هۆنراوەکانی ئەحمەدی کۆرەوە دیارە، دیارە ئەحمەدی کۆریش کاریگەری بەسەر شاعیرانی دوای خۆیەوە داناوە(٣٤).

ئەمە کارێکی ئاساییە و وەکو لە زانستی (دەقئاوێزان)دا باس دەکرێت، تێکستی خالیس و سەربەخۆ بوونی نییە، بەڵکو هەر شیعر و بەرهەمێك ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەك بە ئەڵقەکانی پێشەوەی خۆی و دوای خۆیەوە گرێدراوە. بۆ نموونە ئەحمەدی کۆر تێکستێکی ئایندارییی ڕەوان و پاراوی هەیە، کە دەشێ لە شێوەی چوارینی تەرجیع بەنددا بخرێتە ڕوو، کە هاوشێوەی چوارینە بەندەکانی فەقێی تەیران و چوارینە تەرجیع بەندەکەی مەهدی نامەیە و بەم چەند دێرە دەست پێدەکات:

**شەو دێ لە عومرم کەم دەبێ**
**ڕۆژ دێ لە عومرم کەم دەبێ**
**ئەز خۆفی وی ئافەت دەبێ**
**جاچۆن دڵم پڕ غەم نەبێ**
**دونیا بەوەندە مەکروفەن**
**ڕوح خۆشەویستە دەربەدەن**
**هیجرەت دەکاتن ئەز وەتەن**
**جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ**
**هەر کەس بڕێکی بێ کەماڵ**
**دونیا بەوێ پووچی و بەتاڵ**
**نابێ کە نەیکاتن خەیاڵ**
**جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ**
**فەرزەند و خزم و داك و باب**
**دەمرن ئیدی نادەن جەواب**
**بۆ تۆ بەسە هێندە خیتاب**
**جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ**

**دونیا بۆ كەس ناچێتە سەر**
**بێ ئیعتیبارە بێ هونەر**
**دەمرن فەقیر و موعتەبەر**
**جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ**

تێكستەكە تا (١٧) بەیت و بەند درێژە دەكێشێت و بەم جۆرە كۆتایی دێت:

**دەجا وەرە سەیری مەزار**
**دەمرن فەقیران و هەژار**
**تێیدا وەكو بوون چەند هەزار**
**جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ**
**ئەی ئەحمەدی كۆری حەقیر**
**لە دەستی نەفسێ بووی ئەسیر**
**جەهەنەمت كردووە لە بیر**
**جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ**

(دیوان: ٢٧٢)

وەفایی شاعیری شەیدا و جوان پەرست و هاوسلووك و هاونیشتیمانی شاعیر، لەسەر هەمان ڕێ و ڕچە تێكستێكی لە شین و لاواندنەوەی ئەحمەدی كۆردا هۆنیوەتەوە كە تیایا دەڵێ:

**هەی دڵ وەرە هوشیار ببە**
**هذا طریق العاشقین**
**مەحوی جەمالی یار ببە**
**هذا طریق العاشقین**
**لەم لاوە گریەی نای و نەی**
**لەو لاوە خەندەی جامی مەی**
**ئاگر لە عالەم بەردەدەی**
**هذا طریق العاشقین**

**جارێ لە چاوان بگرە خەو**
**بگری بە ناڵەی نیوە شەو**
**تا بێتە دەر ئەو ڕۆژی نەو**
**هذا طريق العاشقين**
**شـــۆڕی دڵ و ســـۆزی دەروون**
**زووخاوی جەرگ و مەوجی خوون**
**خوێنـی گەش و فرمێسـکی ڕوون**
**هذا طريق العاشقين**
**تا دەڵێ:**
**بولبـــول دەناڵێنێ حـــەزین**
**گوڵ دێتە عیشوە و پێکەنین**
**بگری بە سـۆزی ئاتەشــین**
**هذا طريق العاشقين**
**کـێ وەك وەفایــی بەنــدەیە**
**لەو جامی دڵ گوڵ خەندەیە**
**بەو جامی خـزری زینـدەیە**
**هذا طريق العاشقين**
**(دیوانی وەفایی: ٢٣٨)**

**هـەردوو چـوارینە تـەرجیع بەندەکـەی ئەحمـەدی کـۆر و وەفـایی لەسـەر هەمان کێشی عەرووزی ڕەجەزی هەشت هەنگاوی تەواو: (مستفعلن مستفعلن مسـتفعلن مسـتفعلن) × ٢ هۆنراونەتـەوە لـە دیـوانی ئەحمـەدی کـۆردا (١١) قەسیدەی موسەممەتی پێنجین و مولەمـەعێکی پێنج خشـتەکی کـە لەسـەر شیعرە ناودارەکەی حـافیز (الا ايهـا السـاقی) دامـەزراوە، لەتـەك یـەك دانـەی قەسیدەی تەرکیب بەند هەیە.**

**لە ریزی قەسیدە پێنجینەکاندا دانەیـەکیان لەسـەر شـێوەی موسـەممەتی پێنجینیی مولەمـەع دامـەزراوە شـاعیر لـە چـەند بەندێکدا ئەسـپی خـۆی لـە**

هۆنینەوە بە هەر چوار زمانەکە (کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی) تاوداوە جگە لە سوود وەرگرتنیشی لە تێکەڵاوکردنی شێوە زارەکانی سۆرانی و کرمانجی و هەورامی ئەم تێکستە جۆرێك لە هونەر و خۆنواندنی سەبك و شێوازی شیعری دەگمەن و جیاوازی تیادا خراوەتە ڕوو:

شاهی موڵکی یەسریب و سوڵتانی تەختی مەدەنی
ئەی گوڵی باغی لەتافەت زین کودامین چەمەنی
قیبلەگای گشت مەهوەشانی تۆ بەشیرین دەهەنی
رەحم ئیلە بیر باسوە دۆینم گوێلمی ئیسترسەنی
دلـــني لان اراكَ في بعيـــد الـــوطني
ئەز بەقوربانی تە بم ئەی شاهی ئەربابی وەفا
میهری تۆ هەرگیز نەگەردەد دەر دڵی عاشق خەفا
چەشمی دێو جارێك بماڵۆ بەرسەرم دەستی جەفا
ئیستەمەم سەنن سیوادان دونیادا زەوق و سەفا
وەی سەنن کەمەند ئەلندەن قوڕ قوڕام بوقسن مەنی
(دیوان: ٢٦٣)

ئەمە قەسیدەیەکی درێژە و لە (٢٧) بەندی پێنجین پێکهاتووە. لە بەندەکانی دواتر شاعیر زیاتر بەلای کوردیدا شکاندوویەتییەوە و زمانەکانی دیکەی وەلا ناون.

لە دیوانی شاعیردا تەنها دانە تێکستێك کە ناچێتە نێو چوارچێوە و قالبی کێشی عەرووزەوە، ئەو شیعرە ناودارەیەتی کە بە (بەهارە) یاخود (دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە) ناونیشان کراوە. دیارە ئەم تێکستە بێ کێشە نییە، ئەوەتا سەید نەجمەدینی ئەنیسی، بڵاوکەرەوەی چاپی دووەمی (دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر) دەڵێ: شیعری (بەهارە) هی شاعیرێکە بە ناوی (شێخ ئەحمەدی شێخ یاب) و هی ئەحمەدی کۆر نییە[٣٥]. بەڵام عەزیز موحەمەد

پوور سووره لەسەر ئەوەی کەوا (ئەحمەدی کۆر) و (ئەحمەدی شێخ باب) و (مەلا ئەحمەدی کۆری ئۆمەرگوممەتی) هەموویان هەر یەکێکن و هۆنراوەی (بەهارە)ش بەگوێرەی چەند کۆنە دەستخەت و دەستنووسێك کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و لە شاری کەرکووك نووسراونەتەوە بەناوی ئەحمەدی کۆرەوە تۆمار کراون. ئەنجا هەر بەو بۆنەیە وا هاتووە کە ئەو هۆنراوە موناجات ئامێزەی کە سوورەتی فاتیحای گرتۆتە خۆ و بەم دێرانە دەست پێدەکات:

**یاڕەسوڵوڵلا زەلیل و دڵ حەزینم ڕەحمەتێ**
**موستەمەند و بێ قەرار و بێ قەڕینم ڕەحمەتێ**
**ڕاحەتی قەلب و وجوود و عیززەتی نەفسم نەما**
**وەقتی مردن حافیزی ئیمان و دینم ڕەحمەتێ**
**دادخواهی مەحشەر و پشت و پەناهی موئمینان**
**هەمنشینی ذاتی وەحدەت ئافەرینم ڕەحمەتێ**

وەك چۆن لە سەرەتای چاپەکانی دیوانی (حەمدی – ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقڕان – ١٨٧٥ – ١٩٣٦)دا هاتووە، ئەمیش هەر هی ئەحمەدی کۆری موکریانییە و بە هەڵە پەڕیوەتە نێو شیعر و دیوانی حەمدییەوە. (بەهارە) تێکستێکی پێنجینەبەندە و لە (١٣) پێنجین پێکهاتووە. لەسەر کێشی (١٤) بڕگەیی هۆنراوەتەوە، کە لە دوو هەنگاوی (٧+٧)دا پێك هاتووە کە وەستان لە ناوەڕاستی هەنگاوەکاندا دەبێت، لێرەدا چەند بەندێکی دەخەینە ڕوو:

**مەکەن مەنعی عاشقان عاشق کاری دیژوارە**
**هەرچی عیشقی لە دڵ بێ، بێ سەبر و بێ قەرارە**
**دائیم لەبەر هیجرانێ، ڕەنگ زەرد و لێو بەبارە**
**دەعیشقێدا سووتاوم، غەمم لە چوار کەنارە**
**لەبەر دەرد و حەسرەتان، گریانم دێن هەزارە**

گـەلۆ دەردان ئـەز هـەڵگرت، سـاتێ نـاگرم قـەرارێ
شـەو و ڕۆژێ ناسـەبرێم، لەبـەر غـەمی دەیـارێ
دڵـی مـن هێنـد لـە جۆشـە، ئەسـرینم دێنـە خـوارێ
مـەگین بـەوەی سـاکیت بـێ، ببـێن دەنگـی بـەهارێ
بـەگوڵانم دێـن سـەبووری سـەر بێننـە دەر لـە خـارێ

مزگێنـی بـێ لـە یـاران دەڵـێن ئـەوڕۆ بـەهارە
هاتن تەیری دەڕەنگین جووت بەجووت بوون قەتارە
نیشـتن لـە دەم شـەتاوان، زەینـی کـە چـەن هـەزارە
ڕەنگاندنیان قۆپی و شـەن، لـە هـەر گۆشـە و کـەنارە
گـوڵ هاتنـە پێکـەنینێ، نـە یـەك نـە چـەند هـەزارە

هـەوری دەڕەش دەهـاتن، گرتیـان بـەری ئاسمـانێ
غـەمی دڵـم چـەند زۆرن، بـابڕۆن دەگـەڵ ئەسـتانێ
لـە گـوڕەی دە شـەماڵی، لـە ڕێژنـەی دە بـارانێ
کوێستان مابوون لە تەمێ، هەوەڵ مانگی نیسانێ
بـە سـروەی دەشـەوبایە، گـوڵ خـۆی داوە لـە سـانێ

دووبەندی دواییشی بەم جۆرەیە:

بـۆنی گـوڵان ئـەز هـەڵگرت، لـە دەم جـۆ و سـەراوان
هـاتن تـەیری گـەرمێنێ، کـەوتن لـە دەم شـەتاوان
لـە هاشـەی دەشـالوورێ، گـڕ بەربوونـە هـەناوان
فرمێسـکم دێـن بـە جووتـە، خوێنـاوم دێـن لـە چاوان
لـە حەسـرەتی دەیـارێ، دەنـاڵم وەك سـووتاوان

لەبـەر غـەمی دەیـارێ، شـەو و ڕۆژم خەونایـە
چەن جوامێر و سوارچاکن، کۆچیان کرد لە دونیایە
ئەحمەد ئـەتوش ڕادەبری، یـار بـۆت دەکـەن دوعایـە
مزگێنـی بـێ لـەیاران، جـێن جەننـەتول مەئوایـە
ئـەو بـەهاری بـەگوڵزار، بـۆ کـەس دەتـاریف نایـە

(دیوان: ١٩٧)

ئەوەی لەو تێکستە لە بەر چاوە، جۆری ئەو وەسفە جوان و دڵگیرە ڕەنگینەی وەرزی بەهارە، بەو دەربڕین و زمان و داڕشتنە خۆماڵی و ناوچەییەی وڵاتی موکریان. ئەم دیاردەی ڕەنگدانەوەی شێوە ئاخاوتنی موکری، کە وەکو پرشەنگی پەلکەزێڕینە باڵا پۆشی ئەم تێکستە بووە و لە شیعرەکانی دیکەی شاعیریش هەمیشە وەکو تایبەتمەندییەکی زمانی شیعری خۆجێیی هەمیشە دەدرەوشێتەوە. سەرباری ئەوەش ڕادەی کاریگەربوونی شاعیر بە شیعری فۆلکلۆری و پەند و بەیت و باوی ناوچەکە نیشان دەدات، کە ئەمەش وەکو ڕواڵەتێك سێبەر و سایەی بەسەر سەرلەبەری شیعر و هۆنراوەکانی شاعیرەوە دیارە، رەنگە دوو هۆکار لەپشت ئەم خەسڵەتانەوە بن:

یەکیان ئەوە دەگەیەنێ کەوا پاشخان و پێشینەی ڕۆشنبیریی شاعیر ئەوەندە بەرز و باڵا نەبووە، زمان و ڕۆشنبیرییە ئەدەبییەکەیشی هەر تۆزێك لە سەرەوەی ڕۆشنبیریی گشتی ئایینی و شیعری میللی و بەیتی کوردیدا ماوەتەوە تەنات لە وەسف و وێنە و دەربڕینیشدا هەر لە بازنەی وێنەی وەسفیی راستەوخۆ و ئاستێك لە لێکچواندنی سادە ماوەتەوە ئەویش بەزمان و داڕشتنێکی میللی و ساکار.

دووەمیان ئەوەیە کە گۆیا لە تافی لاوێتیدا گۆییندەیەکی گەڕیدە و دەنگ خۆشێکی زیرەك و لێهاتوو بووە دیارە ئەم رابردووە هونەری و ئەدەبییەش، لە قۆناغەکانی دواتردا کاریگەریی خۆی نواندووە لەسەر نەخشاندنی کر و ئاکار و زمان و دەربڕین و کێش و ئاوازی هۆنراوەکانی.

مەسەلەیەکی گرینگ و بنەڕەتی لە شیعر و هۆنراوەکانی ئەحمەدی کۆردا کە پێویستە تیشکی بخرێتە سەر، ئەو رواڵەت و ناواخنە ئایینییە چڕ و بڵاوەیە کە وەکو مۆرکێکی تایبەت لە موناجات و پاڕانەوە و خۆشەویستیی خوا و پێغەمبەر و، هێنانەوەی واتا و دەلالەتەکانی قورئان و حەدیس لە شیعرەکانی و دواتریش هێنانە گۆڕێی نەریت و مەسەلەکانی تایبەت بە عیشقی سۆفییانەیە، کە سەرلەبەری شیعر و بەرهەمی شاعیریان گرتۆتەوە.

ئەنجا هەر ئەو عیشق و سەودایە وای لە شاعیر کردووە، شیعرەکانی دارماڵ بێت لە ئایەت و حەدیس و بڕگە و زاراوەکانی ئایینی ئیسلام تا ئەوەی وەکو شاعیرێکی لاهووتی شەیدای پێغەمبەر و ئایین و تەریقەت دەرکەوێت.

بۆ نموونە یەکێك لە تێکستە پێنجینە درێژەکانی بریتییە لە قەسیدەی (ژاری عیشق) کە لە (٢٨) بەندی پێنجین پێکهاتووە، کە هات و شەرح و پەراوێزی تەواوی بۆ بکرێت دەبیندرێت کەوا چۆن شێوە ئینسکلۆپیدیایەکی ئایینی وەردەگرێت، لە دووتوێی بەندەکاندا لە سەرەتا ئاماژەیەکی زۆر بۆ چیرۆکی پێغەمبەران هەیە، لە وێنەی چیرۆکی ئادەم و حەوا، ئیبراهیم و تۆفانی نووح، یوونس و یەعقووب و یووسف و عیسا و مریەم، لووت و ساڵح و یەحیا و زەکەریا و یوشیع و جەرجیس و ....تاد ئەنجا داستانە ئایینیەکانی وەکە ئیسرا و میعراج و ئەهلی غار، مووسا و کێوی توور، حەکایەتی دەجال، قەومی عاد و سەموود. ئەنجا ژمارەیەکی زۆر لە ناو و ڕەمزە داستانییەکانی سۆفیگەریی ڕۆژهەڵاتی هێناوەتەوە، لە وێنەی داستانەکانی، شێخی سەنعان، مەنسووری حەللاج، حەکیم و لوقمان، بەلقیس و سلێمان و داستانەکانی لەیلا و شیرین و خەزاڵ و زولێخا و....تاد.

دیارە بە زمانی ئیماژ و نیشانەوە بۆ ئەم ناو و ڕەمز و چیرۆکانە، شاعیر مەبەست و بیر و هزری خۆی دەربڕیوە. لە قەسیدەی (راهی عیشق) کە لە (٣٩) بەندی پێنجین پێك دێت درێژترین قەسیدەی دیوانەکەیەتی لەسەر هەمان داب و ڕێوشوێنی قەسیدەکەی پێشوو شاعیر پەنا بۆ رەمز و داستان و چیرۆکە ئایینییەکان دەبات. لە عاشقە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات ناوی مەجنوون و سەنعان و فەرهاد و وامیق دەبات، بەلای شانامەدا دەچێ ئاماژە بۆ چیرۆك و سەرگوزەشتەی (پیلەتەن، ئەشکەبووس، رۆستەم، گورشاسب، گودەرز، تووس) دەکات. باسی عیلم و عەمەل و خوو خدەی عاشقانی راستەقینە دەکات. دوو بەندی تێکستەکە لەگەڵ بیرۆکەی فەلسەفەی عیشق و خۆشەویستی خودایی لای (رابیعەی عەدەویە)دا ڕێك دێتەوە، کاتێك عیشق و سەودا و خۆشەویستیی زاتی یەزدانی مەزن خۆی لەخۆیدا دەبێتە تاکە

ئامانج و مەبەست بۆ پەرستن و پەیڕەوکردن، لە بری ترسی ئاگر و سووتانی دۆزەخی ئاخیرەت یاخود شادبوون بە چێژ و خۆشیی بەهەشت، شاعیر لەو بارەوە دەڵێ:

**گەر لە بۆ ئیمانە تاعەت، غەیری کوفرم نین چ کار**
**گەر لە بۆ جەنناتە تاعەت، نامەوێ جوز قەعری نار**
**نیم خەدیمی تاعەت و تەقوایە ئەز پا بۆسی یار**
**ڕووسواو بەدنامی دونیا، نامەوێ ناموسی عار**
**تۆبە لەو زوهد و ڕیای پڕ عوجب و پڕ کیبر و نحووس**
**مەزهەب و میللەت لە بۆ عوششاق نییە جوز ڕوویی یار**
**عاشقان غەیری جەمالی یار چ ناکەن ئیختیار**
**ڕۆژ و شەو بۆ رۆئیەتی جانانە، خۆی دەر ئینتیزار**
**غەیری وی بانار و جەننەت کوفر و ئیمان نین چ کار**
**نایەوێ چی نەفعی نەفسە جوز زەرەر شەڕی نفووس**

زاڵبوونی مەبەست و دەربڕین و تێرمی زانست و زاراوەکانی ئایینی و تێهەڵکێش و بڵاوبوونەوەی گەلێك ڕستە و بڕگە و دەستەواژەکانی قورئان و حەدیس بە ناواخنی هۆنراوەکانی شاعیردا، کارێکی وای کردووە زمانە شیعرییەکە لێوانلێو ئاخناو بێت بە وشە و پێکهاتە و زاراوەی عەرەبی و ئیسلامی، تەنانەت لە هەندێ تێکستدا زمانە شیعرییە کوردییە خۆماڵییەکە لە نێو شەپۆلی وشە و زاراوەی بێگانەی عەرەبی و فارسیدا خنکاوە.

دیسان شاعیر بە شێوەیەکی بەرچاو پەنای بۆ ڕێزمانی ڕستەسازی و پێکهاتەی فارسی بردووە لە دەربڕینی هزر و مەبەستەکانی، ئەم دوو بەندە لە پێنجینی ناوبراوی پێشەوە تا رادەیەك تیشك دەخاتە سەر ئەو مەبەستانە:

**بشنەو ئەز مەن یەك حەدیث ئەز جەنبی (رب العالمین)**
**یاعیبادي إن عرشي في فؤاد المؤمنين**

قالَ (نحن اقرب اليه من حبل الوريد) منه مبين
فاعبدوني لاإله إلا أنا حق اليقين
عاشقان گوفت (لي مع الله) ماقه ديميم نەحدووس
ئەی دڵی سەرگەشتەیی ئەبلەی زەعیفی نابەکار
قەولی جانان نابیٚ حاڵی، تا لەچاوان خوێن فوار
پێشەوایان خوێن دڵی خۆ، کردە قووتی ئینتیزار
خۆزی من گورگێن سەگێك بام، کەوتە بەردەرگایی یار
سەرد و گەرم و زەجر و زەرب و جارجارە خاکبووس

لە سەرێکی دیکە جێناوە قالبی (ئەن)ی کەسی یەکەمی ئاخێوەر لە زمان و دەربڕینەکانی شاعیردا حزوورێکی بەرچاوی هەیە، دیارە بەکاربردنی ئەو جێناوە قالبە لەو ڕۆژگارەدا لە برەودا بووە، بەر لەوەی لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستدا پەیتا پەیتا شوێنەواری ون بێت تا بە تەواوی فەرامۆش بکرێت و (من)ی بەرکاری جێگاکەی بگرێتەوە.
وەك لەم دێرانەدا هاتووە:

دڵبەرا دایم دەناڵم، ئەز بە سینەی پڕ لە دەرد
جاریٚ ناپرسی لە حاڵم بۆت دەکێشم ئاهی سەرد
**********
دائمەن ئەز هەر دەناڵم، جان و دڵ وەك کۆی زوخاڵە
کوشتەی دوو برۆی هیلالە ئەی گولی ئەغیار و یار
**********
لە کوێستانی دەوا ڕەند، دڵی ئەزە حەزینە
گوڵبون لەدەم ڕووباران، جوان دەبوون بە پەرژینە
بابێن گوڵان ببینن هەرکەس دڵی غەمگینە
ئەو گوڵی دە دونیایە، وەفایان بۆ کەس نینە
خۆشی لە بۆ وان کەسان، دڵ بەدونیٚ خۆش نینە

ئەمە جگە لە (أن)ی ئامرازە پێشگری فارسی کە لە هێنانەوەی پێکهاتە فارسییە ئامێزەکاندا بە زۆری پاتە کراوەتەوە:

**یا رەسوولوڵلا دەخیل، ئەز زەیقەتی رۆژی قیام**
**کون تەڕەحوم، ئەز بەرایی ئین حەقیری نا تەمام**
**************

**هەرکەسێ عاشق ببێ ئەز کاری خۆی حەیران دەبێ**
**دڵ بە ئێش و ناڵەو و کێش چاوەڕێی جانان دەبێ**
**خاریج ئەز حەدد و میزانە، تیر لە جەرگ و کەزەبانە**
**دڵ ئەوا وەحشی و نەزانە، یارە ساحەب ئیختیار**

ئەمە بێجگە لە بەکارهێنانی لە گوتە و پێکهاتە کرمانجییەکاندا کە لە ناو ڕستە شیعرییەکانی شاعیرا زۆر بڵاون:

**بۆنی گوڵان ئەز هەڵگرت لەدەم جۆ و سەراوان**
**هاتن تەیری گەرمێنێ، کەوتن لە دەم شەتاوان.**
**************

**شەو هەتا رۆژێ دەناڵم ئەز بە سەد ئاه و فەغان**
**ئەز فیدای ئەبرۆی هیلالم، مەستی چاو جەیرانەکان**
**************

**دڵبەرا ئینساف نییە هێندە لە بۆ تۆ غەم بخۆم**
**ئەز لە داخ و حەسرەتی تۆ، قەد چو چەوگان سەرچو گۆم**
**چ بکەم ئەز حەق نامکوژێ زۆر عاجزم لە ژیانی خۆم**
**بای سەبا گەر تۆ لە جانان بینێکی خۆش بێنی لە بۆم**
**نامەوێ (ماتشتهي الانفس) بە حوکمیش بمدەنێ**
**************

**پێنجین و پێنج خشتەکی:**

لـە کـۆی (٤٨) تێکسـتی بەرهەمـەکانی دیـوانی شـاعیر (١٢) دانـەیان موسـەممەتی پێـنجین و یـەك دانـەیان لەسـەر شـێوەی پێـنج خشـتەکی هۆنراونەتەوە. هونەری موسەممەت بریتییە لـە دابەشـکردن و پارچـە پارچـە کردنی دەقی شیعری بـۆ سـەر چـەند بـەش و پارچـەیەك کـە هـەر یـەکێکیان (بەند)ی پێ دەگوترێت. بەندی موسەممەت دەشێ لە ٣ یا ٤ یا ٥ یا ٦ نیوە دێر پێك هاتبێت، ئەو کاتە ناوی ژمارەی نیوە دێرەکان بە خۆیەوە دەگرێت، وەکو موسـەممەتی سـێیین، موسەممەتی چـوارین، موسـەممەتی پێـنجین و شەشین.. نیوە دێرەکان هاوکێش دەبن و سەروای نیوە دێـری کۆتـایی هـەر بەندێك جیاواز و لە هەموو بەندەکانا وەکو یەك دەبن، بۆ نموونە:

موسەممەتی سێیینە:

..........آ

..........آ

............ب

..........ج

..........ج

............ب

موسەممەتی چوارینە:

...............آ

...............آ

..............آ

..............ب

............ج

............ج

............ج

............ب

موسەممەتی پێنجینەش بەم جۆرە دەبێت:

..............آ

..............آ

.............آ

.............آ

...............ب

..............ج

..............ج

.............ج

.............ج

..............ب

لە شیعری کوردی کلاسیکدا موسەممەت بەزۆری شێوەی بەندی پێنجینـە (پێنجینە بەند) وەردەگرێت.

کە سەروای نیوە دێری کۆتایی بەندەکان یەك دەگرێتەوە:

...............آ

..............آ

..............آ

.............آ

.............آ

..............ب

..............ب

.............ب

............ب

...........آ

............ج

............ج

............ج

............ج

...........آ

هـەموو پێنجینـە بەنـدەکانی دیـوانی ئەحمـەدی کـۆر دەچـنە خانـەی قەسـیدەی بـەناوەرۆك موناجـات و ئـاییني و تـەنها (پێنجینـە بەنـدە) کـەی (بەهارە)ی لێ دەربچێت کە هەم بـە نـاوەرۆك وەسـف و بەهارییـە و هـەم بـە کێش برگەیی خۆمـاڵیی کوردییـە وەکـو چـۆن لـە پێشـەوە لەسـەری دوایـن. هەروەها تا رادەیەك رۆشنااییشمان خستەسەر چەند لایەنێك لەو دوو قەسیدە پێنجینـە درێـژەی کـە لـە دیوانەکـەدا هـاتوون. مایـەوە تێکسـتی بـەرایی دیوانەکەی شاعیر کە لە سەر شێوەی مولەمەعی تێهەڵکێشی پێنج خشتەکیدا دامـەزراوە. لـە زاراوەسـازیی عەرووزیـدا مولەمـەع بـەو پارچـە هۆنراوەیـە دەگوترێت کە لە هۆنینەوەیدا دوو زمان یان زیاتر بـەکار هێنـدرابێت، جـا چ لەلایەن خودی شاعیرەوە وەکو جۆرێـك لـە هونـەری جوانکـاری پـەیڕەوی لێ کرابێـت، یـا ئـەوەتا دوو پارچـەی دوو شـاعیر کـە بـە دوو زمـانی جیـاواز بـن تێکهەڵکێش کرابن لە یەك تێکستدا. دیـارە تێکهەڵکێشـیش بریتییـە لـە وەی کەوا شاعیر پەنا بۆ پەند و حەدیس و ئایەت و شیعری شاعیرانی دیکە ببات و سـوودیان لێ وەربگرێـت و لـە شـیعری خۆیـدا بـە کاریـان بهێنێـت. پێـنج خشـتەکیش ئەوەیـە کـەوا شـاعیرێك دەسـت بداتـە ئـەوەی شـیعرێکی خـۆی لەسەر بنەمای شیعری شاعیرێکی دیکە، چ هاوزمانی خۆی بێت یا بە زمانێکی جیاواز هۆندرابێتەوە، دابمەزرێنێ. ئەویش بەوەی کە بۆ هەر دێرە شـیعرێکی ئەو (دوو نیوە دێـر)، سـێ نیـوە دێـری خـۆی بێنـێ و بیخاتـە پێشـەوەی بـە مەرجێك هەمان کـێش و سـەروای پارچـەکەی پێشـوو لـە شـیعرەکەی خۆیـدا ڕەچاو بکات. شاعیرانی کورد لە ئەنجامی سەرسـامی بـە دەسـەڵاتی شـیعری شاعیرانی دیکەوە، ئەنجا بۆ نیشاندانی توانا و دەسـەڵاتی خۆشـیان پـەنا بـۆ (تەخمیس) کردنی شیعر و هۆنراوەی شاعیرانی پێشە خۆیان دەبەن. لـە نـاو شاعیرانی کورددا خواجە حافزی شیرازی و ساقینامە نێودارەکەی (الا یا ایهـا السـاقي ادر کاسـا وناولهـا) جێگـە و پێگـەیـەکی تایبـەتی داگـیر کـردووە، بـە جۆرێك کەوا زیاتر لە (١٠) شاعیری کوردی کلاسیك شیعر و هۆنراوەی خۆیـان لـە شـێوەی تێهـەڵکێش، یـا چـوار و پێـنج خشـتەکی لـە سـەر ئـەو تێکسـتە هۆنیوەتەوە. لەم بوارەدا یەکـەمین شـاعیری کـورد (مـەلای جزیری)یـە کـەوا

غـەزەلێکی خـۆی لـە سـەر شـێوەی مولەمـەعی موسـەممەتی چوارخشـتەکی لەسەر بنەمای ساقینامەکەی حافزدا دامەزراندووە، کـەوا بـەم جـۆرە دەسـت پێدەکات:

**نەوایا موتریب و چەنگیٚ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگیٚ**
**وەرە ساقی حەتا کەنگیٚ نەشوویین دلٚ ژ ڤیٚ ژەنگیٚ**
**حەیاتا دلٚ مەیا باقی بنووشین دا ب موشتاقی**
**(الا یا ایها الساقي ادر کاسا وناولها)**

وێ دەچیٚ ئەحمەدی کۆری ئێمـە دووهـەمین شـاعیری کـورد و یەکـەمین شاعیری سەر بە دیالێکتی ناوەڕاست بێت کەوا پێـنج خشـتەکییەکی تـەواوی لەسـەر ساقینامەکەی خواجـەی شـیرازیدا هۆنیبێتـەوە[٣٦]. دوو بەنـدی سەرەتای تێکستەکە بەم جۆرەیە:

**شەو و ڕۆژ بیٚ قەرارم ئەز لە عیشقی ڕوویی نەوگولها**
**دەکەم تەی چۆل و بەید و بەڕ بە نالین شیبهی بولبولها**
**لە قەیدی زولٚفی تۆ ئەیمەن نییە مەجنوون وعاقلها**
**الا یا ایها الساقی ادر کاسا و ناولها**
**که عشق اسان نمود اول ولی افتاد مشکلها**
**لە شکلٚی تۆ لەڕووی ئەرزیٚ نەهات و کەس نەمی ئایەد**
**لەبۆ عوششاقی دلٚ مەحروق تەبیبی چون تو کەی ئایەد**
**لە نەسلٚی ئادەم و حەوا حەبیبی چون تو چون زایەد**
**بەبوی نافەیی کاخر صبا زان طره بگشاید**
**زتاب جعد مشکینش چەخون افتاد در دلها**

لە بەندی کۆتاییشدا هاتووە:

**ئەلا ئەی ئەحمەدی کۆری زەلیل و خەستە تەن عاجز**
**لە داخ و حەسرەتی جانان مەلوول و مات و گەردن کز**
**دڵت چون خانەیی زەنبوور عەقاریبان لەسەر نا جز**
**حضوری گرهمی خواهی از او غایب مشو حافظ**
**متی ماتلق من تهوی دع الدنیا واهملها**

لە دیوانەکەدا قەسیدەیەك هەیە بە ناونیشانی (عالەم هەموو موشتاقە بە روخساری جەوانی) کە لەسەر شێوە و قالبی تەرکیببەند ڕوونووس کراوە و خراوەتە ڕوو، بەڵام لە راستیدا ئەم تێکستەش هەر شێوەی موسەممەتی پێنجینی هەیە و لەگەڵ فۆرمی تەرکیب بەندا جیاوازە.

**پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم:**

(١) (٢) ڕۆژی کورد، عبدالکریم سلیمانی، ژ(٢)، ١٩١٣، ل ٧٤ – ٧٥.

(٣) زۆر جاران (نالی و سالم و کوردی) بە ناوی (سێ کوچکەی قوتابخانەی شیعری بابان)دەناسرێن، بەڵام لێکۆڵینەوە تازەکان دەیسەلمێنن کە ئێمە لە پاڵ ئەو سێ لووتکەیەی شیعری باباندا شاعیری دیکەی لووتکە و داهێنەرمان هەبووە لە وێنەی (نەفعی و مەلا وەسمان )، کەوا بە درەنگەوە شوێنەوار و شیعر و دیوانەکانیان دۆزراونەتەوە و کەوتوونەتە ناوەوە. بگەڕێوە بۆ:

– دیوانی مەلا وەسمان، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: دکتۆر ئەمین موتابچی، بەغدا، ١٩٧٣.

– دیوانا نەفعی، ساخکرن و بەرهەڤکرن، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی هەولێر ٢٠١٠.

(٤) البیتوشی، محمد الخال، بغداد، ١٩٥٨، ص: ٣٠.

(٥) حاجی قادری کۆیی، مەسعود محەممەد، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٧٤، ل: ١٨٦

(٦) بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ:

– شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، نەجەف، ١٩٧١، ل: ٥٣٠.

– فەرمانڕوایی موکریان، محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، بەغدا، ١٩٩٢، ل: ٢٧ – ٣٠.

(٧) نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، کەریم شارەزا، بەغدا، ١٩٨٤، ل:١٦.

(٨) بۆ نموونە بەندەکانی وەکو پایزە و ئازیزە، کە دوو بەندوباوی زۆر ناسک و پاراو و شاعیرانەیە، ڕەنگە لە موکریان لە سەت جۆر شێوە و گێڕانەوەیان زیاتر هەبێت. بگەڕێوە بۆ ئەو سەرچاوانە:

– تحفەء مظفریە، کرداری: ئۆسکارمان، پێشەکی و ساخکردنەوە: هێمن موکریانی، ٢ بەرگ، بەغدا، ١٩٧٥.

– گەنجی سەر بەمۆر، ئەحمەد بەحری، سلێمانی، ٢٠٠٠.

(٩) شیعری کوردی/ سیاسەت – کۆمەڵایەتی – کوردایەتی، د. مارف خەزنەدار، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستانی، ژ (١)، هەولێر، ١٩٩٩، ل: ٥.

(١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ٢، بەغدا، ١٩٧١، ل: ٤٠٩ – ٤١٨.

(١١) دیـوانی وەفـایی، سـەید عوبەیـدوڵڵای ئـەیوبیانی مەرکـەزی، ئامـادەکردنی: د. عوسمان دەشتی، هەولێر، ٢٠١٢، ل: ١٠٨–١١٠.

(١٢) دیوانی مصباح الدیوان، شەرح و لێکدانەوە: محەمەد سەعیدی نـەجاری (ئاسـۆ)، انتشارات صلاح الدین أیوبی، ارمیە، ١٣٨١، ص: ١٠.

(١٣) تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئـەدەبی کـوردی، دکتـۆر محەمـەد نـووری عارف، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە (١٨)، ١٩٧٤، ل: ٧٥.

(١٤) شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی، ئەمین موتابچی، گۆڤاری کـۆلیجی ئـەدەبیات ژمارە (١٦)، بەغدا، ١٩٧٢، ل: ٥.

(١٥) لە دیوانی نالی، کە مامۆستای یەکەمی قوتابخانەی شیعری بابانە، (پێنجین و پێـنج خشتەکی) بەدی ناکرێت، سالم بە گوێرەی دیوانەکەی چاپی گیوی موکریـانی تـەنیا دوو پارچە شـیعری پێـنج خشـتەکی هەیـە کـە یـەکێکیان لـە شـێوەی (مولەمـەع)ە لەسەر غەزەلێکی فارسی مەولانا خالیدی شارەزووری هۆنراوەتـەوە و ئەوەکـەی تـر پێنج خشـتەکییە و لەسـەر غـەزەلێکی نـالی دامـەزراوە. (کـە لـە دیـوانی کـوردی – مستەفا حەمە بۆر – دا بە هی کوردی دراوەتە قەڵەم)، مەلا وەسمـان دوو پارچـەی پێـنج خشـتەکی لەسـەر شـیعری نـالی و یـەکێکی لەسـەر شـیعرێکی حـاجی قـادر هۆنیوەتەوە. لە شیعرە کوردییەکانی (نەفعی)دا پێنج خشتەکی هەیە.

(١٦) بـۆ زانیـاری زیـاتر سـەبارەت بـەم فۆرمـە شـیعرییانە لای شـاعیرانی موکریـان و بەتایبەتیش وەفایی، بگەڕێوە بۆ:

– دیوانی وەفایی، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨٩ – ٩٤.

(١٧) عەبدوڵڵا بەگی میسباح – ددیوان، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٠، ل: ١٢ – ١٣.

(١٨) وەکو من بـزانم (کـاك سـەلاحوددینی موهتـەدی) بـۆ یەکـەم جـار ئـەم زاراوەی لـە نووسینەکانیدا لە بارەی سوارەوە بەکارهێناوە. بگەڕێوە بۆ:

– دە سـاڵ دوای کـاك سـوار، سـەلاحوددینی موهتـەدی، گۆڤـاری (مامۆسـتای کـورد)، ژمارە(٣)، ١٩٨٦.

(١٩) دەقنامە، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨، ل٤٦.

(٢٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٤.

(٢١) ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، کامەران موکری، هەولێر، ١٩٨٤، ل٦.

(٢٢) لەکاتی هێرشی نادر شادا بۆ سەر ناوچەکانی شارەزوور و کەرکوك و هەولێر لە ساڵی (١٧٤٣ز)دا، خالید پاشای بابان لەگەڵ دەست و پەیوەندکانی و بە خاوخێزانەوە بەرەو مووسڵ پاشەکشێ دەکات، خالید پاشا لەو سەروبەندەدا تووشی نەخۆشییەکی گران دەبێت، (شێخ صادق) ناوێك کە یەکێك لە هاوسەفەرەکانی خالید پاشا بووە، بەیتێکی پاڕانەوە و موناجاتی بەسۆزی بۆ هۆنیوەتەوە. دیارە پاشا هەر بەم نەخۆشییە لە ساڵی ١٧٤٣دا و لە شاری (ئورفا) سەردەنێتەوە. بگەڕێوە بۆ:

– میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨، ل: ٧٢.

هەروەها بۆ تەواوی بەیتەکەش بگەڕێوە بۆ:

– کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠، ل: ١٤ – ٢٧.

(٢٣) ئەم بەیتە لە هۆنینەوەی شاعیری میللیی کورد، عەلی بەردەشانییە (١٧٦٧ – ١٨٠٩). تیادا داستانی شەڕ و نەبەردەکانی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان لە نێوان ساڵانی (١٨٠٤ – ١٨٠٦)دا دەگێڕێتەوە. بڕوانە بۆ:

– دیوانی عەلی بەردەشانی، زیاد محەمەد ئەمین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل: ٢١١ – ٢٢١.

(٢٤) ئەم بەیتە لە ستایشی (خان ئاودەل)ی میری سۆراندا هۆنراوەتەوە و لە دەستخەتێکدا تۆمار کراوە کە ساڵی (١٢٧٦ك/١٨٥٩ز) نووسراوەتەوە. بگەڕێوە بۆ:

– کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەرگی دووەم، ل: ٦٩ – ٧٩

(٢٥) ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، کامەران موکری: ٦.

(٢٦) له گۆڤاری (گەلاوێژ)، ژماره (١)ی ساڵی (١٩٤٥)دا تاقه دێره شیعرێکی عەرووزی ئامالّ کلاسیك و پتەو داڕێژراو، دراوەته پاڵ مەلا عەبدوڵڵای بەیتووشی (١٧٤٧ – ١٨٠٦)، که شاگرد و قوتابی ئیبنولحاج بووه، دێره شیعرەکه بەم جۆرەیه:

له دیباجەی کیتابی حوسنی عالّەم هەر وەرەق لادەم

دەبینم مەبحەسی وەسفت له هەر فەسڵ و له هەر بابێ

له دوایه هەر دوو زانای پایه بەرزی کورد (شێخ محەمەدی خالّ) و (د. مارف خەزنەدار) له نووسراوەکانیاندا بەهەمان بۆچوون دووبارەیان کردۆتەوه. کەچی ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیه کەوا ئەم دێره شیعره له ناواخنی تێکستی قەسیدەیەکی (حەریق)دا هاتووه که سەرەتاکەی بەم شێوه دەست پێدەکات:

قەمەر کەوتۆته میزانی خەیالّم موشتەری بابێ

له عیقدی نەزم و نەسرم تالیبی عیقدی سورەییا بێ

بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوه بۆ:

– البیتوشی، محمد الخال، بغداد، ١٩٥٩، ص: ٩٢.

– مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب٣ :٣٦

– دیوانی حەریق، ئامادەکردنی: سەیید نەجمەدین ئەنیسی، سلێمانی، ٢٠١٢ :١٩٩.

(٢٧) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم: ٢٩ – ٣٣.

(٢٨) دەقنامه: ٣٤ – ٣٥.

(٢٩) ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیضی بەگ، تۆژینەوەی: لیژنەی وێژه و کەلەپوور، بەغدا، ١٩٨٣، لاپەڕەکانی:٢٣ ٢٤، ٣٢، ٤١.

(٣٠) سەروا، عەزیز گەردی، چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل: ٢٦٨

(٣١) دیوان و شەرحی حالّی شێخ ئەحمەدی کۆر: ١٤٨

(٣٢) سەروا، عەزیز گەردی: ٣١٨.

(٣٣) زۆر جار له لای نووسەران جۆرێك له ئالۆزکاوی و شوێنگۆڕکێ له نێوان ئەم دوو هونەره جوانکارییه شیعرییه، واته (رد الصدر علی العجز) و (رد العجز علی الصدر) پێکهاتووه. لای خاوەنی (ئەنجومەنی ئەدیبانیش) هونەرەکه ناوی بەپێچەوانه هاتووه نەوەك به دروستی، بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوەیه بکه:

- فنون بلاغت وصناعات ادبی، استاد علامه جلال الدین همایی، نشرهما، شهران، ١٣٧٧، ص:٧٠.

(٣٤) دیوانی شێخ ئەحمەدی كۆر، سەیید نەجمەدین ئەنیسی، ل:٤٥.

(٣٥) هەر ئەو سەرچاوەیە: ٥٨.

(٣٦) بگەڕێوە بۆ:

- الا یا ایها الساقی و دوازده بابەتی تر، عەبدوڵڵا خدر مەولوود، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٤١ – ٦٥.
- دیارە (سالم)ی شاعیری قوتابخانەی بابانیش (٨) نیوە دێری ساقینامەكەی حافزی وەرگرتووەو لەگەڵ (٨) نیوەدێری خۆیدا تێهەڵكێش كردووە. وای بۆ دەچم كارەكەی ئەحمەدی كۆر تەواوتر و لە پێشووترە، هەر واشی بۆ دەچم كە لە ژێر كاریگەریی جزیریدا دەستی دابێتە ئەم كارە.

# بەشی سێیەم
# بەرەی یەکەمی شاعیرانی موکریان (کلاسیك)

## وەفایی

وەفـایی (مـیرزا عەبـدوڕڕەحیمی کـوڕی مـەلا غـەفووری کـوڕی مـیرزا نەسـروڵڵا)یە، لـە نێـو شـاعیرانی بـەرەی یەکـەمی موکریانـدا تاقانەیـە، هـەر ئەویش قافڵەسالاری کاروانی ئەو شیعر و ئەدەبیاتەیە کە بە هاوکاری دەگەڵ (حەریق و ئەدەب)دا لە وڵاتی موکریان بەڕێیان خستووە و گەشـەیان پێـداوە و بڵاویان کردۆتەوە. وەلێ مخابن دەردە کوردەکە لە موکریانیش و سەبارەت بە وەفایی خۆیشی هەر هەمان دەرد و هەمان داخە!، ئـەویش خـۆی لـەوەدا دەنوێنێ کەوا ساڵنامەی بوون و هاتنە دنیا و چۆنییەتی ژیـان و پێگەیشـتنی لە قۆناغەکانی هەوەڵی ژیانیدا ڕوون و ڕاشکاو نییە![1].

پیرەمێردی نەمر (حاجی تۆفیق بەگ/ ١٨٦٧ – ١٩٥٠)، ساڵ و شـوێن و مێـژووی مـردن و کۆچـکردنەکەی بـۆ دەستنیشـان کـردووین، بـەڵام ئـەوەی تائێستا سەبارەت بە ساڵ و کاتی هاتنە دنیایەوە گوتراوە کەمێکی ڕاستە و بەشی زۆری هەر مەزەندە و تەخمینە[2].

بـە گـوێرەی ئـەو بـیر و بۆچـوون و لێکدانەوانـەی کـە بـۆ چـاپی دوایـی دیوانەکەیمان کردووە، وێدەچێ لە سەروبنی دەیەی سێیەمی سەدەی نـۆزدە لە سابڵاغ هاتبێتە دنیاوە[3].

ساڵانی سەرەتای ژیان و خوێندنی هەر لەوێ لای باوکی و لـە مزگـەوت و مەدرەسەکانی سابڵاغ بەڕێ کردووە تا ئەوەی بەدابی فەقێیـەتیی ئەوسـا لـە کوردسـتان، بـە دوای خوێنـدن و تەحسـیلدا دەکەوێتـە گەشـت و گـەڕان، شـارەزوور و سـلێمانی و مووسـڵ دەپێـوی و لـە پاشـان بـەرەو بارەگـای حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا پێ هەڵدەگرێت. وێدەچێ لـەو

گەشت و گەڕانەدا بە خزمەت حاجی شێخ عەبدوڕەحمانی (ئەبولوەفا/ ١٨٣٧ – ١٨٦٨)، کوڕی شێخ عوسمانی سیراجوددین گەیشتبێ، هەم تۆبە و تەریقەتی لەسەر دەستی ئەو زاتە وەرگرتبێ و هەم نازناوی (وەفایی) لە پاشناوی (ئەبولوەفا)ی ئەوەوە بۆخۆی خواستبێت(٤).

لەو گەشت و گەڕانەدا تا ئەندازەیەك زانست و زانیاری و هونەری وەرگرتووە و لە پاشان کە گەڕاوەتەوە سابلاغ لە خزمەت مەلا و زانا ناودارەکانی ئەوکات لە وێنەی (مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب) درێژەی بە خوێندن و فێربوون داوە. لە پاڵ زانستەکانی تایبەت بە ئایینی ئیسلامەتی، زانیارییەکانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و کوردی بە تەواوی وەرگرتووە.

هەر لەو دەورەیە ماڵ و خێزانی لەگەڵ (زارا خاتوون) لە سابلاغ پێکەوە ناوە، لەو ساڵانەدا پابەندی تەریقەت بووە و لە ڕێگەی نامە و نووسراویشەوە پەیوەندی لەگەڵ خانەقای (تەوێڵە) و شەخسی شێخ عومەری زیائوددینەوە (١٨٣٩ – ١٩٠٠) هەبووە. لەو سەروبەندەدا وەفایی زیاتر لە (٣٥) ساڵی تەمەن تێپەڕاندووە و هەر لەو ڕۆژگارەدا کەڵکەڵەی سەفەر و سییاحەتی شاری ئەستەنبۆڵی پایەختی خەلافەتی دەکەوێتە سەر، لە نامەیەکیدا بۆ شێخی زیائوددین ئەم ڕازەی دڵی دەدرکێنێ و دەڵێ: (پار ساڵ عەرزی پایەبەرزتانم کردبوو کە إن شاء الله بۆ مەرکەزی خەلافەت سەفەر دەکەم، بەڵام بە حوکمی (ما یکون الا ما ارید یعقبه) سەفەرەکەم گرفتی هاتە پێش. لەم کاتانەدا گیانبەخشانە بیری سەفەرەکەم هاتۆتەوە سەر و نیازی ڕاستەقینەم ئەوەیە کە لەو سەرەوە لە ڕێگەی بەغدادەوە بگەڕێمەوە، ڕجا و تکام وەهایە کە هیممەت بکەن تا ئەو ئارەزووەی چەندین ساڵەم لە قسەوە ببێت بە کردار، ئەنجا تاوەکو لە ژیانیشدا ماوم لە زیارەتی خاکی بەرپێی پیرۆزتان مەحرووم نەبم). ئەمەش دەقی نامەکەیە:

**عریضەء مرحوم وفایی به حضور مبارك حضرت ضیاءالدین**

قربان حضور مبارکت شوم، فدوی جان نثار، بعد از عرض کرور کرور آرزومندی و شوق واشتیاق حضور پر نور، جسارت به عرض می نماید به آن دلیل که مقربان بارگاه قدس مظاهر و مرآت ذاتند، عقیدهء بنده این است که روحنا فداه به مافی الضمیر حقیر که تا چه درجه خودرا به خاك آستانه می شمارم خبیر هستند عرض این مراتب غایت الغایت برای این سرگشته محض جهالت و سفاهت است، لیکن باز اگر اشاره گستاخانه در عرض اخلاص عرض خواهد شد لیطمئن قلبی است استدعا دارم از مرحمت باطنی محروم نفرمایند. پار سال هم این مراتب را که انشاالله به مرکز خلافت سفری هستم عرض کرده بودم، به حکم وما یکون الاّ ما ارید یعقبه تعویق افتاد. این وقتها جان نثار در فکر سفر افتادهام جزم صادق این است که از آن سر از راه بغداد انشاالله معاودت واقع شود؛ رجاء استدعا می کنم که همت بفرمایید که این آرزوی چندین ساله از قول به فعل آید و تا زندهام از زیارت خاك قدم مبارك محروم نمانم؛ زیاده جسارت نورزیده به زیارت خاك پای سکان آن آستان مصرّع می شوم. تصدقت شوم دعای حسن خاتمه اهم واعظم مطالب است وبعد همتی استدعا دارم که از این زیارت خاك پای محروم نشوم وبنویسید دوو کلمه دستخط مبارك، مفتخر وشادم فرمائید.

سەرچاوە:

فهرست مندرجات حواشی دیوانی دستخط وفایی، بقلم میرزا عیسا گورك (لە دەفتەرێکی دەستنووسی سەید عوبەیدوڵڵای ئەییوبیانی مەرکەزی وەرگیراوە).

ئەمە ئەو قسەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە لەپێشدا وەفایی مورید و مەنسووبی شێخانی تەوێڵە و بیارە بووە، هەر بۆیەش دەستەوداوێنی شێخی زیائوددین بووە و لە ڕازونیازی سەفەرەکەی ئاگاداری کردۆتەوە. تا ئەویش هیمەتی بۆ بکا و نامەیەکی بداتێ یا ڕاسپاردەیەکی بۆ بکات، تا لەو

سەفەرەی ئەستەمبۆڵ هاوکار و یارمەتیدەری بێت، ئەو لەو نامەیەدا نیاز و ئارەزووی ئەوەیشی نیشانداوە کەوا لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا سەرێکیش لە بەغداوە هەڵدێنێ و تا بە خزمەت و زیارەتی شەریفی ئەو زاتە شادمان بێت، پێ دەچێ ئەو زاتە لەو ڕۆژگارەدا نیشیمەنی لە بەغدا بووبێت، بەڵام ئایا وەفایی وەڵامێکی لە شێخەوە بەدەست گەیشتووە یا نا ئەوە زۆر ڕوون نییە، بەڵام زیاتریش پێ دەچێ کە وەڵامێکی پێ نەگەیشتبێتەوە، بۆیە ڕووی تکا و خواست و داواکاری ئەمجارە بەرەو لای شێخی شەمزینان وەردەگێڕێ. خەلیفە و موریدەکانی خانەقای نەهری لە موکریان ئامۆژگاری و پێشنیازی بۆ دەکەن. وەفایی لەو بارەوە دەڵێ: (چند روز قبل که هنوز در وطن بودم این بیت را نیاز مندانه ! سروده بة حضور فرستاده شد:

**ای غبار آستانت کحل چشم راستان**
**ای کلاه پاسبانت فخر تاج خسروان**
**ای دل و دین را یکی نطق زبان خیردان**
**ای امید نا امیدان ای پناه بی کسان**
**نا امید و بی کسم، دست من و دامان تو**(٥)

ئەمە قەسیدەیەکی تەرجیع بەندی درێژە و وەفایی بەشێکی زۆری بۆ ستایش و پیاهەڵدان بە شانوشکۆی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان (١٨٣١ – ١٨٨٣) تەرخان کردووە، لە دوتوێی هەموو قەسیدەکەشدا بە زمانی ئاماژە و موناجات و پاڕانەوە هاوکاری و یارمەتی لە شێخ دەخوازێت.

لە دوای ئەوە خۆیشی هاوڕێ لەگەڵ کاروانی مورید و خەلیفەکانی موکریان دەچێتە بارەگای خانەقای نەهری و لە (١٨٦٦)دا بە خزمەتی شێخ دەگات(٦).

لەوێش یەکەمین قەسیدەیەك کە دەینووسێ و پێشکەش بە شێخی دەکات، موسەممەتێکی شەشینەی فارسییە کە بەم جۆرە دەست پێدەکات.

**دوش اندر میکده چون دیبەی زیبا زدند**
**گردش از جاروب زلف و طرەی حورا زدند**

ساقیان دست طرب در گردن مینا زدند
خاك آدم را نم از سر چشمەی صهبا زدند
برسر شوریده تاج علم الاسما زدند
وین دل دیوانه را القاب عرش الله زدند

لە بەندێکی دیکەی ئەو قەسیدەیە ڕووی قسە ڕاستەوخۆ و بە ڕاشکاوی لە شێخەوەیە:

قیبلەگاه دین عبیدالله ثانی نام او
جلوەگاه انس و جان سقف سر او بام او
آفتاب عالم بالا جهان بین جام او
سر ز خورشید زند هر ذره در أیام او
روح بخشی مردگان از همت انعام او
دم از اعجاز مسیحای نبی الله زدند

لە کۆتایی قەسیدەکەدا نیازی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێ:

ای شه تخت ولایت من نەمهمان توام
ز آشنایان سگ درگاه و ایوان توام
بت پرستم هرچه هستم دست و دامان توام
گرچه کافر بودەام از نو مسلمان توام
بر وفایی رحمتی قربان دربان توام
همتی کن نفس و شیطانم ره تقوی زدند

لێرەدا چەند دێڕێك لە بیرەوەرییەکانی وەفایی دێنینەوە کە ڕەنگە ڕۆناکایی بخاتە سەر هەندێ لە گرێ ئاڵۆزەکانی سەربوردەکەی. وەفایی دەڵێ: (چون این حقیر بر اراده و تقدیر به قوەی جاذبەی آن حضرت دستگیر شدم، هوس یارودیار در هوش نماندو فکرو آرزوی سیاحت فراموش گردید. باوصف این که جوان بودم و مغرور و شابی پر زور خراب شراب هوسناکی و

سروخوش سرجوش بی باکی بودم، اما چـون گربـه‌ی ضـعیف در پنجـه شـیر عشق و محبت خوار و زار ماندم و چون صعوه نحیف به چنگال شاهباز شوق و مودت گرفتار گردیدم)(٧).

لێره‌وه بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه كه‌وا وه‌فایی:

– ته‌نها بۆ سـه‌یر و سـیاحه‌ت نیـاز و مه‌به‌سـتی سـه‌فه‌ری ئه‌سـته‌نبۆڵی هه‌بووه و هیچ خواست و مه‌به‌ستێكی دیكه‌ی له پشته‌وه نه‌بووه، وه‌كو چۆن پێشتر له زمـانی خۆیـه‌وه بیسـتمان كـه نیـازی گه‌ڕانه‌وه‌شـی هـه‌بووه. ئـیتر مه‌سه‌له‌یه‌ك له دڵ ئێشان و ڕه‌نجـان لـه بنه‌ماڵـه و كه‌سـوكار، وه‌ك چـۆن لـه هه‌نـدێ سه‌رچـاوه‌دا بـاس كـراوه، یـا خوێنـدن و مانـه‌وه و جێگیربـوون لـه ئه‌سته‌مبۆڵ له ئارادا نه‌بووه.

– له‌و سه‌روبه‌نده‌دا ئه‌و لاوێكی سه‌رپڕ له جـۆش و خـرۆش و ئـاره‌زوو و مه‌ستی بووه وه‌ك خۆی دانی پێداناوه، دیاره ئه‌مه له سه‌رێكه‌وه له‌گه‌ڵ ئـه‌و مێژووه‌ی بۆ ساڵی له‌دایكبوونیمان سـاغ كردۆتـه‌وه (سـه‌روبنی سـاڵی ١٨٣٠) ڕێـك ده‌كـه‌وێت و گونجـاوه. له‌سه‌رێكیشـه‌وه له‌گـه‌ڵ ئـه‌و قۆناغـه‌ی یه‌كـه‌می ڕسكانی شاعیرێتی ئه‌وه‌وه له بار و ئاساییه كه‌وا به‌شێك له غه‌زه‌ل و شیعره دڵدارییه‌كانی تیادا داناوه و هۆنیوه‌ته‌وه.

– ئه‌نجا هه‌ر خۆی له خۆیدا دڵبه‌ند و گیرۆده‌ی شێخ بووه و به ئاسـانی ده‌ستبه‌رداری سه‌یر و سه‌فه‌ره‌كه‌ی بووه، هه‌روه‌ها مانه‌وه‌شـی لـه خانـه‌قا و له نزیكی شێخدا پێ خۆش بووه له بری گه‌ڕانه‌وه‌ی ڕاسته‌وخۆی بۆ سابلاغ و بۆ نێو باوه‌شی ماڵ و خێزان و كه‌سوكار.

وه‌فـایی چـوارده سـاڵی ڕێـك لـه خانـه‌قای نـه‌هری و لـه خزمـه‌ت شـێخ عوبه‌یدوڵڵای شه‌مزیناندا ماوه‌ته‌وه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی له‌و ماوه‌یه‌دا چه‌ندین جـار سه‌ری ماڵ و خێزان و وڵاتی داوه‌ته‌وه، ماوه ماوه‌ش ماڵ و خێزانه‌كه‌شـی لـه نه‌هریدا له ته‌ك بـووه. لـه‌دوای ئـه‌و (١٤) سـاڵه كـه به‌رابـه‌ر ڕێكـه‌وتی سـاڵی (١٨٨٠) ده‌وه‌سـتی، هـه‌ر ئـه‌و سـاڵه‌ش ڕێكـه‌وت و مێـژووی شـۆڕش و سه‌رهه‌ڵدانه‌كه‌ی شه‌مزینانه، كه وه‌فایی ده‌ڵێ: له‌و ڕۆژانه‌دا له وڵات بـووم و!

ئیتر لەوە بە دوا چاوی بە دیداری شێخ ناکەوێتەوە، ئەم سالّ و دەور و مێژووە خیلافێکی لیّ بەدی ناکرێت[8].

دوا بە دوای وەفاتی شێخ عوبەیدوللّا لە حیجاز لە ڕێکەوتی (١٢ی ئۆکتۆبەری سالّی ١٨٨٣)، وەفایی ماوەییێك لە نێو هەور و تەمی غەم و پەژارەی کۆچی دوایی ڕابەرەکەیدا ژیاوە.

چەند قەسیدەی ماتەمنامەی زۆر بە سۆز و بە کولّی لە شینی مەرگی شێخدا هۆنیوەتەوە. تا دوای ماوەییێك دەپەرژێتەوە سەر ژیانی ئاسایی. بەو هۆیەی کە مەلایەتی نەکردۆتە پیشە تا لە ڕێگەیەوە ڕزق و ڕۆزییێك بۆ خۆی و بۆ مالّ و خێزانەکەی دابین بکات، بۆیە وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە لە مالّەکەی خۆی مەدرەسەیەکی تایبەتی کردۆتەوە. تیایدا هەندێك لە کوڕ و کالّەکانی شارستانی سابلاّغ و، بەشێك لە بەگزادە و ئاغاکانی دێهاتی دەوروبەریش منالّەکانی خۆیان ناردۆتە لای وی، تاوەکو فێری زمان و زانست و دەستووری هونەر و ئەدەبیات و خەتخۆشییان بکات. وەك دەگوترێ دووان لە بوێژ و ئەدیبە ناسراوەکانی موکریان (میسباحوددیوانی ئەدەب و مەلا ڕەسوولی ئەدیب) لە قوتابی و شاگردانی وەفایی بوون. وەکو چۆن لە کۆڕی شاگردانی وەفایی گۆیندە و دەنگخۆشی هونەرمەندیش هەلّکەوتوون کە لە پاشاندا لە موکریان ناو و ناوبانگییان دەرکردووە و شیعر و هۆنراوەکانی وەفاییان بە دەنگ و ئاوازەوە خوێندووە تا لە ئەنجامدا لە بەشێکی بەرینی کوردستان دەنگی داوەتەوە.

وەفایی ماوەی چەند سالّێك لە هەوالّ و دەنگوباسی مالّە شێخان دادەبڕێ تا ئەوەی تاسەی دیدار و شەوقی غەریبی بۆ لای تاقە یادگاری بنەمالّەی شێخانی شەمزین (شێخ عەبدولقادری گەیلانی/ ١٨٥٧ – ١٩٢٥)، ئارام و ئۆقرەی لەبەر هەلّدەگرێت. بۆیە لە مانگی نیسانی سالّی ١٨٩١ بۆ سەفەری حیجاز بەمەبەستی زیارەتی شێخزادەکەی بەڕێ دەکەوێت. لە کۆتایی ئەو سالّەدا لە ڕێگای بۆمبای (لە هیندستان)، بەسرا، بەغدا، کەرکووك، سلێمانی، بانە، سابلاّغ، دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان.

سالّی ١٨٩٧ جارێکی دیکە تاسەی شێخ هەڵی دەگرێتەوە و ڕێگای حیجاز دەگرێتەوە بەر. ئەم سەفەرەی لە مانگی کۆتایی ساڵی ١٨٩٧دا دەست پێکردووە و دیارە لە ساڵی دواتر واتە لە ١٨٩٨دا گەڕاوەتەوە[١٠]، سەفەر و حەجی سێیەمی لە (١٩٠١ – ١٩٠٢)دا بووە. کە هێشتا شێخ عەبدولقادر نیشتەجێی حیجاز بووە، تەوژمی سۆز و هەستی خۆشەویستی پیر و شێخ زادەکەی دیسان وەفایی هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتەوە حیجاز. ڕەوتی کاروانەکەی لەم سەفەرەدا ڕوون نییە، هەرچەندە هەندێك دەنگۆی بێ بەڵگە لەو بارەیەوە دەڵێن کە گوایە لە ڕێگای سلێمانییەوە بووە، چونکێ وەکو دیارە ڕێگای کاروانی حەجاجان لە موکریانەوە پێشتر لە سابلاغەوە بۆ ڕەواندز و لەوێشەوە بۆ مووسڵ و حەڵەب یان مووسڵ و دیاربەکر و حەڵەبەوە بووە ئەنجا بەرەو حیجاز.

وەفایی دوابەدوای زیارەت و سەردانیی شێخ عەبدولقادر کە لە (تاییف) بووە، دەپەرژێتە سەر جێبەجێکردنی مەراسیمی حەج لە مەکە و مەدینە، هەر لەو نێوانەدا لەگەڵ دەستەیەك لە شێخانی سلێمانی و حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد و سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکووکی یەك دەگرنەوە[١١]. دیارە وەفایی لە گەڕانەوەدا نەخۆش دەکەوێت و هەر لە ئەنجامی ئەم نەخۆشییەدا کتوپڕ سەردەنێتەوە. لێرەدا پیرەمێرد بۆ مەسەلەی مەرگ و بە خاك سپاردنی وەفایی دوو قسە دەگێڕێتەوە، لە یەکێکیاندا گوتوویە: (وەفایی کە لە پێشدا مەفتوونی شیعرە جوانەکانی بووم، وا ڕێك کەوت لە ماڵی خوایشا هاوناڵە و ئەفغانی بووم و لە پاش حەج لە ڕێی حیجازدا مرد و سەید ئەحمەدی خانەقا لەسەری بەند بوو تا ناشتی ڕەفیقی گریانی بووم)[١٢]. لە دووهەمیشیاندا لە باسی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ سەید ئەحمەدی خانەقادا دەڵێ: (لە ڕێگای حیجازدا وەفاییمان ناشت و بۆی گریاین)[١٣].

لەوەدا دیارە کە وەفایی لە دوای تەواوکردنی مەراسیمی حەج و زیارەت و لە ڕێگای گەڕانەوەدا لە ١٩٠٢ وەکو هەندێ دەڵێن بە نەخۆشی ڕشانەوە

(وەبا – کۆلێرا) فەوتی کردووە، کە لەو ڕۆژگارەدا لەو وڵاتـە و بەتایبـەت لـە مەوسـیمەکانی حـەج و زیارەتـدا زۆر بـاو و بـڵاو بـووە. تەنانـەت شـێخ عوبەیـدوڵڵای شـەمزینی خـۆی و خێزانەکـەی و کـوڕە گەورەکەشـی (شـێخ محەمەد سددیق) هەر بەو پەتایە و لە مەراسیمی حەج و لە ساڵی ١٨٨٣دا لە ماوەی چـەند ڕۆژێکدا کۆچـی دواییـان کـردووە. پیرەمێـرد ئـەو شـوێنە بـە (بیابانی حیجاز) ناو دەبات کە وەفایی تیادا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

سـەبارەت بـە مـاڵ و منـاڵ و خـاو و خێزانـی وەفـایی شـتێکی کـەم دەزاندرێت، ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا زۆر جار باس لە (ماڵ و منداڵ و خێزان) دێنێتـە گـۆڕێ، کـەوا چـۆن گـڕ و تاسـەی دووریـان لـە دەروونیـدا گڵپـەی سەندووە و ناچار مۆڵەتی لە شێخ خواستووە تاوەکو بگەڕێتەوە بۆ سەردانی و دیدەنییان، بەڵام بێ ئەوەی ناویان بهێنێ یا باسیان بکـات. لـە سـابلاغییە پیرەکان دەگێڕنەوە کەوا خێزانەکەی ناوی (سارا) بووە و بە (سارا خـاتوون) ناوی دەبەن. گوایە کوڕێکیشی بووە بە ناوی (محەمەد)، کە گەورە بووە ماڵ و خێزانـی پێکهێنـاوە، خێزانەکـەی نـاوی (ڕەعنـا خـاتوون) بـووە. سـەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان دەڵێ من ئەم رەعنا خاتوونەم دیبوو، کە منـاڵ بـووم زۆر جاران هامشۆی دایکمی دەکرد. وا دیارە محەمەدی کـوڕی وەفـاییش زۆر نەژیاوە و لە تەمەنێکی زوودا کۆچی دوایی کردووە و کوڕێکی لە پاش بـەجێ ماوە کە ناوی (ڕەحیم) بووە، واتا بـە نـاوی وەفـایی کراوەتـەوە. ئـەم کـوڕە وەکو لە سابلاغییەکان دەگێڕنەوە لە قۆناغێکدا زۆر بەهۆش و گۆش نەبووە، بـەڵام دەنگێکـی خـۆش و بـە سـۆزی هـەبووە و شـیعری شـاعیرانی کـورد و فارسیشـی زۆر لەبـەر بـووە. وەفـایی لـە شـوێنێکی بیرەوەرییەکانیـدا باسـی برایێکی خۆی دەکات کە ناوی (حەمەدەمین) بووە و دەڵێ ساڵێکیان هاتۆتـە خانەقای نەهری و ماوەیێك لەوێ لەتەك وەفاییدا لە خزمـەتی شـێخ خـەریکی سلووك و چلەکێشان بووە. ئەنجا باسێك لە باوکیشی دێنێتـە گـۆڕێ و دەڵـێ لە دوای گەڕانەوە ئەو زاتە لـە غـەزای بایەزیـد (١٨٧٨ز) کـە مـن لـە سـابلاغ بـووم!، بـاوکم لەگـەڵ خـۆم هێنایـە نـەهری بـۆ خزمـەتی شـێخ کـە تەمـەنی نزیکەی (١٠٣) ساڵ بوو[١٤].

**شیعری وەفایی:**

شیعرەکانی وەفایی وەکو زۆربەی شاعیرانی کوردی کلاسیك مێژوو و ڕێکەوت و بەرواریان بەسەرەوە نییە بۆیە بە ئاسانی مرۆڤ پەی بە پلە بە پلەی هەڵچوون و ڕسکان و خورتبوونی شاعیرێتییەوە نابات. هەر ئەوەیە زۆر جار لە دیوان و لێکۆڵینەوەکاندا شیعرە ساکار و ناکاملەکانی شاعیران لە ڕیزی ئەوانەوە پۆلینبەندی دەکرێن کە دەشێ لە سەرەتای تەمەنی لاوی و شاعیرێتییەوە هۆنرابنەوە. ئەمەش تەنها بە دیوێکیدا ڕاستە، چونکێ وا هەبووە شاعیران لە تەمەنی لاوەتییەوە شیعری چاکیان هۆنیبێتەوە و لە تەمەنی پیریدا هی خراپ!، لەو بوارەشدا نموونە زۆرن.

لە بیرەوەرییەکانی وەفاییدا تیشك خراوەتە سەر کات و شوێن و بۆنە و موناسەبەتی گوتنی هەندێ لە هۆنراوەکانی، لەوانە ئەو دوو قەسیدە فارسییەی کە لە پێشەوەدا ئاماژەمان بۆ کردن. ئەنجا لە باسوخواسی ئەو ساڵانەی کە لە خزمەتی شێخدا بووە لە بیرەوەرییەکانیدا تەنیا دوو پارچەی غەزەل و دوو قەسیدەی دیکەی هێناوەتەوە کە ئەمانیش هەر فارسین، هیچ ماقووڵیش نییە کە لە ماوەی ئەم (١٤) ساڵەدا، کە بەشی زۆری لە نەهری گوزەراندووە و ناوە ناوەش لە وڵات، هەر ئەم چەند پارچە شیعرەی گوتبێت. چونکێ لەگەڵ ئەوەی شیعرە فارسییەکانی شاعیر بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە نییە، بەڵام بەشێکن لە بەرهەمی شیعری وەفایی و ڕادەی دەستەڵات و هەست و خوست و هونەری شاعیرمان لەو ڕۆژگارانە بۆ بە دیار دەخات و نیشانەی ئەوەیە کە وەفایی لەو ئانوساتەدا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هونەرەکانی شیعر و شاعیریدا شکاوە.

ئەنجا ئەگەر بێت و بە سەر ئەو ساڵانەدا ڕابرین کە لە خانەقا و لە خزمەتی شێخدا ماوەتەوە، دەگەینە ئەو دوو قەسیدە ماتەمنامە سۆزدارە کوردییەی کە لە شینگێڕیی کۆچی دوایی شێخ و لە ساڵی ١٨٨٣دا هۆنیویەتەوە. لێرەوە وێستگەی بەراییمان لەسەر شیعری ماتەم و شیوەن و لاواندنەوە دەبێت لای وەفایی: وەفایی لە شیوەنی شێخ و پیری

تەریقەتەکەی (شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی) لە بیرەوەرییەکانیدا دوو قەسیدەی هێناوەتەوە. کە یەکەمیان شیعرێکی (٦٠) بەیتییە و لەسەر کێشی بەرین و بەنەغمەی هەزەجی هەشت هەنگاوی دامەزراوە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

دریغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم
لە ئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم
وەرەق ڕیزان خەزان کەوتە ڕەزان وەزعی چەمەن گۆڕا
بەسەرچوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحرا کەم
خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بولبول و قومری
دریغا حەسرەتا بۆ گوڵعوزاری سەروباڵاکەم
لە گریان ئاسمان دامانی سوور بوو شینی گێڕاوە
مەگەر گیراوە یا مایل بە شام بوو ڕۆژی ڕووناکەم
ئەوا دیم بەختی من ڕەش بوو تەرازووی وا ترازاوە
دەبێ مەیلی بە تاییف کردبێ تەئسیری شەعراکەم
لە من دوور بۆتەوە خورشیدی ئەوجی مەعریفەت شایەد
بە تیغی غەم سەری خۆم هەڵگرم هەمڕەنگی جەوزاکەم
لە من وەحشی بووە ئاهووی خەرامی لالە ڕوخسارم
مەکەن مەنعم کە هەروەك شێت و هاران ڕوو لە سەحرا کەم
وەفایی پێت بڵێم دنیاو و دینم بۆچی بەرهەم بوو
دەڵێن ڕۆیی لە ئەم دونیایە قیبلەی دین و دونیاکەم
بە مەحروومی لەگەڵ بەختی سیادا ماوە فرمێسکم
لە تازیەی هیجرەتی خورشیدی عالەمدا سورەییاکەم
نیشات و عیشرەتی دونیا بە نەشئە و قووەتی چاوە
ئەمن چ بکەم لە دونیایە کە ڕۆیی نووری بیناکەم

بەشی کۆتایی هۆنراوەکەش بەم جۆرەیە:

دەمــت بێنــە دڵــم مەشــکێنە دەســتم بگــرە ئــەوجاریش
بــە وشــیاریم دەیــە ســاقی کــە نــەڕژێ جــامی ســەهباکەم
غەریب و بێکەس و ئاوارە کەوتووم دوور لە ڕووحی خۆم
بـــە دەردی بـــێ دەوا مـــاوم ڕەفیقـــان کـــوا مەســـیحاکەم
خوداوەنـــدا ڕەحیمـــا قـــادرا پـــەروەردەگاری خـــۆم
کــەریمیی و حــەیی و غــەففاری و قــەدیم و فــەرد و یەکتاکــەم
بەحـەققی نـوور و وەجهـی پاك و بێ مانەند و بێ میسلت
بەئیســمی ئــەعزەمی خــۆت ئــەی خــودای ســەتتار و داناکــەم
بەسەرمەســتانی بــادەی ســاغیری عەهــدی ئەلەســتت کــەی
بـە قـەترێکی نـەجاتم دەی لـە دەسـت خـۆم ڕوو لـە دەریـا کـەم
وەفـــایی بێکـــەس و دامـــاوە پابەنـــدی تەلەسمێکـــە
مــەدەد یــا ڕووحــی غەوســی ئــەعزەم و شــاهی بوخاراکــەم
بە حەققی نووری موتڵـەق جەددی ئەمجـەد شاهی لەولاتان
ئیمـــامی یەســـرەب و قیبلـــەی مـــەلایك مـــاهی بەتحاکـــەم
بـــە حـــەققی چـــار یـــار و ئـــال و ئـــەولادی نـــەبییوڵڵا
بـــە ئەنســـار و موهـــاجیر قایـــدانیی قـــوتبی یەکتاکـــەم
بــە ڕووحــی خاجــەگانی نەقشــەبەند و قیبلــەگاهی خــۆم
غـــەریب و جانســـپاری کەعبـــە قـــوتبی دیـــن و دونیاکـــەم

به قووەی جازیبەی دڵتان وەفایی دەست و دامانە
چ نابێ گەر لە سایەی ئێوە قەتعی ماسیوەڵڵاکەم

(دیوان: ٢١١)

دوای ئــەوە، هــەر بەهــەمان واتــا و نــاوەڕۆك و لەســەر هــەمان کــێش و ئـاوازەوە پارچـەیەکی (١٣) بـەیتی لـە هـەمان بۆنـەدا هۆنیوەتـەوە کـە بـەم شێوەی خوارەوەیە:

لـە باغـان ئـاھ و نـاڵین دێ دەڵـێن شـای نـەوگوڵان ڕۆیـی
لـە مـەیخانان سـەدای شین دێ دەڵـێن پـیری موغـان ڕۆیـی
دەڵێـی دەوری قەمـەر سـەیری فەلـەك میزانـی گـۆڕاوە
کەوا گوڵ زەرد بوو سونبول تێکچوو ڕەنگی ئەرغەوان ڕۆیـی
لەبـەر چـاوی جیهـانبینم جیهـان تاریـك بـوو نـەمزانی
نـە نـووری چـاوەکانم چـوو نـە خورشـیدی جیهـان ڕۆیـی
لـە دووری تۆیـە سـوور بـوو چـاوەکەم بـەو گریـە مەعلوومـە
شـەفەق دێ کەوکـەبیش هەڵـدێ کـە میهـری خـاوەران ڕۆیـی
دەمێکـی هـات بـە چـاوی سورمەسـا یـەعنی وەفـادارم
کـە جـەرگی سیرمە کـردم خـۆی بـە سـیحری جادووان ڕۆیـی
سـەحەر مەسـتانە هـات بولبـول بـە شـادی بـۆ تـەوافی گـوڵ
کـە دی بـاغ بـێ گوڵـە داغ بـوو بەسـەت ئـاھ و فوغـان ڕۆیـی
مـەڵێن بولبـول مەناڵێنـە کـەوا گـوڵ گوڵشـەنی چـۆڵ کـرد
دڵ ئـارامی نـەما چ بکـا کـە ئـارامی دڵان ڕۆیـی
قیامـەت بـۆ دڵان هەسـتا کـە چـاوی مەسـتی وەرگێـڕا
مەگـەر ئـازووردە بـوو سـاقی کـە بـەزمی مەیکەشـان ڕۆیـی
چ شـینێکە چ هـاوارە لـە نێـو حەڵقـەی موریدانـدا
مەگـەر خاجـەی سـەمەرقەندی لـە نێـو سـاحێب دڵان ڕۆیـی
چ ئافـەت کەوتـە بەرچـاوم کـەوا چـوو نـووری بینـاییم
مەگـەر شـاھی بوخـارایی لـە قەسـری عاریفـان ڕۆیـی
بـە نالـەی دڵ شـیفام نایـێ دریـغ بـۆ مەرھـەمی جـەرگم
لـە زەنگـی کـاروان چ بکـەم دەلیلـی کـاروان ڕۆیـی
خەراب بوو خانەقا بێ شێخ و جەزبەی تالیبان سەت حەیف
چـەمەن وێـران بـوو نەغمـەی بولبـولان چـوو باغـەوان ڕۆیـی
بـە نالـەی بولبـول و قـومری وەفـایی بۆیـە هـەر دەگـری
گـوڵێکی سـەروبالام بـوو بـە تـاراجی خـەزان ڕۆیـی

(دیوان: ٣١٦)

ئەگەر ڕاستیت دەوێت ئەوەیە کەوا لە سەرلەبەری دیوانی شیعری کوردیی کلاسیکدا، شیعری ماتەم و شین و لاواندنەوە کە وا بەسۆز و بەخوڕ و بەکول و بەجۆش و خرۆش بێت بەرچاو ناکەوێت، ئەم کارەساتە جەرگبڕە وەفایی لە ناخەوە هەژاندووە، هەر بۆیە لەم بوارەدا گۆێ هونەر و داهێنانی بۆ خۆی بردۆتەوە[١٥].

**وەفایی و شیعری عاشقانە:**

بەبارێکدا گلەیی ئەوە لە وەفایی دەکرێت کە هۆنراوەکانی زۆربەی هەرە زۆریان عاشقانەیە، بە واتای ئەوەی لە کانیاوی هەست و سۆزی جوانی و خۆشەویستیی یار و دلبەر و ناسۆری ئەوین و دلداری ئاو دەخۆنەوە، کە گۆیا بەم کارەی مەیدانی بەربلاوی شیعری لەبەردەم خۆیدا تەنگ کردۆتەوە[١٦].

لە زمان پیرەمێردی شاعیریش گێڕاویانەتەوە کە وەفایی گوتوویەتی من هەموو شیعرەکانم لە ستایشی پێغەمبەردان![١٧]. لەلایەکی دیکەشەوە دەگوترێت وەفایی زۆرێك لە شیعر و ستایشە ئایینییەکانیشی بە فەرهەنگ و زمان و زاراوەی دلداری ڕووپۆش کردووە، تا ئەوەی یەکێکی وەکو بەڕێز د. خەزنەدار بڕیار دەدات کە وەفایی سەری لێ شێواوە دەمێك عیشقەکەی دەکاتەوە حەقیقی و دەمێکی دیکە دەیکا بە مەجازی![١٨].

لەو ناوەدا ڕاستییەك هەیە کە دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەویش ئەوەیە کە شیعری وەفایی سەرلەبەری (لیریك)ە، لیریك وەکو چەمك و تێگەیشتن بریتییە لە ڕەنگدانەوەی سۆز و هەست و نەستی ناخ و دەروونی تاکی شاعیر لە ئاست ڕواڵەتەکانی ژیان و بوون. ئەنجا دەبێت هەر شێواز و زمان و فەرهەنگی عاشقانە ببێتە هەوێنی ئەو بەستێنەی کەوا هەستونەستەکانی شاعیری تێدا دەمەیێت. بەمە شیعر لە گەوهەردا خۆی دەبێت بە عەشق و هەر چەند ڕێژگەیەکیشی لێ بێتەوە ئەوا هەوێنەکەی بە واتای عەشقەکە، ئەوا خاسییەتی خۆی لە دەست نادات. جا چ لە بواری وەسفی جوانی و سروشتدا بێت، یا لە بواری ستایش و پیاهەڵگوتندا بە

هــەموو چەشــنەكانیەوە، یــا لــە شــین و لاواندنــەوە یــا لــە موناجــات و پاڕانەوەدا.......

لە شیعری وەفاییدا عەشق چەند دیوی هەیە، دیوێكیان عەشقی سروشت و جوانی و ژیانـە، دیـوێكی دیكـەیان عەشـقی دڵبـەر و دڵخـواز و ژنـە، دیـوی سـێیەمیان عەشـقێكی لاهـووتی و ئـایینی و عارفانەیـە. بـۆ ئەمانـە چـەندان بەڵگەی ڕوونمان لە شیعر و بەرهەمی وەفایی بـە دەسـتەوەن هـیچ كامێكیـان نكووڵی لێ ناكرێت و هـیچ یـەكێكیان لەسـەر حیسـابی ئـەوی دیكـەیان نییـە، بەڵام ئەوەی لە یەك بۆتەدا یەكیان دەخات، هەوێنەكەیە هەوێنی شیعر بەواتا (عەشــق). لــە مەیــدانی عەشــقی جــوانی و سروشــتدا وەفــایی شــیعرێكی (نەورۆزنامە)ی هەیە، كە گوڵستانێكە بۆ خۆی و لێوانلێوە لە وێنەی جوانی و دڵستێن، كە دوور نییە ئەمیش لە شیعری ئەو دەورەدا دەگمەن و كـەم وێنـە بێت، كە ئەمەیان دەقی ئەو تێكستەیە:

نەســیمی بــادی نــەورۆزی شــەمیمی عەنبــەری هێنــا
بەریــدی عاشــقان دیســان نەویــدی دڵبــەری هێنــا
نەویــد هــەی عاشــقانی دڵفیگــار یــار هاتــە ســەر خەنــدە
ســەڵا ئــەی بولبــولان دیســان درەختــی گــوڵ بــەری هێنــا
مەگەر ڕووی كەوتە زوڵف و ڕووی حەبیبم بادی نەورۆزی
حــەیاتێكی بــە دونیــا داوە بــۆی گوڵعەنبــەری هێنــا
بەفەتحی دڵ دەڵێی یار زوڵف و سینە و ڕووی وەدەرناوە
لـە نەسرین و گـوڵ و سـونبول بـەهار هـات لەشكەری هێنـا
دەڵێــی چــاوی منــە هــەوری بــەهاری دەم بــەدەم دەگــری
دەڵێــی ئــاهی منــە بــەرقی درەخشــان ئــاوەری هێنــا
هــەوا چــوو پــڕ بــەدامانی دەر و دەشــتان گــوڵی كێشــا
ســەبا هــات پــڕ بــەجێبی كۆهســاران عەنبــەری هێنــا

لـه نێـو بـەزمی وەنەوشـە و جۆکـەناران لالـە پەیـدا بـوو
بـە تـاریکی خـزر بـۆ چـەشمە شـای ئەسـکەندەری هێنـا
کـە ئیسـلامی بـەهار فتـوای جیهـادی کـافری دەی دا
سـنۆبەر نێـزە گوڵبـون گـورز و سووسـەن خەنجـەری هێنـا
نیسارئەفشـان بـە پایەنـدازی سـوڵتانی بـەهار هـاتن
سـەمەن دیبـا شـەقایق ئەتڵـەس و گـوڵ مەخمـەری هێنـا
لـە شـایی دارەگـوڵ مەسنەدنشـین بـوو هاتـە پشـکووتن
چەمەن تـەختی زومـەڕڕەد گوڵ لـە یاقووت ئەفسـەری هێنا
لـە بـەزمی نێـرگس و نەسـرین بە دەفعـی چاووزاری گـوڵ
وەنەوشـە دەسـتە دەسـتە عـوود و لالـە مەجمـەری هێنـا
لە مەیخانـەی چەمەن بەزمی تـەرەبیان گرت قەدەح نۆشان
شـەقایق بـادە زەنبـەق شیشـە نێـرگس سـاغەری هێنـا
لە چەهچەی سار و نەغمەی عەندەلیبان سووت هەموو دونیا
نـەوایی تـارزەن ئـاوازی خوشـخوان ئـاهوری هێنـا
حیکایـاتی غەریبـەی پێیـە بولبـول جوملـە خـۆکردی
دەڵێـی چـاپاری ئێـران ڕۆژنامـەی ئەختـەری هێنـا
بـە شـەوقی ڕوویـی لالـە و گـوڵ لـە باغانـدا چـراغانە
دەڵێـی بـاغ جەننەتـە ئەمسـاڵ پـڕی حـۆر و پـەری هێنا
لـە گوڵشـەندا ڕیـاحین مەسـت و شـادابی هـەوای خۆشـن
دەڵێـی ڕیزوانـە بـۆ ئـەهلی بەهەشـتی کەوسـەری هێنـا
شـکۆفەی گـوڵ بـە عیشـوە و خەنـدە ئـارامی دڵانیـان دا
بـەهار بـۆ خەسـتەجانی خـۆی چ شـیر و شـەککەری هێنا
بە زەرد و سوور بـەهار غـەمڵیوە بۆ دامـادی بولبـول هـات
وەرەق میعجـەر عـەرەق گوڵگونـە شـەبنەم زیـوەری هێنـا
هـەموو کـەس چاوەڕۆنی لێك دەکـەن وەك سورمەیان دیبێ
مەگـەر بـادی سـەبا خـاکی گـوزاری دڵبـەری هێنـا

چ دڵبــەر ئافتــابی مــاه ڕوویــان شــای شــەکەرلێوان
کـە خەندێکـە بـە سـەحرا گـوڵ بـە دەریـا گەوهـەری هێنـا
بـەبێ شاباشـی سـەر بـە قسـەی وەفـایی گـوڵ چـراغ نابـێ
کـە بولبـول هــەر زبـانی هــەرزە پەروانـە سـەری هێنـا

(دیوان: ١٤٨)

هونەر و بەهرەی وەفایی لە مەیدانی شیعری دڵداریدا زۆر دڵگیر و جوان و بەپیت و بە بڕشتە، ئەمە بە داهێنانێکی گەورە بۆ شاعیر دەگەڕێتـەوە کـە لـەم بـوارەدا و لـە هــەمان بابـەت و مەبەسـت و مـەعنای دڵـداری، شـیعر و هۆنراوەی بەسۆز و تەڕ و پاراوی زۆری هێناوەتەوە، بەپێچەوانەی ئەو ڕایـەی مامۆستا قەرەداغی لە پێشەکی دیوانەکەی وەفاییدا خستوویەتییە ڕوو [١٩].

شیعرە دڵدارییەکان بە شێکی فراوانیان لە دیوانی شاعیردا داگیر کـردووە، ئەوەندە پاراو و ڕەوان و جوان و پڕ لـە ڕیـتم و ئـاواز و نەشـئەن، هـەر مـاڵی ئەوەن بـە بـانگ و ئـاواز و خۆشـخوانییەوە بگوترێنـەوە، دیـارە هـەر واش وا بووە و بەشی زۆریان لەلایەن گۆیندە و دەنگخۆش و دەنگبێژانی کوردەوە بە گۆرانی و ڕیتم و ئاهەنگی دڵگیرەوە گوتراونەتەوە. ئەم خاسـییەتە نیشـانەی سـەرکەوتوویی و دڵپەسـەندی شـیعرە دڵدارییـەکانی وەفـایین، وەك چـۆن سەبارەت بە شاعیرانی دیکەشەوە لە وێنەی نالی و گۆران و هێمن هەر وایە.

لە تێکستە دڵدارییەکانی سەرباری وێنـە و خـوازەی جـوان و ناسـك، ئـاه و ناڵەی شاعیر بە گوێی دڵمان دەبیستین و بـۆکرووزی جـەرگ و دڵـی وەفـایی بەرامە دەداتەوە:

عــەزیزم ڕووحــی شــیرینم لــە مــن بــۆچ وا کــەناری تــۆ
وەرە سـەر هـەردوو چـاوی مـن کـە سـەروی جۆیبـاری تـۆ
لـە سەرچـاکی گریبانـت سـەبا شـێت بـوو وەکێـوان کـەوت
کــە ڕێــی کەوتــە خــەیابانی گــوڵ و بــاغ و هــەناری تــۆ

نەخۆشـی چـاوەکانت بـووم و خەنـدەی تـۆ سـەبووری دام
شـفای بیمـاری خـۆت دا گوڵشـەکەر بـاری لـە زاری تـۆ
لـە لایـەك تـارە دوای دڵ لەلایـەك مـارە قەسـدی سـەر
چ سـیحرێکە عەجـەب مـاوم لـە زولفـی تـار و مـاری تـۆ
خـەتت هێنـا جـەمالت پـێ نـەما کـوا ڕەونـەقی خاڵـت
فەڕەنگی هات و کەعبەی گرت و مەهدی چوو لە شاری تۆ
ڕەگوڕیشـەی دڵـم هـەر دەنگ و ناڵـەی عیشـقی تـۆی لێ دێ
بڵـێ موتریـب وەرە سـاقی سەراسـەر بوومـە تـاری تـۆ
بـە چـاوت کـەوتووم بـۆ زاری تـۆ ئـاگر لـە مـن بـەربوو
سـپەندم هـەر بسـووتێم چاکە مـن بـۆ چـاو و زاری تـۆ
گـوتم شـێواوی زوڵفـم چـاوەکەت بـەڵکو عـیلاجم کـا
ئیشـارەی وایـە دەردی بـێ دەوایـە داغـداری تـۆ
نەخۆشـی چـاوی تـۆم بـێ هوودەیـە دڵـداریی خاڵـت
بـە ئـەفلاتوون عیلاجـی نایـە بـیللا دەردەداری تـۆ
جـەمالت ئاهی من گرتی خـەتی سـەبزت بە سـەردا کـەوت
چـەمەن ڕابـرد و سـەرما هـات و تێکچـوو نـەو بـەهاری تـۆ
هەڵسـتا زوڵفـی خسـتە ڕوو نیگـاهی کـردە مـن فـەرمووی
قیامـەت هـات و ڕۆژ گـیرا وەفـایی هـەر خومـاری تـۆ

(دیوان: ٢٤١)

وەفایی لە ڕێڕەوی غەزەل و شیعری عاشقانەی نەریتی زیاتر هەڵکشاوە و چەمکی جوانی و ئەوینیی ژن و ئیروتیکیی لە تێکستێکی نەمردا لـە وێنـەی (شیرین تەشی دەڕێسێ) بە ڕەنگینی ئاوێتـە کـردووە. کـە دیـارە مـاکی ئـەو داهێنانەش هەر عەشقی مرۆڤە بۆ مرۆڤ، ماکی عەشـقێکی جـوان و دڵنشـین و لە هەندێ بەنـدی تێکستەکەشـدا ڕووت و پـەتی و بـێ پـەردەیـە!. وەسـف و

جوانی و چێژ و خۆشی لە بۆتەی عەشقی سەرمەدیی مرۆڤدا یەك دەگرنەوە، کە عەشقێکی نەمر و هەتا هەتایەیە:

کە هاتە چەرخ و گەردش تەشی بە دەستی ڕەنگین
هەودای لە لێو و دەم دا خورشیدی سینە نەسرین
گرتی خەتتی مەدارات شەفەق بە عەهدی پەروین
سەمای بە زوزەنەب دا کەفولخەزیبی شیرین
سیحرێکە بۆ دڵ و دین شیرین تەشی دەڕێسێ

دوو زولفی چین بە چین کرد کە نافەیی خەتایە
دوو مەمکی دامە دەستی هەناری دڵگوشایە
بە خەندە ڕەقسی داگرت کە شەوقی نەشئە وایە
بە نوکتە پێی نیشان دام سەما لەسەر هەوایە
هەموو ئیشارە وایە شیرین تەشی دەڕێسێ

بە خەندە زولفی لادا لەسەر عوزار و زاری
کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوشە باری
دوگمەی کراسی بەربوو بزووت هەوای بەهاری
سەڵای لە عاشقان دا باغی گوڵ و هەناری
دونیا بە ئینتیزاری شیرین تەشی دەڕێسێ

کە زولفی کەوتە سەر ڕوو هەموو خەتای بە چین دا
خەرامی تاووسانەی بە سەروی نازەنین دا
شوعاعی تاو و ساوی لە باغی یاسەمین دا
فەنایی پڕ بەقا بوو دەمی لە پێکەنین دا
سەت ئافەتی لە دین دا شیرین تەشی دەڕێسێ

سمـــی غـــەزالی چـــینی لـــە نافەیـــدا عەیانـــە
دەڵێـــی لـــە نیوەشـــەودا ســـپێدەیی بەیانـــە
قەدی گوڵ و دەمی گوڵ ئەوەی کە قووتی جانە
لـــە بـــاغی یاســـەمیندا شـــکۆفەیی گوڵانـــە
بـــەهاری بـێ خەزانـــە شـــیرین تەشـــی دەڕێســێ
شـــکۆفە وا هەڵســـتێ لـــە زێـــڕ و زیـــو حوبـــابێ
لـــە کەوســـەری بەهەشـــتی دەروونـــی پـــڕ کرابـــێ
خـــڕ و لـــەتیف و ناســـك بلـــووری خـــود نومـــا بـــێ
بـــە تـــەرزی درزی دەرزی لـــە خـــۆوە درزی دابـــێ
دییـــارە ســـەروێ وابـــی شـــیرین تەشـــی دەڕێســێ
قوتـــــووی لوئالییانـــــە لـــــە زیـــــوە داڕژاوە
لەبالەبـــە بـــە حیکمـــەت لـــە شـــەهدی هـــەڵگڕاوە
لەبـــەر لەتافـــەتی خـــۆی ڕەواقـــی تـــێ کـــراوە
وەکـــو بلـــووری ســـافیی لـــە نێـــوی درزی داوە
بەمـــەی عـــەیان کـــراوە شـــیرین تەشـــی دەڕێســێ
شـــفای جەراحـــەتی دڵ تەشـــی نـــەبوو کـــە ڕســـتی
شەشپەڕی کاکی خۆی بوو پڕ ئاو و پڕ بە دەستی
هـــەتیوی کەللەشـــەق بـــوو بـــە داو و حیلـــە بەســـتی
لـــەتاوی هاتوچـــۆدا بـــە لێـــوی غونچـــە گەســـتی
بە ڕووح و دڵ لـە قەسـتی شـیرین تەشـی دەڕێسـێ
بە دڵ بە دیدە سووسەن بە غونچە گوڵ یـەڕەق بـوو
شەشـپەڕەکەی وەفـایی کولفـت و تیـژ و ڕەق بـوو
گـوڵی بـەرۆك و سـینەی هـەموو وەرەق وەرەق بـوو
بـە ئـارەقی عرووقـی کـە سەرخۆشـی عـەرەق بـوو
بەمەی چ موستەحەق بوو شیرین تەشی دەڕێسێ
(دیوان: ٣٤٧)

وەفایی سوودی لە دیاردە و چەمك و زاراوەکانی تەبیعەت و بایۆلۆجی و فەلەکناسی وەرگرتووە لە ناو بۆتەی جوانیناسی و جوانکاریدا تێکی هەڵشێلاون و ڕەونەق و بۆن و بەرامێکی عەترئاسای پێ بەخشیون، ڕازاندوویەتییەوە وەکو بووکی ژێر تارای سوور، وێنەی پڕ لە جوانی و جوولە و هەست بزوێنی تیادا خولقاندووە، بە جۆرێك مرۆڤ وا هەست دەکات کە ئەم زاراوە و چەمك و تێرمانە هەر لە بنەڕەتدا بۆ بابەتی شیعر دانراون. ڕاستییەکەی ئەوەیە وردەکاریی زمان و فەرهەنگ و بابەت و بنیاتی هونەری لەم تێکستەدا لێکۆڵینەوە و لێدوانی زۆری پێ دەوێت لە قەبارەی کتێبێکی سەربەخۆدا بۆیە لە کورتی دەیبڕینەوە.

سەبارەت بە عشقی ئایینی و عارفانەی وەفایی ئەویش بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و بەرفراوانە. وەفایی دەستی بۆ گەلێك هونەری تازە درێژ کردووە لە شیعری کوردیدا، لە بابەتی بنیاتی فۆرم و کێش و ئاواز و مەبەست و زمانی شیعری کە جۆرێك لە نوێگەری بە شیعری کوردی کلاسیك، بەتایبەت بە ئەزموونە شیعرییەکەی ناوچەی موکریان بەخشیوە، بۆیە لە سەرەتاوە گوتمان قافڵە سالار و تاقانەیە چونکێ لە زۆر بواردا سەرامەد و کارامە و ڕچەشکێن بووە[٢٠].

## حەریق

ناوی ساڵحە و کوڕی مەلا نەسروڵڵایە، ساڵی ١٨٥١ز لە دێی (زێویە)ی بناری پیرەمەگروون لە ناوچەی (سووورداش) هاتۆتە دنیا. مەلا نەسروڵڵا بەئەسڵ سابلاغی بووە، بەڵام بە فەقێیەتی ڕێگای دەکەوێتە دێی (کاشتەر) لە ناوچەی (جوانڕۆ) و سەردەمێك لەوێ دەگیرسێتەوە، لە پاشان بۆ مەلایەتی ڕوو دەکاتە ناوچەی سووورداش و لە دێی زێویە جێگیر دەبێت، هەر لەوێش ماڵ و خێزان پێك دەهێنێت. ساڵح خوێندنی سەرەتایی لەلای باوکی دەست پێکردووە، دواتر بۆ درێژەپێدانی دەچێتە سلێمانی و ماوەیێك لە مزگەوتی (شێخ محەمەدی بەرزنجی) دەمێنێتەوە، ئەنجا گەشتێکی قەرەداغ و بیارە دەکات و دووبارە دەگەڕێتەوە سلێمانی.

ساڵی ١٨٦٧ز دەچێتە (پێنجوێن) و لەدوای ماوەیێك هەر بۆ مەبەستی خوێندن و تەحسیلات ڕوو دەکاتە موکریان و لە زێدی پێشووی خانەوادەکەیان واتە (سابلاغ) جێگیر دەبێت، بەینێك لە خوێندنگە و مەدرەسەکانی ئەو ناوە بە خوێندن و گفتوگۆی زانستی و شەرعییەوە سەرقاڵ دەبێت، تاوەکو سەرەنجام لە خانەقای شێخی بورهان خۆی دەبینێتەوە. لەم بارەوە دێرە شیعرێکی هەیە بەم جۆرەیە:

**خەتاباتی جەدەل ئەمڕۆ یەقینە سەفتەیی مەحزە**
**نەتیجەی ئەووەلی فیکرم قیاسی کەوتە بورهانی**

دیارە ئەو مشتومڕ و گفتوگۆ بێ بەرهەمانەی کە لەو ڕۆژگارەدا لە ناوەندی مزگەوت و مەلا و فەقێکاندا لە ئارادا هەبووە، کە ئەو بە (جەدەل و سەفسەتەی ڕووت و بێ بەرهەم) ناویان دەبات، لە بیر و هەستی ئەودا ئاکامەکەی بەوە دەشکێتەوە کە لە خانەقای شێخی بورهان بگیرسێتەوە. هەر لە خانەقادا دەرس و دەورەکانی کۆتایی پێ دێنێت و دەبێت بە مەلا. هەر لەو دەوروبەرەش ڕێوڕەسمی تەریقەت لە (شێخ شەمسەددینی بورهان/ ١٨٢٦ – ١٩١٠) وەردەگرێت و دەبێت بە مورید و مەنسووبی ئەو زات و ئەو

بارەگایە[٢١]. سالّی ١٨٧٨ کاتێك شێخی بورهان لە سەفەری حەج گەڕاوەتەوە مەلا سالّح بە شیعرێکی ئایینی بەم جۆرە پێشوازی لە گەڕانەوەی شێخ کردووە:

**موژدەبێ بۆ بولبولی دڵ گوڵ لە باغان هاتەوە**
**قومری عومری خۆی سەرف کا سەروی بۆستان هاتەوە**
**شاسواری عەرسەیی مەیدانی مەردان هاتەوە**
**دڵبەری جانان لە خزمەت جانی جانان هاتەوە**
**پیری ڕەوشەندڵ وەکو خورشیدی تابان هاتەوە**
**نایبی عوسمانی سانی خۆش بە سامان هاتەوە**
**وا موعەتتەر بوو دەماغی ئەهلی نیسبەت هەر دەڵێی**
**نیسبەتی پیراهەنی یوسف بە کەنعان هاتەوە[٢٢]**

(دیوان: ١٦٥)

لەم ڕۆژگارەدا حەریق لە خانەقا لە هەردوو باری دەروونیی سۆفییانە و ئایینی مەلایانەدا تەواو و کامیل دەبێت، لە دوایە لە دێی (ساحیب)، لە چەند کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی شارستانی سەقز بە مەلایەتی دادەمەزرێ، هەر لەو دێیە ژن دێنی و ماڵ و خێزان پێکەوە دەنێ. لەو دێیە حەریق دەستەنگ و هەژار و بە کولەمەرگی ژیان بەڕێ دەکات، هەر وڵات بە گشتی لەو سەردەمی لە ژێر باری هەژاری و نەزانی و چەوسانەوەدا دەیناڵاند، ئەم بارە دەروونی و ئابوورییەی شاعیر لە بەیتە شیعرێکدا بە ڕوونی دیارە:

**گەر دەچمەوە ساحیب نییە هیچ مۆئنیس و ساحیب**
**گەر دەچمە سەقز ناری سەقەر وا لە جیگەرما**

قەدەرێك لەو شوێنە بە ئیمامەت و دەرس گوتنەوە بەسەر دەبات، سەید ڕەشیدی پیاوی ناسراوی خانەقا کە بە (چاوەش) ناسراوە بە فەقێیەتی لەم دێیە لەلای حەریق ماوەیێك دەرسی خوێندووە. دواتر دەگوێزێتەوە بۆ دێی

(قاراوا) له نزیك شاری بۆكان. لەو دێیە حەریق لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگێکی زۆرداری ئەو ناوە تووشی گێرە و كێشمە دەبێ و لە ئەنجامدا ئازار و ئیهانەتێكی ناقۆڵا بە حەریق دەگات، هەست و ئیحساسی وا دەڕووشێت کەوا تا ئاخیری عومری ئەو داخ و کەسەرەی لە دڵ دەرناچێت[٢٣]. دیارە خەمی نەداری و بێ دەرەتانی و خەمی بژێویی ماڵ و خێزان و خەمی سووكایەتی پێكردنیش دەبێتە سەربار و ژیان و دنیای لە شاعیر وێك هێناوەتەوە!، بۆیە لە زۆرێك لە شیعرەكانیدا حەریق لە وێنەی مامە خەمەی خەمان بە دیار دەكەوێت:

**شادی بێگانەیە، خزمم غەمە، گەر مردیشم**
**ئەوە واریس، لە حیسابی حەق و گۆڕ و کەفەنم**
**گەنجی فیکرم کە لە نێو کونجی غەما دیوەتەوە**
**مڵکی شادیم هەیە تا ساکینی (بیت الحزن)م**

یان دەڵێ:

**هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما**
**یا سەرسەڕی دووریتە کە لێی کردوومە سەرما**
**گاهێ بە شەرارەی غەم و گەهـ سەرسەڕی هیجران**
**خۆش نەبوو بۆ من نە بە گەرما نە بە سەرما**
**کەوتۆتە سەرم ئەشك و غوباری ئەلەمی دڵ**
**یەعنی کە قوڕی میحنەتە کردوومە بە سەرما**

ئەمە موبالەغەیەكی شاعیرانە نییە، بەڵكو واقیعییەتێكە كە شاعیر بە هەقیقەت تێیدا ژیاوە.

ئەو كە لە پێناوی خوێندن و زانست و حەقیقەتدا سەری غەریبی هەڵگرتووە، دەستی لە كەسوكار و دار و دیار بەرداوە و دەردی شاعیر دەڵێ: غەریبی غوربەتی لێ كردووە بە ئەوتان!، تەنیا فەرامۆشی و

تەسەللایەك بۆ دڵی پڕ لە ناخۆشی و خەمی هەر عەشق و خۆشەویستی شێخی بورهان بووە، بۆیە لەو بارەوە دەڵێ:

**ئەگەرچی ساكینی مڵكی عەجەم بووم دوور لە ڕۆم كەوتووم**
**لە سایەی پەرچەمی تۆوە ڕەئیسی مڵكی شاماتم**

یان وەك دەڵێ: دەرسی جنوونی ئەویان لە سوورەتی (یوسف)دا نووسیوەتەوە، بۆیە ئەو لە پێناو ڕەواجی نەقدی دینی، هەموو زێڕ و زەبەر و خەراجی ولاتی (میسر)ی ئەندێشەی بەرزی، بە (حوسن)ی (یوسف)ی دڵخوازەكەی بەخشیوە !:

**كتێبی عیشقی مەجنوون ئایەتی ڕوخساری لەیلایە**
**لە سوورەی یوسفا دەرسی جنوونی ئێمە نووسراوە**
**كەسێ فیترەت بڵند بێ بۆ ڕەواجی سكەیی دینی**
**خەراجی میسری قەلبی خۆی بە حوسنی یوسفی داوە**
**لەسەر سەودای قوماری شاهی خووبان پیری بورهانی**
**بە چەوگانی ئیرادەت گۆی سەرم بۆ بازی داناوە**

ڕەفیق حیلمی دێری یەكەمی ئەم پارچەیەی لەگەڵ دێرە شیعرێكی شاعیری ناوداری ڕۆژهەلات (فزوولی بەغدادی/ ١٥٦٣ مردووە)، بەراورد كردووە، كە دێرێكی هەیە و كوردییەكەی بەم جۆرەیە:

**من و مەجنوون لە مەكتەبخانەیی عیشقا دەرس خوێن بووین**
**ئەمن خەتمی كەلامم كرد، لە (واللیل)ا بە جێما ئەو**

لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەم شیعرە بەلای منەوە گەلێ لە ژوور شیعرەكەی فزوولییەوەیە[٢٤].

هەر لەسەر ئەو پێڕەوە حەریق لە شوێنێكی كەدا دەڵێ:

**هاودەرس بووم من لەگەڵ زاهید لە دیباچەی كیتاب**
**من نەگەیمە فەسڵی تەزویر ئەو چوو بۆ بابی ریا**

دێڕێکی دیکەی لە قەسیدەیەکی درێژدا هاتووە و دەڵێ:

**لە دیباچەی کتێبی حوسنی عالەم هەر وەرەق لادەم**
**دەبینم مەبحەسی وەسفت لە هەر فەسڵ و لە هەر بابێ**

لە دوای ئەم مەسەلەیە ماڵ و خێزانەکەی دێنێتە دێی (شەرەفکەند) و خۆشی لە خانەقا خەریکی سلووك دەبێ و دەرسیش بە کوڕە شێخەکان دەڵێتەوە، ئەنجا دەچێتە ناوچەی (شاروێران)ی نزیك سابڵاغ و ماوەیەکیش لە دێهاتی ئەو ناوە بە سەردەبات، تا لە دوا قۆناغ و لە ساڵی ١٩٠٦دا دەگەڕێتەوە سابڵاغ و دەبێت بە پێش نوێژی مزگەوتی (حاجی سەید حەسەن) کە مزگەوتێکی لاتەریکی شار و بە مزگەوتی هەژارانیش ناودار بووە !. پاشماوەی ژیان و تەمەنی لە دەوری چرای شێخ شەمسەددین دەگوزەرێنێ. لە ساڵانی دوایی تەمەنی لە بینایی چاوەکانیشی بێبەش دەبێ و ئەمیش دەبێتە سەربار بۆ خەرمانی دەرد و بەڵای ژیانی، تا لە ژێر باری غەما دادەنوێ و پەکی دەکەوێ، لە نامەیەکی شیعریدا کە بۆ سەید ڕەشیدی خانەقای نووسیوە ئاوا ڕاز و گلەیی لە چنگ ئەحواڵی بەدی ڕادەگەیەنێ کەوا چۆن کوێریشی بۆتە میوان:

**ڕۆژ و شەو غەرقی خەیاڵم بێ ئەنیس و بێ نەدیم**
**چاو نەماوە تا بڵێم قەت خەو لە چاوم ناکەوێ**
**خەڵکی گەر دەستی بڕا من چاوی ڕێی دەستم بڕا**
**یەعنی چاو مەبڕە لە دەست کەس ڕسقی دەستوپێت نەوێ**
**گەر هەزار پێ بێ و چوار چاو بێ بە قووەی بازوێ**
**غەیری مەقسوومی نسیبی کەس وەدەست کەس ناکەوێ**

مامۆستا هێمن دەڵێ: (لە زمانی خۆی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: بۆ پەیداکردنی پاروە نانێك هەموو شار و گوندەکانی کوردستان گەڕاوم، جا نازانم سەرم بە هەموو ماڵێکدا کردووە یا نا)[٢٥]. تا چارە ڕەشی و نەخۆشی

برستی لێ دەبڕێ و دەکەوێتە نێو جێگا، تا لە ساڵی ١٩٠٧دا و لە تەمەنی (٥٦) ساڵی بە ناکامی بۆ یەکجاری سەر دەنێتەوە و لە گۆڕستانی (مەلا جامی) بەخاك دەسپێردرێت.

### شیعر و دیوانی حەریق

حەریق لەناو شاعیرانی بەرەی یەکەمی موکریاندا خاوەنی بەهرەیەکی گەورەیە. زۆر پابەندی بنەماکانی شیعری عەرووزی بووە لە یەکێتی کێش و قافیە و بەلاغەت و ژمارەی دێری شیعر لە پارچەی غەزەل و قەسیدەدا. پارچەی مەسنەوی و چوارین و تاکە دێر کە لە رووی قالب و ڕوخسارەوە بەشێکن لە هونەرەکانی شیعری کلاسیك لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەون[٢٦]. قەسیدە خۆی یەکێکە لە فۆرمە شیعرییە بەرز و باڵاکانی شیعری کلاسیك لە ڕۆژهەڵات کە سەرچاوەکەی بۆ شیعری سەردەمی جاهیلیی عەرەب دەگەڕێتەوە و لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردییش پێگەیەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام کەم وایە شاعیرانی کورد پێڕەوییان لە ڕێسا و بنیات و بنەما هونەرییەکانی قەسیدە، وەك چۆن لە بنەڕەتدا لای عەرەب هەبووە کردبێت. قەسیدە سەرەتا بە چەند بەیتێکی غەزەل دەست پێدەکات کە بە دەستپێك (مەتلەع – هەڵاتە) دەناسرێت کە لە باس و خواسی وەسفی جوانی و خۆشەویستی دڵبەر یا سروشتدایە. دواتر شاعیر بە یەك دوو دێر خۆی لەو باسە دەرباز دەکات کە (تخلص)ی پێ دەگوترێت و دەپەرژێتە ئەسڵی مەبەست، لە ستایش و پیاهەڵدان و لاواندنەوە ئەگەر مەبەست هەر یەکێك لەمانە بێت لە قەسیدەکە. ئەنجا لە درێژەی تێکستەکەدا شاعیر لە ڕێگەی جوان خۆ دەربازکردن (حُسن التخلص) لە بابەتێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ سەر بابەتێکی تر و لە کۆتاییدا لە بەشی دوایی بە چەند دێرێك کە (شریطە)ی پێ دەڵێن و لە ڕێگەی (حسن الختام) کۆتایی بە دەقەکە دەهێنێت[٢٧].

حەریق لە قەسیدەیەکیدا بە دابی قەسیدە سەرایانی گەورەی عەرەب و فارس بابەتی قەسیدەکەی بە چەند دێرێکی غەزەلی شیرین و پاراو دەکاتەوە، ئەنجا هونەرمەندانە خۆ لەو مەسەلەیە دەبوێری و دەپەرژێتە سەر

ستایشی شێخی بورهان، دواتر دووباره بە چەند دێڕێکی غەزەلئاسا بەلای وەسفی سروشتدا ڕادەبوورێت کە ئەمە (تجدید المطلع) یا دەستپێك تازە کردنەوەیە، تا ئەوەی بەشی دوایی بابەتەکەی بە پیاهەڵگوتن بە حەزرەتی شێخی سیراجەددین و کوڕ و نەوەکانی بەهۆی (حوسن الختام)ەوە دەگەیەنێتە ئەنجام[٢٨]، بەم جۆرەی خوارەوە:

**قەمەر کەوتۆتە میزانی خەیاڵم موشتەری با بێ**
**لە عیقدی نەزم و نەسرم تالبی عیقدی سورەییا بێ**
**جەمالی دڵبەری فکرم لە خەڵوەتدا بوو تا ئێستا**
**بلا با دڵبەر ئارابێ، قەبووڵی ئەهلی ئارا بێ**
**لە دووکانی خەیاڵم بۆ عرووسی دڵ غەزەل دێنم**
**گرانجانی بەکارنایە کەسێ سەودای لە سەردا بێ**
**لە مۆژدەی نەوبەهار و غولغولی بولبول لە دەوری گوڵ**
**وەکو قومری دەبێ تۆقی وەفای سەروم لە ملدابێ**
**نەفەس دەم، دیدە پڕ ئاو و سەماوەرسینە، جەرگ ئاتەش**
**کەلامم قەندە گەر ساقی لەگەڵ من ئارەزووی چا بێ**
**سەرم سەمتوور و سینە ساز و ئەشکم تارە بەو شەرتە**
**بدا ساقی مەیی نابێ بڵێ موتریب بڵێی نابێ**
**لە دامێنی خەیاڵم دامەنێ گوڵ بچنە ئەی شاهید**
**بە شەرتێ شاهی شەمسەددین لە دڵما جلیوە ئارابێ**
**لە گەرمی لوتفی مەولاوە نییە سەردی لەمەولاوە**
**بە سەرما ڕۆییوە سەرما، نییە باکم بەسەرما بێ**
**خەڵاتی شاهی نەورۆزی نیشانەی ئاتەش ئەفرۆزی**
**نەسیم هێنای بە دڵسۆزی دڵیی سۆزی جەفا نابێ**
**ڕەئیسە هەور و تۆپچی ڕەعد و تۆپ بەرق و نیزام باران**
**نەسیم پێشڕەو، تەلیعە تەرزە، فەڕاشی دەبێ بابێ**

شـــەماڵ ســـەرتیپی تـــەرتیبی غوڵامانـــەی غوڵامانـــە
جنـــووبی یـــاوەری فـــەوجی شـــەدە و دەسمـــاڵی والاّبـــێ

بەڵەك بوو كێو و سەحرا وەك دەڵەك خۆی دریـەوە زستان
زەیسـتان ئیتتیفاقـەن چون بـەری خسـت هێـزی پێـی با بـێ
لە دەنگی رەعد و ڕەنگی بەرق و ناڵەی هەور و گرمـەی با
كـەڕ و كـوێر بـەفری تـایین، مـەر هەناسـەی سـەردی پێمابـێ
لە شەوقی گوڵ، لە زەوقی مول، عەجەب سەرخۆشە ئەهلی دڵ
دەوێــژن تاییفــەی خووبــان مەگــەر جەننــەت بــە دونیــا بــێ
حەجـەر هـەروەك شـەجەر ناتیق بـە سرڕی قودرەتی حـەق بوو
كەســێ حــاڵی ببــێ حــاڵی دەبــێ گــەر ئــەهلی بینــا بــێ
نیشـانەی نیعمــەتی عوقبـا لــە دونیـادا هووەیـدا بــوو
كەســێ بـاوەڕ بـە مـن ناكـا لـە ڕەنگـی سـەوزە جویـا بـێ
عەتای موتڵەق بە غـەیری خـالیقی حـەق بۆ درەختـی ڕەق
بـە كـێ دەكـرێ هـەموو سـاڵێ شـكۆفەی سـەبزی پێـدابێ؟
نـەباتاتی زەمـین نـەوخێز و جـامی كـەیفی گـوڵ لـەبڕیز
لەخـەو بێـدار بـوو نـەرگس هـات بـەخێربێ مـاڵی ئـاوا بـێ
بــە عــەزمی دەســت بۆســی دەســتە هاتــە خزمــەت شــا
هــەموو مــەخمووری نیسـبەت وەك كەسـێ سەرمەسـتی سـەهبابێ
وەنەوشـە بـۆ غـوڵامی خـاڵی خوبـان گـەردنی كـەچ كـرد
بە وەجهە وەجهی وەك مۆئمین لەبەر سوجدە بە سیما بێ
سەفینەی فیكرەتم ڕۆچوو دەفینەی حیكمەتی تووش بوو
سـەلەف حیرزی خەلـەف هـەر وەك سـەدەف بـۆ دوڕ موهـەییا بـێ
نموونـەی ئینقیـاد و سەركەشـی بـوو سـەردی و گـەرمی
كە موخلیس حاڵی گەرم و مونكیریش دڵ سەردە تا مابێ

سیراجەددین بە نووری حەق بە هەر شەخسێ بەهای دابێ
بە شەمسی ڕووی حیسامەددین وەفا کا بێ زیبا نابێ
بەسەر خاکی وجوودی تالیبان ئیکسیری ئەلتافت
مسی قەڵبی قەڵب خالیس دەکا گەر عەکسی تێدا بێ
لە دیباچەی کتێبی حوسنی عالەم هەر وەرەق لادەم
دەبینم مەبحەسی وەسفت لە هەر فەسڵ و لە هەر بابێ
لەگەڵ نەفسی یەزید وەك بایەزیدە هەر دڵێ بۆ تۆ
موتیع و ئەهل و دانابێ، سەری تەسلیمی دانابێ
بە نەحوی سەرفی دڵ تا زولفەقارت گرتە نێو چەنگت
وەکو حەیدەر لە فەتحی خەیبەرا شمشێری کێشا بێ
بە عیشقی شای سیراجەددین و شەوقی بولوەفا جانا
کەرەم فەرموو وەکو دێژن نە زانستم بە زانابێ
حەریقی ڕیشتەیی جانت فتیلەی شەمعی جانانە
لە بەزمی پیری مەیخانە کزەی دڵ بێ مەزە نابێ

(دیوان: ١٩٩)

بەشێك لە شیعر و هۆنراوەکانی حەریق لە دەوری باس و بابەتی وەسف و پیاهەڵدان و پاڕانەوە لە دەرگا و ئاستانەی پیر و شێخی تەریقەتدا دەخولێنەوە، یان بەڕاستی و ڕاشکاوانە لە چەندین شوێن و لە زۆرێك دەقەکان ناوی (یوسف، شەمس، شەمسەددین، ...) بەڕەوانی بۆتە وێردی سەر زمانی هۆنراوەکانی، یان ئەوەتا بەزمانی هێما و ئاماژە و لە بەرگ و پۆشاکی غەزەلی عاشقانە – عارفانەدا بە چەندین شێوە ئەو سۆز و سووتانە ڕادەگەیەنێت.

سەبارەت بە بەشی یەکەمی ئەم بۆچوونە چەند نموونە لە دیوانەکەیدا دەور دەکەینەوە:

تاریکـــه دڵـــم ڕەوشـــەنیێ (شەمســـی هیدایـــەت)
نوقتـــەی دڵەکـــەم مەبـــدەئی هاتۆتـــە نیهایـــەت
ئـــەی پادشـــەهی مڵکـــی ویلایـــەت بـــە عەدالـــەت
مـــەزڵوومی شـــەڕی نەفســـم و هاتوومـــە شـــکایەت
(بورهان) وەکو (کەنعان) و (شەرەفکەند) کە (میسر) بوو
کـــردت بـــە مەدینـــەی ئەمـــەل و کەعبـــەیی غایـــەت
هـەم (شەمسـی) بـە ئیسـنادییو هـەم قـوتبی بـە ئیرشـاد
ئـــەو خەرقـــە بەســـە بـــۆ نـــەزەری ئـــەهلی کیفایـــەت
- ئـــەی خـــزری ڕەهـــی زوڵمـــەتی ســـەرئاوی حـــەیاتم
بـــۆ (شەمســـی) ڕوخـــت ســـاکینی قـــەعری زوڵوومـــاتم
بـــۆ دیـــدەی یـــەعقووبی خـــیرەد یـــەك نـــەزەری تـــۆ
خاســـــییەتی پیراهـــــەنی کردۆتـــــە خـــــەلاتم
تـۆ (شـەمس) و منـیش زەڕڕەیـی بێ جیلـوە بـە قوربـان
نیســـبەت هەیـــە عـــەیبی چـــییە جویـــایی بـــەراتم
- پەروانـــەیی هـــەر جـــەمعێ نـــەبی چـــاکە حـــەریقی
خـۆت باوێـژە نـاو زومرەیـی ئـەو (شەمسـی) هودایـە
- گـەر تـالیبی بـۆ (یوسـفی) خـۆت نەفسـی عـەجووزە
زوو بێنـــە دەزوو بێنـــە دەڵـــێن ئـــەهلی وەفایـــە
- بـــۆ حـــزووری پـــیری کامیـــل عـــاریفی دانـــایی ڕاز
(شەمسـی) ئـەفلاکی هیدایـەت نـەجمی ڕێـی هـەر شـەبڕەوێ
- تا دیومە لە نێو مەسحەفی ڕووت سوورەیی (یوسف)
بـــۆ ئایـــەتی حوســـنت لـــە هـــەموو ڕەسمـــێ کـــەنارم
- لـە دامێنـی خـەیاڵم دامـەنی گـوڵ بچـنە ئـەی شـاهید
بەشـەرتێ (شـاهی شەمسـەددین) لـە دڵما جیلـوە ئارابێ

سەبارەت بە بۆچوونی دووەم کە شاعیر لە وێنەی عاشقێکی – عاریف ڕەمز و ڕازی دڵی خۆی دەکاتە وێرد و سروودی دەمی پەروانە کە بە دەوری گوڵدا دەگەڕێ و پێی هەڵدەڵێ:

– هەموو کەس بابزانێ من کە سەودای زولفی دوو تاتم
لە خانەی کولمدا کوڵم لە دەوری شای ڕوخت ماتم
ئەگەر چی ساکینی ملکی عەجەم بووم دوور لە ڕۆم کەوتم
لە سایەی پەرچەمی تۆوە ڕەئیسی ملکی شاماتم
موتالای حاشیەی زولفت لەسەر سەفحەی ڕوخت سەعبە
بەوەم چابوو بە منداڵی لە دەرسی عیشق ڕاهاتم
– شاهیدمە حەواسم کەسەکەم چەندە کەساسم
بە خودا نییە غیرەت لە خەیاڵ و لە نەزەرما
هەر چەندە بە جیسمانی کە دوورم لە حزوورت
ڕووحانییەتت سەبتە لە نێو دیدەیی تەڕما
تۆفانی سرشکم چووە سەر جوودی وجوودم
کەشتی تەنی قوم کرد و نە نووح و نە ئەسەر ما
لەو ساوە کە تۆ ڕۆیی دڵم ڕۆیی بە دووتا
هێلانەیی تەن هەروەکو مەئوایی سەقەر ما
– بە قوربانت بم ئەی پیری خەراباتی جیهان ئاباد
بەشایەد بە کە من ڕووحم لە ڕەهنی قوربی تۆ ناوە
شەهی موڵکی یەقین شاهنشەهی دین پیری باتەمکین
ڕەئیسی ئەولیا ڕەحمێ هەتا دڵ ڕێی نەبەسراوە
وەکو پەروانە بۆ شەمعی جەمالی تۆ حەریق ئەمشەو
چرای شەوقی بە کبریتی تەبیعەت خۆش هەڵایساوە
– بولبولێکی خۆش نەوا بووم بۆ نەوای دەوری گوڵت
کێ وەکو هودهود حیکایەتی سەبای گێڕایەوە

بۆ کـەناری سـەوزەیی دەوری گـوڵی ڕووت شـین دەکـەم
خـاکی کـوّی عیشـقت بـە بێـژینگی سـەرم بێژایـەوە
– ئـەی دڵ وەرە شـادی کـە لـە بـۆ بـەزمی ویسـاڵت
وا دیومەتـــەوە دلبەرەکـــەی تـــازە نیهالـــت
سـا هەڵسـە لـە شـوکرانەی ئـەم موژدەیـە ئـەی دڵ
ئامادەکـــە ئەســـبابی تـــەرەب ویســـعەتی حاڵـــت
فەرشـــی غـــەزەلت ڕاخـــە لـــەنێو حـــوجرەیی دڵـــدا
فەخرولعولـــــەما بێنـــــەرە دیـــــوانی خـــــەیاڵت

**حەریق و شیعری غەزەل:**

غەزەل لە شیعری حەریقدا تـام و چێژێکی گیانبەخشـی تـاك و تایبـەتی هەیە، وێنە شیعرییەکانی حەریق بیری قووڵ و خەیاڵی ناسـك و ورد و سـۆز و سووتانی سەمیمانەی لێ دەتکێ، لـە تـەونی زمـان و شـێواز و گفتولـوفتێکی ئاشـنا و ڕەوان و خۆمـاڵی دوور لـە سەنعەتسـازیی وشـك و سـەخت و ڕەق هۆنراوەتەوە. وشە و زاراوەی بێگانەش کە لـە فەرهـەنگی شـیعریی حەریقـدا هـاتوون کوردانـە ئارایشـت کـراون و خۆکردییانـە چـندراون کـەوا هەسـت بـە نامۆبوونیان ناکرێت. گەشـتێك بـە نـاو گـوڵزاری چـەند غـەزەلێك ئـەو بڕیـارە دەسەلمێنێت:

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نـەك نمـەکگیر بم بـە مـەرگی تـۆ قەسـەم هـیچ نەمدوانـد
گـــوڵ بـــە تـــۆزی پێتـــەوە لاف و گـــەزافی لێ ئـــەدا
وا شـوکور سـۆزەی نەسـیمت هـات ئەویشـی لێ سـتاند
نەشـتەری موژگـانی تـۆ هاتۆتـە سـەر سـەفحەی دڵـم
هەر خـەتێ بوو غـەیری خـەتتی سـەوزی تۆ پـاکی کڕاند
لەشـکری ئـاهم لەگـەڵ جەیشـی حەبـەش دەعـوا دەکـا
حـیرەتم مـاوە کـە چـۆن ئـەو دلبـەرە دڵمـی فڕانـد

بــۆ گــوڵی ڕووت ماتــەمی پەرچــەم دەبینــی بۆیــە وا

مــاهی نــەورۆزم بەشــێوەن وەك محــەڕڕەم خــۆی نوانــد

تــۆ لــە ئــەووەل گــۆی وەفــات هێنایــە نێــو مەیدانــەوە

ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سەت وەعدەی شکاند

تــۆ خــودا قــەت غیرەتــە بــۆ تــۆ ئــەرێ ســەروی ڕەوان

گــوڵ بــەبێ تــۆ وا لــە باغــا خێــوەتی خــۆی لێ چــەقاند

بــا وجــود ئینســاف بــدەم چــاکە گــوڵیش موشــتاقتە

هــەر لــە شــەوقی تۆیــە ســەرپۆش و گریبــانی دڕانــد

هــەر کەســێ مایــل بــە پیرێکــە و تــەریقێکی هەیــە

تــۆ بەشــوعلەی غــەم حــەریقی وا وەجاخــت هەڵگڕانــد

(دیوان: ١٤٧)

لە غەزەلی (ڕازی عەشق)دا دەڵێ:

حوزنی مـن یا حوسنی تۆ ئیشکالە تا ئاخیر نەفەس

چۆن زەکاتی حوسنی تۆ یا حوزنی من ناگا بە کەس

زاهـــیرەن فەرمووتـــە وەختـــی مردنـــی حـــازر دەبم

وا لــە خۆشــی مــردنم دەمــرم دەســا ئینســافە بــەس

چۆن دەکەی مەنعی دڵی من تۆ لە شەهدی لێوی خۆت

لێــوی تــۆ وەك شەکەرســتانە دڵــی مــن وەك مەگــەس

چاوەکەم لـەو بـاغی حوسـنە مـەنعی چاوی مـن مەکـە

لازمــە بــۆ پاســەوانی باغەکــەت جووتــێ عەســەس

تـازە فەرمووتـە لـەلای کـەس ڕازی عیشـقی مـن مـەڵێ

نەتدەزانی دڵ کە کون بوو دەنگی لێ دێ وەك جەرەس

پێـی بڵـێن زاهیـد بـەخێری خـۆی لـە وەعزی مـن گـەڕێ

عیشقی من شوعلە و بڵێسە وەعزی ئەو وەك خاروخەس

خـاڵی سـەوزە، داخـی سـەوزە، باسـی ناسـۆری مەکـەن

تـا زەدەی تـۆ بـێ حـەریقی قـەت شیفای نایـە بـە کـەس

(دیوان: ١٧٤)

دەسەڵاتی شاعیر لە هۆنینەوە و ڕازاندنەوەی وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ، چەمکی ورد و ناسک، خەیاڵی جوانیناسانە لە غەزەلی (مژدەی نەسیم)دا ڕەنگی داوەتەوە:

چاوەڕێی مژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ بولبولم بابێتەوە
وا وەعیدی بەفری زستانی فیراقت کەوتە دڵ
مەر بەبای وەعدەی ویساڵت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە
میروەحەی زوڵفت لە دەوری ئاتەشی ڕووت بێ، چلۆن
ئاگری عیشقت بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە
سووچی زوڵفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت
ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەگرێتەوە
خەتتو مۆری زوڵف و خاڵت حوججەتی مڵکی دڵە
نەقشی ئەو مۆرە بە ئاوی (خوڕخوڕە) ناچێتەوە
دڵ لە ترسی چاوەکەت ڕووی کردە میحرابی بڕۆت
ئێستە بیستوومە لە چینی زوڵف جێی نابێتەوە
کێوی هیجرت خستە سەرشانی دڵم پێی خستووە
تا نەگا دەستی بە زوڵفت زەحمەتە هەستێتەوە
سەت کەڕەت خستمتە گێژ و مەهلەکەی بەحری فیراق
ئاخری مۆژگانی قوللابت دەرم دێنێتەوە
مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد
گوڵ بە شادی دادەچێنم خاری غەم دەڕوێتەوە
خۆت دەزانی مووددەتێکە گەردی پامالی جەفام
کەی وەکو نەقشی قەدەم سەر دێنمە ژێر پێتەوە

دڵ ئـــەوا کەوتۆتـــە زینـــدانی غـــەمت قوربـــانتم

تایـــەکی زوڵفـــت بنێـــرە بەڵکـــە بـــۆم دەربێتـــەوە

تـۆ خـودا تاکـەی لـە تـاریکی شـەوی هیجرانـی تـۆ

دەســـتە ئـەژنۆ دابنیشـــم ڕەببـــی کـــەی ڕۆژ بێتـــەوە

بـێ ئیشـارەی حیکمەتولعـەینی شـیفای نابـێ شـیفام

خـۆت دەزانـی زامـی دووری سـەختە خـۆش نابێتـەوە

فکــری مـــن چـــونکە دەقیقـــە عاشـــقی قـــەددی ئـــەوە

مـــوو لـــە مـــوو گـــیراوە چ بکـــەم لێـــك جـــوێ نابێتـــەوە

زەخمـی دڵ بـێ مەرهـەمی وەسـڵی بـە ناسـۆر کـەوتووە

ئـەی حـەریق باسـی مەکـە تـو خـوا بـلا نەکولێتـەوە

(دیوان: ٢١٩)

لە مەسەلەی کاریگەریی (نالی) بەسـەر شـیعر و بەرهـەمی حەریقـەوە لـە سەرچاوەکاندا قسە و باس کراوە، تەنانەت مامۆستا (هێمن) دەڵێت: (حەریق نەك باشترین شاگردی نالی بووە، بەڵکو قوتابخانـەی نـالی بردۆتـە موکریـان و شاگردی باشـی لـەو مەڵبەنـدەی کوردسـتان پێگەیانـدووە)[٢٩]. ئێمـە لەگـەڵ بەشی یەکەمی بۆچوونەکەی هـێمن دایـن، ڕاسـتە حـەریق لـە نێـو شـاعیرانی بەرەی یەکـەمی موکریانـدا، تـەبعی شـیعری لـە هـەموان زێـدەتر لـە تـەبعی نالییـەوە نزیکـە، دیـارە لێـرەدا مەبەسـت لەلایـەنی بـیر و بابـەت و شـێوازی داڕشتن و سنعەتی شیعری مەلایانـە و ئایینییەوەیـە. بـەڵام لـە بابـەتی بـیری عاشقانەی سۆفیزمەوە ئەوا لـە ژێـر کاریگـەریی (مـەحوی) دایـە. لەولاشـەوە (وەفایی) سەردەستەی ئەو شاعیرانەیە کە قوتابخانەی شیعری نالی هێناوەتە موکریان و بڵاوی کردۆتەوە. ئەنجا حەریق و ئەدەب و عەلی بەگی حەیدەری و مەلا ڕەسووڵی ئەدیب و سەید ڕەشیدی خانەقا (چاوەش)، کۆڵەگـەکانی ئـەم ئەزموونـەیان داڕشـتووە و ئـاوا کردۆتـەوە. حـەریق خوازیـار بـووە توانـا و دەسەڵاتی شاعیرانەی خۆی لە بەرامبەر نالیدا تـاقی بکاتـەوە، بۆیـە هـاتووە

پارچە شیعرێکی لە وێنەی (شیعری موعارەزە) لە ئاست غەزەلە ناودارەکەی نالیدا هۆنیوەتەوە، لای نالی (کچ) بۆتە تەوەر و سەنتەری بیر و مەبەست و هەموو خولیاکانی شاعیری بە دەوردا دەخولێنەوە:

**عیشقت کە مەجازی بێ خواهش مەکە ئیلا کچ**

**شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ**

حەریق لەسەر هەمان هەوا و ئاواز، بە هەمان شێواز و ئامراز و کەرەستەوە، بەڵام بە مەنتقێکی جیاواز بەرپەرچی نالی داوەتەوە، کە لای ئەو (کوڕ) دەبێتە تەوەر و سەنتەری بیر و مەبەست:

**عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیلا کوڕ**

**هەم حەزرەتی لەولا کوڕ هەم یوسفی والاّ کوڕ**

ئەم جیدال و ڕەدد و بەدەلە پایەی شیعری حەریقی بەرزکردۆتەوە تا شان لە شانی نالی بدا، ئەگەرچی لە گشتدا نالی هەر بە مامۆستا و حەریقیش هەر بە شاگردێکی بلیمەتی ئەو دەمێنێتەوە. حەریق لە بابەت و موناسەبەتی دیکەش شوێنپێی نالی هەڵگرتووە کاتێ دەڵێ:

**ئەم تاقمە شیرینە لە مەکتەب کە دیارن**

**جەللادی دڵی عالەم و ئاشووبی دییارن**

ئەمە ڕەنگدانەوەی پارچەکەی نالییە کە لە دەستپێکا دەڵێ:

**ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەتی شاهن**

**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن**

هەروەها لە بەخۆهەڵدان و شانازیکردنیشدا دیسان شوێنی نالی کەوتووە کاتێ گوتوویەتی:

**- گەنجی فیکرم کە لە نێو کونجی غەما دیوەتەوە**

**موڵکی شادیم هەیە تا ساکینی بەیتولحەزەنـــم**

**- هەریەك پەلی فرزەندێ، دەژی شیعری حەریقی**

**تۆ بۆچی لەکیس خۆتی دەدەی موشتەری نادان**

**– بێره مەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆت لنگده حەریق**
**تا بزانم کێ بە شیعرت سوحبەت و یاری دەکا**

لە دیوانی حەریقدا پارچە شیعرێکی مەسنەوی (٢٦) بەیتی هەیە کە لە ڕووی هونەرییەوە زۆر پتەو نییە و لە دنیای شیعری میللییەوە نزیکە، ئەویش هەر دەربڕی خولیاکانی شاعیرە دەرحەق بە شێخی بورهان، بەر لە حەریق و لە شیعرە کوردییەکانی وەفایی و شێخ ئەحمەدی کۆردا، کە تا ئەمڕۆ دۆزراونەتەوە، شیعری مەسنەوی بەدی ناکرێت، بۆیە ئەم دەستپێشخەرییە لە شیعری موکریان بۆ حەریق دەمێنێتەوە، وا پێدەچی بەکاربردنی ئەم فۆرمە شیعرییە لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی گۆرانەوە بووبێت. وەك چۆن پارچەیەکی بەشێوەی (هەورامی) هۆنیوەتەوە کە تیادا لەسەر دابی (مەولەوی تاوەگۆزی – مەعدووم) بە پیر و شێخەکەیدا هەڵدەڵێ، لە بابەتی چوارین و تاك بەیتیشدا چەند بەند و بەیتێکی هەیە.

حەریق لە شیعری فارسیشدا بە توانا و خاوەن دەسەڵات بووە، لە سەرچاوەکاندا تاقە یەك پارچەی تۆمار کراوە، کە نیشاندەری توانا و دەسەڵاتی شاعیرانەی حەریقە لەو مەیدانەدا، دوور نییە بەرهەمی شیعری فارسی دیکەیشی بووبێت، بەڵام تا ئێستا لە ناوا نییە، ئەمەش دەقەکەیەتی[٣٠]:

**خیز ای زیبا پسر دستی بجام زر زنیم**
**بی تأمل جام زر بر فتوی آزر زنیم**
**جام بر کف، کام دربر، شور در سر، یك رهه**
**بیخود از عالم ره آن عالم دیگر زنیم**
**گر حریفان را بمسجد ره نماید شیخ شهر**
**ما که در میخانه راهش در سر کوثر زنیم**
**او به تهدیدات مبهم راه ما در میزند**
**ما به تمهیدات محکم راهش از کوثر زنیم**

قطرەسان بی پا و سر رو جانب دریا نهیم

غـوطـەور گـرداب انـدر پـای پهنـاور زنـیم

قطـرە مشـتق آمـد از دریـا بوصـف قطـرگـی

وصـف بـرداریم مشـتق را و در مصـدر زنـیم

در مقـــام لی مـــع الله در حـــریم کبریــــا

دســت رد بــر ســینه هــر کهــتر ومهــتر زنـیم

رخــت را جــایی فــراداریم کــآنجـا جبرئیــل

گـر زنـد پـر آتشـش یکبـارە بـر شـهپر زنـیم

پـای عـزت بـر فـراز عـرش و آن سـوتر نهـیم

ســر بــە ســنگ آســتان پــاك پیغمــبر زنــیم

**چاپەکانی دیوانی حەریق:**

– بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٣٩)دا (کوردی و مەریوانی) بەشێك لە شیعر و هۆنراوەکانی شاعیریان لە ژێر سەرناوی (دیوانی حەریق)دا لە بەغدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە. دیارە ئەم چاپە هەم ناتەواوە، هەمیش هەڵە و پەڵەی زۆری تێ کەوتووە.

– هەر ئەم چاپە و بەبێ دەستکاری، بەڵکو بە کەم و کورتی زیاترەوە، بۆ جاری دووەم بەناوی (دیوانی حەریق) لە ساڵی (١٩٦٩) لەلایەن (مەحمود خاکی)یەوە لە چاپخانەی (الجمهوریة)ی کەرکووك چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

– بۆ جارێکی تر (دیوانی حەریق) بە لێکۆڵینەوەی (سەید نەجمەدینی ئەنیسی) لە ساڵی (١٣٦٨)ی هەتاوی لەلایەن (محمدی سەقز)ی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەمەیان بە بەراورد بە چاپەکانی پێشوو پوختە و تەواوترە، بەڵام لەباری ڕێنووس و چاپ و دەرهێنانەوە بێ کەم و کورتی نییە.

– ساڵی (٢٠١١) لە نووسینگەی (التفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن) چاپێکی دیکە لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (نەوزاد کەلهوڕ) بڵاوکراوەتەوە،

کە مخابن پڕیەتی لە کەم و کورتی و هەڵە و پەڵەی ڕێنووسی، بۆیە دیوانەکەی زۆر بێ نموود کردووە. سەیرە لە دوای (٧٠) ساڵ لە چاپی یەکەم، دیوانی شاعیرێك بەم شێوە شێوێندراوە بکەوێتە بازاڕەوە.

– ساڵی (٢٠١٢) جارێکی تر ئەو چاپەی دیوانی شاعیر کەوا ئەنیسی ئامادەی کردبوو، لەلایەن بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ ئەوەی لە هەموو چاپەکانی پێشوو پوختەترە و من خۆشم هاوکاریم تێیدا هەبووە، بەڵام چاپێکی زانستی و کامڵ نییە.

حەریق شاعیر و داهێنەرێکی گەورە بووە، بۆ مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی جێگەی سەربڵندی و شانازییە، بەڵام مخابن تا ئەوڕۆ دیوانێکی تەواوی لەسەر بنەمای ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبەر دەستدا نییە !.

**ئەدەب**

لەناو شاعیرانی بەرەی یەکەمی موکریاندا ئەدەب بەوە دەناسرێتەوە کەوا سروشت و شێوازێکی شاعیرانەی تایبەتی هەیە، هات و کار و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەوە بکرێت، مرۆڤ دەتوانێت بەوردی بنەما هونەرییەکانی ئەو سروشت و شێوازە دەستنیشان بکات، بەڵام ئەم تایبەتمەندییانە وەنەبێ لە جەغز و چوارچێوەی گشتیدا بە جارێك لە شاعیرانی هاوسەردەمەکەی خۆی لە وێنەی (وەفایی، حەریق، حەیدەری......) دابڕێت.

ئەم بۆچوونە بڕیارێکی نامۆ و ناسروشتی نییە، بەو دەلیلەی لە زانستی سەبکی ئەدەبی و شێوازناسیدا لە هەر سەردەم و زەمانێك، وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی دوو جۆر لە شێوازی شیعری بەدی دەکرێت، یەکەمیان سەبك و شێوازی سەردەمەکەیە، کە لە شیعر و بەرهەمی ئەدەبی ئەو نووسەر و شاعیرانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە لەیەك سەردەمی مێژوویی دیاریکراودا ژیابن، ئەمانە لە زۆر لایەنەوە، لە نموونەی فۆرمی شیعری و فەرهەنگ و زمان و زاراوە و تەعبیر و وێنە و دارشتنەوە، هاوشێوەیی لە نێوانیاندا دەبێت،

وەك ئـەو هاوشـێوەییەی لـە قۆنـاغی کلاسـیکدا لـە نێـو شـاعیرانی هـەرێمی موکریاندا دەبینرێت.

دووەمیان سەبك و شێوازی شیعری تاکە کەسییە، دیارە لە نێو ئەو بازنە و چوارچێوە گشتییەدا، هەر شـاعیر و ئـەدیب و نووسـەرێك وەکـو دەنگێکـی سەربەخۆی خاوەن کۆمەڵێك خاسیەت و ئەدگاری ئەدەبی و هونەری تایبـەت بە خۆی بە دیار دەکەوێت، لەم ڕووەوە هـەر شـاعیر و ئـەدیبێك داهێنـەرێکی تایبەتە و خاوەنی شێوازێکی ئەدەبیی تاکە کەسی تایبەت بە خۆیەتی.(٣١)

لێرەوە دەتوانین بڵێین شاعیرانی بەرەی یەکەم بـە گشـتی سـەر بـە یـەك قوتابخانە و ڕێبازی ئەدەبین و لە زۆر لایەنەوە لە یەکچـوون و هاوشـێوەیی و هاوشـێوازیی ئـەدەبی کۆیـان دەکاتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەریـەکێکیان جیهانێکی سـەربەخۆیە و خـاوەن تایبەتمەنـدی و شـێواز و ڕێبـازی هونـەریی تایبەت بە خۆیەتی، کە لە هاوشانەکانی جیا دەکاتەوە. هەر ئـەو هۆکـارەش لە پشت ئەوەوەیە کەوا هەر کـام لـە وەفـایی و حـەریق و ئـەدەب... لـەباری شێواز و هونەری شیعرەوە خاوەنی بەهرە و داهێنان و زەوق و سەلیقە و تام و چێژێکی تایبەت بە خۆیان بن.

بۆیە بەیەك ڕستە دەتوانین بڵێین کەوا زمان و شێوازی شیعری ئـەدەب، بەتەواوی زمانێکی ڕۆژهەڵاتی کلاسیکە، بە واتـا تێکـەڵ و تەژییـە لـە وشـە و زاراوەی عەرەبی و فارسی و تورکی. وەلی ئەم زمان و فەرهەنگە شیعرییە لـە ژێر تاوی شێوەزار و پاشخانی ڕۆشنبیری و کولتووری هەرێمەکە، لـە ڕایـەڵ و پـۆ و کـر و ئاکـارێکی موکریـانی و ناوچـەییدا نەخشـێندراوە و تـەعبیری لێ کراوەتەوە.

### ئەدەب و پارچەی غەزەل:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕوخسار و فۆرمی شیعری ئەدەب ئەوەیە کە بایەخێکی زۆری بە غەزەل داوە و فۆرمـە شـیعرییەکانی دیکـەی تـا ڕادەیـەك فـەرامۆش کـردووە، بـە جۆرێـك کـە مـرۆڤ دەتوانێـت لـەم لایەنـەوە نازنـاوی

شاعیری یەکەمینی غەزەلخوێنی شیعری کوردی بە بالآدا ببڕێت. لە کۆی (١٣٧) تێکستی شیعری کوردی کە دوایین چاپی دیوانەکەی گرتوویەتییە خۆ، ئەم ئامار و ژمارانەمان دەست دەکەوێت:[٣٢]

– ٢ تێکستی شیعری ئایینی کە لە سەرەتای دیوانەکەیدا هاتوون.

– ١ تێکست لە ستایشی شێخی بورهاندا گوتراوە، کە گوایا لەگەڵ حەریق بە هاوبەشی هۆنیویانەتەوە.

– ٣ تێکستی شیعری هەن کە لەسەر فۆرمی قەسیدەی موسەممەتی پێنجینەبەندا هۆنراونەتەوە ؛ یەکەمیان لە (٤١) بەند و دووەمیان لە (١٧) بەند و سێیەمیان لە (١٣) بەند پێکهاتووە.

– ١ تێکستی شیعری گۆرانی کە لەسەر کێشێکی ناعەرووزییە.

لەمانە بەولاوە (١٣٠) پارچەیان لێ دەمێنێتەوە کە هەموویان دەچنە خانە و فۆرمی غەزەلەوە. بەم پێیە تێکستی غەزەل لە ٩٥٪ ی شیعر و دیوانی ئەدەب پێك دەهێنێت.

لەو لاشەوە ڕاستییەك هەیە و بەرچاویشە، ئەویش ئەوەیە کە ئەدەب لە غەزەل سەراییدا ئەوەندە پابەندی ژمارەی دێر و فوورمی غەزەل نەبووە و غەزەلەکانی لە پارچەی (٣ و ٤) دێرییەوە دەست پێدەکەن و تاوەکو پارچەی (٢٣ و ٣١) دێری هەڵدەکشێن، کە ئەمانە جۆرێکە لە لادان و تێپەڕاندن لە فۆرمی باو و سوننەتیی غەزەل لە شیعری کلاسیکدا.[٣٣]

دیاردەیەکی تایبەت بە شێوازی غەزەلەکانی ئەدەب ئەوەیە کەوا ڕێژەیەکیان، ئەگەرچی زۆریش نین، بە زمانێکی سەخت و ڕەق و دژوار هۆنراونەتەوە و کە لە نێو دەریای زاراوەسازیی بێگانە و سنعەتسازیدا بە تەواوی غەرق بوون. کەچی لەبەرامبەردا ڕێژەی هەرە زۆریان زمانێکی تەڕ و پاراو و خۆماڵییانەیان هەیە، کە زۆر لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی، بەڵام هونەری و پاراو، نزیك دەکەونەوە. لێرەدا دوو نموونە لە هەردوو شێوەی داڕشتن لە غەزەلی شاعیر دێنینەوە:

نموونەی یەکەم:

گەر مەتلەعە بۆ ماهی موقەننەع چەهی نەخشەب
ماهی مە تلووعی لە چەهی غەبغەبە هەرشەب
گوڵزاری جەمالە موتەشەککیل بە دوو سونبول
یا بەدری درەخشندە لە مابەینی دوو عەقرەب
ئەی سەروی چەمانی قەمەری نووری قەمەر ڕوو
وەی خونچە دەهانی شەکەری نوتقی شەکەرلەب
تاکەی بە جەفا ئێمە خەتابار و گونەهکار
تاکەی بە ستەم ئێمە گرفتار و موعەززەب
گەر لوتفە هەتاکەی دەگەڵ ئەغیارە خیتابت
گەر قەهرە هەتاکەی منی بێچارە موخاتەب
سەد حەیفێ کە بۆ دەردی دڵی مە دەمی وەسڵت
فرسەت کەم و شەو کورتە و توولانییە مەتلەب
گەر بادە فەرەحبەخشە بە یادی لەبی تۆیە
نەشئەی چییە بێ شەهدی لەبت جامی لەبالەب
گەر لۆمەیە گەر مەنعە ئەگەر کفرە گەر ئیسلام
گەر تابعی قانوونە ئەگەر خاریجی مەزهەب

تاجان لە بەدەندایە (ئەدەب) تۆ دەپەرستێ
زوننارى ملم، زولفی خەمت، قیبلەمە غەبغەب

(دیوان: ٦٧)

نموونەی دووەم:

عومر گەییە ئاخر و ماچێکی جانانم نەکرد
یەك نەزەر تێرم تەماشای ماهی تابانم نەکرد
دامەنم پڕ خونچەیی فرمێسکی گریانە و قەتم
خونچەیێ لەو گوڵشەنی خەندان لە دامانم نەکرد

کیٚ شەوێکی هەمدەمی ئەمنی نزاری خەستە بوو
تا بە ئاه و ناڵەوە تا ڕۆژ هەراسانم نەکرد
ئەی نیگاری بیٚ وەفا چەندم جەفای تۆ دی و ئەمن
یەك سەری موو قەت خیلافی عەهد و پەیمانم نەکرد
تا لەبی لەعلی ئەتۆم دی بەو لەبی لەعلت قەسەم
قەت چ جاران یادی یاقووتی بەدەخشانم نەکرد
سوبحدەم هاتم بە شانەی کەم سەری زولفی سیات
چونکە با نامەحرەمی تۆ بوو پەرێشانم نەکرد
تیری موژگانت لە دڵدا غەمزەکەی تۆیە دەوای
ئینتیزاری مەرهەمی تۆ بوو چ دەرمانم نەکرد
لەو دەمەی چاوم بە گوڵزاری جەماڵی تۆ کەوت
قەت خەیاڵی گوڵشەن و یادی گوڵستانم نەکرد
وەسڵی تۆم ئەووەل کە دی نەمزانی هیجرانی لەدوون
لەززەتی خولدی بەرین بوو یادی نیرانم نەکرد
ئەو دەمەی ماچی لەبت خەوفی عیتابی تۆم نەبوو
خاتەمم پیٚ بوو کە من یادی سولەیمانم نەکرد
تۆ گوتت مەرجانە لێوم، من گوتم جانا بەهای!
غەیری ئەم سەودایە جانا من چ تاوانم نەکرد

چەندە واعیز وەعزی دا و فەرمووی کە ئەلعیشقو جنوون
عاقیلیم کرد ئەی (ئەدەب) بەو پەندی نادانم نەکرد

(دیوان: ٨٤)

ئەڵبەتە هەڵبژاردنی کێش و شیعر ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە کێشکردنی نەشئە و ئاواز و خولقاندنی چێژ و شێوازی ڕەوان و پاراوی شیعر.

ئەدەب لە سەرێکەوە مرۆڤێکی هۆشمەند و زانا و ڕووناکبیر بووە، لە پاڵ زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی، شارەزایی لە زمانە

بیانییـەکانی وەکـو ڕووسـی و فرەنسـی و ئەڵمانیشـدا هـەبووە. ژیـان و گوزەرانێکی ئوروستوکراتی و شارستانی و ئەشرافییانە ژیاوە، ئەنجا ئـەو بـە سروشـت کەسـێکی شـاعیر و هۆشمەنـد و نیگـارکێش و دەسـتڕەنگین و ژیاندۆسـت و جوانیپەرسـت و خـاوەن زەوق و سـەلیقە بـووە، بۆیـە لـە شیعرەکانیدا هیچ جۆرە سێبەر و کاریگەری ڕۆشنبیریی ئایینی و ئیسلامەتی و مەلایانـەی بـە سـەرەوە دیار نییـە. لـەو لاشـەوە هامشـۆی شار و باژێڕە گـەورەکانی ئێـران و دەرەوەی ئێرانـی کـردووە. شـارەزایی زۆری پەیـدا کـردووە، نزیکـی و دۆسـتایەتی لەگـەڵ پیـاوانی دەوڵەتمـەداری ئێـران و کەسایەتی و دیپلۆماتە بیانییەکان هەبووە. لەو بوارەدا یەکەمین کەسێك کـە بیر و بۆچوونێکی ڕەخنەییانەی زانستی سەبارەت بە شیعرەکانی دەربڕیوە، کوردناسی بەناوبانگ (ڤاسیلی نیکیـتین ١٨٨٥ – ١٩٦٠) بـووە. لـەو کاتـەی کونسـوڵی ڕوسـیا بـووە لـە ورمـێ لـە سـاڵی ١٩١٥، لـە سـابلاغ چـاوی بـە میسباحوددیوان کـەوتووە و ئاشـنایەتی لەگەڵیـدا پەیـدا کـردووە و بڕێـك لـە شیعر و هۆنراوەکانیشی بە دەست گەیشتووە.

ئـەنجا لـە دوایـە لـە کتێبەکەیـدا (کـورد و کوردسـتان)، لـە دوو شـوێن سەبارەت بە پلە و ڕێبازی شیعر و شاعیرێتی ئەدەب دواوە و لە ڕیزی یـەکێك لـە نوێنـەرانی نـوێی شـیعری کـوردی دادەنـێ و لـەو بارەیـەوە گوتوویـەتی: هەستی ڕۆمانسیزمی بە جارێك دڵ و هۆشـی کـوردانی داگیر کـردووە. ئـەنجا ئێستا کە باسی ڕۆمانسیزم کرا پێویستە ئاماژە بۆ دیوانە شیعرێکی بچـووکی (ئەدەب)، میسباحی موکری بکـەم کـە بەلامەوەیـە و لـە هـەوەڵ هـەتا ئـاخر هەموو غەزەلی ئەویندارییە کە شاعیر لە عیشـقە ئەفلاتوونییەکـەی خۆیدا بـە دڵدارەکەی هەڵگوتووە بە ناوی (نوسرەت).[٣٤]

نیکیـتین وای بـۆ چـووە کـە شـیعری ئـەدەب خـاوەن بـیر و خـەیاڵێکی ڕۆمانتیکیی بەهێزن، کە بریتییە لە دەربڕینی ئەو هەست و سۆز و عەشقە بـە پێزەی دەرحەق بە گراوی و خۆشەویسـتەکەی نیشـانی داوە. هـەر ئەمەشـە بۆتـە مـاك و بنـاوانی ئـەو بۆچـوونەی تـۆژەرانی ئـەدەبی کـوردی سـەبارەت

عەبدوڵڵا بەگ کە پوختەکەی بەم جۆرەیە: ئەدەب گۆڕانێکی لە ماهییەتی غەزەلی کوردیدا بەرپا کردووە. یار و دولبەری شاعیرانەی لە پەیکەرێکی لاهووتی لە وێنەی حۆر و پەری کە لە ئاسمانی بیر و خەیاڵ و ئایدیاڵدا دەخولێتەوە رزگار کردووە و کردوویەتییەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی، مرۆڤێك کە گۆشت و خوێنە و لە سەر زەوی دەژی، کردوویەتی بە (نوسرەت خانم).[٣٥]

وا دیارە ئەم ژنە پەیکەر میسالە، بەجۆرێك هەست و هۆشی شاعیری داگیر کردووە کە بەڕاستی شەیدا و هەڵوەدای بووە، بۆیە سەرپاکی شیعرەکانی لە جوانی و چەلەنگی و ئەوینیی ئەو یار و دڵبەرەدا گرتووە.

**هونەری پێنجین:**

باسوخواسی غەزەل لە شیعری ئەدەب زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بە توێژینەوەی هونەریی جوانیناسانە و شێوازناسانە هەیە، ئێمە لێرەدا تەنها تیشکمان خستۆتە سەر چمکێکی ئەو مەسەلە و دێینە سەر فۆرمێکی دیکە لە شیعر و دیوانی ئەدەب ئەویش مەسەلەی (پێنجین) یاخود (موسەممەتی پێنجین)ە.[٣٦]

لە پێشەوە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە کراوە کەوا هونەری پێنجین، وەکو فۆرمێکی قەسیدەی شیعری کلاسیك، لە پێشدا و لە ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان لەلای وەفایی دەبیندرێت، بەڵام ئەو قەسیدە پێنجینەی ئەدەب، کە وا پێدەچێت لە وەسفی وەسڵی شەوێکی نوسرەت خانمیدا نووسیبێت؛ دوێ شەو شەوی شەنبە کە لە شەمعی مەه و ئەختەر، بۆتە دەستە گوڵی نێو باغ و گوڵزاری مێژووی ئەدەبی کوردی. کە لەپاڵ (مەستوورەی نالی) و (شیرین تەشی دەڕێسێ وەفایی)، بە شاکاری شیعری مەکشووفی ئەدەبی کوردی کلاسیك دەناسرێن.

ئەم قەسیدەی ئەدەب لە (٤١) بەندی پێنجین پێکهاتووە و لەسەر کێشی (هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف/ مەفعولوو

مـەفاعیلو مـەفاعیلو فـەعوولون)، دامـەزراوە، لـە ڕووی تـەعبیر و زمـانی دارشـتنەوە یەکێکـە لـە تێکسـتە ئـاڵۆز و سـەختەکان و مـۆرکی وەسـف و گێڕانەوە بەسەریدا زاڵە:

دویٚ شەو شەوی شەنبە کە لـە شـەمعی مـەه و ئەختـەر
ئاراسـتە بـوو سـەتحی سـەراپەردەیی ئـەخزەر
مـن بەنـدە لـە کاشـانەیی تـاریکی موحەققـەر
دوو دیـدەیی عیـبرەت بەسـەر ئـەو سـەقفی موجـەددەر
گـەه غـەرقی خـەیالات و دەمـیٚ والـەوو موزتتـەڕ
گـەه مـات و سەراسـیمەیی ئـەو ڕەسـم کەتیبـە
گـەه خیرەیـی ئـەو قـودرەت و ئـەم نەقشـە عەجیبـە
کـو جرمـە درەخشـەندە بـە ئـەم ئەشـکالە غەریبـە
بـیٚ زەحمـەتی نـەققاش و بـەبیٚ ڕەنگـی کەتیبـە
چۆنی بە سەفا خستە سەر ئەو سەفحەیی مەنزەر
جـاریٚکی خیتـابم بـە دڵـی غـەمزەدەیی زار
ئەی هەمدەمی خەمخوارم و وەی مەحرەمی ئەسرار
تاکـەی بـە هـەوای عیشـقی بوتـان و خـەمی دیـدار
تاکـەی بـە جـەفای وەسـڵی گوڵسـتانی ڕوخـی یـار
تاکـەی بـە دوای وەسوەسـەیی نەفسـی بـەد ئەختـەر

(دیوان: ٩٤)

لـە کاتێکدا پێنجینـی دووەم کـەوا (١٧) بەنـدە و لـە هۆنینەوەیدا کێشـێکی ئاوازەداری ئارام و درێژی بۆ هەڵبژاردووە، (هەزەجی هەشت هەنگاوی سـالم/ مەفاعیلون مەفاعیلون مـەفاعیلون مـەفاعیلون)، زمـان و شـێوازێکی تـا بڵێـی سادە و خۆماڵی و ڕەوانی هەیە:

شـکاری چـەشمی ئاهووتـە، دڵـی دایـم برینـدارم
ئەسیری حەڵقـەیی مووتـە، تـەنی ڕەنجوور و بیمـارم

کوژاوی نووکی پەیکانی، سەفی موژگانی خونخوارم
لە ئێشی زەخمی تۆ دایم، فەغان و ناڵەیە کارم
شەوێ تا ڕۆژ لە هیجرانت بەزاری و گریە بێدارم
دەروون وەك نەی دەناڵێنێ، بەزاری خۆی لە دەستی تۆ
مەگەر باتین لە هاوارم دڵێك و چاوی مەستی تۆ
دڵی سادە پەرستی من، بەچاوی مەی پەرستی تۆ
لە سەد جێگە بریندارە، بەزەربی تیری شەستی تۆ
لە زەخمی تیری دڵدۆزت هەتاکو حەشرە هاوارم
دڵم سەودا زەدەی تاری خەمی گیسوویی هیندووتە
تەنم سووزان و ئەفرووزان لە تابی ئاتەشی ڕووتە
عیلاجی ئەو تەبە جانا موفەڕڕیح لەعلی یاقووتە
لەبی یاقووتی ڕەنگی تۆ لە بۆ زەعفی دڵم قووتە
مەگەر گوڵقەندی لێوی تۆ بکا چارەی تەنی زارم

(دیوان: ١٢٠)

تێکستی سێیەم کێشەکەی (ڕەجەزی هەشتی مەخبوونە/ موفاعیلون موفاعیلون موفاعیلون موفاعیلون)، لە ناوەڕۆکدا هەر دمەلاسکەی تێکستەکەی یەکەمە، بەڵام بەهۆی پەنابردنی شاعیر بۆ سیستەمی کەرتکردن و سەروای ناوەکی لە هۆنینەوەیدا، پلەی ئاوازەیی و چێژی تێکستەکە زۆر چۆتە سەرێ، سەرەڕای سواریی کێش و ڕازاندنەوەی سەروای بەندەکانی بە هێشووە دەنگ:

دوێکە ماشیتەی قەزا، لە سونعی لایەنامەوە
بە هەفت کەوایی پەردەوە، لە حیجلەیی زەلامەوە
عەرووسی میهری ئەنوەری، لە قەسری چاربامەوە
لە پڕ نیگاری ماه ڕوو، بە حوسن و ماهی تامەوە
لە پەردەوە وەژوورکەوت بە وەجد و ئیبتیسامەوە

قەدەم قەدەم دەهاتە پێش بە چەندە عیزز و نازەوە
بە چەندە ئیهتیزازەوە، بە چەندە ئیعتیرازەوە
بە لەنجەییێکی کۆتری، بە حەملەییێکی بازەوە
بە چەندە ڕاز و بازەوە، بە چەندە سیحر و نازەوە
بە چەندە کیبر و بازەوە، بە چەندە ئیحتیشامەوە
دوو زوڵفی دڵشکارەکەی، سیاهی تابدارەکەی
یەکێ لە جانیبی یەمین، یەکێ لە لای یەسارەکەی
ببوونە زیبی قامەتی نیهاڵی نەوبەهارەکەی
وەکو لە باری خوسرەویی دوو تورفە پەردەدارەکەی
خودا خودا چەحیشمەتێك بە دوو سەیەهـ غولامەوە
(دیوان: ١٧٩)

**کوڕ یان کچ؟ ئەدەب لە نێوان حەریق و نالیدا**

لە سەر مەسەلەی کوڕ یان کچ لە مەیدانی عیشقی حەقیقی و مەجازی، ئەو پەنجەبازییە شیعرییە لە نێوان حەریق و نالیدا ئاشکرایە کە هەر یەکەی بەلایەکدا ڕایکێشاوە و بە یارەکەی خۆیدا هەڵدەڵێ:

عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ وعەزرا کچ
(نالی)

عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ
هەم حەزرەتی لەولا کوڕ، هەم یوسفی والا کوڕ
(حەریق)

ئەدەب لەو خاڵە ناوکۆییەوە دەست پێدەکات کەوا مەسەلەی (عیشق)ەکەیە و دەبێت بەڕەوانیکەر، بە هونەر و داهێنانێکی شاعیرانە تای تەرازوو لە نێوان کچ و کوڕ وەکو دوو ڕەمز و هێمای عەشقی مەجازی و حەقیقی ڕاگرتووە، بە وەسف و ستایشی هەردوولا لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی (یەکێتی و جیاوازی بوون)، بەم شێوەیە:

بۆ ئەو کەسە عیشقی بێ، فەرقی نییە کوڕ یا کچ
هەرچەندە کە مەعلوومە، فەرقی چییە کوڕ تا کچ
بۆ ئەو دڵە شەیدابێ، فەرقی نییە هەر لابێ
بەلکە لە هەموو لا بێ، ئەولا کوڕ و ئەملا کچ
بۆ عیشقی مەجازی تۆ، بۆ مەحرەمی ڕازی تۆ
شەوگاری درازی تۆ، ئەعلا کوڕ و ئەحلا کچ
کوڕ یا کچی سیمین تەن هەردوو گوڵی یەك گوڵشەن
هەردوو سەنەمی ئێمەن، لاتە کوڕ و عوززا کچ
کوڕ یا کچی لەب نۆشین، هەردوو بە ڕوخ و ڕەنگین
هەردوو بە مەزەن شیرین، قەندە کوڕ و حەلوا کچ
کوڕ یا کچی سیمینبەر هەردوو بەختەتن عەنبەر
هەردوو وەکو یەك دڵبەر، ڕەعنا کوڕ و زیبا کچ
کوڕ یا کچی لالە ڕوو شیرینە بەمە هەردوو
وەك نوقڵی موهەننا کوڕ، وەك شەهدی موسەففا کچ

تا دەڵێ:

کوڕ بۆ دەمی فەروەردین، کچ بۆ چلەیی هاوین
کچ بەهمەن و کوڕ تشرین، گەرما کوڕ و سەرما کچ
بۆ عەیشی (ئەدەب) هەردەم، کوڕ ماچی مەیی دەرغەم
خەندەی کچە جامی جەم، بادە کوڕ و مینا کچ
(نالی) کە ئەوی دیبا، ئەڵبەتە دەبوو وتبای
عیشقێ کە مەجازی بێ، تالیب مەبە ئیللا کچ
(دیوان: ٨٢)

لە ڕاستیدا ئەو وەسف و تاریفەی لەو دووانەی کۆ کردوونەتەوە هەر خۆی لەخۆیدا فەرهەنگێکی شاعیرانەیە بۆ جوانی و ئەویندارییی مرۆڤ بۆ مرۆڤ.

### شیعری گۆرانی:

ئەدەب تێکستە شیعرێکی ناوازەی هەیە کە تیایدا لە کێش و ئاهەنگ و نیزامی عەرووز لایداوە و لە روخسار و هونەردا خاوەن مۆرکێکی تایبەتمەندە، کە لە پێشەکی دیوانەکەیدا بە (شیعری گۆرانی) ناوزەد کراوە[٣٧]. ئەوانەی لە مەڕ ژیننامەی ئەدەب دواون دەڵێن لە زۆر بوار و مەیداندا پیاوێکی هەڵکەوتەی بەهرەوەر بووە، لە وێنەی خەتخۆشی، نیگارکێشان، نەخش و هەڵکۆڵین، تەبابەت و دەرمانسازی، ئەندازە و تەلارسازی و ..... تەنانەت لە بواری مۆسیقا و ئاواز و گۆرانیدا لە پاڵ دەنگخۆشی و گۆیندەیی کارامە و شارەزا بووە، ئەنجا ئەو تێکستەی لەسەر بنەمای ئاواز و ئاهەنگێکی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی هۆنیوەتەوە، بێ ئەوەی ئاوڕ لە ڕیتم و کێشی عەرووزی بداتەوە، بەمە هەم کێش و ڕیتمەکەی گەڕاوەتەوە سەر کێشی شیعری فۆلکلۆری کوردی و هەم زمان و زاراویشی سادە و ڕەوان بۆتەوە تا خۆی لە زمان و شێوازی شیعری فۆلکلۆری وەنێزیك کاتەوە.[٣٨] ئەوانەی لە کێشی شیعرەکە وردبوونەتەوە هەر ئەوەندە دەڵێن کە عەرووزی نییە، ئیدی سەرەداوێکی ئاڵۆزی کێش و ڕیتمی شیعرەکەیان بۆ ساغ نەبۆتەوە. بەڵام ڕاستییەك هەیە نابێ لێی غافڵ بین ئەویش ئەوەیە کەوا شیعری گۆرانی فۆلکلۆری کوردیش لە یاساکانی ئاواز و کێش و ڕیتم بەدەر نییە، بەڵکو خاوەن سیستەمێکی تایبەتە لە کێش و ڕیتم کە بەکێش و ڕیتمی کوردی و خۆماڵی دەناسرێت و لەم ساڵانەی دوایی توێژینەوەی زانستیشی لە بارەوە ئەنجامدراوە.[٣٩]

لە کێشە باوەکانی شیعری فۆلکلۆری کوردی، کێشی (٧ و ٨ و ١٠) مان هەن بەدەست و پێیەکانیانەوە کە لە ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەکانی کوردستاندا زۆر باو و بلاون.

ئەم هەوڵ و دەستپێشخەرییانە لە شیعری موکریاندا سەرەتا لە شیعری ئەحمەدی کۆر؛ (مەکەن مەنعی عاشقان عیشق کاری دیژوارە) و، هەروەها لەلای (وەفایی)یش بەرچاو دەکەوێت، کە دەستەیەك لە شیعرەکانیان

چۆتەوە سەر کێشی شیعری گۆرانی فۆلکلۆری و لە موکریاندا لەلایەن زۆر لە گۆرانیبێژ و گۆینده و دەنگخۆشان بە ئاواز و گۆرانی گوتراونەوە. ئەوەی سەبارەت بەم تێکستە شیعرییەی ئەدەبیش لەبەرچاوە ئەوەیە:

– ئەم تێکستە شیعری گۆرانییە، واتا پەیڕەوی لە ئاواز کردووە و لەسەر شێوەی (بەند) دامەزراوە و بریتییە لە (٢٠) بەندی شیعری کە هیچ پەیوەندی بە کێشی موستەزادی عەرووزییەوە نییە وەکو هەندێك بۆی چوون، وا لێرەدا چەند بەندێکی دەخەینە ڕوو:

**بە بالاّ بڵند بە قەد شووش و باریك**
**جەمالی ڕووناکیی شەوی هەور و تاریك**
**بۆن وەنەوشە، زۆر پێ خۆشە**
**بۆ مەزەی دڵ ماچی خۆشە**
* * * *

**لەسەر چی لە من زیزی مەیلت بڕاوە**
**لەسەر ڕووت پەرێشانە زولفت بڵاوە**
**شۆخ و شەنگم حۆری ڕەنگم**
**زۆر بریندارى خەدەنگم**
* * * *

**جووانی بە نەوعێکە تەعریفی نایە**
**خودایە عەتاکەی بە من ئەو چرایە**
**چەند عەزیزە زۆر لەزیزە**
**نەرم و ناسك ئەو تەمیزە**
* * * *

**بە گەردەن مینایە بە ڕوو بەفر و خوێنە**
**بە چاوی دەڵێی بەبر و سەقر و شەهێنە**
**ڕووح ستێنە دڵڕفێنە**
**زۆر بە عیشوە و خەمڕەوێنە** (دیوان: ٢٠٨)

– دوو دێری بەرایی بەندەکان (١٢) بڕگەیین، کە کێشێکی دێرینی ئاوێستاییيە، گۆرانی شاعیر زیندووی کردۆتەوە و چەند پارچە هۆنراوەشی لەسەر ئەم کێشە داناوە.

– دوو دێری دوایی بەندەکانیش (٨) بڕگەیین کە کێشێکی زۆر باو و بڵاوە، هەم لە شیعری فۆلکلۆری و هەم لە شیعری نوێدا.[٤٠]

– لە یەکدان و تێکەڵاوکردنی کێشەکانیش دیاردەیەکی نامۆ نییە هەم لە فۆلکلۆر و هەم لە شیعری نوێدا، بەتایبەت لە نێوان کێشەکانی (٤، ٨، ١٢، ١٦) بڕگەییدا، ئەنجا هەر گۆران خۆی بە پەیڕەوی لە شیعری گۆرانی فۆلکلۆری کوردی ئەم قالبە کێشانەی تێکەڵاو کردوون وەك لە چەند بەند یا (کۆپلە)یەکی هۆنراوەی (گوڵی خوێناوی)دا بەدی دەکرێت.

**سەبارەت بە ژیننامە و چاپەکانی دیوانی ئەدەب:**

لە پێشەکی چاپە جیاوازەکانی دیوانی (ئەدەب)، تا ئەندازەیەك باسوخواسی ژیان و بەسەرهاتی شاعیر تاوتوێ کراوە، بەڵام مەسەلەکە بێ گرفت نییە، بۆ نموونە تاوەکو ئێستاش ساڵ و مێژووی هاتنە دنیای بە وردی دەستنیشان نەکراوە. بەو هۆیەی کە لە زۆر بوار و مەیداندا مرۆڤێکی بلیمەت و بەهرەمەند بووە، بۆیە لە زۆر گۆشەنیگاوە پێویستە هەڵوەستە لەسەر ژیان و بەسەرهاتی بکرێت و توێژینەوەی پسپۆڕ و بەرفراوانی لەسەر ئەنجام بدرێت، بەو هیوایەی بە هاوڕێیەتی لەگەڵ چاپێکی پوختە و دروست و زانستیی دیوانەکەی ئەم کارە لە ئایندەدا بێتە بەرهەم.

لەم گۆشەیەوە هەموومان قەرزداری سەید حوسێن حوزنی موکریانین، کە ئەو یەکەمین کەسێك بووە ئەم مرۆڤە بەهرەمەندەی بەدنیای مێژووی ئەدەبی کوردی ناساندووە. لێرەدا لەوە چاکتر و گونجاوتر نابینم کە دەقی وتارێکی ناوبراو کە لە مەڕ ئەدەب نووسیویەتی و لە کاتی خۆیدا لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (رووناکی)، ڕێکەوتی (١٢)ی شوباتی ساڵی (١٩٣٦) بڵاوی کردۆتەوە، هەم وەکو بەڵگە و دیکۆمێنت، هەم وەکو یادگارێك بۆ ئەو کەڵە نووسەرە ڕووناکبیرە مەزنەی کورد بێنینەوە. لەو وتارەدا تیشك خراوەتە سەر چمکێکی ژیان و بەسەرهاتی شاعیر و پایە و دەسەڵاتی شاعیرانەی ئەدەب. وتارەکە دەقاودەقە تەنها لە لایەنی ڕێنووسەوە هەموار کراوەتەوە:

**(( ئەدەبیات و ئاساری ئودەبای کورد**
**عەبدوڵلا بەگ ئەدەب – میسباحوددیوان ))**

شاعیری موکری بە ناوبانگ عەبدوڵلا بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ، لە بنەماڵەی میرانی موکریان و بە (بابە میری) ناوبانگییان کردووە و لە نەتەوەی میر شێخ حەیدەری موکرین، لەبەر ئەوە ئەمڕۆکە بە حەیدەری مەشهوورن. ئەو پیاوە گەورەیە لە مەحالی موکری و لە دێی (ئەرمەنی بلاغی) لە دایك بووە لە ساڵی ١٩١٦ لەو دێیە مردووە و لەوێش ناژراوە، کە مردووە لە تەمەنی (٥٠) ساڵیدا بووە.[٤١]

عەبدوڵلا هەموو تەحسیلی لە دێیەکەی خۆی لەلای مامۆستای تایبەتی بووە، لە عیلم و ئەدەب و فنووندا زۆر چاك سەرکەوتووە، لە شیعر و غەزەلدا بە پێغەمبەری شوعەرای کورد ناسراوە، لە سەجع و قافیەسنجی و تەشبیه و وێچووندا بێ هاوتا بووە، میسباح چونکێ لە لای حکوومەتی قاجارانەوە بە (مصباح الدیوان) ناونرابوو لە نێو هەموو کوردانیشا بە میسباحوددیوان دەناسرێ، لەبەر فەزڵ و هونەر و عیلم و فەنی لەلایەن حکومەتی ئێرانی قاجارانەوە مەنسەبی (مصباح الدیوان)ی درایە.

میسباح لەگەڵێ زماناندا سەرکەوتوو بوو، هەر لە دێیەکەی خۆیا فێری ڕەسسامی و فۆتۆگراف و تارلێدان و کەمانجە و خەتتاتی و زمانی عارەبی و تورکی و فەرەنگی نووسین و خوێندنەوە ببوو، لە عیلمی تیبدا ناوبانگی کردبوو، بەڵام بەدبەختانە ئیفلیج و لەرزەك ببوو.

هەڵبەست و شیعرەکانی ئەدەب هەمووی عاشقانەیە و سەرتاپای بە (نوسرەت)ی ژنی خۆیدا هەڵگوتووە. نوسرەت کچی عیززەتوڵلا خانی میرپەنجی خزمی سەرداری موکری لە دێی (قەرەگوێز) لە دایك بووە و ئێستاش ماوە، لە کوردستانی ئێران و لەنێو گەورەکاندا ژنی ئاغایەکی گەورکە.

نوسرەت بە ناز و عیشوە و جوانی و قەشەنگی و شۆخی و دڵبەری و نازکییەوە کوردستانی موکری شڵەژاندبوو، بە هەموو گۆشەیەکی کوردستاندا ناوبانگی بڵاو ببۆوە. هەروەکو ئەدەب لە شیعر و نەزمدا پێغەمبەرێکی شوعەرای کورد بوو، نوسرەتیش لە جوانیدا لە مێردی خۆی پێش کەوتبوو، ئەو بە شیعر و نەزم و گوتە و ئەم بە نەزمی خەت و خاڵ و شیرینی جەمال و ڕێکی ئەندام و سەرو زولف و گەردنی بلوورین. میسباح لە پێنجینەکانیدا بەم جۆرە پێیدا هەڵدەڵێ:

**ئارایشی عالەم بە گوڵستانی جەمالی**
**بەم خوڵقی پەسندیدە و حوسنی بە کەمالی**
**هەر جارە کە تیلێکی ئەدا چاوی مەلالی**
**پەیکانی خەدەنگی نیگەهی نێرگسی کالی**
**کاری لە دڵی عاشقی شەیدا وەکو خەنجەر**

شیعر و نەزم و گوتە و هەڵبەستەکانی میسباح چی گلەیی و چی شین و زاری بووبێ هەمووی لەبەر نوسرەت بووە. یان لێی دوور کەوتووە یان نزیکی بووە، یان لێی تۆراوە یان لەگەڵی ڕێك بووە. لە هەموو بزووتنەوەیەکی نوسرەتدا شیعری بۆ هەڵبەستووە، ئێمە کە زۆر چاك لە سەربهوورد و گوزەرانی میسباح و نوسرەت ئاگادارین و بە چاکی تێگەیشتووین لە وردترین بەسەر هاتوویاندا، جگە لە بیستنی خۆم دەزانم و وامان بۆ ئاشکرا بووە کە عەبدوڵڵا بەگ بە جارێك گرفتار و بە هەوای ئەو خانمە شۆخ و شەنگ و دڵڕوبایە بووە و هەموو شیعرەکانی هەر بۆ ئەو بووە. بەدبەختانە چەند ئەدەب گرفتار و پابەندی ئەو بوو، ئەویش بەراوەژوویی لەو پتر لەگەڵیا ناڕێك و لینج و ڕەمیدە و زویر و دڵگیر و دوورکەوتووەوە بوو، هەموو دەمێك بە پشێوی و شۆڕش و گیرە بوو لە تەکیا، ئەوە پتر هێزی دابووە بەر عەبدوڵڵا بەگ کە شیعرەکانی ڕێککەوتوو و سوار و توند و شیرین و هەڵبژاردە و جوان بێ. لە دوامین غەزەلێکیدا دەڵێت:

**پێم ئەڵێن سیحره، شیعاری جادووه شیعری ئەدەب**
**باخەبەرنین زیکری سیحری چەشمی سەححاری ئەکا**

ئەو شۆڕش و ناڕێکییە ببوو بە ئاورێك و جەرگ و هەناوی میسباحی سووتاندبوو. نوسرەت لەوە گەیشتبوو کە سووتاویەتی و، مومکین بوو نوسرەت دەیەویست عەبدوڵلابەگ لە شیعر و ئەدەبیاتدا سەرکەوێت بۆیە هێندە ئازاری دەکرد، لە غەزەلێکی دەڵێت:

**دڵ بریندارى خەدەنگی غەمزەیی پڕ نازتە**
**جارێ نافەرمویٚ بزانێ چۆن بریندارە ئەدەب**

لەوەختی خۆشی و کەیفدا بووبێ گوتوویەتی:

**بۆ چیمە مەی و شیشە لە هەر جێگە کە تۆبی**
**عیشقت مەی و گەردن بت و دوو چاوتە گێلاس**

میسباح هەموو دیوانەکەی یان لە خۆشی و یان ناخۆشی و تۆرانی نوسرەتە و یان نزیکی بووبێ یان لێی دوور بووبێ غەزەلێکی بەو سەربهووردە هەڵگوتووە. ئەمەش شیعرێکە کە لە تۆرانی نوسرەت بۆی هاتووە:

**ئەی غەزالەی بێ سەبەب ڕەمکەردەکەی هەم پەیکەرم**
**شۆخی بێ پەیمانەکەی بێ شەرتەکەی سەوداسەرم**
**کەی من و تۆ شەرتمان وابوو بەبێ یەك هەڵبکەین**
**یا دەبوو کەی من بەبێ تۆ سەرکەمە سەر بەستەرم**

لە دوای تۆران کە نوسرەت گەڕاوەتەوە لای، ئەم شیعرە شیعرێکییەتی لە غەزەلێك کە پێی دەڵێت:

**ئەرێ تەرسا بەچەی گورجی ڕەوش مەزهەب مەسیحایی**
**فەرەنگی خوی، نەسارا تینەتی، گەبری کەلیسایی**
**بەلای ئێران و فیتنەی ڕۆم و شۆخی تورك و ماهی کورد**
**نیگاری بەڵخ و شاهی هیند و رووس و چین بەڕەعنایی**

بە هەر جۆرێك بێ ئەدەب لە کوردستاندا شاعیرێکی غەڕا و ئەدیبێکی زۆر گەورەی کورد بوو، تەرزی قسە و دەستووری نەزم و ڕەوشتی قافیەی

سوار و چالاك و تەڕ و ئاودار و ڕەوان و بێ گرێ و چوست و پـڕ لـە مەعنایـە. بۆ نەزم سواری کەسێك نەشیاوە بەرامبەری بکات و لە سەلیسـی و خۆشـی و ڕێکیدا هەر شیعرێکی سحرێکە. هەروەکو لەم کۆوارە غەزەلەکانی کـەم و زۆر پــەرت ئەکــەین ئەگــەر بۆمــان ســەربگرێ، لەبەرئــەوە ویســتم کــەمێك لــە سەربهووردی بدوێم.ح ح .))[٤٢].

گەلۆ حوزنی لە نرخاندنی ژیان و شاعیریەتی ئـەدەب تـا چـەند مەبەسـتی پێکاوە و ڕیالیسـتییانە بـۆی چـووە، یـا ئـەوەتا برێـك خـەیاڵ و فـەنتازیای ئەندێشەی تێ ئاخنیوە؟، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و گـەلێ پرسـیاری دیکـە، پێویسـتیمان بـە لێکۆڵینـەوەی وردی شـیعرەکانی هەیـە، لـە ڕوانگەیـەکی دەروونشیکارییەوە.

حوزنی عەبدوڵلابەگی بە دنیای ئەدەبیاتی کوردی ناساند و هەر ئەوەیش بوو بۆ یەکەمین جار لـە گۆڤارەکـەی (ڕوونـاکی) تـەواوی ئـەو (٤١) بەنـدەی پێنجینەکەی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

دیوانەکەی لەماوەی (٧٠) ساڵی ڕابردوودا (٨) جاران چاپ و بڵاوبۆتەوە. وەلی مخـابن هـیچ کامێکیـان چـاپێکی پوخـت و تـەواو و زانسـتی نـین.[٤٣] سـاغکردنەوە و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی دیـوانی شـاعیرانی کلاسـیك ئـەمڕۆ پێویستی بە قەڵەمی شارەزا و پسپۆڕ و لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و ئـەکادیمیك هەیە، چونکێ حەلکردنی ئاڵۆزییەکانی خوێندنـەوەی خـەت و سـاغکردنەوەی تێکسـتی کـۆن خـۆی لـە خۆیـدا زانسـتێکی سـەربەخۆیە. لـەو مەیدانـەدا کتێبخانەی کوردی تاوەکو ئێستا زۆر دەستەوەستان و داماوە.[٤٤]

## ئەدیب

ئەوەی تاکو ئەمڕۆ لەبەردەستایە لە شیعر و بەرهەم و ژیننامەی ئـەدیب، لەو نامیلکە تاقانەیە تێناپەڕێت کەوا نەمر گیـوی موکریـانی بـەناوی (دیـوانی ئـەدیب) لـە دەمێکـەوە چـاپ و بـڵاوی کردۆتـەوە[٤٥]. هـەر ئەمەشـە بنـەمای هەموو ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەکاندا سەبارەت بەناوبراو هاتوون[٤٦].

خـۆی نـاوی مـەلا ڕەسـوول بـووە، کـوڕی مـەلا سـادقی کـوڕی خەلیفـە عەبـدوڕڕەحمانی زەندییـە. لـە سـاڵی (١٨٧٤ز) لـە دێـی (شـاوەلی) ناوچـەی مامەشان هاتۆتە دنیا. باوکی مەلا بووە، بۆیە کورد واتەنی؛ بەچکەی مراوی دەبـێ مەلـەوان بێـت، ئـەویش ئـەو ڕێچـکەیەی گرتـووە لـە مەدرەسـە و مزگەوتەکانی ئەو ناوە چۆتە بەر خوێندن، گۆیا ڕۆژگـارێکیش لـە سـابلاغ لـە تـەك مسـیباحوددیوانی ئـەدەب شـاگردی وەفـایی بـوون. دوور نییـە لـە هەڵبژاردنی ناوی (ئەدیب) وەکو نازناوی شاعیری بـۆ خـۆی و لـە مشـتوماڵ و سـەلیقەی دنیـای شـیعر و ئـەدەبیاتیش، سـێبەر و سـایەی ئـەم دوو زاتـەی بەسەرەوە بووبێت.

ئەگەرچی مەلا بووە، بەڵام بۆ دەستهێنانی بژێویی ژیان شانی داوەتە بەر کار و کەسابەت، دوایی بۆتە مامۆستای کوڕە ئاغا و فیوداڵەکانی ناوچەکە.

خوێندنی حـوجرە و مەدرەسـە و مزگـەوت لـە کوردسـتان لـە سـەردەمی پێشوودا بەوە تەواو دەبوو کە خوێندکارەکە شارەزایی تەواو لە زانستـەکانی پەیوەست بە ئایینی ئیسلامەتی بەدەست بهێنێت تا دەبـوو بـە مـەلا. ئـەنجا لەو ڕێگەوە هەم پایەیەکی کۆمەڵایەتی دەسگیر دەبوو هەم بژێویی ژیانی ماڵ و خێزان، ئەگەرچی زۆر جاریش بە کولەمەرگی بەڕێوە دەچوون. لەولاشـەوە کابرا تا ڕادەیەك شارەزا دەبوو لە بواری زمان و ئەدەبیاتی کـورد و فـارس و عەرەب و تورك، هات و کەسێك بەهرە و خولیا و چێژ و سەلیقەی ئـەدەبیاتی بووبایە ئەوە لەو مەیدانەشدا هەڵدەکەوت. ئـەدیب لەگـەڵ ئـەوەی مەلایـەتی نەکردووە بـەڵام بـەهۆی میرزایـی و مامۆسـتایی لـە خوێنـدەواری دانـەبڕاوە.

کەچی بەرهەمێکی شیعری کەمی بەدەست ئێمە گەیشتووە چونکێ لەدێهات و لە مەڵبەندێکی خێڵایەتیی چەپەك ژیانی بەسەر بردووە[٤٧].

لە ئەنجامی ڕووداوێکەوە دووچاری نەخۆشی بووە، نەخۆشییەکەی سیرایەتی کردووە و درێژەی کێشاوە، تا لە ئاکامدا بەو نەخۆشییە لە ڕێکەوتی (١٢ی جمادی الاولی ساڵی ١٣٥١ی کۆچی/ ١٩٣١ی زایینی) کۆچی دوایی کردووە و لە ئاوایی (دەربەند) نێژراوە.

**بەرهەمی شیعری:**

لەگەڵ ئەوەی ئەدیب شیعر و بەرهەمی زۆر نییە، بەڵام بەیەکێك لە ڕێبوارانی بەرەی یەکەمی ئەم ئەزموونە ئەدەبییەی موکریان دەژمێردرێت. لە هونەر و داهێنانی شیعریدا بێ دەسەڵات نەبووە و چاوی لە ڕابەرەکانی ئەم ئەزموونە بڕیوە. لەڕووی فۆرم و مەبەستەکانی شیعر، شارەزایی تەواوی لەمەڕ هونەرەکانی شیعری کلاسیکی پێشینان و سەردەمەکەی خۆی هەبووە. لێرەدا تەواوی بەرهەمی شیعری ئەدیب لەچەند تەوەر و بڕگەی گشتیدا بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

**١- غەزەل:** تەنها پارچەیەکی غەزەلی (٩) دێری تاقانەی هەیە، کە بە تەواوی مەعنا لە ڕووی فۆرم و ئاواز و وێنە و خەیاڵ و ناوەڕۆکەوە دەچێتە ناو خانەی غەزەل، بەڵکو نموونەیەکی تا بڵێی جوان و سەرکەوتووشە لەم بوارەدا کە ئەمە تێکستەکەیەتی:

**چاوەکەت مەستە بەناحەق فێری مەیخانەی مەکە**
**لێی گەڕێ مەمنوونی بەزمی دوردی پەیمانەی مەکە**
**زولفی سازاوت دەسا تەرتیب و چینی تێك مەدە**
**حەیفە تووشی جەوری ڕیشووکێشی لەرزانەی مەکە**
**پەرچەمت جێی ئاشیانەی بولبولی تەبعی منە**
**چونکە کێشکچی شەوە تۆ مەنعی هێلانەی مەکە**

گەردنم پێی خۆشە حەڵقەی تای تەنافی زولفەکەت

چاوەکەم ئیتر حەواڵەی تۆق و لەرزانەی مەکە

دڵ بەمەیلی خۆی دەمێکە عاشقی باڵاکەتە

تۆ خودا مائیل بەغەیری خۆت و بێگانەی مەکە

هەر لە ئەووەل تۆ دڵت بردووم بەنازی چاوەکەت

تازە فێری ڕاو و ڕەسم و تەبعی پەروانەی مەکە

عاشقی خونچەی دەمت تاکەی دەبێ ئاوارە بێ

مەحرەمی ڕازە حەواڵەی چۆل و وێرانەی مەکە

هەر بە ڕەسمی دیدەنی باسێکی نایێنی دەمت

دڵبەری وانابێ عەیبە نانەجیبانەی مەکە

خۆت دەزانی وەك (ئەدیب) کەس بەندەگی پێ ناکرێ

وا بەڕیسوایی لەناو ئەم خەڵقە ئەفسانەی مەکە

(دیوان: ٢٢)

٢- **قەسیدەی پێنجین**: ئەم هونەرە شیعرییە لەبەرهەمی ئەدیب زۆر بە بڕشتە و شاعیر بایەخی پێداوە، لە کۆی (٥) تێکستی پێنجین کە لە دیوانەکەیدا هاتوون (٣)یانیان بە ناوەڕۆك لە باسوخواسی دڵدارین، دانەیەکیان بە ڕەمز و هێما و کینایەت لەباسی عیرفان دەدوێ، ئاخرەکەشی توانج و پلار و فڕهاویشتنە لە دەروێش مووسا ناوێك!. ژمارەی بەندی پێنجینەکانی لە هەر تێکستێك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازن و لە (٥) بەندەوە تا (١١) بەند هەڵدەکشێ، شاعیر لەم هونەرەدا چاوی لە شاعیرانی پێشەخۆی لە وێنەی ئەدەب و وەفایی کردووە. ئەمە نموونەی یەکێ لە پێنجینەکانە:

ڕووت شەمسی تەمووزە هەموو پڕ تابش و تاوە

ئەگریجەیی چین چینە لە ڕووت پەخش و بڵاوە

حەیرانی دەمت بم بە مەسەل شووشە گوڵاوە

قوربانی دوو زوڵفت کە دەڵێی سونبولی خاوە

مەیلت ئەوە چەند ڕۆژە لەسەر وەعدە نەماوە

ڕۆژێ نییە مەستانە کە عەهدت نەشکێنی
وەك کاهڕوبا ئەو دڵی مسکین نەڕفێنی
وەك قەوس و قەزەح ساتێ بەڕەنگێ دەنوێنی
بێ گیان بەدەنی خەستە جێگەر بۆچی دەمێنی
وەك شووشەیی ناسك دڵی بێچارە شکاوە
پێم فەرموو گوناهم چییە ئەی سەروی دڵارام
چیدی مەکە دڵ ڕەنجە ئەسیری منی ناکام
کوا تاقەتی ئەم جۆرە هەموو تاب و توانام
ئەبرۆی کەچت حاڵی دەمی مەرگی نیشاندام
تەهدیدی سەری تیری موژانت بە عەلاوە
ئاوارە و و خونخوارە مەگەر وامیقی عەززام
لۆمەم چدەکەن کوشتەو و سەرگەشتەیی لەیلام
غەرقی غەم و سەوداسەر و ئاشوفتەو و شەیدام
بۆ دانەیی خاڵت بەفریو چووم دڵی کێشام
سەرتاسەری دەوری قەمەرت دانەو و داوە
سێوی چەنەگەت ئاوی حەیات و چەهی زەمزەم
ئەی گیانی عەزیزت بەفیدای ئەو سەروپەرچەم
ئەوڕۆکە دەڵێم خاکی هەموو دەر وەسەرم کەم
پرسیم چییە دەرمانی برینی دڵی پڕ خەم
فەرمووی کە دەوای سەهوە (ئەدیب) کاری کراوە

(دیوان: ١٨)

بەگوێرەی پێوەرەکانی ڕەخنەی کۆن ئەم تێکستە و هاوچەشنەکانی لەڕووی فۆرمەوە بە (موسەممەتی پێنجین) ناودەبرێت، لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە قەسیدەی وەسف و ستایشە.

٣- **پێنج خشتەکی**: ئەدیب (٣) قەسیدەی پێنج خشتەکی لەسەر (٣) غەزەلی تەڕ و پاراوی (تاهیر بەگی جاف/ ١٨٧٥ - ١٩١٨) هۆنیوەتەوە. تاهیر بەگ لە شیعرەکانیدا بەوە دەناسرێتەوە کە شاعیرێکی غەزەلخوێنی دڵ تەڕ و جوانیناس و زمان شیرین بووە، خەیاڵ و وێنەی شیعری زۆر ناسك و دلگیر و ڕازاوەی هەیە. ئەدیب لە سەرێکەوە سەرسامی شیعرەکانی (ئەدەب)ی هاوڕێ و هاوسەردەمی بووە، لە سەرێکیشەوە سەوداسەری غەزەلە پاراوەکانی تاهیر بەگ. بۆیە لە شیعرە پێنجینەکانی شوێنپێی ئەدەب کەوتووە، پێنج خشتەکییەکانیشی لەسەر غەزەلەکانی تاهیر بەگ هۆنیوەتەوە. ئەنجا هەم لەباری ڕەوانی و جوانی و زمان پاراوی و هەم لەباری وێنە و ئەندێشەی شاعیرانەوە ئاوقەرای ئەوان بووە.

ئەمەش نموونەی یەکێ لە پێنج خشتەکییەکانی:

**سەرفی عومرم کرد چو ڕەممالان بەزەوج و فەردەوە**
**وا لە دووی دەرمانی دەردی قەلبی غەم پەروەردەوە**
**کوشتەیی لەعلی لەبی لەیلایی ئەحمەر جوردەوە**
**(تابەکەی قوربان بناڵم وا بە ئێش و دەردەوە**
**دەستە و ئەژنۆ قوڕبەسەر دائیم بە ئاهی سەردەوە)**

***

**سەیری داوی زوڵفی تۆم بۆچی دەبێ بێگانە بم**
**بێ خەتا کووکوو زەنان مەحبووسی ئەم وێرانە بم**
**بۆ تەماشای ڕووت عەزیزم چاکە بەس بێگانە بم**
**(ڕۆژی ئەووەل بوو کە زانیم من دەبێ دێوانە بم**
**عاشقی تۆ نەوعی مەجنوون وا بە کێو و هەردەوە)**

***

**شیفتەو و حەیرانی یارم وا مەزانە غافڵم**
**عەندەلیبی پڕ فوغان و ناڵەیی زاری گوڵم**
**چاکە ئینسافت هەبێ جارێ دەڵێی من عادلم**

(مەرحەمـەت کـە زوو بـڕۆ قاسـید بڵـێ دەردی دڵـم
نـازی پاپووچـت دەکێشـم مـن بـە تـۆز و گـەردەوە)
***
گیـان فیـدایی غـەمزەیی خـاڵ و خـەتی سـیحرئافەرین
دڵبـەرا شـادیم لـەدڵ دەرچـوو غـەمت بـوو جێنشـین
چـاوەکەم سـاتێ کەرەمکـە ئـەی غـەزالی نـازەنین
(هەروەکو قەوس و قەزەح بادەست لەگەردەن دانیشین
تۆ بە سیخمەی ئاڵ و سەوز و من بە ڕەنگی زەردەوە)
***
مـوژدەیی وەسڵت لـەبۆ مە کەی دەنێـری ئەی سەنەم
داسـتانی شـەرحی هیجرانـت لـە خدمـەت کـێ بکـەم
دائیمـا پـەژموردە ناشـادم غـەریقی بـەحری خـەم
(یـەك زەمـان چـاکی نـەهانی کەعبەتـەینی بەختەکـەم
شەشـدەرم گـیراوە مەشـغوولم بەدەسـتی نـەردەوە)
***
بـێ نـەواو و دەردمەنـد و دەربـەدەر سەرگەشـتە خـۆم
بۆتـە زیکـری ڕوویـی لوتفـت وێـردی قـەلبی گفتوگـۆم
نامـەوێ ملکـی عەجـەم یـا پادشـایی خـاکی ڕۆم
(چـونکە مـن پـەشماڵی بـاڵاو بۆسەچینی کـوڵمی تـۆم
چـی دەکـەم ئـیتر لـە سـەیری بـاخ و بێنـی وەردەوە)
***
ڕوویی خوێنڕێژیت لە دەعوا حاجەتی خوودی نییە
حەڵقـەیی زولفـت نـەزیری دەرعـی داوودی نییـە
هـەروەکو دەردی (ئـەدیبی) ڕووی بێهیـوودی نییـە
(ئیلتیماسـی (تـاهیری) بێچـارە قـەت سـوودی نییـە
تـۆ لـە بۆچـی شەڕفرۆشـی بـەو دڵـەی وەك بـەردەوە)

(دیوان: ٢٦)

٤- **شیعری داشۆرین و فرهاوێژی:**

ئەدیب (٤) تێکستی لەو بارەیەوە هەیە لەگەڵ پێنجینێك بەو ناوەرۆکە. ئەم شیعرانەی سیخناخن لە تیلە و تـوانج و جنێوی ئەدەبی، لە هەندێ حاڵەت دەگاتە ڕادەی شیعری ڕووهەڵماڵراویی پەتی، لەم شیعرانەیدا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە لە جنێوفرۆشی و لاقرتێ و فرهاوێژیدا چۆتەوە سەر ڕێبازی شاعیری مەزن شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

**نایل بوو بە شیعری دڵی پڕحوزنی شەبانە**
**قوربانی وجوودت حەشەم و موڵك و خەزانە**
**دوو ساڵی تەمامە چ لە ڕوودا چ غیابا**
**ئیخلاسی عەقیدەم بەتۆ بێ ڕەیب و گومانە**
**لەو وەجهە سەناخوان و مریدم بە جەنابت**
**عاری لە عەبا و سوبحەو و میسواك و نیشانە**
**ئەو پەردە لە بۆ موفسیدی وەك تۆ گەلێ سەیرە**
**کەودەن کوڕەیی هەرزە چەنەی لووسی ژنانە**
**لەو سەرحەدە بیستووتە یەقینەن بە تەواتور**
**چەند کەس کە دەناڵی لەبەر ئەو تیر و کەوانە**
**فیلجوملە کە سەرفی نەزەرم نابی لە ئەستی**
**هێلکێکی لەنێو ڕانییە دەیکەم بەنیشانە**
**حازر دەبم ئەو سێ شەمە بۆ قیسسەیی مەعهوود**
**بێ نیازی دەکەم یایێ بەبێ عوزر و بەهانە**
**عەهدم ئەوەیە نابێ لەسەر قوونی وەلاچم**
**سەدجار بناڵێنی بە هاوار و فوغانە**
**کارم ئەوە بێ مودەیێ دەیماهی جەلالی**
**کلکی بکەمە بەیرەقی ئوردوویی شەهانە**

لـەو عوشـرەتە واچـاکە کـەوا خـانی بـرای بـێ

ئامـادە بـە تـەنبوور و بـە سـێتار و چـەغانە

مەعلوومـە کـە ئەسـتێ بەئەسڵ مـەنگوڕە کـەردز

پێـی خۆشـە تـەقازا و حەرەکـەی بولهەوەسـانە

چـون زۆر نییـە شـاعیری تەبعێکـە خـودا داد

کێشـەی تـۆ دەگـەڵ مـن بـەخودا خیبتوزیانـە

بێ دەنـگ بـە مـەلا مینـە بـەکوردی ئـەدەبت بـێ

بـۆ هـەجو بـەبێ پـەردە ئـەدیب شـێری ژیانـە

(دیوان: ٢٨)

**٥- نامەی شیعری:**

لـە دیـوانی ئـەدیب (٣) پارچـە لـە شـێوەی نامـەی شـیعری هـاتووە. (شـیعرنامە) وەکـو جـۆرێکی ئـەدەبی دەمێکـە لـەنێوان شـاعیران و چـینی خوێندەواری کوردا لە ئارادا بووە، بەمەبەستی گواستنەوەی پەیامی دۆستانە یاخود ڕاز و گلەیی لەنێوان دوو دۆست و دوو هاوڕێ.

لە نامە شیعرییەکانی ئەدیب وا هەیە بە تەوسەوە و ناڕاستەوخۆ گلەیی و گازانـدەی خـۆی دەخاتـە ڕوو، واش هەیـە ڕێـك و ڕاسـت دەپەرژێتـە سـەر دەربڕینی بیر و مەبەست.

لـەم نامەیـەدا (ئـەدیب) ڕازوگلـەیی خـۆی لـە ئاسـت (پەسـوێ)دا هەڵدەڕێژێت، کەچی مەبەست (قەرەنی ئاغای پەسوێ)یە، کـەوا ئاغـای ئـەو شوێنەیە!

عەجەب ماوم کە پەسوێ بۆتە تاران بۆ منی خاکی

دەبـێ بمـرێ لـە دەردی بـێ وەڵامـی عـاریز و شـاکی

هەتا وێستا لە بۆ بێچارە جێی لوتف و عەدالـەت بووی

لەبـەر بەدبـەختی خۆمـە دادخـوازی بۆتـە بێبـاکی

دەســووم داســی ئومێــدیٚ بــۆ مەزرەعــەی لوتفــت
بــەری خووشــەی ڕجــاو و ئارەزوومــە خاروخاشــاکی
وەبگـرە جوولـەکێك بم مـن مـوتیعی ئـەمری ئیسـلامم
لـە ئیجرای حـەق تەسـاموح حەققە بـۆ ئـامری زاکـی
لـە لاجان و شـنۆ مەلجەء نـەماوە مولتـەجیی بم پێـی
کـە ئاغـاش لـێم نەپرسـیٚ دابنیشـم بـا بـە غـەمناکی
ئەگەر مـەیلت نەبایـە زێڕخریدی کـەس نـەبوو لاجان
هەمیشـە چـاوەڕێیی لـوتفی تۆیـە چـاوی غـەمناکی
ئەدیبیش هـەم بەڕۆژی خۆی بەکاری گیان نیساری دێت
درێغی لیٚ مەفەرموو بیٚ خەتا ڕووی ڕەحمـەتی چاکی
لە من وابوو کە بێچاران لەسایەت بیٚ خـەم و دەردن
کە لاجان بێتـە تـەوریز خـۆم قوتارکەم بـا بـە چالاکی

(دیوان: ٣٠)

زمـانی شـیعری لای ئـەدیب لـە ڕووی وشـەئارییەوە زۆر سـادە و ڕەوان و پەتی بۆتـەوە، لـە سـەلیقە و تێگەیشـتنی خـەڵك نزیـك بۆتـەوە، ئـەم بزاوتـە تایبەتمەندییەکی زمان و شێوازی ئەم ئەزموونەیە کە ڕووەو پەتیبوون هەنگاو دەنیٚ، بەڵام بەگشتی لە مەسـەلەکانی ئـاواز و ریـتم و هونـەردا، ئەدەبییـەتی خۆی پاراستووە.

## حەیدەری

ناوی عەلی بەگی کوڕی ئەحمەد بەگ، کوڕی ڕۆستەم بەگی کوڕی سەیفەددین خانی موکرییە. ئەو بنەماڵەیە لە ڕابردوودا بە نازناوی جۆراوجۆر ناسراون وەکو: بابامیری، حەیدەر بەگی و سارم بەگی کە لە ڕەسەندا دەچنەوە سەر بوداغ سوڵتانی سەرداری موکریی ناودار. عەلی بەگ خۆیشی لە بەراییدا بە (سالار سەعید) ناسراو بوو، لە دوای دەرچوونی قانوونی ئامار و ناسنامە لە ئێران شۆرەتی بنەماڵەکەیان دەبێت بە (حەیدەری). ساڵ و مێژووی هاتنە دنیای حەیدەری لە دێرە شیعرێکی (حەریق)دا دەستنیشان کراوە کە بەم شێوەیە:

**او همایون اختر و مامش مه برج شرف**

**پس بتاریخش بگفتم (اختری زایید ماه)**

(واتە ئەو خۆی ئەستێرەی موبارەکی هومایۆنە و دایکیشی مانگێکە لە بورجی شەرەفدا، جا بۆ مێژووی لەدایکبوونی دەڵێم. مانگ ئەستێرەی لێ وەپاش کەوت). لەمەدا ئاماژەیەکی پەسن و پیاهەڵگوتن بۆ دایکیشی هەیە، کە ناوی (فاتیمەخانم) و لە بنەماڵەی (زەنگەنە)ی ناوداری کرماشانی بووە. ڕستەی (اختری زایید ماه) بە گوێرەی حیسابی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١٢٨٩ی کۆچی، کە بەرامبەر ساڵەکانی ١٨٧٢ زایینی و ١٢٥١ی هەتاوی دەوەستێ.

عەلی بەگ برا بچووکی عەبدوڵڵا بەگی میسباحوددیوانی (ئەدەب) بووە. گۆیا برایێکی دیکەشیان هەبووە بە ناوی (عەزیز بەگ). لە دێی (ئەرمەنی بلاغی) مەڵبەندیماڵباتەکەیان هاتۆتە دنیا. ئەحمەد بەگی باوکی پایەی (وکیل الرعایا)ی هەبووە و نوێنەر و حاکمی ناوچەی موکریان بووە لە سابلاغ. حەیدەری بە دەستووری ئەو ڕۆژگارە خوێندنی دەستپێك و سەرەتایی هەر لە دێیەکەی خۆیان بووە، لە حوجرە و مزگەوتدا دەرسە سەرەتاییەکانی نەحو و سەرف و زانستەکانی ئیسلامی دەخوێنێ. بە هۆی هۆشیاری و بیرتیژی بە خێرایی و بەچاکی فێری زمان و ئەدەبیاتی کوردی و

فارسی و عەرەبی دەبێت. ئەحمەد بەگی باوکیان بە هۆی هەبوون و دەسەڵات و نزیکی لە دەربارەوە، مامۆستای تایبەتی لە تارانەوە بۆ کوڕەکانی هێناوەتە ئەرمەنی بلاّغی و مووچە و بەراتی بۆ بڕیوەتەوە تا منداڵەکانی بۆ پەروەردە بکات، گۆیا ئەم مامۆستایە زانایەکی ناوداری ئێرانی بەناوی (میرزا عبدالوهاب تالشی) بووە. دوای ئەوە ئەحمەد بەگ هەردوو کوڕەکەی (عەبدوڵڵابەگ و عەلی بەگ) بۆ فێربوون و شارەزایی دەنێرێتە (مۆسکۆ) و چەند کەسێکیشیان لەگەڵ ڕەوانە دەکا، ماوەیێک لەوێ دەمێنێتەوە و باوکیان هەموو خەرجی و پێویستییەکیان بۆ دابین دەکات. تا ئەوەی فێری ڕووسی و فەرەنسی دەبن و شارەزایی باشیش لە زانستە تازەکان پەیدا دەکەن. عەلی بەگ لە تەمەنی (٢٠)ساڵی و هێشتا لە دێکەی خۆیان دەبێت کە زەوق و سەلیقەی دەبووژێتەوە و دەرگای بەهرە و هونەری بەسەر دنیای شیعر و ئەدەبیاتدا دەکرێتەوە. لەدوای چەند ساڵ و کاتێك لە سەفەری وڵاتی ڕووس دەگەڕێتەوە، بەڕێنوێنیی باوکی دەچێتە مەیدانی کاری دەوڵەتی و وەزیفەی میری و دەبێتە حاکمی شارستانی (سەردەشت)، لە دوای کۆچی دوایی ئەحمەد بەگ دەبێتە جێگرەوەی باوکی و وەکو حاکمی موکریان لە سابلاغ دەست بەکاردەبێت.

حەیدەری هەم وەکو پیاوی دەوڵەت، هەم وەکو کەسایەتییەکی چالاك و دیاری بواری کۆمەڵایەتی و سەرۆکی تایفەکەی خۆی، کەسێکی بەئەزموون و شارەزا بووە لە بوارەکانی فەرهەنگ و ئەدەب و ژیانی ڕووناکبیری، بە هۆی نفووز و دەسەڵاتی باوکی لە دەرباری ئێران نزیك بووە و پەیوەندی و هامشۆی لەگەڵ شاکانی قاجار و بە تایبەت وەلی عەهدی ئەو سەردەمە (محەمەد عەلی شای قاجار)، کە ئەو دەم لە تەورێز دادەنیشت، توندوتۆڵ بووە. دۆستایەتی و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ شاعیر و کەسایەتی ناوداری مەڵبەندی موکریان (ئەبولحەسەنی سەیفی قازی)دا هەبووە و زۆر شیعر و نامە گۆڕینەوەیان لەنێواندا بووە.

له دوای ڕووخـانی بنەماڵـەی (قاجـار) و هاتنـە سەردەسـەڵاتی بنەماڵـەی (پەهلەوی) لـە ئێـران، لـە سـەر خواسـتی خـەڵکی ناوچـەکە وەکـو نوێنـەری ناوچەی موکریان لە (مەجلیسی شوورای میللی) دەستنیشان کراوە و مـاوەی حەوت دەورەی تەواو و یەك لە دوای یەك، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٦ تـا ١٩٤١ لەو شوێنەدا ماوەتەوە و لە تاران نیشـتەجێ بـووە. لـەو ماوەیـەدا لـە تـاران تێکەڵاوی لەگەڵ کـۆڕی زانـا و ئـەدیب و شـاعیراندا هـەبووە، ئەنـدامی کـۆڕی ئەدەبی ئێران بووە، کە هەفتانە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی هـەبووە و تیـادا شـیعر و هـۆنراوە و باسوخواسـی ئـەدەبی و فەرهـەنگی پێشـکەش کـراوە. حەیدەری لە زۆربەی ئەو کۆڕانەدا بەشداری کـردووە و شـیعر و هۆنراوەکـانی خۆی خوێندۆتەوە کە مایەی پەسن و ئافەرینی ئامادەبووان بووە.

لـە دوای سـاڵی ١٩٤٠ و لـە سـەروبەندی جـەنگی جیهـانی دووەم، کاتێـك لەشکر و قشوونی هێزەکانی هاوپەیمانان دەڕژێنـە نـاو ئێرانـەوە، عـەلی بـەگ دەگەڕێتەوە موکریان لە دێی (حاجیـالی کەنـد)، کـە بەموڵکایـەتی هـی خـۆی بووە، نیشتەجێ دەبێت، بەیەکجاری لە ژیـانی گشـتی کشـاوەتەوە، خـەڵکی ناوچەکە ڕێزێکی زۆریان لێناوە. مایەوەی تەمەنی بە هـاوڕێتی لەگـەڵ مـەلا و زانایـانی ناوچـەکە، سـەرقاڵی کـۆڕی شـیعر و ئـەدەب و کـاری کشـتوکاڵ و عیبادەت و خواپەرستی بووە. تاوەکو لـە مـانگی بـەفرانباری سـاڵی ١٣٣٥ی هـەتاوی، ڕێکـەوتی ١٩٥٦ی زایینـی لـە تەمـەنی (٨٤) سـاڵیدا کۆچـی دوایـی دەکات و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی جەنازەکەی دەبەنەوە بۆ (خانەقای شێخی بورهان) و لە تەنیشت ئەو زاتەوە دەینێژن.

مەلا حوسێنی (مەجدی مـەهابادی) ، لـە دێـرە شـیعرێکدا سـاڵی مـەرگی حەیدەری بە مێژووی هەتاوی بەم جۆرە تۆمار کردووە:

**سال شمسی مرگ او خواهی**

**واحدی کم (نماز مغفوری).**[٤٨]

وا باوه بەر لە کۆچکردنی پەی بەوە بردووە کە وادەی سەفەری کۆتایی نزیك بۆتەوە، ئەم تێکستە شیعرەی گوتووە کە لە شێوەی نزا و پاڕانەوەدایە:

دەردەداری هیجری تۆم ئەی ڕووحی شیرینم وەرە
چاوەڕێی دیداری تۆم ئەی یاری دێرینم وەرە
دەردی عشقت وا نەخۆشی کردووم هاتوومە مەرگ
نەك ئەجەل مۆڵەت نەدا با تاوێ بتبینم وەرە
خەستەم و کەوتووم بە تیری نازی چاوی بازی تۆ
بۆ مودداوا ئەی تەبیبم تاکو بالینم وەرە
باغەوانی باغی ڕووت بووم و بەرێکم لێ نەخوارد
ئەی گوڵی گوڵزارەکەی نێو باغ و پەرژینم وەرە
من نەهاتیم بوو نەهاتی تا ژیام بۆ دیتنم
بارێ وەقتی مەرگ و وەقتی دەفن و تەڵقینم وەرە
غەیری (شەمسەددین) نەماوە ئارەزووی دینی کەسم
(حەیدەری) بۆیە دەڵێ ئەی شەمسەکەی دینم وەرە

(زندگینامە: ٣٧٤)

هەر لەسەر کێش و ئاوازی ئەم پارچەیە غەزەلێکی دیکەی هەیە و تیادا دەڵێت:

دڵبەرا لەم حوجرەدا تەنیام ئەمن تاوێ وەرە
هێندە کیبر و نازە بۆ چی نازەنین تاوێ وەرە
گوێ مەدە قەولی حەسوود و دوژمن و چفتەی ڕەقیب
چاو لەڕێتم ترس و لەرز و خۆفی پێناوێ وەرە
بۆ نیشانی تیری موژگانت لە مێژە حازرم
ئەی کەوان ئەبرو درەنگە تیرەکەت باوێ وەرە

من تەمەننا و خواهیشی بێ جێم لە تۆ هەرگیز نییە
غەیری ماچی کوڵمەکەت چیدیم لەتۆ ناوێ وەرە
حەیدەری ئەمڕۆ بە ئەسپی نەفسی خۆخۆری دەگوت
سەرکەشی و تۆڕی بەسە چیدیکە هەڵماوێ وەرە

(سروە: ژ/ ٣٤)

حەیدەری لەگەڵ ئەوەی پیاوی دیوان و دەوڵەت و سیاسەت بووە بەڵام لە کۆڕ و مەجلیسیدا کەمتر قسە و باس لەو مەسەلانە هاتوونەتە گۆڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا کەوا لیباسی دەروێشی و موریدی و سۆفییەتی نەپۆشیوە وەلێ لە قۆناغی دوایی تەمەنی زۆر پابەند و دڵبەستەی شێخی بورهان بووە و زۆربەی کاتەکانیشی بە خوێندنەوەی کتێبی ئایینی و عیرفان و وتووێژی ئەدەبی بەسەر بردووە. بەرهەمی شیعری بەهەر سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی هەبووە بەڵام بەهۆی کارەساتی زەمانە بەشی زۆری لەناوچوون و کەمێکی بەکوردی و فارسی لێ ماوەتەوە.

**وێستگەکانی ژیان و بەرهەمی شیعری حەیدەری:**

دەتوانین چەند وێستگە و قۆناغی جیاواز لە ژیانی ئەدەبیی حەیدەری دەوربکەینەوە بەم شێوەیە:

١- لە هەرەتی لاوەتی و سەرەتای تەمەنی شاعیریدا شۆرەتی خانەوادەیی (سالار سەعید) و نازناوی شاعیری (عەلی) بووە. لەم دەورەیەدا کۆمەڵێك پارچە و غەزەلی زۆر پاراو و ڕەوان و شیرینی هەیە، کە لەسەر کێش و ئاوازێکی سوار و سادە و پەتی هۆنراونەتەوە، زۆریش لە زمان و شێوازی شیعری گۆرانییەوە نزیك و هەر شایانی ئەوەن بەدەنگ و ئاوازی دڵگیرەوە بگوترێنەوە. لەم پارچانەدا زۆریش پابەندی فۆرمی کۆنی غەزەل نەبووە و لە باری زمان و شێواز و دەربڕین و ناوەرۆکی شیعریدا داهێنانی نواندووە، وەکو لەم نموونانەدا دەیانبینین:[٤٩]

(١)

حەڵقە حەڵقە زولفی یاری من هەموو پێچ و خەمە

تا خەم و پێچی دەبینم خواردنم پێچ و خەمە

تا چرای کوڵمت دەبینم من سەراپا هەڵدەبم

شوعلەیی ڕووت کەم کە جانا تا نەسووتێم بەم شەمە

زولفەکانت لادە با دڵ بێتە باغی کوڵمەکەت

ئاهوویی وەحشی کە داوی دی خەیاڵاتی ڕەمە

نامەوێ ڕێگای حیجاز و چاهی زەمزەم تازە من

لەعلی نابت زەمزەمی مە و تاقی ئەبرۆت قیبلەمە

گەر دەپرسی چۆنە بێ تۆ حاڵی من بێ حاڵییە

گەر لەدووری تۆ دەماغێ من هەمە بیللا هەمە

دین و دنیای خۆی لە پێناو پێیەکەی تۆ نا (عەلی)

هەر سەری هەڵنایە ئێستاکە شەوانەی پێ کەمە

(٢)

چاوەڕێی وەعدەی ویساڵم قاسیدی یارم نەهات

ئەی ڕەفیقان ڕووحی شیرین هاتە سەر زارم نەهات

ئینتیزاری من لە حەد دەرکەوت و قاسید هەر نەهات

ئافتابی عالەم ئارا بۆ شەوی تارم نەهات

یانە بێزارە لەگەڵ ئەم بەندەیەی زارونزار

بۆیە وا قاسید لە جانیب یاری بێزارم نەهات

لەو دەمە بەستەی قەدی ڕەعناو و پابەندە (عەلی)

قەت نەبوو جانا دەمێکی من کە هاوارم نەهات

(٣)

دڵبەرا لەم جەژنی قوربانە سەرم قوربانتە

ئەی خەلیلا دڵ زەبیحی تیغی ئەبرۆکانتە

**ئافتــاب و مــاهی گــەردوون هەڵنــەیێن و باهــەڵێن**
**ئافتـــاب و بـــەدری کامیـــل تەلعـــەتی تابانتـــە**
**یوسفی میسری وڵاتـان حوسنی تۆ حەققە ئەگەر**
**سەت هەزار شاه و عەزیز مەحبووسی نێو زیندانتە**
**ئەی دڵا بەم تیری موژگانە لە سەت جێ پارە بووی**
**هێندەکــەم هــاوارە بۆچــی، بۆچــی وا ئامانتــە**

٢- عەلی بەگ لە دوای ئـەوەی پابەنـدی خۆشەویسـتی شـێخی بورهـان و تەریقەت دەبێ، غەزەلەکانی بەو ئاقـارەدا دەڕۆن کـە سـۆزی عیشـق و بـیری سۆفییانە هاوئامێزی یـەکتر دەبـن، هـەر لـەو تێکستانەشـدا نازنـاوی شـیعری دەکات بە (حەیدەری) وەکو لەم نموونانەدا بەدیار دەکەوێت:

**جەرگ و دڵەکەم قیمەتی یەك ماچی دەمی تۆ**
**گەر پێت کەمە جانانە کەمی مە و کەرەمی تۆ**
**بـۆ نامـە و خـەتێکی فـەرامۆش مەکـە یـاران**
**قوربـانی خـەت و نامـە و دەسـت و قەڵـەمی تۆ**
**موحتاج بە ڕۆژ و مەه و خورشیدی فەلەك نیم**
**تـا سوورمەیی دووچاومە خـاکی قـەدەمی تۆ**
**قـەدت عەلەمـە، تـیرە مـوژەت، شیرە دوو ئـەبرۆ**
**حـەیرانی مـوژە و ئـەبرۆ و قـەددی عەلـەمی تۆ**
**لـــەو ســـاوە ڕۆیـــی لـــەکنم ڕووحـــی ڕەوانم**
**ئـــاواڵی شـــەو و ڕۆژمـــە بـــیللا غـــەمی تـــۆ**
**بۆ (حەیـدەری) جـامێ لـە مـەی کافییـە سـاقی**
**مڵکی عەجەم و تاجی کەیی و جامی جەمی تۆ**[٥٠]

دەقئـاوێزانی شۆڕشـی عەشـق و خۆشەویسـتی شـێخ بۆتـە کـرۆك و ناوەرۆکی شیعر لە بەرگ و پۆشاکێکی ناوێزەدا، وەك دەڵێ:

تاسەری زولفی بە حەڵقە پێچ و تاب و خەم دەکا
وا دەزانی دڵ، سیامارە لەت و پارەم دەکا
گا بە قەیچی تابەتا گێسووی بە تەرتیب ڕێك دەخا
گا بە پەنجەی نازەنینی لا بەلای پەرچەم دەکا
بێبەشم بۆچی دەکەی گیانە لە حوسنی خۆت یەقین
زێڕ و زیوی کێ، زەکاتی لێ نەدەی، هەر کەم دەکا
هەر کەسێکی ڕێی گەدایی بێ لە دەرکی تۆ چلۆن
ئیعتینا بۆ تاجی خوسرەو مەیلی تەختی جەم دەکا
بۆ موحیببی سادق ئەووەل شەرتە دانایی وجوود
بۆیە وا پەروانە خۆی قوربانی نووری شەم دەکا
گەر سولەیمانیش نەبی ئەمڕۆکە حۆری میهری تۆ
بۆ ئیتاعەی تیپی عاشق کاری سەت خاتەم دەکا
بۆ تەفەئول خەتمی ئەشعارم بە ناوی شێخ دەکەم
مامەحاجیش بۆ تەبەڕووك زیارەتی زەمزەم دەکا
غەیری شەمسەدین کەسی دیکەم نەدی لایەق بە مەدح
(حەیدەری) هەر بۆیە مەدحی مورشیدی ئەعزەم دەکا

(زندگینامە: ٣٧٨)

٣- عەلی بەگ لە هەست و هۆشی خۆشەویستیی خەڵك و قەوم و خاکی نیشتیمانەکەی بێبەش نەبووە، بەڵکو سەرامەدی بیری نیشتیمانی و نەتەوەپەروەری نوێ (ناسیۆنالیزم) لە وڵاتی موکریان، سەرەتا لە قەسیدەیەکی ئەودا بەڕوونی بەدی دەکرێت کە لە ڕۆژگاری جەنگی جیهانی یەکەمدا نووسیویەتی. کاتێك لەشکری ڕووسیای تزاری لە ساڵی (١٩١٧)دا دەڕژێنە نێو ئێران و ناوچەکانی کوردستانی موکریان داگیر دەکەن، کارەساتێك دەنێتەوە کە بە کوشتار و قەتل و عامی خەڵك و کاول و وێرانی وڵات، بەتایبەتیش شاری سابلاغ، تەواو دەبێت. لەو سەروبەندە عەلی بەگ لە

دووریی مەڵبەند و وڵات دەبێت، بەڵام ڕووداو و کارەساتەکان زۆر کاری لێ دەکەن، بۆیە ئێش و ژان و کەسەری دڵی لە سوێی خەڵك و شار و نیشتیمانەکەی لە شیعرێکدا دەربڕیوە:

**لەو دەمەی تاقم لە دیداری عەزیزانی وەتەن**
**دایمە جووتم لەگەڵ غەم هەمدەمی حوزن و میحەن**
**تۆزی خاکی هەر میلی سورمەیی چاوی دڵە**
**ئاوی سەرچاوەی زولالی شەربەتی ڕووح و بەدەن**
**حوببی تۆ دینی منە، ئایینی من، ئیمانی من**
**یاد و فیکری ئاو و خاکت وێردی زیکری من وەتەن**
**گوڵبون و گوڵزارەکەی تۆ بوو کە جێی قومری و هوزار**
**ئاشیانەی جوغدە ئێستا بۆتە جێی زاغ و زەغەن**
**شار و بازاڕت دەڵێن سەرپاکی وێران و خەراب**
**موڵك و ئاسارت هەموو پامالٚ و خالییوسسەکەن**
**کووچەو و شارت کە پڕ ئاهووی خوتەن بوو بێ خەتا**
**جوملە وێران و خەرابن پڕ لە سەگباب و لە سەن**
**حەیفە وا بێ قوتبە قیبلەت بێ سەفا باغی سەفا**
**سەیرە وا بێ سەیرە پرد و گۆلەکەی قازی حەسەن**
**مینبەر و مزگەوتی سوور و حوجرەکان و حەوشەکەی**
**بوو بە مەیخانە و تەویلە و مەعبەدی عەبدی وەسەن**
**جێی مەلاکان و ئیمام و مەدرەسە و نەشری علووم**
**پاکی جێ دەستەی قشوون و پاکی جێ وەعزی قەشەن**
**حەشرە واوەیلایە ئەوڕۆ، کەربەلایە شاری مە**
**کوشتن و تالان و یەخسیرە، کە وا دێن و دەبەن**
**دڵبەرانت بوونە یەخسیر چوونە قەفقاز و سەبیر**
**نەوجەوانانت هەموو کوژران و نێژران بێ کەفەن**
**ئەی خودا ئەکراد یەخسیری هەموو میللەت بوون**
**دەی (عەلی) تا چاك نەفەوتاون بڵێ فیکرێ بکەن**(٥١)

ئەم مەسەلەی بیری نیشتیمان و خاك پەروەری و گەل دۆستی لە شیعری ئەم قۆناغەی موکریاندا پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن و لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، چونکێ ئەم چەمکانە بەم ناوەرۆکە مۆدێرنەیەوە ڕەنگە بۆ هەوەڵ جار بێت و لە شیعری حەیدەریدا بەدی بکرێت.

٤- بەشێکی شیعرەکانی حەیدەری لە وەسف و ستایشی شێخی بورهان و مەناقیبی تەریقەتدا هۆنراونەتەوە، کە زیاتر لە شیعری فێرکردن و داستانییەوە نزیکن، لەو جۆرەدا زمان و کێش و سەروا تەنها بۆ مەبەستی گەیاندنی پەیام لە چوارچێوەیەکی هونەریی ساکار سوودیان لێ وەرگیراوە. لێرەدا زمان زمانی گشتی و ئاساییە و لادان و بەرزبوونەوەی هونەری تیادا نییە، بیرۆکەکانیش لە چوارچێوەی (نەزم) و شیعری میللیدا خراونەتە ڕوو، لێرەدا گەشتێك بەناو چەند بەرهەمێکی شاعیردا دەکەین کە بەم جۆرە هۆنراونەتەوە.

(١)

لەم تێکستەدا باسی چۆنییەتی پابەندبوونی بە تەریقەت و (شێخی بورهان)مان بۆ دەگێڕێتەوە:

**شەو لە خەودا گەیمە خزمەت سالیکی ڕێگەی خودا**
**قائیدی ئەهلی بەسیرەت یەعنی خزری ڕەهنما**
**ئەووەلی خێر و شەڕم بوو یەعنی هەنگامی بلووغ**
**لوتفی حەق ئەم نیعمەتەی فەرموو بە ئەم بەندە عەتا**
**باوەڕت بێ گەر موسوڵمانی بە زاتی پاکی حەق**
**هەرچی فەرمووی پێت دەڵێم بێ کیزب و بێ ڕەیب و ڕیا**
**عەرزی حاڵم کرد لە خدمەتدا بە سەت عیجز و نیاز**
**پێم بفەرموو کێیە ئەمڕۆ یا نەبی مەردی خودا**
**دەستی ڕاستی پێ نیشاندام و بەڕەحمەت پێی گوتم**
**زامنم بۆ موخلیسینی شەمس بۆ خولدی عولا**

دەستی چەپپی پێ نیشاندام و بە هەیبەت پێی گوتم
زامنیشم مونکرینی کەم لە دۆزەخ جا بە جا
باز پێی فەرمووم لە قەلبتدا نەمێنی میهری کەس
هەر بە میهری وی دەبێ تابی بکەی تۆ ئیکتیفا
حەیدەری تا چوومە خزمەت حەزرەتی پیری تەریق
خەونەکەی فەرموو لە ئەووەل تا گەیشتە ئینتیها
خەون و خەرقی وای کەسێ دی چۆن دەبێ تەسلیم نەبێ
جا بدەن ئینسافێ ئەی ئەهلی مرووەت تۆ خودا
غەیری (شمس الدین) دەبێ چۆن ڕوو لە کەس کەم ئەی ڕەفیق
غەیری (شمس الدین) دەبێ کەس بێتە قەلبم ئەی برا

(زندگینامە: ٣٧٧)

(٢)

دیارە ئەو دڵبەستەگی و عیشق و عەلاقەیەی هەر لە زووێکەوە لە دڵی حەیدەریدا سەبارەت بە شێخ جێگیر بووە، هانی داوە چەندین پارچەی ڕەنگین لە شیعر و غەزەلی سۆفییانە لە وەسف و ستایشی پیرەکەیدا بهۆنێتەوە. کە تەنها بەشێکیان ماون و تۆمارکراون. (زندگینامە: ٣٧٩ – ٣٨١)

عاشقی خونچەی گوڵستانم ئەمن
بۆیە وەك بولبول غەزەلخوانم ئەمن
دیدەو و دڵ ساعەتێ ئاسوودە نین
چاوەڕێی دیداری یارانم ئەمن
بەڵکە بەحری ڕەحمەتی تۆ بێتە جۆش
هەر بە ئومێد هەور و بارانم ئەمن
تۆ وەکو لەیلی و من مەجنوونی تۆم
بۆیە وێڵی کوهسارانم ئەمن
کەمترین بەندەم لە دەرکی شەمسی دین
هەر غولامی شێخ عوسمانم ئەمن

**موخلیسی سەیید موحیببی سادقم**
**جان فیداکەی عەبدی ڕەحمانم ئەمن**
**غەیری شەڕ خێرم لە عومری خۆم نەدی**
**لەو شەرە یارەب پەشیمانم ئەمن**
**حەیدەری قەت نامەوێ شەئن و مەقام**
**بەسمە بەندەی شەمسی بورهانم ئەمن**

لەم تێکستەدا ڕاز و گلەیی لە ئاست (عەزیز بەگی کوڵتەپە)ی دۆستی دەکات و دەڵێ:

**خەستەیی تیری نیگاهی چاوی جانانم ئەمن**
**عاشقی شۆقی جەمالی ماهی تابانم ئەمن**
**عاشقت باکی لە تەهدیدی قیامەت خۆ نییە**
**عاشقی بێ ترس و خۆفم مەردی مەیدانم ئەمن**
**پیری کەنعان نیم بەڵام بۆ یوسفی خۆم ڕۆژ و شەو**
**گریەو و زاریمە هەر وەك پیری کەنعانم ئەمن**
**عەهد و پەیمانت گەلێ بەست و شکاندت تۆ عەزیز**
**هەر لەسەر ئەو عەهد و ئەو میساق و پەیمانم ئەمن**
**ئەم شکەست و پەستی ماهی بەهمەن و دەی تابەکەی**
**چاوەڕێی بادی بەهار و هەوری نیسانم ئەمن**
**عیززەت و جاه و جەلالم (حەیدەری) من بۆ چییە**
**هەر غولامی ئاستانی شەمسی بورهانم ئەمن**

حەیدەری دوو پارچە شیعری ستایشی هەیە کە بۆ (مەولانا مەلا سادقی مەرزینگ/ ؟ – ١٩١٧)ی نووسیوە کە خەلیفە و جێ باوەڕ و جێگرەوەی شێخی بورهان بووە. هەروەها تێکستێکی (خەتمی خواجەگان)ی بە کوردی هۆنیوەتەوە کە لە مەناقیبی سیلسیلەی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندییە و لە کۆڕی زیکر و تەهلیلەی سۆفییانی خانەقای شێخی بورهاندا خوێندراوەتەوە. هەروەها بە فارسیش چەندین غەزەل و قەسیدەی ئایینیی پاراوی هۆنیوەتەوە کە توانا و دەسەڵاتی شاعیرانەی لەو مەیدانەدا بە ڕوونی نیشان دەدات، بەشی زۆری شیعرە فارسییەکانی لە ستایش و مەناقیبی شێخی بورهاندان.

## چاوەش

لـە زومـرەی موریـدانی دڵسـۆزی خانـەقا، مـەرد و ڕەنـد و سەرڕاسـت و بەوەفا، قسە خۆش و خاوەن هۆش و زیرەك و زانا بوو، زمان پاراو، ڕەوانبێژ و ڕەوشت بەرز و دڵ لە وێنەی دەریا بوو، بیرتیژ و حازر جواب و نوکتە بێژ و شیرین ڕاوێژ، لە تیپی مورید و مەنسووباندا لە خانەقا تەنها ئەو بوو تانەگر و فرهاوێژ، ڕووحێکی سەفابەخشی هەبوو لەناو مەجلیسی یـاران، سـەرحەڵقەی خەتمی خانەقا بـوو هـەموو سـوبح و ئێـواران، بـە قسـەی خـۆش یانـە مـزر و شیرین چی خواستبایە دەهاتە دی، تەنها ئەو بـوو لـە حـزوور کێـوی ویقـار و هەیبەتی شێخدا بتوانێ بدوێ. بەجوانیی سەر و ڕوخسار و ڕێکیی قەدوقامەت و پاك و تەمیزی لەبەر دڵان بـوو، بەڕاسـتی خواناسـێکی ڕاسـت و موریـدێکی سەوداسەر و حەیران بوو. عاشقێکی دڵسووتاو و دەست لە دنیا بـەرداو و بـێ سەر و سـامان بـوو، ئـەوەی هـەیبوو یـاخود نـەیبوو، لـەهۆش و لـە دڵ و لـە دەماغ بەئاستانەی پیری مەیخانـەی بەخشـیبوو. خـدری زینـدەدڵ، ڕێبـواری مانـدوو نەناسـی ڕێگـای ڕوونـاکیی ئـاوی بـەقا، ئەسـتێرەی گەشـی وڵاتـی موکریان، سەید ڕەشیدی خانەقا.

شەوچرای کۆڕی ئەم جارەمان سۆفییێکی مەرد و ڕەند بووە بەناوی سەید ڕەشـید کـوڕی سـەید حەسـەن کـوڕی سـەید عـەلی. بـاپیرە گـەورەی لـە سەیدەکانی گونـدی (زینـوێی شـێخی) ناوچـەی باڵەکایـەتی بـووە، دواتـر لـە ئاوایی (دوو ئاوان)ی ناوچـەی شـنۆ گیرسـاوەتەوە. سـەید ڕەشـید لـە سـاڵی ١٨٦١ لەو دێیە لەدایك بـووە، ماڵـە بـاوانی لـە دووئاوانـەوە چـوونەتە ئـاوایی (نەلۆس) هەر لەو دەوروبەرە، لە دوایە ماڵ و کۆچیان لـە دێـی (کەلـەکێن)ی ناوچەی پیرانشار گیرساوەتەوە و خزم و کەسوکاریان لە ئاوایی و دێهاتی ئەو ناوە بڵاوبوونەتەوە[٥٢].

سەید ڕەشید هەر لە منداڵییەوە نیشانەی زیرەکی و هۆشیاری پێوە دیـار بووە، بۆیە باوکی دایدەنێتـە بـەر خوێنـدن. سـەرەتاکانی خوێنـدنی ئـایینی، زمان و سەرف و نەحوی عەرەبی، گوڵستان و بۆستانی سـەعدی، ئـەدەبیاتی

فارسی و عەرەبی لە ئاواییەکەیان دەخوێنێ، ئەوسا بەدوای تەواوکردنی خوێندندا حوجرە و مەدرەسەکانی دێهاتی ئەو دەوروبەرە لە عێراق و ئێراندا دەگەڕێ.

هەر لەم گەشت و گەڕانەدا دەچێتە مەهاباد و لای مامۆستایانی ناودار و لە مەدرەسەکانی ئەوێش دەخوێنێ. لە مەهابادەوە ڕوو دەکاتە (شەرەفکەند) و لەوێ بەخزمەتی شێخی بورهان دەگات و تۆبە و تەریقەتی لێ وەردەگرێ. لەڕێزی موریدان و مەنسووبان جێ دەگرێ و جێنیشینی دەبێتە خانەقا و دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ.

سەید ڕەشید بەڕەوشتی بەرز و باوەڕی پاك و زیرەکی و زمان و گفتوگۆی شیرین، زوو بە زوو جێگای خۆی لە دڵی شێخ و لەناو مورید و مەنسووبانی خانەقادا دەکاتەوە. هەر لە سۆنگەی ئەو قسەخۆشی و نوکتەزانی و زەرافەت و ڕووح سووکییەوە بووە کەوا شێخ نازناوی (چاوەش)ی بەسەردا دەبڕێت و هەر بەو ناوەش بانگی دەکات، سەید ڕەشیدیش کە پێشتر لە شیعر و هۆنراوەدا نازناوی (شەهید)ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، بە شانازییەوە ئەو نازناوە قبووڵ دەکات و لە شیعر و هۆنراوەکانیشیدا بەکاری دێنێ.

دوای ماوەیەك گیرسانەوە لە خانەقا، بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنەکانی دەگەڕێتەوە لای مامۆستاکانی لە مەهاباد. ماوەیەکیش بە فەقێیەتی دەچێتە لای (حەریق)ی شاعیر لەگوندی (ساحیب)ی نزیك شاری سەقز، کە پێشتر لە خانەقادا پێکەوە ئاشناییان پەیدا کردبوو. دواتر دەگەڕێتەوە مەهاباد و لە مەدرەسەی (مەلا حوسێنی سەقزی) لە مزگەوتی (ڕۆستەم بەگ) کۆتایی بە خوێندن و دەرس و دەورەکانی دێنێ.

دیارە لەو ماوەیەی دوور لە خانەقا و خەریکی گەڕان و دەرس خوێندن بووە، خەڵکانێك هەم لە خانەقا و هەم لەلای شێخ بە خراپە لەسەری دەخوێنن، تا ئەوەی دڵی شێخی لێ دەڕەنجێنن، بەو هۆیەوە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ خانەقا و لوتفی جارانی لەلای شێخ و کۆڕی یارانی لێ

دەبەستریێ. ماوەیەك بە ماتی و دەردەداری هەڵدەكات، چاوەڕوانیی بوار و دەرفەت و هەل دەكات، بەڵكو كەسێك پەیدابێت و لەلای شێخ شەفاعەتی بۆ بخوازێت. دیارە مەسەلەكە درێژە دەكێشێ تا ئەوەی سەید ڕەشید پەنا دەباتە بەر شیعر! پارچە شیعرێكی فارسی لەشێوەی شەفاعەتنامە دەنووسێ، كە ڕەنگدانەوەی كول و خەم و كەسەری قووڵی دەروونیەتی و لێوانلێوە لە شەوق و سۆز و سووتان. بەمەبەستی بەخشین و پاكبوونەوە لەگەڵ شێخ و گەڕانەوە بۆ خانەقا شیعرەكە دەنووسێ و دەیدا بەیەكێك لە نزیكانی شێخ تا لە هەل و دەرفەتێكی گونجاودا بۆی بخوێنێتەوە، ئەمە دەقەكەیەتی:

**ای خسرو دین به ایزد پاكم بخش**

**وی قطب یقین بشاه لولاكم بخش**

**شد خاك درت زنده دلان را مأمن**

**ای پاك زكین تو بدین خاكم بخش**

**در باغ جهان چون خر بی افسارم**

**نبود گنهی كه نیست در انبارم**

**با این همه امید به عفوت دارم**

**زین رو كه سگ سگان این دربارم**

**از تو طلبم كه نفس پرباد شود**

**بیچاره دلم ز غصه آزاد شود**

**دشمن ز سیه روزی من بس شاد است**

**ای دوست مبین كه دشمنم شاد شود**

**ای نائب بی شریك در رد و قبول**

**وی یاور غم گسار هر زار و ملول**

**چاوش كه بود ظلوم و بیچاره جهول**

**اول بخداش بخش و ثانی بەرسول**

ئـەو تـەگبیرە سـەر دەگـرێ، ناڵـە و سـۆز و سـووتانی سـەیید لـە دڵ و دەروونی شێخ کاریگەر دەبێ، بە چەند شەرت و مەرج دەبەخشرێ و ڕێگـەی پـێ دەدرێـت کـە بگەڕێتــەوە خانـەقا و شـوێنی شـیاوی جـارانی خـۆی دەستکەوێتەوە [53]. چاوەش دەگەڕێتەوە و خانـەقا دەبێتـەوە بـە مـەنزڵگای تاوەکو کۆتایی ژیانی، زۆری پێ ناچێ بەبیر و هۆش و زوهد و خواپەرسـتی و خوو و ڕەوشتی بەرز و شایستەی دەبێتەوە بە یەکێك لە پیـاوان و موریـدانی هەرە نزیکی شێخ و ناوداری خانەقا.

وەك دەڵێن بە سەر و ڕوخساری پاك و نوورانی، قـەد و قیافـەی جـوان و ڕێك و جل و پۆشاکی لێوەشاوەی خاوێن و تەمیز و بە گفت و لفت و بـە زار و ئاخاوتنی شیرین و ڕەوان، لەکاتی وەعز و بەنـدخوێنی و ئامۆژگاریـدا هـەموو ئامادەبووانی دڵبەندی خۆی دەکـرد و تەنانـەت بـە دەنگـی خـۆش و سـەدای دڵنشینی لەکاتی قورئان خوێنیدا بەجۆرێ کاری لە گوێگران و بەرامبەرەکانی دەکـرد کـەوا مـات و مـەبهووت و خـامۆش بـن. هـەر ئـەم ئـەدگار و خـوو و خەسڵەتانەی وای کردبـوو کـە شـێخ ئـەرك و پایـەی سـەر حەڵقـەی (خـەتمی خواجـەگانی نەقشـبەندی) لـە خانـەقادا بـەو بسـپێری و بـەو ڕادەیـەی کـەوا لەدوای کۆچی دوایی شێخیش، سەیید لەو پۆست و پایەدا تـا کۆتـایی ژیـانی بمێنێتەوە.

سەیید وێڕای ئەو هەموو پلـە و پایـە شایسـتەیەی کـە لـەلای شـێخ و لـە خانەقا و لە کۆڕی مورید و مەنسووبانیشدا بوویەتی ژیانێکی تا بڵێی سـادە و ساکار و خاکی ژیاوە، لە هەرچی ماڵ و سامان و سەروەتی دنیـا هەیـە بـەری بووە، لە خانەقادا هاوتای موریـد و مەنسـووبەکان هەڵسـاوە و ڕوونیشـتووە، لەگەڵ ئەوەی ماوەیەك خەزنەداری هەموو داهات و مەوقووفاتی خانەقا بووە، کەچی خۆراك و پێخۆری لەگەڵ ئەواندا بووە. لە هەموو ئیمتیازێك لە دارەتـی دنیا بێ بەری بـووە، تـەنیا دوو خولیـای هەمیشـەیی هـەبووە کـە یـەکێکیان تووتن و جگەرە و ئەوەکـەی تریـان چـایی بـووە، وێـڕای پـێ ناخۆشـبوون و

سەرزەنشتی جارجاری شێخیش، تا کۆتایی ژیان هەرگیز دەستبەرداریان نەبووە.

بەخاتری ئەو ڕێز و پێگەیەی لە خانەقادا هەیبووە، لەگەڵ زۆرێك لە مەلا و زانایان و ناودار و پیاو ماقووڵانی ناوچەکە نێوان و نامەکاری هەبووە، زۆر کەڕەت لە نامەکانیدا بۆ دۆستەکانی سەری قسە و گوتاری بەرەو لای قسەی فشە و گاڵتەجاڕی وەرگێڕاوە و سەرو پۆتەلاکی بەفرهاوێژی و توانجی مزر و نەستەق کوتاونەتەوە، وەلێ ئەوان قەت دڵیان گەردی لێ نەنیشتووە، بەڵکو کردوویاننەتە مایەی شانازی و خۆهەڵکێشانیش.

لەدوای شێخ بۆ ساڵەهای ساڵ هەر ئەو بووە لە کۆڕی خانەقادا پەند و وەعز و فەرمایشتەکانی شێخی بەئەڵقەی مورید و مەنسووب و میوانان و ڕێبوارانی خانەقا ڕادەگەیاند، بەتایبەت بۆ کەسانێك کە فریای دیدار و مەحزەری شێخ نەکەوتبوون، بە چەشنێکی وا دڵبەندی ئەو گوتار و سەربووردانە دەبوون کە لە شێخی دەگێڕانەوە، کەوا تۆبە بکەن و ڕێبازی تەریقەت و سۆفیایەتی شێخی بورهان بکەن بە تاقە بژاردەی خۆیان.

**چاوەش لە مەیدانی شیعرو ئەدەبدا:**

لە کتێبی (زندگینامە عارف ربانی) لەمەڕ ڕادەی بلیمەتیی بەهرە و هونەری سەید ڕەشید لە بواری نووسین و ئەدەبیاتدا هاتووە: (بێ گومان ئەگەر سەید ڕەشید ڕووەو دنیای سۆفیزم کێش نەکرابایە و شاعیری و نووسەری وەکو پیشەی هونەری بۆ خۆی هەڵبژاردایە، ئەوا ئەمڕۆ نەوەکو هەر لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردستان بەڵکو لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێرانیش، لاپەڕەیەکی زێڕینی بۆ خۆی دەنەخشاند و وێنەی ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەمێژووی شیعر و ئەدەبیاتی چەرخی خۆیدا دەدرەوشایەوە)[٥٤].

هێمن کە لە سەردەمی نەوجەوانیدا سێ چوار ساڵێك بە فەقێیەتی لە خانەقادا ماوەتەوە، لە نزیکەوە چاوەشی ناسیوە و لە کۆڕی وەعز و گوتار و شیعر خوێندنەوە و قسە خۆشەکانیدا ئامادە بووە، چەند جاران گوتوویەتی:

قسەی نەستەق و بە توێکڵ و توانج ئامێزەکانی سەید ڕەشید لە گوتە بە توێکڵ و مانادارە جوانەکانی (بێرنارد شۆ)ی نووسەری ناوداری ئینگلیز، هیچی کەمتر نەبوو، لە زۆر باری ڕاوێژیشەوە لە هی ئەو ورد و ناسکتر بووە. وەلی ئەم بولبولە خۆش ئاوازە زوو بە زوو کەوتۆتە چنگی باز و داوی تەریقەتەوە، ژیان و بەسەرهاتی بەڕێبازێکی دیکەدا گوزەری کردووە، دەفتەری ئەدەب و شیعر و شاعیری بەلاوە ناوە و بۆتە شەیدا و سەوداسەری ئەلف و بێیەکی دیکە![٥٥].

دیارە سەید ڕەشید لەوێنەی گەلێ لە مەلا و زاناکانمان هەرگیز شاعیری و نووسەری نەکردۆتە پیشە، بەڵام بەهۆی سروشتی ڕەوان و بەهرە و بلیمەتی، لابەلا ئاوڕیان لە مەیدانی شیعر و ئەدەب داوەتەوە و لەو مەیدانەدا بەرهەم و سامانی دانسقەیان بۆ بەجێ هێشتووین.

چاوەش لە زۆرێك لە هونەرەکانی ئەدەب، لەوێنەی شیعر و پەخشانی نامەنووسی و مەتەڵۆکە و قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپدا، بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی، شوێنەواری ناوێزەی لەپاش بەجێ ماوە. لەگەڵ ئەوەی کە بە قەبارە زۆر و ئەستوور نین بەڵام لەڕووی چۆنایەتی ئەدەبییەوە لە ئاستێکی وادان کە چاوەش بگەیەنێتە پایەیەکی ئەوتۆ کەوا لەڕیزی مەزن شاعیرانی کورد و فارس بژمێردرێت[٥٦].

لە بەراییدا و بەرلەوەی سووکە گەشتێك بەناو گوڵزاری شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی چاوەشدا دەست پێبکەین، دەبێ پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشین کەوا شیعر و هۆنراوەکانی چاوەش هەمووی ئامانجدارن، بەو مەعنایەی ئەو نەهاتووە مامەڵە لەگەڵ شیعردا بکات وەکو جوانی و هونەر و داهێنانێکی تایبەت، بەڵکو لەپێناو دەربڕینی هەست و بیر و ئیحساساتی ویژدانی خۆی بەمەبەست و ئامانجێکی تایبەت کە مەحزی ئیمانداریییە، پەنای بۆ هونەری شیعر و پەخشان بردووە و کەڵکی لێ وەرگرتوون، ئەنجا ئەو بیرو مەبەستانەی لە چوارچێوە و ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەربڕیون، جا چ لە ستایش و پیاهەڵدانی شێخ و پیری تەریقەتدا بن، یا دوعا و نزا و پاڕانەوە بن

له دەرگا و له ئاستانەی پیری تەریقەت، یا لەبارەی دڵسۆزی و دڵسووتاوی خۆیدا بن، ئەوە هەر هەمان بیر و مەبەستی ئایینی و ئیسلامەتین کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و کەمتر ڕوویان لە سۆفیزمە وەکو کرۆك و فەلسەفە و تیورێکی ئیمانداری.

چاوەش لە هونەری شیعردا شارەزا بووە، سوودی لە لایەنەکانی ڕەوانبێژی و کێش و سەروا و ڕیتم و ئاهەنگی شیعر وەرگرتووە، هەروەها سەبك و شێوازێکی توکمە و پتەوی هەڵبژاردووە لە دەربڕین و خستنەڕووی بیر و مەبەستەکانی:

**تەشەککور واجیبە بۆ من کە ئەمڕۆ مەزهەری یارم**
**بەبێ مەی مەست و مەسرورم، بەخۆشی ڕەشکی ئەغیارم**
**ئەگەر موجیب عەداوەت بوو، ئەگەر گریان و داوەت بوو**
**ئەگەر تاڵی و عەداوەت بوو، بەشۆخی هاتە سەرزارم**
**شوکور شەهزادەیی ئەمجەد، سەمییی حەزرەتی ئەحمەد**
**گوزەشتی کرد لە نیك و بەد کە زانی دڵبریندارم**
**ئەگەر عاقڵ ئەگەر شێتم، ئەگەر بۆزم ئەگەر کوێتم**
**دەخیلی خاکی بەرپێتم، دەبێ سوورەت بدەی کارم**
**ئەگەر خوێڕیم ئەگەر چاکم، ئەگەر بەدخووم ئەگەر پاکم**
**دەمێکە سەیدی فەتراکم، بەداوی تۆ گرفتارم**
**هەتا مانگی موحەڕڕەم بوو، دەروونم پڕ لە ماتەم بوو**
**سەفەر ڕۆیی غەمم کەم بوو، دەڵێی سووکتر دەبێ بارم**
**هەتا ڕووی تۆم ببێ چاکم، گەش و ڕووخۆش و ڕووناکم**
**کەنار و هار و بێباکم، دەڵێی سەرمەستی دیدارم**

چاوەش لەم پارچەیە تا کۆتایی وەستایانە سوودی لە ڕیتمی خێرا و نەغمە بەخشی (کەرتکردن) و سەروای ناوخۆیی وەرگرتووە و لەگەڵ سواریی سەروا و ڕوونیی زمانی شیعری، تا ئاواز و ئاهەنگی شیعر پەرە پێ بدا و

گوزارەکـانی بـە ئـارامی لـە دەروونـی خوێنـەر و گـوێگردا بنیشـن. زمـان و شێوەزاری ڕەوان و پاراوە، پەنای بۆ سەنعەتسازی و پێچـاوپێچ و ئـاڵۆزی و لێڵی نەبردووە، کاریگەریی شیعری میللی بەسەرەوەیە:

**بـە دڵ مەسـتم بـە سـەر پەسـتم، بـە ئومێـدی تـۆ پاپەسـتم**
**کە تۆ بێی دەست دەیە دەستم، دەڵێم خۆم شاه و خونکارم**
**غـەریب و مـات و مەدهۆشـم لـە دەرکـی تـۆ نمـەد پۆشـم**
**منیش هەروەك سەمەد پۆشم، فەقەت تۆی یار و غەمخوارم**
**ئــەتۆ ئینســان ئــەمن چـاوم، ئــەتۆ تــەرلان ئــەمن داوم**
**لــە تــاو تــۆ هێنــدە تــەنگاوم، بەغایــەت گــەیوە ئـازارم**

(چاوەش: ٣٣)

(نالی) هەمیشە وەکو نموونـە و ڕێنوێنێـك بـووە کـە شـاعیرانی کلاسـیك ڕوویان لێ کردووە و پێیان لە شوێن پێی داناوە تا دەسەڵات و شکۆی شیعری خۆیـانی پـێ دەستنیشـان بکـەن. ئـەو لـە (٥) بەیتـە شـیعری غەزەلێکـدا زەمزەمەیەکی شیعری ڕەنگینی خوڵقاندووە کە گوتوویەتی:

**کە تۆی قیبلە، دەمت سابێنە قوربان**
**لەســەر قوبلە، دڵم مەشـکێنە قوربـان**
**وەرە بنـوارە دوو دەسـتی حەناییم**
**حەنایی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان**

چاوەش زۆر وەستایانە و بە لەبەرچاوگرتنی داب و دەستووری ئەم چەند بەیتەی نالی، تێکستێکی شیعری هۆنیوەتەوە و بەڕاستیش هونەر و داهێنـانی تیادا نواندووە:

**دەروونم پـڕ لـە دەرد و داغـە قوربـان**
**لــە داغــی تــۆ دڵـم ناسـاغە قوربـان**

لــه بــازاڕی ئەمــەل شــادی کەســادە

جــەفا ڕەسمــە، وەفــا یاســاغە قوربــان

لەهەر لا غەم کە هەستا دێتــە کن من

لــە ســایەی تــۆ دڵــم قۆناغــە قوربــان

گــوڵی ســووریی و گــوڵزاری بــەهاری

بـــەبێ دیـــداری تـــۆ ئالاغـــە قوربـــان

مــژۆڵت خەنجــەری کرمانــە بــۆ دڵ

بــەخوێنی جــەرگی مـن پەرداغـە قوربان

دڵــم بەندەرگەیــە بــۆ لەشــکری غــەم

لەخۆشــی مەنعــە ئــەم تۆرپاغــە قوربان

جــەمالت باغــە تــۆ خــۆت باغــەوانی

ئـــەمن بولبـــول ڕەقیـــبم زاغـــە قوربـــان

دەزانم بۆچـــی ناپرســـی لـــە حـــاڵم

دڵـــی تـــۆ فـــاریغ و بـــێ داغـــە قوربـــان

کــە دڵ گــیرا بــە تــۆ ئــارامی ڕۆیــی

ئـــەوە دۆشـــاغە ئـــەم قاچـــاغە قوربـــان

دڵم دەرهات و خۆی ئاوێتە بەرپێت

ئەوێســـتا بــێ ســـەرو ســـۆراغە قوربـــان

ئەگــەر ساغت دەوێ (چاوەش) غەریبە

بۆخۆی ناساغە، شیعری ساغە قوربان

(چاوەش: ٣٧)

وشەی سەروا و پاش سەرواکە لای نالی ئەوەندە شاز و دەگمـەن نـین لـە فەرهەنگی کوردیدا، کەچی ئەو لە کورتی بڕیویەتەوە، بەڵام وشـە سـەرواکان لـە تێکسـتەکەی چاوەشـدا زۆر دەگمـەن و نـاوێزەن (داغ، ناسـاغ، یاسـاغ، قۆناغ، ئالاغ، پـەرداغ،....... تـاد)، لـەرە و ئاهـەنگ و مۆسیقاشـیان بـەرز و ڕازاوەیە، کەچی زۆر ڕەوان و نەرم و ئارام لە ڕێکەوەندی ڕستە شیعرییەکاندا

هاتوون بێ کۆسپ و گرێ و نەشازی دوا دێرەکانیان ئارایشت کردووە، ئەمە بالانوێنیی دەسەڵاتی شاعیر و دەوڵەمەندیی فەرهەنگە شیعرییەکەی شاعیرە.

شیعرێکی موسەممەتی هەیە کە لە شێوەی بەندی سێیینەدا هۆنراوەتەوە، بە زمانێکی سادە بەڵام هونەری و ئاهەنگ بەخش:

**ئەی نەوجەوانی پڕ کەید و حیلە**
**وەسڵت شفایە دەوای عەلیلە**
**دووریت جەفایە دڵ پێی قەتیلە**
**ئەم زەمهەریرە، ئەو سەلسەبیلە**

**بۆ غەیرە ئاوی، بۆ ئێمە خوێنی**
**بۆ خەڵکی لوتفی، بۆ ئێمە جوێنی**
**عاشق بەزێن و ڕەقیب ڕفێنی**
**تۆ بەفر و خوێنی، ڕووت ئاوی نیلە**

**دیدارت مەنعە، ویساڵە فەقدە**
**ئەندووهە جەمعە، هیجرانە نەقدە**
**نەساخی وەعد و فەساخی عەقدە**
**نەقازی عەهدە ئەو بێ دەلیلە**

**وەفا دەڵێی کەم، جەفاتە زۆرە**
**حەیاتە تەڵخە، سەفاتە شۆڕە**
**بێچارە (چاوەش) پاشی کلۆرە**
**نێوڕانی مۆرە، وەك کرمی پیلە**

**باران دەبارێ دڵ بێ سەدایە**
**جانانە دوور و بێ ئیمتینایە**
**سەفا بەسەرچوو نۆبەی جەفایە**
**کەوای سپی دڵ بەدبەختی قیلە**

(چاوەش: ٣٨)

مستەفا بەگی کوردی لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان و کۆچکردنی ئەحمەد پاشا بەرەو تاراوگە سێ تێکستی شیعری کورتی هۆنیوەتەوە، کە سەربەندی هەموویان وەکو یەکن[٥٧]:

(زەمانی فیرقەتی یارانە ئەمشەو)

چاوەش لەسەر هەمان کێش و پاشبەند شیعرێکی هۆنیوەتەوە تیادا دەڵێ:

**غەریب و بێکەس و داماوم ئەمشۆ**
**لە زینـدانی غەمتدا ماوم ئەمشۆ**
**وەك پەروانەیی خاڵت عەزیزم**
**لەسەر شەمعی ڕوخت سووتاوم ئەمشۆ**
**لە داغی خاڵی تۆ ڕیشەی وجوودی**
**بە دووخی غەم فەلەك باداوم ئەمشۆ**
**وەکو زولفت کەوا سەودایی ڕووتە**
**بەشێوەی ئەو منیش شێواوم ئەمشۆ**
**ڕەقیب زانی غەریبی کۆی نیگارم**
**وەکو سەگ بۆیە دەورەی داوم ئەمشۆ**
**کە دیتم چاوەکەت زانیم کە مەستە**
**لەبەر چاوت بەدڵ برژاوم ئەمشۆ**
**بەداوی زوڵف و دانەی خاڵی سەر ڕووت**
**فریوی مورغی ڕووحت داوم ئەمشۆ**
**بلا خاکی هەموو عالەم وەسەر کەم**
**کە یارم ڕووی لێ وەرگێڕاوم ئەمشۆ**
**گرفتاری عەزابی ئەشك و ئاهم**
**دەمێ غەرقم دەمێ سووتاوم ئەمشۆ**

لەبـــەر چـــاوم زەلی دەور و کـــەنارم

لــە زەلکـاوی غــەما خنکـاوم ئەمشــۆ

فیراقــت ئاشــەوان و ئاسمــان ئــاش

بــە نــۆ بەرداشــی زل هــاڕاوم ئەمشــۆ

بــە ســانی پەرچــەمی ئــاڵۆز و خــاوت

دڵــم ئــاڵۆزە بــێ تــۆ، خــاوم ئەمشــۆ

لــە دووری تــۆ فەلــەك وای دا بەســەرما

کــەڕ و کــوێر و هــوڕ و تاســاوم ئەمشۆ

لــە چــاوم دای و چــاوم پــڕ لــە ئــاوە

وەرە ئــەی گــوڵبنی تێرئــاوم ئەمشــۆ

کـــە تـــۆ ڕۆیـــی دڵــم گـــیرا نـــەهاتم

لــە گیـانی خـۆم بـەدڵ تـۆراوم ئەمشـۆ

بــە تــیری غــەمزە جــەرگت پــارە کــردم

ئەســیری غــەمزە دیلــی چــاوم ئەمشــۆ

بــە نــووکی تــیری موژگانــت شــەهیدم

بــەبێ نــام و نیشــان کــوژراوم ئەمشــۆ

دەزانم چونکە بۆ تۆ بوومـە (چاوەش)

لەبۆیـــە وات لەبـــەر بێـــزراوم ئەمشـــۆ

مرۆڤ دەبێ ئەو ڕاستییە بدرکێنی کەوا ئەم تێکستە ئەوەندە سادە و سوار و ڕەوانە لە سەرەتاوە تا خوار گرفتێکی ناتێگەیشتن یا زمان و فەرهەنگی ناهێتە سەر ڕێگا و بە دووریشی نازانم کە شاعیر دەیتوانی بە دەیان دێری دیکەشی بە سەرەوە بهۆنێتەوە بەهەمان ڕەوانی و ڕیتم و ئاواز بێ ئەوەی شەکەتی و هیلاکیی ڕێگای پێیەوە دیاربێت.

**چاوەش لە بواری پەخشان و نامەنووسیدا:**

سەید ڕەشید لە بواری پەخشانی نامەنووسی و مەتەڵ و گەپجاڕیدا هەم ڕچەشکێن و دەستپێشخەر بووە هەم باڵادەست و لێزان.

ئەو نامە و دەستخەتانەی کە لێرەو لەوێ لە دوایدا بەجێ ماون وەکو خاوەنی (زندگینامە عارف ربانی) دەڵێ چەند ڕاستی و ئاماژەی بەجێیان لێ دەخوێندرێتەوە:

١- سەید لە بواری پەخشان و نامەنووسی بەزمانی شیرینی کوردی وەکو پیاوێکی ئازا و بلیمەت ڕچەشکێن و دەستپێشخەر بووە، ڕاستە ئێمە لە پێشدا شاعیران و هونەروەرانی زۆرمان بوون، کە بە کوردی شیعر و هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە، بەڵام هەرگیز لە نووسیاری و نامەنووسیدا ئاوڕیان لە زمانی کوردی نەداوەتەوە، بۆیە کوردی نووسی و کوردی خوێنی تا ئەو ڕۆژگارە لە چوارچێوەی تەنگەبەری شیعردا ماوەتەوە.

٢- چاوەش لە نامەنووسین و پەخشانەکانیدا، پەنای بۆ سەجع و سەرواداری بردووە و تیاشیدا سەرکەوتووە، کە ئەمەشیان داهێنانێکە بۆ ئەو دەژمێردرێت.

٣- چاوەش لە سەردەم و ڕۆژگارێکدا ئەم نەریتەی داهێناوە کە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد تەنانەت لە کوردستانی عێراقیش پەخشان و نامەیان بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی نووسیوە و بۆ مەبەستەکانی زانستی ئایینیش هەر سوودیان لەو زمانانە وەرگرتووە[٥٨].

لێرەوە چاوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کەسێ بەهرەدار بێ چۆن دەتوانێ بیر و مەبەستەکانی خۆی لە هەر بوار و زانستێکدا بێت لە پۆشاکی زمانی زگماکی خۆیدا بڕازێنێتەوە و بیخاتە ڕوو. ئەنجا با بە چاوی موشتەری وەکو سەنگی مەحەك ئەم دوو سێ نامەیەی (چاوەش) بەسەربکەینەوە، یەکەمیانی بۆ (عەمەرخانی شکاك) نووسیوە، کە کەسایەتیی دیار و ناوداری ئەم هۆزە بووە لە دوای (سمکۆ):

(عومەر گیان: ئومێدەوارم عومرت درێژبێ، دوژمنت گێژبێ، ڕێگەت سەر بەرەوژێر و لێژ بێ، نەقیزەت درێژبێ. کەمەندت ژێ بێ، ما نیعت مێ بێ، نەفەقەت پێ بێ، پیری بورهانیت لە پشتی بێ.

عەزیزم شەب خیز بە، شوور ئەنگیز بە، کەمتر حیز بە، هەزار جار لە ڕێی دنیادا گیراوی بلاّ لە ڕێی خوداشدا بەردێکت بێتە بەر پێ.

ئیقدام موبارەکە هەستە وەرە، مەعزەرەتت هەر وەڕە وەڕە سەی حیز بە خۆڕایی لە بەر خۆیەوە دەوەڕێ، ئەتۆ ئاغای من چاوەشم دەگەلّ منت پێ ناکرێ ڕەشید کۆنە چاوەشە).

هەروەها ئەمەش نامەیەکی دیکەیەتی کە بۆ (قەرەنی ئاغا) ناوێك نووسیویەتی لە ناوچەی (شارویران) و دەڵێ: (مام قەرەنی دەمێکە نەمدیوی، ئەودیو ئەودیوم پێ نەکردووی، بزانم ئەو دیوەی کە دەگەڵتە چی لێ کردووی، بە هەر سوورەت سەلامت لێ دەکەم، دووعای بەخێرت بۆ دەکەم، کاغەز هەڵناگرێ ئەوەی کە خەیاڵم هەیە پێت بڵێم، بۆچی زۆر هەڵدەگری ئەگەرچی زۆر زەعیفی، شا کەرە دەنا دەبوو زەخیرەی سەردەشتێ بە تەنێ بەتۆ هەڵگرێ. ئەگەر وا نەبێ فائیدەی تۆ لە دەرەوە ئەوەیە کە فەقەرەیەك دەنێو مەنسووبی حەزرەتی شێخدا، ڕووحم بەقوربانی بێ، ڕوویدا خەریك بی ئیسلاحی بکەی، مادەی کاك عەبدوڕڕەحیم کە لە ئەسحاب و مەنسووبانی قەدیمی مەولاییە، دەبوو ئێمە پێ نەزانین چاکی بکەی، پاکی بکەی، نەوەك خۆت کەرکەی بێ باکی بکەی. فائیدەی ئێمەش لە جیواری مەرقەدی مونەووەردا ئەوەیە کە بە دەردی ئێوە دەردەداربین، بەغەمی ئێوە گرفتاربین، غەمخواربین، غەمگوساربین، (مستغفر بالاسحار) بین.

موختەسەر ئەمن برێکم ئاگا لە خۆیە، بە خوای وەزیفەی خۆم بە کوللی تەرك نەکردووە، دوعا گۆیی دەکەم، ئەتۆش کەد خودایی و ئاغایی بکە وەئیللا دەبییە کەیبانوو.

عەلەلحیساب برای موکەڕەم مەلا ئیبراهیم ئەگەر بە هیمەتی شێخی بەڕەزامەندی گەڕاوە، بابی لە جێی خۆی دامەزراوە، مەجبوورم یەك بە سەت دەبێ دووعاگۆیی زیادکەم وەئیللا دوو فەقەرە پەیدا دەبن، یەك بە سەت نازانم، دوو بە کەرت لە قەڵەم دەدەم، دەمێکیشە نەهاتووی جەریمەداری، یا هەر نایەی، یا دێی زوو دەڕۆی، ئەوەندە بەند نابی نەختێ بەسەروگوێت دادەم، وەلا نازانم بە کوێت دادەم؟ چ جێی ساغت نییە و ئاخریمان دووعاو سەلام بێ، مەعنای (بێ)، دەزانی مەعنای وەرە، دەبێ لە ئەلفو بێوە پێت بخوێنمەوە، قەرە نییە خەرجی جووتبەندانی لە سەرە. دووعا و سەلامی من بە بابەکراغای بگەیەنە، بۆیە کاغەزم عەلاحیدە بۆ نەنووسی وەك قسە دەکەن دەڵێی بابی نەماوە، ئاخر ئەوە موعەمایە، بابەکر کە بابی نەما کەر دەبێ، ئەگەر کەر نەبێ بۆ دەبێ کار بە دەرەجەیەك بگا پیاوی وەك کاك عەبدوڕڕەحیم جواب بکا، ئەمن عەرزم کردووی شاروێران بە کەران ئاوەدانە ناحەقم نییە. موختەسەر دووعا و سەلامی منی پێ بگەیەنە لێشی قەبووڵ مەکە کاك عەبدوڕڕەحیم لەوێ بڕوا. والسلام محمد رشید).

وەکو دەبیندرێت چاوەش لە قسەی ڕۆژانە و پەتیی ئاساییدا، پارچەیەکی ئەدەبی پڕ لە جوانکاری نەخشاندووە، لە هەندێ. بڕگەدا خوازە و درکە و ڕەگەزدۆزی وای ساز کردووە کە پێویستی بە ڕاڤە و لێکدانەوەییە و، ئاماژە بۆ بیری ورد و قووڵ و ناسکی ئەو دەکات لەو بوارەدا. لە هەندێ لە نامەکانیدا چاوەش سوودی لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی وەرگرتووە و زۆر بە جوانی پێکەوەی گونجاندوون، هەروەها زۆر لە نامەکانیشی بە دێرە شیعری فارسی و کوردی، یا حەدیس و ئایەتەکانی قورئان تێهەڵکێش کردووە و ڕازاندۆتەوە، لێرەدا پەنا بۆ نموونەیەکی دیکە لەو نامانە دەبەین:

(قال الشافعي رضی الله تعالی عنه، من استرضی ولم یرض فهو شیطان ومن استغضب ولم یغضب فهو حمار، بابەکەم، تۆ خۆت ناناسی عەجەب حاڵەتێکت هەیە بە من موتەئەسیر نابی، دڵت پێم ناسووتێ، کە دەحوببی تۆدا ئەهلی فەنا و بەقام، ساحێبی شەرت و وەفام، گرفتاری جەفام، لە ژێر

باری عەنام. بە دوژمنی دەست و کاسەشت کە موداخەلـەت لـێ دەکـا، پێت موتەلەزیز دەبێ، پاشملەش حەبسی دڵخواهی نەفسـی بـەدخووی خـۆی لێت دەوێ، لێشت دەخوا، لێشت دەخەوتێ، تووڕە نابێ، لێی لانادەی بـە عـەقڵی ناقیسی من دۆستە لەگەڵ تۆ عەداوەتە، عەداوەت بۆ تۆ شایی و داوەتە.

قوربان، مەنزوورم ئەوە نییە بەگژ کەست داکەم، شەڕە سەگت پـێ بکـەم، مەقسوودم ئەمەیـە، دەخـەوی خـۆت بگـە. قوربـان، زۆرم ئومێـد بـەتۆ بـوو، دەمکوت شوکر یارێکی وەفادار و دڵدارێکی سەداقەت شیعارم کەوتە چـەنگ، نەمدەزانی مارێکی ژەهرکار و کەمتیارێکی ئینسانخوارم هاتە چەنگ، ڕەجـام بە قووەت بوو زەعیفت کرد، تەمام بە شیدەت بوو خەفیفت کرد. قـال الـنبي صلى الله عليه وسلم، من قطع رجاء من ارتجاه قطـع الله رجائـه يـوم القيامـة، فلن يلج الجنة. ماڵت خرابێ نە بە ڕجایێ فریو دەخۆی نە خۆفێ لـە ئەندێشـە دەکەی!، نە غیرەت بەکار دەبەی نە نەفسانییەت بە عەمەل دێنی، نازانم بـە چت بگرم؟ بێ ئینساف قەت برایەتی وا دەبێ، ئەوە من لە ئاخری ڕەجەبەوە شەو و ڕۆژ بیست و چوار سەعاتە کوللی دەقیقێـك چـاوم لـە ڕێتـە، گـوێم لـە دەرکێتە یا ڕەبی خودا عەقڵێکت پێ بدا کە پێی خەجاڵەت بـی، ئینسـافێکت بداتێ کە حەقێ تەسلیم کەی، دڵێکت پـێ مەرحەمـەت کـا دۆسـت بـە دۆسـت بزانی، دوژمن بە دوژمن.

**با بدان بد باش و بانيكان نيكو**

**جای گل گل باش وجای خار خار**

قوربان دەستم لە هەموو کەس و هەموو شت بەردا، لە دامێنی تۆش بەنـد نەبوو:

**به يَكبار از جيهان دل در تو بستم**

**ندانستم كه پيمانم نپايی**

توخودا بۆچ هیچ بەقسەی من موتەئەسیر نابی؟، قەسەم بەزاتی خـودا لـە خۆم و لە تۆ موتەحەییرم، لە تۆ کە چۆن هێندە بێ تەمیزی، لە خۆم کە بۆچ هێندە حیزم!. ماشاء الله لاحول ولا قوة الا بالله.

قوربان مەملەکەتی خەیاڵم هەموو بە جووتی زبان شێو کرد، بە ئامووری قەڵەم وەردم داوە، بە ماڵووی سفارش ماڵووم کرد، بەشی وەرزێکی دیکەم نەماوە، بە ئومێدێك و سەد هەزاری هەمووم داچاند، هیچی لێ نەڕوا، ئەوی کە ڕواش زیزانە بوو، کەس بو کارم حیزانە بوو، هەرچەند سەری خۆم دێنم و دەبەم فکرێکی بیکرم نەماوە کە بیڕازێنمەوە بۆ تۆی بنێرم، هەموو خۆیان لێ شاردوومەوە، خۆیان لێ باردووم. بە زبانی حاڵ پێم دەڵێن حاڵت خۆشە بێ حەیا؟، زۆرت شەرم بەخۆیە؟، ئاخۆ ئەو هەموو فیکرە بیکرە کە دەلیباسی نەزم و نەسردا بۆی دەنێری، هەرهێندەی مەیل پێ هەن تا جارێکیان دەگەڵ دەنووێ، خراپیان دەکا، لە پاشان بە شەقان دەریان دەکا، دەربەدەریان دەکا، عاقیبەت هەموویان دەبێ بێنەوە کن تۆ، بۆچ هێندە بێ ناموسی؟ بۆچ دەمری ئەگەر نەنووسی؟ دانیشی بە مەئیووسی یا بچیە نێو عورووسی؟

**شیعرەکانم کە جگەر گۆشی منن دەربەدەرن**

**دڵی (نالی) چ ڕەقە، قەت غەمی فەرزەندی نییە**

دەمکوت لێی گەڕێ مەحرەمی ڕازم جێگەی نیازم دەستکەوت، نەمزانی بە ناهەمواری بێچووە بەرازم تووش بوو!، یاڕەب زۆر زۆر شوکر ناچارم وەك سەنعانی لێرەوپاش دەبێ پاسی بەرازان بکەم. کە مەلا ئەحمەد هاتەوە فریوت دابوو، برات بوو بە بەراتت دابوو، کاغەزی سەرگەردانیت وەدەست نابوو کە: (چند روز دیگر می آیم). من کە بە ئومێدی وەسڵت بووم بە قەباڵەی فەسڵت چووم، لە قەبیل ئەوەیە هەستم بێمە (ڕەحیم خان)، خۆم لێ وەدزی بڵێی کاڵەکی بۆ بەرن، فرووجی بۆ وەکوژن، خۆ من (أم الخبائث) نیم بە زگ دەگەڵت پێوە بووبم، بە خەیاڵ بێمە زگت داخۆ چ دەخۆی، من ماچ و مووچەم لە یارم ناوێ، خۆی ناوێژمە سەر هەتا هەڵاوێ، کەسێکم دەوێ پێم ئاشنابێ بەلاچۆ نەچێ بەوابێ وابێ.

باوجوودی ئەوەش ئەوەم هەر لە چاودا کە لە ئاخری کاغەزەوە نووسیبووت: (بود بنده نازنین مشت زن)، اما شما به بی انصافی خشت زن

و به بی وفایی مشتی زنی والا قـول مـارا در بـی قـولی کـالبول قـرار نمیـدادی وانگشت منع را پرحرف ما نمی نهادی.

وام خەیاڵ لە تۆ دەکرد بۆخوێنی خۆت قسەی من ناشکێنی، پەردەی مـن نادڕێنی، وا ناکەی ئەمن مەحزوون بم ڕەقیب مەمنوون بـێ، ئەوێسـتاش یـەك دەفعە لێت نائومێد نەبووم، بۆچ کە هاتی ئەگەر عاقڵ بی منیشت بە قـەدری مریشکێکی هێلکە نەکەر پـێ بـوێ، بـەخوای کـە کەوتیـە عـوزران خەجاڵـەتم دەکەی، چونکە عوزر عەلامەتی تەوالود و تەوادودە. ئەگـەر خـوا نەخواسـتە کەر و خێرەسەر و دەربەدەربی، دەسـتت لـە عەلاقـەی مـن شـووتبێ، شـێت دەبـی دەڵیـێ: ئـەیجا چ قـەوماوە؟، تـووڕە دەبـی، لـە عـوزر دەکـەوی تـا دەگەییە سیننی یەئس، دەبێ هەر بگریم، قوڕێ وەسەرکەم، بڵـێم وەرە لـە دنیایەدا برایەکت بێ، ئەویش تەبەڕڕا بکا، بابێکت بـێ دەرتکـا، کوڕێکـت بـێ نەفەقەت نەکێشێ، دڵدارێکت بـێ دڵـت لێـی بێشـێ، حـەیاتێکت بـێ ڕووحـت بکێشێ، ڕەجام وایە بە هیمەتی شێخی ئـەو حاڵـەمان بەسـەردا نەیـە زۆر لـە جاران چاکتر ڕێك کەوینەوە. والسلام).

ئەم نامانە گرینگ ئەوە نییە بۆ چ کەسێ نووسراون بەڵکو گرینگ چییەتی و چۆنیەتی نووسـینیانە، لـە ڕۆژگـار و سـەردەمێك کـە نامەنووسـیی کـوردی دەگمەن و یاخود هەر نەبووە، پێویستە لە باری واتاناسی و داڕشتن و خەبەر و ئینشـا و ئیسـتیفهامەوە لێکۆڵینـەوەیان لـە بـارەوە بکـرێ و هونـەرەکانی ڕەوانبێژی و شێوازی نووسینیان دەستنیشان بکرێت، تاوەکو شوێنی شیاوی خۆیان لە ڕیزی داهێنانی بەرهەمی ئـەدەبی پەخشـانی کـوردی بگرنـەوە.[٥٩] چاوەش لە بواری چەفەنگ و قسەی خۆش و نەستەقیش کۆمەڵێك مەسـەلە و سـەربردە و چـیرۆکەی خـۆش و بـە مـەزەی هـەبووە کـە دەمـاودەم لێیـان گێڕاوەتەوە و لە قۆنـاغێکی دواتـردا تۆمـارکراون. ئـەمانیش نیشـان گـەلێکن زەوق و سـەلیقە و چەشـەی ئـەدەبی ئـەو مرۆڤـە ڕووح سـووك و بلیمەتـە دەنـوێنن، لـە نوکتـە چـنی و حـازرجوابی و هـەرزەگۆیی ماقووڵانـە. لێـرەدا نموونەیەك لە قسە بەتوێکڵ و مەبەستدارەکانی دەهێنینـەوە: شـێخ محەمـەد

کوڕی شێخی بورهان گێڕاویەتییەوە و گوتوویە: جارێك لە دێی شەرەفکەند ژنان دەوەیان دەکێشا، منیش منداڵ بووم و لەگەڵ وان هاتوچۆم دەکرد جارجاریش یارمەتیم دەدان، سەیید لە دوورەوە چاوی بە من کەوت و بانگی کردم و گوتی: شێخ محەمەد چ دەکەی؟ گوتم قوربان لەگەڵ ژنان خەریکی دەوەکێشانم، گوتی باشە بەڵام ئەوکارە بێ بەزم و زەمزەمە نابێ، ئەگەر گەڕایەوە بچۆ ئەو شیعرانە لەبەرکە و بە گۆرانی بیانڵێ:

من بەمەسەل دەروێشم          موغتەنیمی بڕوێشم
نایبی کەرقەڵێشم          مودخیلی پاش وپێشم
هەشتێکی بێتە پێشم          لاڕەددە تێی دەکێشم
ئەمڕۆ دەوەی دەکێشم          سبەی دەوەی دەکێشم(٦٠)

لە بواری مەتەلۆکە و شیعری داخراویش سەید رەشید کۆمەڵێك بابەتی لەو جۆرەی هەبووە، کە لە نامەکانیدا بۆ دۆست و هاوەڵەکانی پەنای بۆ بردووە.

دیارە ئەو مەتەلۆکە و شیعرە داخراوانەش لە داهێنانی ئەدەبی بەدوور نین، بەو هۆیەی زۆرینەی مەتەڵ و شیعرەکان فارسین بۆیە لە هێنانەوەی نموونە بۆیان خۆمان دەبوێرین.

لێرەدا ئاماژە بۆ ئاڵوگۆڕی دوو چوارینی شیعری دەکەین کە لە نێوان چاوەش و ئەدەبدا ڕەدد و بەدەلیان پێکراوە: چاوەش دەڵێ:

چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ جەرگێکی بێ داغم نەدی
ناڵەیی بولبول لە باغا بێ قڕەی زاغم نەدی
عالەمێکم دی بە ناساغی یەکی ساغم نەدی
دوور لە مەردانی خودا غەیری قورمساغم نەدی

ئەدەب بەم جۆرە وەڵامی داوەتەوە:

ئەهلی دڵ داغدارن بۆیە بێ داغت نەدی
بولبولی ئەو باغە نی تۆ بۆیە بێ زاغت نەدی
تۆ میزاجی خۆت نەساغە پێت نەزانیوە سەیید
بۆیە لەو دونیایەدا غەیری قورمساغت نەدی

هەر لە بواری فرهاوێژی لە شێوەی مەتەڵۆکە و موعـەممادا چـاوەش تاکـە شیعرێکی بۆ (افتخار السادات) ناوێك نووسیوە، کە ئاغایـەکی نێـودار بـووە و داوا لە سەیید دەکات کە دووعاییێکی بۆ بنووسێت، ئەویش بۆی دەنووسیّ:

**دوعات بۆ دەکەم بەبیّ زەرافەت**

**یاخوا (افتخار) دووری بی لە ئافەت**

ئاغاکە زۆر دڵی پیّ خۆش دەبێت، دواتر کەسـانێك بـۆی شـی دەکەنـەوە، ئەنجا تووڕە دەبیّ و هەڵدەچیّ، بـەڵام تـازە چـی بکـات کـار لـەکار تـرازاوە. شیکردنەوەکەشی بەم جۆرەیە:

ئەگەر پیتەکانی (اّ، ف، ت) لـە ناوەکـەی(ا ف ت ی خ ا ر) دەربهاوێـژرێت وشـەی (خـر) بـەواتای (کـەر) دەمێنێتـەوە، دووعاکـەش وا دەگەیـەنی کـە ئیفتیخار دووعات بۆ دەکەم کە خوا بتکا بە کەر!.

چـاوەش لـە بـواری قەسـیدە و غـەزەل و مەسـنەوی و فۆرمـە باوەکـانی دیکەی شـیعری کلاسـیکدا بـە زمـانی فارسـی بەرهـەمێکی بـەپێزی لیّ بـەجیّ مـاوە، کـە لـە بـاری هونـەری شـیعرییەوە هیچـی لـە شـیعرە کوردییـەکانی کەمترنین و خۆ لە قەرەی شیعری بەرزی شاعیرانی فارسی زمان دەدات.

ئەنجا کۆمەڵێك نامە و نووسراویشی لەو بوارەدا هەن کـە نموونـەی بـەرزی هونەری نامەنووسی و پەخشانی فارسین[٦١]

**پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی سێیەم:**

(١) یەکەم شاعیرێکی کورد کە بە دەستی خۆی و لە سەردەمی ژیانی خۆیدا یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیبێتەوە وەفاییە، بەڵام ئەمەش لە کارەسات بەدوور نییە، لەلایێك ئەو دەستخەت و دەستنووسەی خۆی دیار نییە، لە لایێکی دیکەشەوە دوو بەشی یەکەم و دووەمی بیرەوەرییەکان کە تایبەتن بە قۆناغەکانی بەرایی ژیان و پێگەیشتنی دیار نین، ئەوەی هەیە و لە بەر دەستە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە وەفایی لە ساڵی (١٨٦٦) زایینیی دەچێتە خانەقای شێخی نەهری تاوەکو سەفەر و حەجی دووەمی کە لە (١٨٩٨ – ١٨٩٩) ئەنجامی داوە. بگەڕێوە بۆ:

- بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفة المریدین)، لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، چاپی تازەی پێ زیادکراو، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

(٢) ساڵنامەی ژیان و مردنی وەفایی لە سەرچاوەکاندا بەم جۆرە هاتووە:

أ– (١٨٣٨ – ١٨٩٩)، مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ٢، بەغدا، ١٩٧١، ل: ٥٨٩.

ب– (١٨٤٤– ١٩١٤)، دیوانی وەفایی، گیوی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٥١، ل: ٢، هەروەها لە چاپەکانی دواتری چاپخانەی کوردستان.

ح– (١٨٤٤-١٩١٤)، دیوان وفائی مهابادی، محمدامین مصری (سیدیان)، مهاباد، ١٩٦٥، ل: ١٩-٥٦، هەروەها لە چاپەکانی دواتری سەیدیان.

د– (١٨٤٤-١٩٠٢)، دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٧٨، ل: چل و دوو- پەنجاو چوار.

هـ– (١٨٣٠-١٩٠٢)، پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووداً، مستەفا سەید مینە، دەزگای التفسیر بۆ بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٨، ل: ٢١١.

و– (١٨٣٠–١٩٠٢)، دیوانی وەفایی، سەید عوبەیدوڵلای ئەیووبیانی مەرکەزی، ساغکردنەوە و پێشەکی: د.عوسمان دەشتی، لە بلاوکروەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠١٢، ل: ٨٢.

(٣) تەواوی ئەو بیر و ڕا و بۆچوونانە لەو پێشەکی و سەرەتایەدا خراونەتە ڕوو کە بۆ چاپی تازەی ناوبراو ئامادەکراوە، خوێندەواری هێژا بۆ دەستهێنانی زانیاری وردتر دەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە.

(٤) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێ: (حاجی شێخ عەبدوڕەحمان ئەدیبێکی ناسك و شاعیرێکی پایەبڵندی چەرخی خۆی بووە، دیوانێکی شیعری بە فارسی هەیە،...)،

دوور نییە ئەمە کاریگەری لەسەر وورووژاندنی هەستی شاعیرێتی لای وەفایی هەبووبێت. بڕوانە:

– یادی مەردان، مەلا عبدالکریمی مدرس، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٣،ل: ١٠٥.

(٥) بیرەوەرییەکانی وەفایی : ٢٨٥.

(٦) وەفایی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: (نزیکەی ساڵێك لە ڕابەرایەتی پیرۆزی ئەو زاتە بەسەر چووبوو کە بچووکتان بە نزیکایەتی و خزمەتی پیرۆزی ئەو زاتە سەربەرز بووم). بەو هۆیەش شێخ عوبەیدوڵلا لە ساڵی ١٨٦٥ز بۆتە مورشیدی تەریقەت، دیارە وەفایی لە ساڵی ١٨٦٦دا گەیوەتە نەهری.

– سەرچاوەی پێشوو: ٣٩ .

(٧) هەمان سەرچاوە: ٢٩١.

(٨) برای نووسەرمان (عەلی ئیسماعیل زادە)، باس و لێکۆڵینەوەیێکی وردی لە ژێر ناونیشانی: (ڕازی جودایی شێخ و وەفایی) نووسیوە و لە ژمارە (١٣٤)ی گۆڤاری (مهاباد)دا بلاّو کردۆتەوە، کە تیایدا بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە جۆرێك لە دڵ ئێشان و جودایی لەو سەروبەندە لە سەر مەسەلەیەك لە نێوان شێخ و وەفاییدا دروست بووە، بۆیە لە گەرمە و جەنجاڵیی ئەو هەموو ڕووداو و بەسەرهات و کارەساتانەی لە نێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٨٨٣)دا بەسەر شێخدا تێپەڕیون، وەفایی دوور لە شێخ و هەمیشە دوورە پەرێز وڵات نشین بووە !.

تەنانەت لەو ساڵەی کەوا شێخ ماوەیەك لە ئەستەمبۆڵ دەستبەسەر بووە و لە پاشان خۆی گەیاندۆتەوە نەهری و ئەنجا دووبارە دەستبەسەر کراوەتەوە تا ئەوەی دوور دەخرێتەوە بۆ حیجاز، وەفایی زەحمەتی ئەوەی نەکێشاوە بەهەر هۆیەك بووبێت سەرێکی شێخیش بدات !، دیارە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیشی لە ئاست ئەو مەسەلەیەدا بێ دەنگە و شتێك نادرکێنی .

(١٠) لێرەدا ئاڵۆزی و هەڵەیەك لە دەستنیشانکردنی ساڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی (تحفة المریدین) و ساڵی سەفەر و حەجی دووەمی وەفاییدا لە نوسخە چاپییەکاندا بەدی دەکرێت و ڕەنگە لە دەستنووسە بنەڕەتییەکەشدا هەر وا بێت، وەفایی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: ((لە ساڵی لە ١٣١٣ی کۆچی (١٨٩٥ی زاینی) لەلایەن ئەو زاتەوە (مەبەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە) هەواڵم پێگەیشت و مزگێنی ئەوەی دامێ کە ئەگەر فلانێ کتێبەکەی تەواوبکات بمگەیەنێتی تا چاپی بکەم...)) ئەمە ئەو ڕێکەوتەیە کە شێخ عەبدولقادر ڕێگەی پێدراوە و بە ماڵ و کۆچەوە لە

حیجازەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبۆڵ. بەڵام هەر دوای ئەوە بەچەند دێڕێك دەڵێن: ((بەڵام تا (٧) ساڵی تر لە بۆتەی دووری و ئاگری جیاییدا دەسووتام و دەبرژام و بە کسپەی حەسرەتەوە دەژیام)) واتە تاکو (٧) ساڵی دواتر نەمتوانی بیبینم کە تاوەکو ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی بەرابەر بە ١٩٠٢ی زایینی دەوەستێ! . بەڵام هەر لاپەڕەیەك دواتر لە بیرەوەرییەکاندا هاتووە: ئیتر منیش بۆ دابینکردنی خەرجی سەفەر هەندێ پارەم لە چەند کەسێکی هاوشاریم بە قەرز وەرگرت کە بەرەو حەج دەچوون و لە مانگی (ڕەجەبی ١٣١٤ی کۆچیدا ( ١٨٩٧ ی زاینی) لەخزمەت ئەوان و لەگەڵ کاروانی حەجاجدا بەڕێ کەوتین.....).

دیارە ئەم مەسەلەی کە دەڵێ تا (٧) ساڵی دیکە نەمتوانی بیبینم لەگەڵ ڕووداوەکاندا دروست نایێتەوە. بگەڕێوە بۆ:

- بیرەوەرییەکانی وەفایی: ل ١١٠- ١١١ بەشی کوردی و ل ٣٦٦-٣٦٧ی بەشی فارسی.

(١١) لە هەندێ سەرچاوەدا هاتووە کە وەفایی لەسەر ڕێگەی سەفەر و حەجی سێیەمی هاتۆتە سلیمانی و لەوێ لە تەك دەستەیەك لە شێخان و حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێردا بەرەو ماڵی خوا بەڕێ کەوتوون.....

ئەم زانیارییانە لە ڕاستییەوە دوورن، چونکێ دەستەی شێخان و پیرەمێرد لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ حەج بەڕێ کەوتوون نەك لە سلێمانییەوە. هەروەها پیرەمێرد لە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی حەجدا لەگەڵ وەفایی یەکیان گرتۆتەوە ئەنجا لە گەڕانەوەدا لە تەك سەید ئەحمەدی خانەقا وێکڕا بوون. بگەڕێوە بۆ:

- دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، ل: چل و پێنج و چل شەش.
- دیوانی وەفایی، سەید عوبدوڵڵای ئەییوبیان: ل ٨٧ ـ ٨٨.

(١٢) دیوانی پیرەمێرد، فائق هوشیار و ئەوانی تر، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٠، ل: ١٠.

(١٣) پیرەمێرد_ پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، ئومێد ئاشنا، چ ٢، ب١، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل: ٤٠.

(١٤) بیرەوەرییەکانی وەفایی: ١٨٧.

(١٥) شیعرێکی ماتەمنامەی دیکەشمان هەیە، لە شیعری نوێی کوردیدا کە ئەویش تاك و بێ وێنەیە، ئەم شین و ماتەمەی کەوا (محەمەد ساڵح دیلان/١٩٢٧ـ١٩٩٠) لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ کۆچی دوایی شێخ مەحموودی حەفیدزادەی گێڕاوە بە ناونیشانی (شێخ مەحموودی زیندوو)، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**پایز...خەزانی تەماوی و مەنگە**
**گەڵاْ لق و پۆپ خونچە بەژەنگە**

**ئاسمان نە شینە نە پیرۆزەیی**

**نە شەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە**

**نە سروەی شەماڵ نە سەدای مەلە**

**چاوە وشك و ڕەش بەبێ ئاهەنگە**

**ڕۆژ کە ڕووناکیدەری سروشتە**

**تەرازووی تیشکی نەوی و لاسەنگە......**

بگەڕێوە بۆ:

- دیوانی شیعر، محەمەد صالح دیلان، ئامادەکردنی: عەبدوڵلا عەزیز خالد، بەغدا، ١٩٨٧،ل: ١٨٩ـ١٩٨.

(١٦) دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، ل: سی و دوو

(١٧) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل: سیوسێ

(١٨) پایەی وەفایی....، مستەفا سەید مینە، ل: ٣٤٣.

(١٩) دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، ل: سی و دوو.

(٢٠) لەو پێشەکییەی کە بۆ چاپی تازەی دیوانی وەفاییمان نووسیوە و لە ساڵی پاردا چاپ و بلاّو بۆتەوە هەڵوەستەمان لەسەر چەند لایەنی تازە لە شیعر و بەرهەمی وەفایی کردووە و بە گوێرەی پێویست ڕووناکاییمان خستۆتە سەری، هەروەها بۆ زۆر لایەنی بابەت و هونەرەکانی دیکەی شیعری وەفایی خوێنەری هێژا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (پایەی وەفایی لە ناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووودا) کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردووە.

(٢١) بۆ زانیاری پتر سەبارەت بە ژیان و خوێندن و گەشت و گەڕانی حەریق لەو دەورەیەی ژیانی سەیری ئەو سەرچاوانە بکە:

- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ٢، ل ٤٢١.
- زندگینامە عارف ربانی، ابوبکر خوانچە سپهرالدین، ص: ٣٣٣.
- دیوانی حەریق، سەید نەجمەدین ئەنیسی، چ٢، ل: ١٠.

(٢٢) بە ڕۆشنی دیارە ئەم پارچەیەی حەریق بە ئیلهام وەرگرتن لە قەسیدە نێودارەکەی (سالم/ ١٨٠٥ – ١٨٦٩) هۆنراوەتەوە، کە وەکو نوقلانە لە هەواڵی گەڕانەوەی (عەبدوڵلا پاشای بابان) لە ساڵی (١٨٥٤)دا گوتوویەتی، کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**تیر وەش دێمە گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە**

**بولبولی بێدڵ لە دەوری گوڵ بە ئەفغان هاتەوە**

**سەختگیری کرد ئەگەر سەرما وەکو ئەفراسییاب**
**بادی نەورۆزی بە میسلی پووری دەستان هاتەوە**

(٢٣) بۆ درێژەی بەسەرهاتەکە بگەڕێوە بۆ:
- پاشەرۆك، هێمن، چاپەمەنی سەیدیان، ١٣٦٢، ل: ١١٢.

(٢٤) شیعر و ئەدەبیاتی کوری، رەفیق حلمی، ١٩٨٨، ل: ١٢١.

(٢٥) پاشەرۆك، ل: ١١٠.

(٢٦) مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب٤، ل: ٤٢٧.

(٢٧) انواع ادبی، سیروس شمیسا، ص: ٢٩٢.

(٢٨) زندگینامە عارف ربانی، ص: ٣٤٥.

(٢٩) پاشەرۆك، ل: ١٠٧.

(٣٠) شاعران کرد پارسی گوی، سید عبدالحمید حیرت سجادی، ص: ٢٢١.

(٣١) شێوازی شیعری گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧، ل: ٣١-٣٤.

(٣٢) دیوانی ئەدەب، ئامادەکردنی: محەمەد حەمە باقی، چ ٢، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

(٣٣) نموونە لە بارەی ئەم باس و بۆچوونانەوە هەموو لە دیوانەکەی شاعیردا بەرچاون، بۆیە بە پێویستی نازانین باسەکە بە هێنانەوەی نموونەگەلی شیعری دوورودرێژ بکەینەوە.

(٣٤) کورد و کوردستان، واسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی خالید حیسامی (هێدی)، هەولێر، ١٩٩٨، ل: (٨٠،٣٠).

(٣٥) عەبدوڵلا بەگی میسباح - دیوان، د.مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٠، ل: ١٢.

(٣٦) زۆر مخابن تاوەکو ئەورۆ زۆرێك لە نووسەر و توێژەرانی کورد سنووری نێوان (پێنجین) و (پێنج خشتەکی) لێك جوێ ناکەنەوە! . لە کاتێکدا ئەمانە دوو فۆرمی شیعری جیاوازن لە دنیای شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات لەلایەنی قالب و ڕوخسارەوە. ئەوەتا کاك حەمەباقیش بە دابی نووسەرانی دیکە لەدوا چاپی دیوانەکەی (ئەدەب)دا پێنجییەکانی شاعیری بە پێنج خشتەکی لەقەڵەم داوە. تکا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەم بۆ ئەم بابەتە سەیرێکی ئەم سەرچاوانە بکەن:

- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، د.مارف خەزنەدار، چاپخانەی (المؤسسة للدعاية والطباعة)، بغدا، ١٩٨٤.

- فنون الشعر الفارسي، دكتورة اسعاد عبدالهادی قنديل، مكتبة الشريف وسعيد رأفت للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، القاهرة، ١٩٧٥.

(٣٧) دیوانی ئەدەب: ل: ١٣.

(٣٨) ئەدەب و داهێنانی تەنسیف لە موکریان، عەلی ئیسماعیل زادە، گ. مهاباد، ژ/ ١٤٢، ل: ١٠ — ١١.

(٣٩) کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، د.محەمەد بەکر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

(٤٠) گۆران (نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی)، ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل: ١٦١.

(٤١) ئەدەب لە ئاوایی (باخچە)ی موکریان کۆچی دوایی کردووە و هەر لە وێش لە گۆڕستانی (مەرقەدان) نێژراوە. (بڕوانە: ((دیوانی مصباح الدیوان))، شەرح و لێکدانەوە: محەمەد سەعید نەجاری، إنتشارات صلاح الدین ایوبی، ١٣٨١، ل: ١١)).

هەروەها حوزنی خۆیشی لەو دیوانەی کە لە ساڵی ١٩٣٦ و لە چاپخانەی (زاری کرمانجی) بۆ (ئەدەب)ی چاپ کردووە، دەڵێ لە ساڵی١٩١٢ کۆچی دوایی کردووە.

(٤٢) دیارە کاک محەمەدی حەمە باقی ئاگاداری ئەو وتارەی حوزنی لە گۆڤاری ڕووناکی نەبووە، بۆیە لە دۆزینەوەی بەڵگەیەك بەم دواییانە لەمەڕ ساڵ کۆچی ئەدەب هەڵڵایەکی ساز کردووە، کەچی حوزنی (٧٧) ساڵ لەمەوبەر پەنجەی لەسەر ئەم ڕاستییە داناوە. بگەڕێوە:

- دیوانی ئەدەب، پێشەکی، ل: ٢٩ — ٣٦.
- ئەدەب و مێژوو، محەمەد حەمە باقی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل: ١٠١ — ١٠٧.

(٤٣) بگەڕێوە بۆ ئەم وتارە: خەسار ناسی ساغکردنەوەی دیوانی ئەدەب، یونس ئەمین پوور، گ. ڕامان، ژ. ١٨٥، ل: ٦١ — ٦٧.

(٤٤) لەم دوابیانە کارێکی ئەکادیمی و زانستی سەبارەت بە هەر (٥) چاپەکەی دیوانی (نالی) ئەنجام دراوە، کە تیایدا دێر بە دێر هەریەکێك لە تێکستە شیعرییەکان لە هەر (٥) چاپەکەدا بە پێوەری کێشی (عەروز) لە سەنگی مەحەك دراون، بەمە هەڵەوپەڵە و لەنگییەکان لە ئاستی دەنگ و بڕگە و وشە و ڕستە و دەستەواژە و خاڵبەندی لە ئاستی کێشی هەر دێڕێکدا دەستنیشان کراون و ڕاستی و دروستەکانیشیان خراوەتە ڕوو. لێرەوە لە پێناوی ساغکردنەوەو ڕاستکردنەوەی هەر تێکستێکی شیعری کلاسیکی پێویستە ئەم ڕێبازە بگیرێتە بەر. بگەڕێوە بۆ:

- عەرووز وەکو پێوەرێك بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی، یادگار ڕەسوول باڵەکی، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر، ٢٠١١.

(٤٥) دیوانی ئەدیب، گرد و کۆکەرەوە: گیوموکریانی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٦٠.

- چاپی دووەم، ١٩٧٦.

(٤٦) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

- مێژووی وێژەی کوردی (٢)، صدیق بۆرەکەیی، انتشارات ناجی، چاپ اول، ١٣٧٠، ص: ٢٦٤.
- تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرو، مهاباد، ١٣٧٣، ص: ٢٢٦.
- تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، ابراهیم افخمي، جلد دوم، ناشر: محمدی سقز، ١٣٧٣، ص: ٤٠٩.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، بەرگی پێنجەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل: ١٨٧.

(٤٧) لە پێشەکی دیوانەکەیدا هاتووە کەوا: (ئەدیب هەڵبەستی بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ڕووسی زۆر داناوە). ئەم قسەیە لە سەرچاوەی تریش دووپات کراوەتەوە. بۆ هەڵبەستی کوردی و عەرەبی و فارسی ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کەوا (ئەدیب) چۆن ڕووسی زانیوە؟ بەو ڕادەیەش کە شیعری پێ دابنێ. بڕوانە:

- دیوانی ئەدیب، ل:٢.

(٤٨) بۆ ئاگاداربوون سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی عەلی بەگی حەیدەری سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- عەلی بەگ حەیدەری، جەعفەر حەیدەری، گۆڤاری (سروە)، ساڵی پێنجەم، ژمارە (٣٤).
- تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، ص: ٢٢٦.
- زندگینامه عارف ربانی، ابوبکر خوانچه سپهرالدین، ص: ٣٧٣.

وەکو چۆن لە هێنانەوەی تێکستە شیعرییەکاندا، پەنامان بۆ گەلێ سەرچاوە بردووە کە لە جێگەی خۆیاندا ناویان دەهێنین.

(٤٩) زار کرمانجی، ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، (ژمارە (١)، ل: ١٨)

(٥٠) گۆڤاری هەتاو، سدیق ساڵح و ئەوانی تر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل: ٣٧٣.

(٥١) بۆ ساغکردنەوەی دەقی تەواوی ئەم تێکستە سوود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە:

- زێدی من کۆکە، مامۆستا خاڵەمین، گۆڤاری (سروە)، ژمارە (٢٠)، ڕەشەمەی ١٣٦٦.
- گۆڤاری دیاری کوردستان، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠١، (ژمارە (٧)، ل: ٧).

(٥٢) بۆ درێژەی ژیننامە و بەسەرهاتی سەید ڕەشید سوود لەم دوو سەرچاوانە وەرگیراوە:

- زندگینامه عارف ربانی، ص ٢٨٠ – ٣٣٢.
- چاوەش، نووسین و لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەدین ئەنیسی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

(٥٣) گۆیا شەرت و مەرجەکانی شێخ ئەمانە بوون: ١- بە یەکجاری دەست لە خوێندن هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە لە خانەقا جێنشین بێت. ٢- تا ماوە ژن نەهێنێت.٣-دەست لە چا خواردنەوە هەڵبگرێت.

ئینجا ئەگەر بۆ هەردوو مەرجی یەکەم و سێیەم تا ڕادەیەك پاساو و تێگەیشتن هەبێت، بەڵام بۆ مەرجی دووەم مرۆڤ نازانێ بڵێ چی! لە کاتێکدا شێخی بورهان بۆ خۆی وەکو لە سەرچاوەکاندا هاتووە، سێ ژنی هێناوە، نازاندرێت بۆ چی و چۆن ئەم شەرت و مەرجانە بەسەر حەریق و سەید ڕەشید و خەڵکانی دیکەش سەپێندراون؟. بگەڕێوە بۆ:

- زندگینامه عارف ربانی، ص: ٣٤٢.

(٥٤) زندگینامه عارف ربانی، ص: ٢٨٧.

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو، ص: ٢٨٧.

(٥٦) هەوڵی جوامێرانەی خاوەنی کتێبی (زندگینامه عارف ربانی) لەو بوارەدا لەبەرچاوە. کە بەشێکی بۆ ژیان و بەسەرهات و شیعر و بەرهەمە کوردی و فارسییەکانی سەید ڕەشید تەرخان کردووە. بەم کارە تۆماری بەرهەم و ژیننامەی ئەم کەڵە پیاوەی ناوچەی موکریانی بۆ پاراستووین. لە دوای ئەویش بەڕێز سەید نەجمەدین ئەنیسی، قۆڵ و باسکی مەردایەتی لێ هەڵماڵی و هەموو باس و بابەتەکانی تایبەت بە (چاوەش)ی لە کتێبێکدا چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

(٥٧) دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠، ل: ٥٢١ — ٥٣٥.

(٥٨) زندگینامه عارف ربانی، ص: ٣١٦ — ٣١٧.

(٥٩) لە هەردوو سەرچاوەی ناوبراودا: (زندگینامە و چاوەش) سەرجەم (١٣) نامەی کوردی، یاخود تێکەڵاوی کوردی و فارسیی چاوەش هاتوون، کە بەڕاستی هەریەکێکیان لەو بوارەدا شتێکی دانسقەیە، ئێمە لێرەدا بە هێنانەوەی ئەم چەند نموونەیە دەستیان لێ هەڵدەگرین.

(٦٠) چاوەش، سەید نەجمەدین ئەنیسی، ل: ٧٦.

(٦١) زانیاری وردو زیاتر سەبارەت بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی چاوەش بەزمانی فارسی لە سەرچاوەکانی پێشوودا دەست دەکەون.

# پێڕست

پێشەکی ٥
**بەشی یەکەم: لەبارەی مێژوونووسیی ئەدەبیاتی کوردی** ٩
– **تەوەری یەکەم:** شوێنی مێژووی ئەدەب لەنێوان لقەکانی زانستی ئەدەب (ئەدەبیاتناسی)دا ٩
– ئەزموونی گەلان لە رەوتی مێژوو نووسی ئەدەبیاتدا ١٢
– **تەوەری دووەم:** تیور و میتۆدەکانی مێژوونووسی ئەدەبیات ١٦
– **تەوەری سێیەم:** هەوڵەکانی مێژوونووسی ئەدەبی کوردی ٢٢
– پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی یەکەم ٤٥
**بەشی دووەم: شیعری ناوچەی موکریان** ٦١
– بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی قوتابخانەی شیعری بابان ٦١
– سەرچاوەکانی ئەدەب و رۆشنبیری لەناوچەی موکریان ٦٥
– تایبەتمەندییەکانی شیعری ناوچەی موکریان ٦٦
– تایبەتمەندییە گشتی و هاوبەشەکان ٦٧
– بەرەی یەکەمی شاعیرانی ناوچەی موکریان ٧١
– شێخ ئەحمەدی کۆری موکریانی ٧٥
– پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی دووەم ١٠٢
**بەشی سێیەم: بەرەی یەکەمی شاعیرانی ناوچەی موکریان (کلاسیک)** ١٠٧
– وەفایی ١٠٧
– حەریق ١٢٨
– ئەدەب ١٤٦
– ئەدیب ١٦٤
– حەیدەری ١٧٣
– چاوەش ١٨٥
– پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی سێیەم ٢٠٥



View publication stats